وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستیی

زانكۆی سلێمانی

كۆلێژی زانستە ڕامیارییەكان

# سیستەمی بەڕێوەبردن لە هەرێمی كوردستان-عێراق و میكانیزمەكانی چارەسەركردنی تەنگژەكانی (١٩٩٢-٢٠٢١)

**نامەیەكە**

**هێمن عارف فتاح**

پێشكەش بە ئەنجومەنی كۆلێجی زانستە ڕامیارییەكان/ زانكۆی سلێمانی كردووە، وەك بەشێك لە پێداویستییەكانی بەدەستهێنانی پلەی ماستەر لە زانستە ڕامیارییەكان/ سیستەمە ڕامیارییەكان.

**بەسەرپەرشتی**

**پ.ی.د. محەمەد صابر كریم**

**٢٧٢٢ ك** **١٤٤٣ هـ** **٢٠٢٢ ز**

# ڕاسپاردە و ڕەزامەندی سەرپەرشت

دەستنووسی ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (سیستەمی بەڕێوەبردن لە هەرێمی کوردستان-عێراق و میکانیزمەکانی چارەسەرکردنی تەنگژەکانی (١٩٩٢-٢٠٢١))، کە لەلایەن خوێندکار(هێمن عارف فتاح) پێشکەشکراوە، بەسەرپەرشتی من لە (کۆلێجی زانستە ڕامیارییەکان/ زانکۆی سلێمانی) ئەنجامدراوە، وەك بەشێك لە پێداویستییەکانی وەرگرتنی بڕوانامەی ماستەر لە (زانستە ڕامیارییەکان/ سیستەمە ڕامیارییەکان).

واژوو:

ناو: پ.ی.د. محمد صابر کریم

بەروار: ٢٠٢١/ ٩/١٩

# پێداچوونەوەی زمانەوانی

بۆ بەڕێز: لیژنەی خوێندنی باڵا لە کۆلیجی زانستە ڕامیارییەکان- زانکۆی سلێمانی: من، کە ناوم (مصطفى رضا مصطفى)، هەڵگری بڕوانامەی(دکتۆرا)م، لە پسپۆڕی (زمانی کوردی)، پێداچوونەوەی زمانەوانییم بۆ ئەم توێژینەوەیە ئەنجامداوە، بە ناونیشانی (سیستەمی بەڕێوەبردن لە هەرێمی کوردستان-عێراق و میکانیزمەکانی چارەسەرکردنی تەنگژەکانی (١٩٩٢-٢٠٢١)، کە لەلایەن خوێندکار(هێمن عارف فتاح ) پێشکەشکراوە، سەرجەم هەڵەکانم بۆ چاککردوەتەوە و لەبەرئەوەش لەخوارەوە واژووم کردووە.

واژوو:

ناو: د.مصطفى رضا مصطفى

بەروار:٢٠٢١/٩/٢٨

پێشنیاری یەکەی خوێندنی باڵا

بەپێی ئەو پێشنیارانەی کە کراون، ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (سیستەمی بەڕێوەبردن لە هەرێمی کوردستان-عێراق و میکانیزمەکانی چارەسەرکردنی تەنگژەکانی (١٩٩٢-٢٠٢١)، کە لەلایەن خوێندکار(هێمن عارف فتاح)ەوە ئامادەکراوە، پێشکەش بە لیژنەی گفتوگۆ دەکەم.

واژوو:

ناو:

بەروار: / / ٢٠٢٢

بڕیاری لیژنەی گفتوگۆ

ئێمە ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆ، ئەم توێژینەوەیەمان خوێندەوە، بە ناونیشانی (سیستەمی بەڕێوەبردن لە هەرێمی کوردستان-عێراق و میکانیزمەکانی چارەسەرکردنی تەنگژەکانی (١٩٩٢-٢٠٢١)، کە لەلایەن خوێندکار(هێمن عارف فتاح)ەوە پێشکەشکراوە، لەگەڵ خوێندکاردا گفتوگۆمان دەربارەی ناوەڕۆك و لایەنەکانی تری کرد و گوێمان لە بەرگرییەکانی گرت، پاشان بڕیارماندا، کە شایستەیە بڕوانامەی ماستەری لە (زانستە ڕامیارییەکان/ سیستەمە ڕامیارییەکان)دا پێبدرێت بە پلەی(              ).

واژوو:
ناو: پ.ی.د. عابد خالد رسول
بەروار:٨/٥/ ٢٠٢٢
ئەندام

واژوو:
ناو: پ.ی.د.أمین فرج شریف
بەروار: ٨/٥/ ٢٠٢٢
ئەندام

واژوو:
ناو: پ.ی.د.محمد صابر كريم
بەروار: ٨/٥/ ٢٠٢٢
ئەندام و سەرپەرشتیار

واژوو:
ناو: پ.د. زانا رؤوف حمەكريم
بەروار: ٨/٥/ ٢٠٢٢
سەرۆکی لیژنە

## ڕاستاندنی ئەنجومەنی کۆلێج

ئەنجومەنی کۆلێجی زانستە ڕامیارییەکان/ زانکۆی سلێمانی، لە کۆنووسی دانیشتنی ژمارە (          ) لە بەرواری (    /    /٢٠٢١) بڕیاری لیژنەی گفتوگۆی ماستەرنامەی خوێندکار(هێمن عارف فتاح)ی بەناونیشانی( سیستەمی بەڕێوەبردن لە هەرێمی کوردستان-عێراق و میکانیزمەکانی چارەسەرکردنی تەنگژەکانی (١٩٩٢-٢٠٢١) پەسەندکرد و بڕیارماندا کە بڕوانامەی ماستەری لە (زانستە ڕامیارییەکان/ سیستەمە ڕامیارییەکان)دا پێبدرێت.

واژوو:

ناو: پ.ی.د. عابد خالد رسول

بەروار:    /    / ٢٠٢٢

بِسْمِ اللَّـهِ الرَّحْمَـٰنِ الرَّحِيمِ

{ إِنَّ اللَّهَ يَأْمُرُكُمْ أَنْ تُؤَدُّوا الْأَمَانَاتِ إِلَىٰ أَهْلِهَا وَإِذَا حَكَمْتُمْ بَيْنَ النَّاسِ أَنْ تَحْكُمُوا بِالْعَدْلِ ۚ إِنَّ اللَّهَ نِعِمَّا يَعِظُكُمْ بِهِ ۗ إِنَّ اللَّهَ كَانَ سَمِيعًا بَصِيرًا}

صدق الله العظيم

سورة النساء، الآية (٥٨)

پێشکەشەبە:

- دایك و باوك و هاوسەر و جگەرگۆشەکانم (چەمەن و پایز).

- مامۆستایانی بەڕێزم لە کۆلێجی زانستە ڕامیارییەکان/ زانکۆی سلێمانی.

- هەموو ئەو شەهیدانەی، کە لەپێناوی ئەم قەوارەیەدا گیانی خۆیان سپارد.

- هەموو زانستخوازان.

- هاوڕێ و هاپۆلەکانم .

- هەموو ئەو کەسانەی کە هاوکارییان کردووم لە کاتی نوسینی ئەم ماستەرنامەیەدا.

سوپاس و پێزانین

- سوپاس و پێزانین بۆ خوای گەورەو میهرەبان

- سوپاس و پێزانینی بێپایانم بۆ بەڕێز(پ.ی.د.محمد صابر کریم)، کە ئەرکی سەرپەرشتیکردنی توێژینەوەکەی گرتەئەستۆ و بەسەرنج و ڕاستکردنەوەو تێبینییەکانی بەڕێزیان، ئەم توێژینەوەیە بەرهەمهاتووە.

- سوپاس و پێزانینم، بۆ مامۆستاکانم لە کۆلێجی زانستەڕامیارییەکان.

- سوپاس و پێزانینم، بۆ کتێبخانەی کۆلێجی زانستەڕامیارییەکان/ زانکۆی سلێمانی، کە هاوکارێکی باش بوون و دەستگیرۆیی زۆریان کردووم.

- سوپاس و پێزانینم، بۆ کتێبخانەی ناوەندیی زانکۆی چەرموو.

- سوپاس و پێزانینم، بۆ کتێبخانەی گشتیی چەمچەماڵ.

- سوپاس و پێزانینم، بۆ کتێبخانەی (نووسراودانی وشە)ی بزوتنەوەی گۆڕان.

- سوپاس و پێزانینم، بۆ کتێبخانەی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژیی.

- سوپاسی بێپایانم، بۆ خانەوادەکەم و خێزانم و جگەرگۆشەکانم، کە هاوکارو پشتیوانێکی باش بوون لە بەئاکام گەیشتنی خوێندنەکەم، توانییان لە ماوەی ئەم دووساڵەدا هاوکارو دەستبارم بن.

- سوپاس و پێزانینم، بۆ هەموو ئەوکەسانەی، کە هاوکارم بوون بە پێدانی سەرچاوەی زانستیی.

## پێڕست


| لاپەڕە | بابەت |
|---|---|
| ١-٤ | پێشەکی |
| ٥-٥٠ | **بەشی یەکەم: دەروازەی تێۆریی** |
| ٦-١٨ | **توێژراوەی یەکەم: چوارچێوەی چەمکییانە** |
| ٧-١٠ | توێژینچەی یەکەم: دیاریکردنی چەمکی سیستەم |
| ١١-١٤ | توێژینچەی دووەم: سەبارەت بە چەمکی سیستەمی بەڕێوەبردن |
| ١٥-١٨ | توێژینچەی سێیەم: ناساندنی چەمکی تەنگژە |
| ١٩-٣٣ | **توێژراوەی دووەم: دەرکەوتنی دەوڵەتی نوێ و سیستەمی بەڕێوەبردن** |
| ٢٠-٢٦ | توێژینچەی یەکەم: کاریگەری بنەمای جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان لەسەر سیستەمی بەڕێوەبردن لە دەوڵەتی نوێدا |
| ٢٦-٣٠ | توێژینچەی دووەم: گەشەی دیموکراسی و کاریگەرییەکانی لەسەر سیستەمی بەڕێوەبردن |
| ٣٠-٣٣ | توێژینچەی سێیەم: پەیوەندی سیستەمی بەڕێوەبردن بە سیستەمی فەرمانڕەواییەوە |
| ٣٤-٥٠ | **توێژراوەی سێیەم: مۆرك و سروشتی تەنگژەکانی سیستەمی ڕامیاریی لە دەوڵەتی هاوچەرخدا** |
| ٣٥-٤٠ | توێژینچەی یەکەم: واقعی تەنگژەو جۆرەکانی لە سیستەمی ڕامیاریی هاوچەرخدا |
| ٤١-٤٥ | توێژینچەی دووەم: ئاستی کاریگەری تەنگژەکانی سیستەمی ڕامیاریی لە سیستەمی بەڕێوەبردن |
| ٤٦-٥٠ | توێژینچەی سێیەم: شێوازی بەڕێوەبردنی تەنگژەکان لە سیستەمی فەرمانڕەوایی هاوچەرخدا |
| ٥١-٩٨ | **بەشی دووەم: پێکهاتنی هەرێمی کوردستان و دامەزراوەکانی فەرمانڕەوایی تیایدا** |
| ٥٢-٦١ | **توێژراوەی یەکەم: دروستبوونی هەرێمی کوردستان و دەستپێکی دامەزراندنی سیستەمی فەرمانڕەوایی** |
| ٥٣-٥٧ | توێژینچەی یەکەم:هۆکارەکانی دروستبوونی هەرێمی کوردستان و بونیادنانی دامەزراوەکانی فەرمانڕەوایی |
| ٥٨-٦١ | توێژینچەی دووەم: بنەماکانی بونیادنانی دامەزراوەی بەڕێوەبردن لە هەرێمی کوردستاندا |
| ٦٢-٨٢ | **توێژراوەی دووەم: پەرەسەندنەکانی سیستەمی فەرمانڕەوایی لە هەرێمی کوردستان** |
| ٦٣-٦٨ | توێژینچەی یەکەم: بوارەکانی دیاریکردنی پرۆسەی دامەزراندنی سیستەمی فەرمانڕەوایی هەرێمی کوردستان |
| ٦٨-٧٤ | توێژینچەی دووەم: ڕێڕەوگەی پرۆسەی ڕامیاریی هەرێم و کاریگەری لەسەر دامەزراوەکانی فەرمانڕەوایی |
| ٧٥-٨٢ | توێژینچەی سێیەم: ڕەنگدانەوەی تەنگژەکانی پرۆسەی ڕامیاریی هەرێمی کوردستان |

| | |
|---|---|
| لەسەر سیستەمی فەرمانڕەوایی تیایدا | |
| **تویژراوەی سێیەم: دارشتەبوونی سیستەمی بەڕێوەبردن لە هەرێمی کوردستان وەك سیستەمێکی سەرەکی** | ٨٣-٩٨ |
| توێژینچەی یەکەم: شوێنگرتنی سیستەمی بەڕێوەبردن لە هەرێم وەك چوارچێوەی سەرەکی سیستەمە فەرمانڕەواییەکەی | ٨٤-٨٨ |
| توێژینچەی دووەم: بونیادنانی سیستەمی بەڕێوەبردن لە هەرێمی کوردستان و پێودانگە نێودەوڵەتییەکان | ٨٩-٩٣ |
| توێژینچەی سێیەم: مۆرك و سروشتی پەرەسەندنەکانی سیستەمی بەڕێوەبردن لە هەرێمی کوردستان | ٩٤-٩٨ |
| **بەشی سێیەم: تەنگژەکانی سیستەمی بەڕێوەبردنی هەرێمی کوردستان و ڕێگاکانی بەڕێوەبردنیان** | ٩٩-١٥٠ |
| **توێژراوەی یەکەم: سروشتی تەنگژەکانی بەڕێوەبردن لە هەرێم و هۆکارەکانی سەرهەڵدان و بەردەوامبوونی** | ١٠٠-١١٧ |
| توێژینچەی یەکەم: هۆکارە سەرەکییەکانی تەنگژەی سیستەمی بەڕێوەبردن لە هەرێمی کوردستان | ١٠١-١٠٥ |
| توێژینچەی دووەم: ئاستی پەیوەندی سیستەمی بەڕێوەبردن و سیستەمی فەرمانڕەوایی و کاریگەرییان لەسەر تەنگژەکانی هەرێم | ١٠٦-١١١ |
| توێژینچەی سێیەم: گرنگترین جۆرەکانی تەنگژەی سیستەمی فەرمانڕەوایی هەرێمی کوردستان | ١١١-١١٧ |
| **توێژراوەی دووەم: هەنگاوەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی تەنگژەکانی سیستەمی بەڕێوەبردن لە هەرێمی کوردستان** | ١١٨-١٣٤ |
| توێژینچەی یەکەم: ڕۆڵی دەسەڵاتی یاسادانەری هەرێم لە چارەسەرکردنی تەنگژەی سیستەمی بەڕێوەبردنەکەیدا | ١١٩-١٢٣ |
| توێژینچەی دووەم: سیستەمی دادوەریی هەرێم و ڕۆڵی لە چارەسەرکردنی تەنگژەکانی سیستەمی بەڕێوەبردن تیایدا | ١٢٤-١٢٨ |
| توێژینچەی سێیەم: کاریگەری شێوازی دیموکراسی باو لە هەرێمی کوردستان لەسەر تەنگژەکانی بەڕێوەبردندا | ١٢٩-١٣٤ |
| **توێژراوەی سییەم: میکانیزمە پێشنیارکراوەکانی ڕووبەڕووبونەوەی تەنگژەکانی سیستەمی بەڕێوەبردن لە هەرێمی کوردستان** | ١٣٥-١٥٠ |

| | |
|---|---|
| تویژینچەی یەکەم: ئەنجامدانی چاکسازی ڕیشەیی لە سیستەمی فەرمانڕەوایی هەرێمی کوردستاندا | ١٣٦-١٣٩ |
| تویژینچەی دووەم: بونیادنانەوەی سیستەمی بەڕێوەبردن لە هەرێمی کوردستان بەپێی پێودانگە نێودەوڵەتیەکان | ١٤٠-١٤٤ |
| تویژینچەی سێیەم: بەدیهێنانی گەشەی دیموکراسیی ڕاستەقینە وەك شێوازێکی سەرەکی سیستەمی فەرمانڕەوایی | ١٤٥-١٥٠ |
| کۆتایی | ١٥١-١٥٢ |
| ئەنجام | ١٥٢-١٥٣ |
| ڕاسپاردەکان | ١٥٤-١٥٥ |
| لیستی سەرچاوەکان | ١٥٦-١٧٠ |
| پاشکۆکان | ١٧١-١٧٣ |
| پوختە بە زمانی کوردی | ١٧٤ |
| پوختە بە زمانی عەرەبی | ١٧٥ |
| پوختە بە زمانی ئینگلیزی | ١٧٦ |

## پێشەکی:

سیستەمی بەڕێوەبردن، یەکێکە لە سیستەمە گرنگەکانی ژیانی ڕامیاریی لە هەردەوڵەتێکدا، بەتایبەتیش ئەوەی کە ئەم سیستەمە یەکێکە لە کەناڵە ڕاستەوخۆ و سەرەکییەکانی پەیوەندی نێوان هاووڵاتیان و سیستەمی فەرمانڕەوایی، لەلایەك، لەلایەکی تریشەوە سیستەمی بەڕێوەبردن یەکێکە لەو پێودانگ و پێوانە سەرەکییە گرنگانەی، کە ئاست و جۆری کارکردن و ڕاژەی هەر سیستەمێکی فەرمانڕەوایی بۆ هاووڵاتیانی پێ دیاریدەکرێت، واتە پێودانگێکی سەرەکی زانین و دەرخستنی ئاستی ئەوەیە کە بە (الحكم الرشيد)، دەناسرێت، دیارە ئەم ڕاستییانە بۆ پرۆسەی ڕامیاریی هەرێمی کوردستانیش ڕاستەو دەکرێت کارییێبکرێت، هەرچەندە ئەم سیستەمە لە هەرێمی کوردستاندا وەك دەرکەوتن زۆر نوێیەو لە بارودۆخێکی ناوخۆیی و هەرێمیی و نێودەوڵەتیی زۆر ئاڵۆزو هەستیاردا هاتۆتە پێکهاتن، بەڵام مانەوە و بەردەوامبوونی پرۆسە ڕامیارییەکە بۆ ماوەی نزیك سێ دەیە و جێگیربوون و دانپێدانانی لە دەستووری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥دا، خاڵێکی گرنگ و پاڵنەرێکی سەرەکیە بۆئەوەی کە توێژینەوەی لە بارەوە بکرێت بە تایبەتی لە پەیوەند بە گرنگترین ئەو تەنگژانەی، کە ڕووبەڕووی بونەتەوە هەر لە سەرەتای دامەزاندنییەوە، تا ئێستا، ئەوەش لە هەمانکاتدا و لە بەشێکیدا دەبێتە توێژینەوە لە کۆی سیستەمی فەرمانڕەوایی هەرێمی کوردستان، بەتایبەتیش کە سیستەمی بەڕێوەبردن یەکێك لە سیستەمە لقییە گرنگانەی کە سیستەمی فەرمانڕەوایی ئەم هەرێمە پێکدەهێنێت.

## گرنگی توێژینەوەکە:

سیستەمی بەڕێوەبردن لە هەرێمی کوردستان، یەکێکە لە کایە گرنگ و پڕبایەخەکانی پرۆسەی ڕامیاریی لەهەرێمی کوردستان، هەرلەبەرئەوە توێژەر بە گرنگی زانیوە ئەم توێژینەوەیە ئەنجامبدات، هەروەها لەڕێگەی ئەم توێژینەوەیەوە دەکرێت شارەزاییەکی زیاترو زۆرتر لەسەر سیستەمی بەڕێوەبردن و سیستەمی ڕامیاریی لە هەرێمی کوردستاندا بخرێتە بەرچاو و گرفت و تەنگژەکانی شیکار بکرێت و هۆکارەکانی ڕوونبکرێتەوە تا ڕێگەچارەی پێویست پێشنیاربکرێت، بۆ چارەسەرکردنی ئەو تەنگژە و گرفتانە و پەنجەیان بخرێتەسەرو لایەنە لاوازو بەهێزەکانیشی زیاتر پاڵپشتی بکرێت.

## ئامانجی توێژینەوەکە:

أ- هەوڵدان بۆ ئەنجامدانی توێژینەوە و شیکردنەوەی سیستەمی بەڕێوەبردن لە هەرێمی کوردستان.

ب- هەوڵدان بۆ دەرخستنی چوارچێوە و شێوازە گونجاو و پێشکەوتووەکانی خۆگرتن و بەرەوپێشچوونی سیستەمی بەڕێوەبردن لە هەرێمی کوردستان.

ت- دیاریکردنی کەموکوڕی و خاڵە لاوازەکانی سیستەمی بەڕێوەبردن و گرنگترین ئەو تەنگژانەی کە ڕووبەڕووی بوونەتەوە.

ث- هەوڵدان بۆ دۆزینەوەو دانانی بەرنامە و پلانی سەرکەوتووانەی نێوەڕۆك زانستییانە بۆ بەرەنگاربوونەوەی تەنگژەکانی سیستەمی بەڕێوەبردن لە هەرێمی کوردستان و بەدیهێنانی گۆڕانکاری پێویست تیایدا.

## گرفتی توێژینەوەکە:

هەڵسەنگاندنی وردی سیستەمی بەڕێوەبردن لە هەرێمی کوردستان و میکانیزمەکانی چارەسەرکردنی تەنگژەکانی لە تەمەنی تا ئێستای پرۆسەی فەرمانڕەوایی هەرێمی کوردستاندا و دیاریکردنی لایەنی بەهێزو لاوازی ئەم سیستەمە، یەکێکە لە بابەت و پرسە گرنگ و بە بایەخەکانی پرۆسەی ڕامیاریی لەم هەرێمەدا، لێرەوە پرسی خەوشی گەورەو بێتوانایی ئەم سیستەمی بەڕێوەبردنە چەندین پرسیاری دروستکردووە، کە گرفتی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە پێکدێنێت، وەك:-

١- ئایا سیستەمی بەڕێوەبردن لە هەرێمی کوردستان، تا چەند ڕەنگدانەوەو بەرجەستەکردنی پێودانگ و میکانیزمە سیستەمی و تیۆرییەکانی تێدایە.

هەروەها ئەم پرسیارانەش بەشوێن ئەو پرسیارە سەرەکییەدا هاتووە:

١- ئایا تاچەند دۆخی بەڕێوەبردن لەهەرێمی کوردستاندا، کەوتۆتە ژێر کاریگەری و هەژموونی پرۆسەی ڕامیاریی لە هەرێمی کوردستاندا.

٢- ئایا ئەم سیستەمە، تا چەند لەسەر بنەمای ئەو هەیکەلییەتە کارگێڕییەی کە پێشتر لە کوردستاندا بوونی هەبووە هاتۆتە داڕشتن و دروستبوونەوە.

٣- ئایا سەرچاوەی سەرەکی ئەو تەنگژانەی، کە بەرەوڕووی سیستەمی بەڕێوەبردنی هەرێمن دەگەڕێتەوە بۆ کێ و بۆ چی؟

٤- ئایا سیستەمی فەرمانڕەوایی هەرێمەکە، تا چەند هەنگاوی بۆ چارەسەر و تێپەڕکردنی ئەو تەنگژانە ناوەو لەو لایەنەوە سەرکەوتوو بووە.

## گریمانەی توێژینەوەکە:

بە وەستان لەسەرئەو پرسیارانەی، کە گرفتی توێژینەوەکە پێکدەهێنن، گریمانەی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لەوەی کە سیستەمی بەڕێوەبردنی هەرێمی کوردستان لەسەر بنەمای پێودانگ و بنەما و تیۆرییە کارپێکراوە سەردەمییەکان نەهاتۆتە داڕشتن لەگەڵ ئەوەی کە خودی سیستەمی فەرمانڕەوایی و پارتەکانی دەسەڵات لە هەرێمەکەدا ڕۆڵی سەرەکی و یەکەمیان هەیە لەو تەنگژانەی، کە ڕووبەڕووی بوونەتەوە، ئەوا لە هەمانکاتیشدا و لە ئێستادا سیستەمی بەڕێوەبردنی هەرێمی کوردستان سیستەمێکی بێتوانا و لاوازە لە ئەنجامدانی ئەرك و ئامانجەکانی و سەرکەوتن لە بەڕێوەبردنی تەنگژەکانیدا.

## میتۆدی توێژینەوەکە:

بۆ بەدیهێنانی گریمانەی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە پێویستە، کە هەریەك لە میتۆدەکانی شیکردنەوەی سیستەمی بۆ شیکردنەوەی سیستەمی سەرەکی توێژینەوەکەو، هەروەها یەکە سەرەکییەکانی ئەم سیستەمە و ئاستی کارلێککردنی نێوانیان و دیاریکردنی چالاکییەکانی، هەروەها میتۆدی فەرمانگەرایی(الوظيفي)، کە لەڕێگەیەوە خوێندکاری ئەو چالاکییانە دەکرێت، کە بەردەوامی سیستەمە سەرەکیەکەی توێژینەوەکە

دەیانخوازێت، پاشانیش سوود لە میتۆدی دامەزراوەیی وەردەگیرێت، بۆ شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی بەشەکانی سیستەم.

## سنووری توێژینەوەکە:

سنووری توێژینەوەکە، دوو ئاستی لەخۆگرتووە، کە بریتین لە، سنووری جوگرافی، کە بریتیەلە (هەرێمی کوردستان-عێراق)، هەروەها سنووری (کاتی - زەمانی) کە لەماوەی سەرهەڵدانی هەرێمی کوردستانەوە، کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ دوای ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی ١٩٩١دەستپێدەکات تا دەگاتە ئێستا، ساڵی٢٠٢١.

## توێژینەوەکانی پێشوو:

لەپێش نووسینی ئەم توێژینەوەیەدا و، لەم بوارەدا چەندین نووسین و بابەتی تر هەبووە، بەڵام ئەم توێژینەوەیە دووبارەکردنەوەی ناوەڕۆکی ئەوان نیە، بەڵکو قووڵبوونەوەی زیاتر دەکرێت لەسەر سیستەمی بەڕێوەبردن لەهەرێمی کوردستان و ئەو تەنگژانەی کە ڕووبەڕووبوونەتەوە، وەك:

١-ماستەرنامەی خوێندکار (سامان صالح فرج)، بەناونیشانی(فراوانبوونی دەزگاکانی جێبەجێکردن لە هەرێمی کوردستان-عێراق)، سوودی زۆری لێوەرگیراوە، بەتایبەت لەسەر پێکهێنانی کابینەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە(١٩٩١-٢٠١٦).

٢- هەروەها لەم توێژینەوەیەدا سوودێکی زۆر وەرگیراوە لە کتێبی (سروشتی دیموکراسی لامەرکەزیەتی کارگێڕی)، لە نووسینی(هۆگر ئیبراهیم حەکیم)، کە لەم کتێبەدا باس لە ناناوەندێتی و چۆنێتی جێبەجێکردنی، هەروەها چۆنێتی جێبەجێکردنی یاسای ژمارە(٣)ی ساڵی ٢٠٠٩ی پەرلەمانی کوردستان و ئاستەنگەکانی بەردەمی، هەروەها ئەو ناناوەندێتیەی کە لە یاساکەدا هاتووە. بەڵام ئەوەی لەم توێژینەوەیەدا خراوەتەڕوو فۆرمی سیستەمی بەڕێوەبردنە لەهەرێمی کوردستان و ئەو تەنگژانەی کە ڕووبەڕووی بوونەتەوە، هەروەها هەنگاوەکانی سیستەمی فەرمانڕەوایی لە ماوەی ڕابردوودا بۆ بەهێزکردن و باشترکردنی سیستەمی بەڕێوەبردنەکەیەتی.

## ئاستەنگی توێژینەوەکە:

هەموو توێژینەوەیەکی زانستیی ئاستەنگ و گیروگرفتی دیاریکراوی خۆی هەیە، بێگومان ئەم توێژینەوەیەش بەدەرنەبووە لەو ئاستەنگ و گیروگرفتانە، سەرەتا بەهۆی ئەوەی، کە پێشتر سیستەمی بەڕێوەبردن لە هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی دیاریکراو و بەتایبەت، توێژینەوەیەکی لەسەرنەکراوە، بۆیە زەمینەسازی و بەرچاوڕوونییەك لە بارەی سیستەمی بەڕێوەبردنەوە نەبووە، پاشانیش ئەم ئاستەنگە بووەتە هۆکاری ئەوەی، کە سەرچاوەی زانستیی پێویست نەبێت تا سوودی لێوەربگیرێت و لەم توێژینەوەیەدا بەکاربهێنرێت، هەربۆیە هەوڵ و ماندوبونێکی زۆری پێویستبووە تا گەیشتوتە ئەنجام.

## پلانی توێژینەوەکە:

توێژینەوەکە جگە لە پێشەکی، لە سێ بەش و کۆتایی و ئەنجام و ڕاسپاردەکان و پاشکۆکان و لیستی سەرچاوەکان پێکهاتووە و، بەمشێوەیە دابەشکراوە:

بەشی یەکەم: کە بریتییە لە سێ توێژراوە، توێژراوەی یەکەم تایبەتکراوە بە چوارچێوەی تیۆریی و ناساندنی چەمکەکانی (سیستەم، سیستەمی بەڕێوەبردن، تەنگژە)، هەروەها دواترو لە توێژراوەی دووەمی توێژینەوەکەدا، هەریەکە لە بابەتەکانی (سیستەمی بەڕێوەبردن، دەرکەوتن و پەرەسەندنەکانی)، هەروەها (دەرکەوتنی دەوڵەتی نوێ و سیستەمی بەڕێوەبردن، کاریگەریی بنەمای جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان لەسەر سیستەمی بەڕێوەبردن لە دەوڵەتی نوێدا، هەروەها پەیوەندی سیستەمی بەڕێوەبردن بەسیستەمی فەرمانڕەواییەوە)، لە توێژراوەی سێیەمیشدا توێژینەوە لە بابەتەکانی (واقعی تەنگژەو جۆرەکانی لە سیستەمی ڕامیاریی هاوچەرخدا، هەروەها ئاستی کاریگەری تەنگژەکانی سیستەمی ڕامیاریی لەسەر سیستەمی بەڕێوەبردن و شێوازی بەڕێوەبردنی تەنگژەکان لە سیستەمی فەرمانڕەوایی هاوچەرخدا).

هەروەها لە بەشی دووەمدا، تەوەرەکان دابەشی سێ توێژراوەی سەرەکی و هەر توێژراوەش دابەشی سێ توێژینچە کراوە، لە توێژراوەی یەکەمدا ئاماژە بە (هۆکارەکانی دەرکەوتنی هەرێمی کوردستان و بونیادنانی دامەزراوەکانی فەرمانڕەوایی، هەروەها بنەماکانی بونیادنانی دامەزراوەی بەڕێوەبردن لە هەرێمی کوردستاندا، لە توێژراوەی دووەمدا: توێژینەوە دەربارەی هەریەکە لە (بوارەکانی دیاریکردنی پرۆسەی دامەزراندنی سیستەمی فەرمانڕەوایی هەرێمی کوردستان و ڕێڕەوگەی پرۆسەی ڕامیاریی هەرێم و کاریگەری لەسەر دامەزراوەکانی فەرمانڕەوایی، هەروەها ڕەنگدانەوەی تەنگژەکانی پرۆسەی ڕامیاریی هەرێمی کوردستان لەسەر سیستەمی فەرمانڕەوایی تیایدا)، هەروەها توێژراوەی سێیەمیشی تەرخانکراوە بۆ توێژینەوەکردن لە پرسەکانی (شوێنگرتنی سیستەمی بەڕێوەبردن لە هەرێم وەك چوارچێوەی سەرەکی سیستەمە فەرمانڕەواییەکەی و بونیادنانی سیستەمی بەڕێوەبردن لە هەرێمی کوردستان و پێودانگە نێودەوڵەتییەکان، هەروەها مۆرك و سروشتی پەرەسەندنەکانی سیستەمی بەڕێوەبردن لە هەرێمی کوردستان).

لە بەشی سێیەمیشدا، بۆ سەلماندنی گریمانەی توێژینەوەکە، جێبەجێکردنی هەنگاوەکانی دوو بەشی پێشووی توێژینەوەکە، ئەم بەشەش بەمشێوەیە دابەشکراوە: لە توێژراوەی یەکەمدا، توێژینەوە لەم پرسانەکراوە (هۆکارە سەرەکیەکانی تەنگژەی سیستەمی بەڕێوەبردن لە هەرێمی کوردستان، ئاستی پەیوەندی سیستەمی بەڕێوەبردن و سیستەمی فەرمانڕەوایی و کاریگەرییان لەسەر تەنگژەکانی هەرێم و، گرنگترین جۆرەکانی تەنگژەی سیستەمی فەرمانڕەوایی هەرێمی کوردستان)، توێژراوەی دووەم تایبەتکراوە بە (ڕۆڵی دەسەڵاتی یاسادانەری هەرێم لە چارەسەرکردنی تەنگژەی سیستەمە بەڕێوەبردندا، سیستەمی دادوەری هەرێم و ڕۆڵی لەچارەسەرکردنی تەنگژەکانی سیستەمی بەڕێوەبردن تیایدا، هەروەها کاریگەری شێوازی دیموکراسی باو لە هەرێمی کوردستان لەسەر تەنگژەکانی بەڕێوەبردن)، هەروەها لە توێژراوەی سێیەم و کۆتایشدا توێژینەوە لە پێویستی ئەنجامدانی چاکسازی ڕیشەیی لە سیستەمی فەرمانڕەوایی لە هەریمی کوردستان و بونیادنانی سیستەمی بەڕێوەبردن لە هەرێمی کوردستان بەپێی پێودانگە نێودەوڵەتیەکان، هەروەها بەدیهێنانی گەشەی دیموکراسی ڕاستەقینە وەك شێوازی سەرەکی سیستەمی فەرمانڕەوایی، کراوە.

## بەشی یەکەم: دەروازەی تیۆری

توێژینەوە لە سیستەمی بەڕێوەبردن و ئەو تەنگژانەی ڕووبەڕووی دەبنەوە، یەکێکە لەوپرس وبابەتە گرنگ و جێبایەخانەی، کە بەشێکی بەرچاو لە هزرمەندان و تیۆریزانانی زانستەکانی ڕامیاریی و کۆمەڵناسی ڕامیاریی و کارگێڕیی بەخۆیەوە سەرقاڵکردووە، ئەم بایەخپێدانەش تا دێت زیاتر و فراوانتر دەبێت، بەتایبەتی لە هەلومەرجی سیستەمی یان دۆخی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە هاوچەرخەکان و دەوڵەتەکانیان، ئەم گرنگی و بایەخپێدانە زیاتر دەبێت، کاتێك یان بۆ حاڵەتی کۆمەڵگەیەك، کە پرۆسەی دروستکردن و بونیادنانی ژیانی ڕامیارییانەی لە چوارچێوەی قەوارەو کیانی نوێدا، کە لەلایەن خۆیەوە بەڕێوەدەبرێت، دەبێتە هەلومەرجێکی نوێی یان سەرەتایەکی نوێ لە دەستپێکردنی ژیانی دامەزراوەییانەی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەکە. بەمشێوەیە توێژینەوە لە گرنگترین و سەرەکیترین ئەو ئاستەنگ و تەنگوچەڵەمانەی، کە لەم بوارەدا دەردەکەون، دەبێتە کارو ئەرکێکی زۆر پێویست، چونکە سیستەمی بەڕێوەبردن و دامەزراوە گرنگ و سەرەکییەکانی، بەستەرێکی هەستیاری پەیوەندی نێوان کۆمەڵگەو دەسەڵاتە ڕامیارییەکەی (قەوارە ڕامیارییەکەی)، پێکدەهێنێت.

لێرەوە و لەسەرئەوەی لە سەرەوە ئاماژەی پێدرا، توێژینەوە لە بابەت و پرسێکی ئاوەهادا، پێویست بە توێژینەوە لە لایەنی تیۆریانەی چەمکە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە دەکات، کە لەم توێژینەوەیەدا چوارچێوەی چەمکیانە و چەمکی دەوڵەتی نوێ وسیستەمی بەڕێوەبردن و مۆرك و سروشتی تەنگژەکانی سیستەمی ڕامیاریی لە دەوڵەتی نوێ و هاوچەرخدا ئەو چەمکە سەرەکییانە پێکدێنێت، بە تایبەتیش کاتێك کە گرفتی توێژینەوەکە لەسەرئەوە بووەستێت، کە بنەڕەت و بونیادی پێکهاتنی سیستەمی بەڕێوەبردن لە چ چوارچێوەیەکدا هاتۆتە داڕشتن و دامەزراندن. لەبەرئەوە بە پێویستزانرا، کە لە لایەنی تیۆرییانەی ئەم توێژینەوەیە لە میانەی ئەم سێ بەشە سەرەکییەدا توێژینەوەی لێبکرێت:

توێژراوەی یەکەم: چوارچێوەی چەمکییانە

توێژراوەی دووەم: دەرکەوتنی دەوڵەتی نوێ و سیستەمی بەڕێوەبردن

توێژراوەی سێیەم: مۆرك و سروشتی تەنگژەکانی سیستەمی ڕامیاریی لەدەوڵەتی هاوچەرخدا

## توێژراوەی یەکەم:چوارچێوەی چەمکیانە

چوارچێوەیەی چەمکیانە، ناساندنی هەموو ئەو چەمکە بنەڕەتی و سەرەکیانە لەخۆدەگرێت کە بابەتی سەرەکی توێژینەوەکە لەخۆدەگرێت، هەروەها ناساندنی هەریەکەیان بە دوور و درێژی لە چوارچێوەی توێژینچەیەکدا، دەروازەیەکە بۆ چوونە ناو قووڵایی ئەو بابەتانەی کە لەبەشەکانی دواتردا توێژینەوەی لەبارەوە دەکرێت، ئەمە جگەلەوەی کە بەرچاو ڕوونی زیاتر بە توێژەر دەدات، کە ئاڕاستەی کارکردی خۆی بزانێت و لێی لانەدات، لەپێناو گەیشتن بە وەڵامی پرسیاری سەرەکی توێژینەوەکە و هەموو ئەو پرسیارە لاوەکیانەی کە توێژینەوەکە بەدوای خۆیدا دەیهێنێت.

لێرەوە دەردەکەوێت کە توێژینەوە لەلایەنی چەمکیانە، پێویستیەکی پشتگوێنەخراوە و دەبێت بکرێت، کە ئەویش خۆی دەبینێتەوە لە ڕوونکردنەوەی چەمکە سەرەکیەکانی وەك، چەمکی سیستەم و سیستەمی بەڕێوەبردن و چەمکی تەنگژە، کە دواتر لە چوارچێوەی توێژینچەکاندا بە درێژی توێژینەوەیان لەبارەوە دەکرێت، بۆ ئەمەش لە چوارچێوەی ئەم توێژینچانەدا توێژینەوەیان لە بارەوە دەکرێت.

توێژینچەی یەکەم: دیاریکردنی چەمکی سیستەم

توێژینچەی دووەم: سەبارەت بە چەمکی سیستەمی بەڕێوەبردن

توێژینچەی سێیەم: ناساندنی چەمکی تەنگژە

## تویژینچەی یەکەم: دیاریکردنی چەمکی سیستەم

چەمکی سیستەم یەکێکە لەو چەمکانەی، کە بەشێکی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە پێکدێنێت، هەربۆیە لەم توێژینچەیەدا بە وردی شرۆڤەی دەکەین و شیکردنەوە بۆ یەکە پێکهێنەرەکانی دەکەین، سەرەتا پێویستە بوترێت کە چەمکی "سیستەم بریتیە لە کۆمەڵێك بنەما و ڕێوشوێن و دامودەزگای ڕێکخراو کە، کاردەکەن لە پێناوی دەستەکەوتن و بەجێهێنانی ئامانج یان بەرژەوەندییەکی دیاریکراو و، هەروەها لە زۆربەی فەرهەنگە ڕامیارییەکاندا بەمانای ڕێبەریکردن، ڕێکخستنی فەرمانڕەواییەتیکردن دێت لە چوارچێوەی وڵاتێکی دیاریکراودا"[١].هەروەها سیستەم (system)"بریتیە لە کۆمەڵێك پێکهێنەری پێکەوە گونجاو و پێکەوەکارکردوو بۆ چارەسەری هەر دیاردەیەك کە پێویستی بە چارەسەرکردن هەبێت، لە و پێناوەدا بەشەکانی سیستەم پەیوەندی قووڵیان هەیە و کاریگەری زۆریان لەسەر یەکتری هەیە"[٢].

زاراوەی سیستەم لەوشەی (sustema)ی لاتینیەوە وەرگیراوە، لە فەرهەنگەکانی زماندا بە چەند واتای جیاواز هاتووە، کە بە واتای" تێکەڵاوکردنی بەشە ڕێکخەرەکان بۆ گەیشتن بە دەرنجام یان شێوازێکی جێگیرو دیاریکراوەو لە زانستی پزیشکی، ئەستێرەناسی و کەشناسی سودیان لەم چەمکە وەرگرتووە، هەروەها لە زانستی ڕامیاریشدا، سیستەم بە مانای شێوەی حکومەتکردن دێت"[٣].

هەروەها دەکرێت بوترێت کە سیستەم مانای" ڕێککاری و هاوڕێکی دەگەیەنێت، یان سیستەم ئەو تێکەڵەیەیە، کە گەوهەری پێڕێکدەخرێت، هەروەها سیستەم، بریتییە لە ڕێباز، لەمەشەوە دەوترێت، کە هێشتا لەسەریەك سیستەم دەڕوات، لێرەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی، کە بنەڕەتی وشەی سیستەم چەندین مانا لەخۆدەگرێت، کە بریتیین لە گونجان و ڕێکخستن بەپێی پیوەرە دیاریکراوەکان بۆ گەیشتن بە یەکخستن و گونجاندن لەشتێکدا"[٤].

بە گشتی زاراوەی سیستەم ئاماژەیە بۆ "هەرگشتێك، کە لە کۆمەڵێك بەشی بچوکتر پێکهاتووە، ئەو بەشانەش بە جۆرێك پەیوەندی پێکەوە بەستراون و لە حاڵەتی کاریگەریدان هەم لەسەر گشتەکە و هەم لەسەر یەکتریش بەشێوەیەك، کە ئەگەر گۆڕانکاری بەسەر بەشێك یان پەیوەندییەکدا بێت، ئەوا سەرجەم پەیوەندییەکانی تر گۆڕانیان بەسەردا دێت و بەمەش گشتەکە گۆڕانی بەسەردا دێت"[٥]، لەوەی کە دەربارەی سیستەم خرایەڕوو دەردەکەوێت کە سیستەم بریتیە لە کۆمەڵێك بەشی پێکەوە گرێدراو کە پەیوەندییەکی قووڵ پێکەوەی بەستوون، کە کاریگەری تەواویان لەسەریەکتری هەیە، ئەمەش پێناوی گەیشتن و جێبەجێکردنی ئامانجێکی دیاریکراودا .

---

[١] )د.عبدالوهاب الكيالي، موسوعة السياسة، الجزء السابع، دار الفارس للنشر والتوزيع/عمان، ط٥، ٢٠٠٩، ص٥٨٢-٥٨٣.
[٢] )د.إسماعيل عبدالفتاح، معجم المصطلحات السياسية والإستراتيجية، العربى للنشر والتوزيع/ القاهرة، ٢٠٠٨، ص٢٨٩.
[٣] )زاهیر محەممەدی و یاسین حاجی زادە، فەرهەنگی سیاسی ئارەش، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە/ هەولێر، ٢٠٠٦، لا٤٠٦.
[٤] )د.صباح مصطفى المصري، النظام الحزبي، المكتب الجامعي الحديث/ الآسكندرية، ٢٠٠٧، ص٥-٦.
[٥] ) د.عابد خالید رەسول، دەروازەیەك بۆ زانستی سیاسەت، لەبڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران، سلێمانی،٢٠١٢، لا١٩٠.

سەبارەت بە لایەنی مێژوویی دەرکەوتنی چەمکی سیستەم(system)، "لەڕووی کات و شوێن و واتاوە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ دەیگێڕێتەوە بۆ فەلسەفەی کلاسیکی یۆنان و بەتایبەتیش (پلاتۆ و ئەرستۆ)، کە پێیان وابووە کۆمەڵگا پێکهاتووە لە سیستەمێك کە لە کۆمەڵێك توخم و ڕەگەزی چوست و چالاك پێکهاتووە، بەڵام لەگەڵ هاتنی سەردەمی بوژانەوە (ڕێنسانس)، ئەوا چەمکی سیستەم بایەخی زیاتر و قوڵترو فراوانتری پێدراوە و بەتایبەتیش لە لایەن فەیلەسوفان و هزرمەندانی ڕۆشنگەرییەوە، بەم شێوەیە (تۆماس هۆبز) دەڵێت بەهۆی سیستەمەوە لەو کۆمەڵە پیاوە دەگەم کە لە دەوری بەرژەوەندییەك کۆبوونەتەوە لەناو چوارچێوەی کارێکدا خۆیان ڕێکخستووە و ئەستێرەو هەسارەکانیش بەشێکن لە سیستەمێکی گەورەتر لە خۆیان و خێزانیش ڕێکخستنێکە بۆ کەس و ئەندامەکانی خۆی"[1].

هەروەها گرنگترین ئەو پێناسانەی، کە بۆ چەمکی سیستەم کراون، پێویستە بوترێت کە چەمکی سیستەم – system، بریتییە لەو" ڕێکخراوەی کە لەگەڵ ژینگەدا کارلێکدەکات و کاری تێدەکات و پێشی کارتێکراو دەبێت، هەروەها ئەم چەمکە واتە، چەند لایەنگەلێك هەن کە لەگەڵ یەکتردا کارلێکدەکەن"[2]. هەروەها دەکرێت بوترێت کە "سیستەم بەیەکەی شیکردنەوە دادەنرێت، مەبەستیش لێی بریتییە لە کۆمەڵەی ئەو توخم یان بەشانەی لە ڕووی فەرمانیەوە لە نێوان خۆیاندا و بەشێوەیەکی ڕێکوپێك پەیوەستن بەیەکترییەوە، ئەویش بەو کارلێك و پشت بەیەکتریبەستنە ئاڵوگۆڕەی لە نێوانیاندا هەیە، گۆڕانکاری لە توخمێك یان بەشێکدا، کاردەکاتە سەر توخمەکانی تر"[3]. هەروەها(جان ماری دانکان)یش لەلای خۆیەوە بەم شێوەیە پێناسەی چەمکی سیستەم دەکات و دەڵێت، "چەمکی سیستەم چوارچێوەیەکی فراوانی هەیە لە زانستە کۆمەڵایەتییەکانداو دوو دیاردەی سەرەکی تێدایە، یەکەمیان بریتییە لە دیاردەی کارلێککردن و دووەمیان دیاردەی پێکەوەیی، واتە هەموو بەشەکانی سیستەم کاریگەری و کارلێك لەگەڵ یەکتر دەکەن و هەموو بەشە پێکهێنەرەکانی تەواو کەری یەکترن"[4]. بەڵام (دیڤید ئیستن)* بەمشێوەیە پێناسەی چەمکی سیستەمی کردووە و دەڵێت، کە" سیستەم بریتیە لە کۆمەڵێك پێکهێنەری پێکەوەبەستراو، کە هەریەکە لەم پێکهێنەرانە پەیوەندییەکی توند و بەهێزیان پێکەوە هەیە و گۆڕانکاری لەهەر پێکهێنەرێك دەبێتە هۆی گۆڕانکاری لەبەشەکانی تری سیستەمدا"[5].

---

[1] ) وەرگیراوە لە:عومەر نورەدینی، سیستەمی نوێی جیهانی و دۆزی کورد، کوردستانی عێراق وەك نموونە، چاپخانەی حاجی هاشم/ هەولێر، ٢٠٠٣، لا٢٥.

[2] )جابريل إيه الموند و جي بنجهام باويل، السياسات المقارنة في وقتنا الحاضر، ت: هشام عبدالله، الدار الأهلية للنشر والتوزيع/الآردن، ط٥، ١٩٩٨، ص١٦.

[3] ) د.کەمال مەنوفی، تیۆرەکانی سیستمە سیاسیەکان، و/ ئاوات ئەحمەد، چاپخانەی یاد، ٢٠٠٧، لا١٠٣.

[4] ) جان ماري دانكان، علم السياسة، ت/ د. محمد عرب صاصيلا، الؤسسة الجامعية للدراسات والنشر/ بيروت، ١٩٩٧، ص١٤٠.

* دیڤید ئیستن، ١٩١٧-٢٠١٤، لەدایك بووی شاری تۆرینتۆی کەنەدییە، بڕوانامەی دکتۆرای لە زانستی ڕامیاری هە لەزانکۆی هارفاردی ئەمریکی، مامۆستای زانکۆی شیکاگۆ بووە و، چەندین پۆتی کارگێڕی هەبووە لەوانە، سەرۆکی کۆمەڵەی زاننستە ڕامیارییەکانی ئەمریکابووە بۆ ساڵەکانی ١٩٦٨-١٩٦٩، وە خاوەنی چەندین کتێبە لە بوارەکانی زانستی ڕامیاری، بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە/ د.شيرزاد أحمد أمين النجار، منظومة المفاهيم عند ديفيد ايستن، مجلة٠(قضايا سياسية)، كلية العلوم السياسية جامعة النهرين، بغداد، العدد/٤١، ٢٠١٥، ص١٧١

[5] ) نقلآ عن: د.كمال المنوفي، أصول النظم السياسية المقارنة، شركة زينغان للنشر والتوزيع/ كويت، ١٩٨٧، ص٩٣.

لەمیانەی ئەو پێناسانەی لەسەرەوە توێژینەوەی لێکرا ئەوەدەردەکەوێت، کە بەشەکانی سیستەم لە پەیوەندییەکی قووڵ و هاوبەشدان و ئامانجی هاوبەش پێکەوەی بەستوون. هەروەها سیستەمی ڕامیاریش بەمشێوەیە پێناسەدەکەن کە"دەسەڵاتە گشتییەکان و(ئەوڕێسایانەی کە بڕیارلێدەرییانە)، پارتەکان و ئەو کۆمەڵانەی بەرژەوەندییان هەیەو دێنەناو شانۆی ڕامیارییەوە، هەروەها کۆی پرۆسەکانی سازو ئامادەکردون و بەشداریکردن و ئەو نێوەندەییکردنەی کە لەڕێگەیەوە پەیوەندییەکانی نێوان ڕامیارییە پیشەکاران و ئەوانەی هیچ لە بنەڕەتییەکانی نازانن، واتە لەنێوان فەرمانڕەوایان و فەرمانلەسەران دێتەدانان و داڕشتەبونەوە"[١].

هەر لەم چوارچێوەیەدا پێویستە ئاماژە بەوەش بدرێت، کە لەپاڵ چەمکی سیستەمدا چەند چەمکێکی تر بەکاردەهێنرێت، کە تایبەتن بە بوارو لایەنی وەسفی ئەم چەمکە، سەبارەت بەوەش دەکرێت ئاماژە بەم پۆلێنکردنە بدرێت[٢]:

أ- چەمکەکانی سیستەمی داخراو و سیستەمی کراوە، سیستەمی ئۆرگانی و سیستەمی نائۆرگانی.

ب- ئەو چەمکانەی پەیوەندییان بە ئاستە پلەپەیژەییەکانی سیستەمەکانەوە هەیە، وەك لقە سیستەم.

ج - ئەو چەمکانەی بە پەیوەندی "سیستەم" لەگەڵ ژینگەکەی پەیوەستن، وەك سنوور، تێهاویشتە (Input) و دەرهاویشتە (Output).

د- ئەو چەمکانەی باس لە لایەنەکانی ڕێکخستنی ناوخۆیی سیستەمەکان دەکەن، وەك چەمکەکانی تەواوکاری و پشتبەستنی ئاڵوگۆڕ.

هەروەها بایەخدارترین پەرەسەندنی تیۆریانە، کە بەسەر چەمکی سیستەمدا هاتبێت، لەو بایەخپێدانە تیۆریی و میتۆدییانەی (دیڤید ئیستن)دا خۆی دەبینێتەوە، کە تیایدا قسەکردن لەسەر دوو توخمی سەرەکی و بنچینەیی چەمکی سیستەم دەکات کە بریتین لە تێهاویشتە (Input)،کە "واتە ئەو کاریگەرییانەی کە ژینگە لەسەر سیستەم و هەندێکجار لەناو سیستەمیشدا پێکدەهێنێت، داواکاری ئەوەیە کە ژینگە لە سیستەمی دەخوازێت و دەبێتە هۆی چالاکیی و جوڵەی سیستەم، بەڵام پشتیوانی بریتییە لە بەدەمەوەچونی سیستەم لەلایەن ژینگەوە بەشێوەی (مادديی و مەعنەویی)، وەك پشتیوانیکردنی هاووڵاتیان و گوێڕایەڵیکردنی سیستەم"، بەمشێوەیە "هەتا پشتیوانی زیاتربێت ئەوا سیستەم بەهێزتردەبێت و بەپێچەوانەشەوە بەکەمبوونی پشتیوانی سیستەم، مانەوەی دەکەوێتە ژێر مەترسیەوە"[٣]. سەبارەت بە، دەرهاویشتەکان (Output)، ئەوا "بریتین لەو بڕیارانەی کە لە سیستەمەوە دەردەچن و لە ئەنجامی پشتیوانی و داواکارییەکانەوە پەیدادەبن و دێن، ئەم

[١] )فلیب برو، علم الأجتماع السیاسي، ت/د.محمد عرب صاصیلا، الشبکة العربیة الآبحاث والنشر/بیروت، ط٣، ٢٠١٤، ص١٤١.
[٢] )د.کەمال مەنوفی، تیۆرەکانی سیستەمە سیاسیەکان، سەرچاوەی پێشوو، لا ١٠٢.
[٣] ) سامان ساڵح فرج، فراوانبوونی دەزگاکانی جێبەجێکردن لەهەرێمی کوردستان-عێراق، ماستەرنامە، کۆلێژی زانستە کارگێڕیی و ڕامیارییەکان، بەشی زانستە ڕامیارییەکان/ زانکۆی چەرموو، ٢٠١٦، لا٢٩.

دەرهاویشتانە دەبێتەهۆی تێهاویشتەی نوێ لە ئەنجامی کاریگەری پێچەوانە بۆ سیستەم"[١]. لێرەدا پێویستە ئەو ڕاستیە بوترێت کە ئەم زاراوەیە(دەرهاویشتە)، بریتیە لە[٢]:

أ- وەڵامدانەوەی ئەرێنی و جێبەجێکردنی داواکارییەکانی کۆمەڵ و ژینگەکەی.

ب- وەڵامدانەوەی نەرێنی، کە خۆی لە وەڵامدانەوەی توندوتیژدا دەبینێتەوە و پێشێلی داواکارییەکانی ژینگەکەی دەکات.

لەسەرئەوەی کە توێژینەوەی لێکراوە، دەگەینە ئەو ئەنجامەی، کە چەمکی سیستەم، چەمکێکی ئاڵۆزە و لە شێوەی تۆڕێکی چنراوەدایە، زۆرێك لەو توێژینەوانەی، کە لەسەری ئەنجامدراون بە لاشەی مرۆڤێکی تەواو و پێگەیشتووی دەچوێنن کە بەشەکانی وەك ئەندامەکانی لەشی مرۆڤ وایە، هەر یەکەیان کاروچالاکیەکی دیاریکراو ئەنجامدەدەن و تەواوکاری، کاری یەکترن، ئەمەش لەپێناوی گەیشتن بەئامانجێکی دیاریکراو و هاوبەش، هەربۆیە گۆڕانکاری لەهەر بەشێکیاندا دەبێتە هۆی گۆڕانکاری کار و چالاکی هەریەکەیان دواجار دەبێتەهۆی گۆڕانکاریی لە تەواوی سیستەمەکەدا، ڕەنگە هەندێك لەم گۆڕانکارییە لە ئامانجی دیاریکراو دووریاندەخاتەوەو بە ئاکام ناگەن، لێرەشەوە یەکگرتوویی و پێکەوەییبوونی ئەم بەشانە لە سیستەم دەبێتە مەرجی سەرکەوتنی سیستەمەکە.

---

[١]) جان ماري دانكان، سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٣.

[٢]) محمد لويري، تحليل النظام السياسي عند ديفد ايستون، ٢٠٠٩، تأريخ الزيارة/٢٠٢١/١/١٠، رابط ب: https://bit.ly/3FKP4Pz .

## توێژینچەی دووەم: سەبارەت بە چەمکی سیستەمی بەڕێوەبردن

چەمکی بەڕێوەبردن لەو چەمکانەیە، کە گرنگی و بایەخی خۆی لە ژیانی ڕامیارییدا هەیە، بەتایبەتی بەشێکی سەرەکی پرۆسەی بەڕێوەبردنی دامەزراوە و دەزگا سەرەکی و بنچینییەکانی دەوڵەت و سیستەمی فەرمانڕەوایی تیایدا لە ڕێگەی پرۆسەی بەڕێوەبردن، بەڕێوەدەبرێن و ئەرك و فەرمانە بنچینەییەکانیان بە جێدەهێنن، لێرەوەیە کە ئەم چەمکە تاهاتووە و بەتایبەت لە ژیانی ڕامیاریی هاوچەرخدا گرنگی و بایەخی زیاتری پەیداکردووە و پانتاییەکی فراوانی لە توێژینەوەکانی زانستە ڕامیاریی و ئابووریی و کارگێڕیی و کۆمەڵناسی و زانستی یاساشیان داگیرکردووە و خستوتەژێر هەژموونی خۆیەوە، لەسەر ئەوە بە پێویستزانرا، کە توێژینچەیەك بۆ لایەنی تیۆری ئەم چەمکە تایبەتبکرێت.

زاراوەی بەڕێوەبردن لەڕووی زمانەوانیەوە ، لە وشەی ئینگلیزی(Management)، وەرگیراوە، کە بەمانای "کارو چالاکیەکی تایبەتمەند دێت لە نێوان زانست و هونەردا، کە ئامانج لێی ڕێنوێنیکردن و ئاڕاستەکردنی تواناکانی مرۆڤە بەپێی ئەو توانا و زانیارییەی کە هەیە لەگەڵ توانا ماددیەکاندا بۆ گەیشتن بە ئامانجێك، کە پێشوەختە دیاریکراوە"[١]. هەروەها بەمانای "زانست و هونەرێك دێت کە تێکەڵ بەڕووح و ئەقڵی بەڕێوەبەرەکان دەبێت، بۆ ئاڕاستەکردنی کۆمەڵێك مرۆڤ، یان کۆمەڵە کەسێك کە ئاڕاستەیان دەکات بەشێوەیەکی بەرنامە بۆ داڕێژراو، لە پێناوی گەیشتن بە ئامانجێکی دیاریکراو"[٢]، یاخود بەڕێوەبردن "بریتیە لەوەی کە تۆ چیت دەوێت و دواتر دڵنیابیت کە لەلایەن تاکەکانەوە بەشێوەیەکی دروست و کەمترین تێچوو ئەنجامدراوە"[٣]. کەواتە بەڕێوەبردن هونەرێکە بەکاردەهێنرێت لە پێناوی ئاڕاستەکردنی توانا مرۆییەکان بۆ گەیشتن بەئامانج گەلێکی دیاریکراو و نەخشە بۆداڕێژراو.

دوای ئەوەی لەڕووی زمانەوانیەوە چەمکی بەڕێوەبردن ئاماژە پێدرا، بۆ پێناساندنی چەمکی سیستەمی بەڕێوەبردن، پێویستە بوترێت کە، پێناسەی زۆرو جۆراوجۆری لەلایەن هزرمەندان و تیۆریزانان و توێژەرانەوە کراوە، سەرەتاش بەوەیان دەستپێدەکەین، کە دەڵێت "سیستەمی بەڕێوەبردن، بریتییە لەو قەوارە ڕێکەی، کە لێکدراوە لە نێوان شتەکان و پارچەکان و کۆمەڵێك سیستەمی بەڕێوەبردن، کە هەموویان پێکەوە پەیوەستن، هەروەها لە کۆمەڵێك ڕەگەزی پێکهێنەر پێکدێت، بەشێوەیەکی گشتی کارلێك لەگەڵ یەکتری دەکەن"[٤].

پێناسەیەکی تری ئەم چەمکە، ئەوەیە کە " سیستەمی بەڕێوەبردن، بریتییە لەو ڕێسایەی کە پێویستە بۆ ڕێکخستن و پلانڕێژی پێکهێنەرە ماددیی و مرۆییەکان لە پرۆسەیەکدا بەڕێگایەکی لۆژیکی و ڕێك وپێك،

---

[١] ) د.ناصر المعايطة، قاموس المصطلحات الإدارية، مؤسسة البلسم للنشر والتوزيع/ عمان-الأردن، ٢٠٠٣، ص٢٤.
[٢] ) محمد فتحي، مصطلح إداري، دار التوزيع والنشر الإسلامي/ القاهرة-مصر، ٢٠٠٣، ص٧
[٣] )د. سمير الشويكي، المعجم الإداري، دار أسامة للنشر والتوزيع، عمان- الأردن، ٢٠٠٦، ص١٧
[٤] ) د.كامل بربر، ادارة الموارد البشرية و كفاءة الأداء التنظيمي، مجد / المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع/ بيروت، ١٩٩٧، ص٢٥.

لەپێناوی بەدیهێنانی ئامانجی دیاریکراودا"[١]. ئەم پێکهێنەرانە "پەیوەندییەکی توندو کارلێکی هاوبەرامبەریان هەیە، کە لە ئەنجامی ئەم کارلێکەدا پێکهاتەیەکی هەمەکی یەکگرتوو دروستدەبێت، کە بریتییە لە سیستەمی بەڕێوەبردن و سورە لەسەر بەدیهێنانی ئامانجگەلێکی دیاریکراو"[٢].

هەر لە چوارچێوەی ئەو پێناسانەی بۆ چەمکی سیستەمی بەڕێوەبردن کراون، لێرەدا ئاماژە بەو پێناسەیەش دەدرێت، کە دەڵێت سیستەمی بەڕێوەبردن " ئامرازێکە لەڕێگەیەوە ئەرکەکانی (پلاندانان و ڕێکخستن و جێبەجێکردن)، بە (ئاراستە، هەماهەنگی، هاندان و بەدواداچوون)، هەروەها (چاودێری)، کە بەهەرەوەزی ئەنجام دەدرێن، بۆ بەکارهێنانی سامانی ماددی و مرۆیی بەباشترین شێوەو کەمترین کات و خەرجی و ماندووبوون و، بە گەیشتن بە ئامانج لە چوارچێوەی پەیوەندییە مرۆییەکاندا"[٣]. لێرەدا و دوایی پێناسەکردنی چەمکی سیستەمی بەڕێوەبردن پێویستە ئاماژە بە گرنگترین، ئەو ئەرکانە بکرێت کە دەچنە چوارچێوەی سیستەمی بەڕێوەبردنەوە، کە بریتین لە[٤]:-

١-پلاندانان: سەرەکیترین و یەکەمین کاری پرۆسەی بەڕێوەبردنە، کە بەڕێوەبەر ئەنجامی دەدات و تیایدا ئامانج و ڕێکار و پرۆگرامی سەرکەوتنی دیاریدەکرێت و، لە ڕێگەی پێشبینیکردنی داهاتوو و خۆئامادەکردن بۆی و بڕیاردانی پێویست بۆ جێبەجێکردنی کارەکان بەو پێیە.

٢- هاندان: هەماهەنگی و ئاڕاستەکردن و بەدواداچوونیش ئەگرێتەوە و ئەو ئەرکەیە، کە پەیوەندیدارە بە ڕێنمایی و ئاڕاستە و هاندانی فەرمانبەران و هاوکاری نێوانیان لە پێناو جێبەجێکردنی پلانەکان و گەیشتن بە ئامانجەکان.

٣- ڕێکخستن: ئەو ئەرکەیە کە لەڕێگەیەوە چوارچێوەی گشتی ڕێکخراوەکەو دابەشکردنی چالاکییەکانی بۆ جێبەجێکردنی کارەکان و دەسەڵات و لێپرسراوێتی دیاری ئەکرێت لەگەڵ ڕێکخستنی پەیوەندی نێوان تاکەکان و یەکەکانی ڕێکخراوەکە بەشێوەیەك کە گەیشتن بە ئامانجەکانی دەستەبەربکات.

٤- چاودێری: ئەرکێکە لەگەڵ پلاندانان پێکەوەگرێدراون، لە هەمان کاتدا ئەنجام دەدرێن و لەڕێگەیەوە دەستەبەری ئەنجامدانی کارەکان لەڕێگەی یەکە کارگێرییەکانی ڕێکخراوەکەوە ئەکرێت بەپێی پلانەکان لەگەڵ دەرخستنی هەڵە و کەموکورتی و لادانەکان و چارەسەرکردنیان پێش ڕوودانیان یان لەکاتی خۆیدا ئەگەر هەبن.[٥]

---

[١] )د.راشد الجابري و د.كامل صكر، معجم مصطلحات العلوم الإداريهة، دار الفكر/ لبنان، ٢٠٠٨، ص٣١٩ .

[٢] ) محمد رسلان الجيوسي و جميلة جاد الله، کارگێڕی زانست و جێبەجێکردن، و/ وەهاب حەسیب محەمەد، لە بڵاوکراوەکانی گۆڤاری بڕیار/ سلێمانی، چ٢، ٢٠١٤، لا٥٠.

[٣] ) مەحمود کەریم ئەحمەد، بنەماکانی کارگێڕی و کارگێڕی سەرچاوە مرۆییەکان، چاپخانەی ئەزمەڕ/ سلێمانی، ٢٠١٩، لا٧٧.

[٤] ) د. علي عباس، أساسيات علم الإدارة، دار المسيرة للنشر والتوزيع/ عمان، ٢٠٠٤، ص٢٤-٢٥.

[٥] ) د.يونس إبراهيم حيدر، أساسيات الإدارة، دار الرضا للنشر/ دمشق- سورية، ٢٠٠٦، ص ص١٢١-١٥٧ .

دوای ئەو توێژینەوەیە لەسەر لایەنی زمانەوانیی و لایەنی چەمکیانەی سیستەمی بەڕێوەبردن، لێرەوە بە پێویستدەزانرێت کە توێژینەوە لەسەر گرنگترین تایبەتمەندییەکانی ئەم چەمکە بکرێت، کە دەکرێت لەمانەی خوارەوەدا دیاریبکرێن[١]:

١ - سیستەمی بەڕێوەبردن لەبنەڕەتدا لە کۆمەڵێك بەش پێکهاتووە، بەڵام کە بەوردی لێیدەڕوانیت لە کەرەستەیەکی یەك پارچەدا خۆی دەردەخات، نەوەك بەشی جیاجیاو لێکترازاو.

٢ – هەموو بەشێك لە بەشەکانی سیستەمی بەڕێوەبردن، سیستەمێکی تایبەت و ڕۆڵی تایبەت بەخۆیان هەیە، بەڵام لە چوارچێوەی سیستەمەکە بەگشتی.

هەر لەم پێوەندەدا و لە چوارچێوەی توێژینەوەکردن لە لایەنی تیۆرییانەی چەمکی سیستەمی بەڕێوەبردن، بە پێویستدەزانرێت ئاماژە بە بایەخ و گرنگییەکانی ئەم چەمکە بکرێت، لەم بارەیەشەوە پێویستە بوترێت کە هەموو سیستەمێك ئامانجێکی تایبەت بەخۆی هەیە، کۆی ئەو پرۆسانەی لە ناوەخنی سیستەمدا هەن لەپێناو ئەو ئامانجەدا دەکەونە کار، کەواتە بەبێ سیستەم ناتوانین بە ئامانجەکان بگەین، هەربۆیە هەموو سیستەمێك گرنگی تایبەتی هەیە[٢].

بەمشێوەیە دەکرێت گرنگی و بایەخەکانی سیستەمی بەڕێوەبردن لەم خاڵانەی خوارەوە دیاریبکرێت[٣].

١ – سیستەم(النظام -order)، بریتییە لە یەکێك لە فەرمان و کارەکانی بەڕێوەبردن، کە کەوتۆتە ژێر کاریگەری کۆمەڵێك بنەماو ڕێکار بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ کار لەسەر پێکهاتە و جووڵەکانی دەکات.[٤]

٢- سیستەم، ڕۆڵ و پەیوەندییەکانی نێوان تاکەکانی ئەو ڕێکخستنە دیاریدەکات، لەگەڵ ڕونکردنەوە و دیاریکردنی دەسەڵاتەکان و ئەو ئەرکانەی، کە تاکەکانی ناو ئەو سیستەمە دەیانگرێتەوە. دەکرێت لە وەزیفەی ڕێکخستن بڕاونین لە چوارچێوەی دەروازەی سیستەمی (تیۆری سیستەمی کراوە- نظرية النظام المفتوح- the theory of open system)، کە بریتییە لە وەزیفەی دیزاین یان نەخشەسازیی، واتە ئامادەکردنی پەیکەر یان چوارچێوەی گشتی بۆ سیستەمەکە، چونکە بەبێ ئەم تیۆرە سیستەمییە بۆ وەزیفەی ڕێکخستن، ئەوا بەڕێوەبەرەکان ڕەنگە دابەزن بۆ شێوازی هەڕەمەکی بەبێ ئەوەی بایەخ بە داواکارییە بێهاوتاکانی هەر سیستەمێك بدەن.

---

١ ) مەحمود کەریم ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، لا٨.

٢ ) د.کامل بربر، ادارة الموارد البشرية و كفاءة الأداء التنظيمي، سەرچاوەی پێشوو، لا٢٧.

٣ ) هەمان سەرچاوە، لا٢٧.

٤ )د.خليل محمد الشماع، بنەماکانی کارگێڕی(بەتایبەتی کارگێڕی کار)، و/ محمد چیا، لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی یادگار،٢٠١٦، لا٢٣٢.

٣- سیستەم هانی بەڕێوەبەرەكان دەدات، كە تێگەیشتنیان بۆ كارەكانیان و لێپرسراوێتییەكانیان هەبێت، چونكە هەموو كارێكی كارگێڕیی پەیوەستە بە گەیشتن بە ئامانجە گشتییەكانی سیستەم، چونكە ئەو دەزگا كارگێڕییەی ئەو بەڕێوەبەرە كاریلێدەكات بەشێكە لە سیستەمە گەورەكە، كە بریتییە لە دەوڵەت[١].

٤- ئەم ڕێكخستنە كارگێڕییە، تەنها بریتی نییە لە پەیكەرێكی ئامێریی(مەكینەیی)، بەڵكو بریتییە لە ڕێكخستنێكی كۆمەڵایەتی، كە خاتری گۆڕاوەكان و دیاردەكان و پێویستییەكان دەگرن، كە هەردوو بەشەكە سیستەم و بەشەكانی سیستەم تێكەڵاوی یەكتر دەبن (تاك ، كار، مەركەز، پەیوەندییەكان)[٢].

بەمشێوەیە و بە وەستان لەسەرئەوەی لەسەرەوە توێژینەوەی لەسەركراوە، دەتوانرێت بوترێت، كە سیستەمی بەڕێوەبردن تۆڕێكی ئاڵۆزە و پێكهاتووە لە كۆمەڵێك پەیوەندی و كارلێك و كاری تەواوكاری، كە گرنگی زۆریان هەیە بۆ دیاریكردنی سنورو چوارچێوە یاسایی و ڕێكخستنە كارگێڕییەكانی هەردەزگایەكی بەڕێوەبردن یان هەر دامەزراوەیەكی بەڕێوەبردن، هەروەها سنوری دەسەڵات و ماف و ئەركەكانی هەر تاكێكی ناو ئەم دەزگایانە دیاریدەكات.

---

[١] ) د.كامل بربر، الإدارة عملية ونظام، مجد المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع، ١٩٩٦ ، ص٤٩.
[٢] ) د.كامل بربر، إدارة الموارد البشرية و كفاءة الأداء التنظيمي، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٧.

## تویژینچەی سێیەم: ناساندنی چەمکی تەنگژە

چەمکی تەنگژە یەکێك لە چەمکە گرنگ و جێبایەخەکانی زانستی ڕامیاریی و زانستی بەڕێوەبردن بە تایبەتی پێکدەهێنێت، ئەوەش لە بەشێکی سەرەکییدا دەگەڕێتەوە بۆ کارتێکردن و کاریگەرییە گەورە و قووڵەکانی ئەم دیاردەیە لەسەر ژیانی ڕامیاریی و پرۆسە سەرەکییەکانی، کە لایەنی بەڕێوەبردن جومگەیەکی گرنگی ئەو پرۆسەیە پێکدەهێنێت، هەربۆیە چەمکی تەنگژە لە خوێندکاری و توێژینەوە زانستییەکانی زانستەکانی ڕامیاری و کۆمەڵناسی ڕامیاریی و کارگێڕیی شوێن و پانتاییەکی دیاری پاوانکردووە. لەسەرئەوە توێژینەوەی چەمکییانەی دیاردەی تەنگژە بە پێویستدەزانرێت.

سەرەتا پێویستە ئاماژە بە لایەنی زمانەوانیی چەمکی تەنگژە، پێویستەبوترێت کە"چەمکی تەنگژە(Crises)، وشەیەکی داتاشراوە، لە وشەی (Krisis)ی یۆنانییەوە وەرگیراوە، کە بەمانای چرکەساتی بڕیاردان دێت و، لەزمانی چینیدا لە دوو پیت پێکهاتووە، یەکەمیان ئاماژەیە بە (مەترسی)، دووەمیشیان بەمانای (هەل)" [1]دێت. سەبارەت بەلایەنی زاراوەیی وشەی (تەنگژە)، ئەوا "بەگشتی ئاماژەیە بە چرکەساتی چارەنوسساز یان کاتێکی گرنگ، هەروەك چۆن ئاماژەیە بە چرکەساتی خراپ و ناهەموار"، لە شارستانییەتی یۆنانی کۆندا تەنگژە، بریتییە لە "هەڵوێستەیەك کە پێویستی بە دروستکردنی بڕیارە، هەروەها تەنگژە خاڵی وەرچەرخانی مێژووییە لە هەڵبژاردنی بڕیارە مرۆڤییەکان لەسەر ڕووداوەکان و گۆڕانکارییە جەوهەرییەکان لە داهاتوودا"[2].

هەر لەم پێوەندەداو پێویستە ئەوەش بوترێت کە" تەنگژە لەهەموو کات و شوێنێکدا ڕوویداوەو زیانی زۆری گەیاندووە بە لایەنەکانی ڕامیاریی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری، لەبەرئەوە تەنگژەکان بوون بە بەشێك لە ڕاستی ژیانی مرۆڤایەتی"[3]. هەروەها لە ڕۆژگاری ئەمڕۆشدا بابەتی تەنگژە "یەکێکە لەبابەتە گرنگ و بایەخپێدراوەکانی دەوڵەتان، وەك کۆی بابەتەکانی تری ژیان، لەبەرئەوەی هەڕەشەی گەورە لەسەر تاك و ڕێکخراو و دامودەزگا و دەوڵەتانیش دروستدەکات، هەربۆیە لێپرسراوان لەکاتی هەستکردن بە بوونی تەنگژەدا هەوڵی تەواوی خۆیان دەدەن بۆ کۆنترۆڵکردن و چارەسەکردنی و کەمکردنەوەی زیانەکانی"[4].

سەبارەت بە گرنگترین ئەو پێناسانەی، کە لەڕووی زاراوەییەوە بۆ ئەم چەمکە کراون، سەرەتا ئاماژە بەو پێناسەیە دەدرێت، کە دەڵێت" تەنگژە بریتیە لە دیاردەیەکی ناجێگیر کە هەڕەشەیەکی ڕاستەوخۆ و ڕوونە لەسەر مانەوەی دەوڵەت و بەردەوامبوونی، جیاکراوەتەوە بەوەی بەڕادەیەکی مەترسیدار دەردەکەوێت، خاڵی

---

[1] ) غسان قاسم داود اللامي و خالد عبدالله ابراهيم العيساوي، إدارة الأزمات الاسس والتطبيقات، جانعة بغداد، كلية الادارة والاقتصاد،٢٠١٥، ص١١.
[2] ) هەمان سەرچاوە، لا١١.
[3] )د.حامد الحدراوي، أسباب نشوء الأزمات و إدارتها، مجلة جامعة الكوفة/ كلية الإدارة و الإقتصاد، العدد/٥، ص١٩٣-١٩٤.
[4] )هەمان سەرچاوە، لا١٩٤.

وەرچەرخانە لەباری ئاساییدا و بارێکی ناجێگیرەو کاریگەری نەرێنی لەسەر توانا و چالاکیەکانی بڕیاردان هەیە، دەبێتەهۆی زیانێکی ماددی و مەعنەوی و بەدەنی لە دەوڵەت و داهاتووەکەی، هەڵویستێکە لە دەرەوەی توانای کۆنتڕۆڵکردنە، گۆڕانکارییەکی لەناکاوە دەبێتەهۆی دروستبوونی کەموکورتی لە کۆمەڵگادا، یا بۆ ڕوبەڕوبوونەوەی پێویستی بە بڕیاری کوتوپڕ و خێرایە لەسەر بوونی زانیاری لە کورتترین کاتدا"[1].

بەڵام ئەگەر دەوڵەت وەك یەکەیەکی کارگێریی وەربگرین، ئەوا لەڕووی کارگێڕییەوە، دەکرێت ئەم پێناسەیە بۆ چەمکی تەنگژە بکرێت، کە بریتییە لە "کاتێکی شلۆق و یەکلاییکەرەوە پەیوەستە بە چارەنووسی قەوارەی کارگێریی کە تووشبووە بە کێشە، کە مەبەست لێی تەنگژەیە، کاتێکی ناهەموار و قوورسە لەبەردەم بڕیاربەدەستان، کە ناتوانن بگەنە بڕیارێکی یەکلاکەرەوە، بەهۆی نەبوونی زانیاری و تێگەیشتنی تەواو"[2]. هەروەها لە پێناسەیەکی تردا هاتووە، کە تەنگژە بریتییە لە "هەڕەشەیەکی توند، یان چاوەڕواننەکراو لەسەر ئامانج و بەها پیرۆزەکان و موڵك و ماڵی تاك و ڕێکخراوەکان و دەوڵەت، هەروەها ماوەیەکی شلۆق و ناجێگیر، کە دەرهاویشتەی خێرای دەبێت و کاریگەری لەسەر هەموو بەشەکانی دەوڵەت دەبێت"[3].

لێرەدا و لەسەرئەو پێناسانەی، کە توێژینەوەی لێکرا، دەکرێت بگەینە ئەوەی کۆی ئەو پێناسانەی سەبارەت بە چەمکی تەنگژە، لەسەرچەند خاڵێکی جیاکەرەوە دەوەستن، بەوەی کە کاتێکی ناهەموار ڕووبەڕووی دەوڵەت دەبێتەوە، بڕیاری لەناکاوی پێویستە کە بڕیاربەدەستان دەخاتە دۆخێکی ناهەموارەوە.

لەبەرئەوەی چەند چەمك و زاراوەیەکی ترهەن نزیکایەتی و پەیوەندی بە هێزییان بەچەمکی تەنگژەوە هەیە، بۆیە پێویستە ڕوونکردنەوە و توێژینەوەی پێویستیان لەبارەوە بکرێت، یەك لەو چەمکانەش چەمکی (کارەسات- الكارثة)، کە زۆرجارلەهەمان خانەی لێکدانەوە و بەکارهێنانی چەمکی تەنگژەدا دادەنرێت، بەڵام بەواتای وشەکە تەنگژەنیە، بەڵکو "کارەسات حاڵەتێکی وێرانکەرە و زیانی ماددی زۆر یان مەعنەوی و دەروونی یان هەموویان پێکەوە دەخاتەوە، جاری واش هەیە بەشێك لە کۆمەڵگا یان هەموو کۆمەڵگا دەگرێتەوە و زیانی ماددی و مرۆیی زۆر بەدوای خۆیدا دەهێنێت"[4].

چەمکی (ڕووداو- الحدث)یش چەمکێکی تری نزیك بە چەمکی تەنگژەیە، ئەم چەمکە ئاماژەیە بۆ"بابەتێکی لەناکاو و کتوپڕو سەخت بەشێوەیەکی خێرا ڕوودەدات و ئاسەواری خێرای هەیە، ئەمەش وەك تەنگژە دەردەکەوێت، بەڵام یەکێکە لە دەرهاویشتەکانی تەنگژە"[5].

[1] ) غسان قاسم داود اللامي و خالد عبدالله ابراهيم العيساوي، سەرچاوەی پێشوو، ل١٤.

[2] ) بغدادي فيصل، دور القيادة في الأدارة الازمات في المنظمة، جامعة المسيلة/ كلية الحقوق والعلوم السياسية، قسم العلوم السياسية والعلاقات الدولية،٢٠١٤، ص٤١-٤٢.

[3] ) د. بلال خلف السارنه، الأدارة الأزمات، دارالمسيرة للنشر والتوزيع والطباعة/ عمان، ص٢٤.

[4] ) غسان قاسم داود اللامي و خالد عبدالله ابراهيم العيساوي، سەرچاوەی پێشوو، ل١٥.

[5] ) د.جمال حواش، التفاوض في الازمات والمواقف الكارثة، ايتراك لنشر والتوزيع/ مصر، ٢٠٠٥، ص١٧.

سەبارەت بە وشەی (گرفت- المشكلة)، ئەوا هەرچەندە "یەكێكە لە قۆناغەكانی تەنگژە و هەموو تایبەتمەندییەكانی تەنگژەی لەخۆگرتووە، بەڵام ئاماژەیە بۆ بارێكی گران، كە وادەكات توانای بەدەستهێنانی هیچ دەستكەوتێك نەبێت، هەروەها كێشە بەشێوەیەكی ئاشكرا دەردەكەوێت كاتێك لاوازی و بێتوانایی دەردەكەوێت لەگەیشتن بە ئامانجی دیاریكراو لە كاروبار و چالاكییە جیاوازەكاندا"[١].

لە پەیوەند بەزاراوەی (شۆكبوون)یش (الصدمة)، ئەوا نزیكایەتی خۆی لەگەڵ چەمكی تەنگژە هەیە، ئەوەش لەوێوە دەردەكەوێت، كە ئەم زاراوەیە "دروستبوونی هەستێكی ناوەخت و كوتوپڕە، كە لە ئەنجامی ڕووداوێكی چاوەڕوانكراو دروستدەبێت، هەمووان تووشی دڵەڕاوكێ و ترس دەكات، پاشان شۆكبوون یەكێكە لە نیشانەكانی تەنگژە و یەكێكیشە لە دەرەنجامەكانی، بۆیە دەبێت هەوڵی خۆگونجاندنی لەگەڵ بدرێت، بۆئەوەی لەكەمترین ماوەدا هەوڵی كۆنترۆڵكردنی بدرێت"[٢].

پنتێكی گرنگ لێرەدا ئەوەیە، كە توێژینەوە لە لایەنی تیۆریی چەمكی تەنگژە پێویست بە ئاخاوتن لە گرنگترین و سەرەكیترین تایبەتمەندییەكانی ئەم چەمكە دەكات، دەكرێت لەم خاڵانەی خوارەوەدا دیاریبكرێت[٣]:

١ -خێرایی و لەناكاو ڕوودانی لە پلەیەكی بەرزدایە، ئەمەش وادەكات گومان دروستبكات لەوەی بتوانرێت یان توانای ڕووبەڕووبونەوە و چارەسەری هەبێت، چونكە بڕیاربەدەستان دەكەونە ژێر پەستانێكی دەروونی بەرزەوە.

٢ - كەمی و بەردەست نەبوونی داتاو زانیاریی ورد دەربارەی تەنگژە لای بەرپرسان و بڕیاربەدەستان.

٣ – حاڵەتێكی دەگمەنەو ڕووداوێكی دووبارە نییە، لەبەرئەوە دەبێت بۆ چارەسەركردنی ڕێگا چارەی پێویست و لەناكاوی بۆ بگیرێتەبەر، كە لە دەرەوەی بڕیارە پێشوەختەكانە بۆ ڕێكخستن بەكاردەهێنرێت و دەبێت بەشێوەیەكی تایبەت چارەسەربكرێت لەبەرئەوەی گۆڕانكاری لە ناكاوی لە خۆگرتووە.

٤ – دەبێتەهۆی دروستبوونی كۆمەڵێك كێشەی نوێ كە تاك و كۆمەڵ و دەزگا كارگێڕییەكان، شارەزایی تەواویان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی نییە.[٤]

٥– خاڵێكی وەرچەرخانی چارەنووسسازە، كە هەڕەشەی هەمەلایەنی لە خۆگرتووە و هەم هەلی ڕەخساندووە و هەم چارەسەریشی لەگەڵدایە.

---

[١] ) غسان قاسم داود اللامي و خالد عبدالله ابراهيم العيساوي، سەرچاوەی پێشوو، لا١٥.
[٢] ) د.جواد كاظم البكري، فخ الأقتصاد الأمريكي (الأزمة المالية)، مركز حمورابي للبحوث والدراسات استراتيجية، بيروت-لبنان، ٢٠١١، ص٢٣.
[٣] )حامد عبد حمد الدليمي، أدارة الأزمات في بيئة العولمة، ٢٠٠٨، تأريخ الزيارة/٢٠٢١/١/١٥، ص٦٩، رابط ب: https://bit.ly/3FM6riP/ .
[٤] ) د.أيثار عبدالهادي محمد، استراتيجية ادارة الأزمات، كلية ادارة و الأقتصاد/ جامعة بغداد، تأريخ الزيارة/٢٠٢١/١/١٥، ص٥٠، رابط ب: https://bit.ly/34dqd9d .

٦- پێویستی بە بڕیاربەدەستی وریا و چاونەترس و داهێنەرە، کە خێرا بڕیار بۆ چارەسەرکردنی بدات.

زانینی بنەما سەرەکییەکانی چەمکی تەنگژە بابەت و لایەنێکی گرنگی تری توێژینەوەی چوارچێوەی تیۆرییانەی ئەم چەمکەیە، بۆ ئەوەش سەرەکیترینی ئەو بنەمایانە ئاماژە پێدەدرێت، کە ئەمانەی لای خوارەوەن:(١)

١ - بنەمای کتوپڕی: تەنگژە لە کاتێکی نادیار و دوور لە چاوەڕوانیی ڕوودەدات.

٢ - بنەمای هەڕەشەکردن: تەنگژە هەڕەشەیە بۆ سەر ئامانج و بەرژەوەندییەکانی دەوڵەت.

٣ – بنەمای کات: ئەو کاتەی کە لەبەردەمی کاربەدەستان و بڕیار بەدەستاندایە، کاتێکی کەم و دیاریکراوە.

لەسەرئەوەی سەرەوە لێرەوە دەتوانرێت بگەینە بەدەستهێنانی چەند ئەنجامێك، گرنگترینیان بریتییە لەوەی کە تەنگژە بریتییە لە هەڕەشەیەکی توند یان هەڕەشەیەکی پێشبینی نەکراو لەسەر بەها پیرۆزەکان و موڵك و سامانی دەوڵەت و دەزگاو دامەزراوەکانی، بەتایبەتیش سەرەکی و گرنگەکانی، بریتییە لە ڕووداوێکی ترسناك، کە دەبێتەهۆی گۆڕانکاری لە ناوەوە و دەرەوەی دەوڵەت و، دەبێتەهۆی هەڕەشە لەسەربەهاو ئامانج و بەرژەوەندی و ئاسایشی دەوڵەت، هەروەها تەنگژە ئاماژەیە بە کەموکورتیەکی زۆر، کە کاریگەری لەسەر دەزگاکان و ئەودەرکردانەی کە ئەم دامەزرازانەی لەسەروەستاوە، جگە لەوەش کاردەکاتە سەر هەموو ئەو چالاکیانەی کە دەوڵەت ئەنجامیدەدات، سست ولاوازیان دەکات و، دەبێتەهۆی پێشکەشنەکردنی هەموو ئەو خزمەتگوزارییانەی کە دەوڵەت پێشکەشی کۆمەڵگای دەکاتەوە، کە ئەمەش کاردەکاتەسەر ئاسایشی نەتەوەیی.

لەوەی کە لەم بەشەدا توێژینەوەی لەبارەوەکراوە، دەکرێت بوترێت، لایەنی تیۆریی هەریەکە لەم چەمکانە (سیستەم، سیستەمی کارگێڕیی، تەنگژە)، ئەوە ڕوون دەکەنەوە کە چەندە قووڵ و فراوانن و چەندین چەمکی وردن، لەناوەخنی هەریەکەیاندا خۆی حەشارداوە، هەریەکەیان گوزارشتە لە جووڵەو چالاکییەك کە بۆتە هۆی ئەوەی تێگەیشتن لێیان پێویستی بە تێڕامان و لێوردبوونەوەی زیاتربێت، بەڵام پێکەوەیی و پێکەوەگرێدراوی ئەو چەمکە وردانە لەدواجاردا ڕێگای تێگەیشتن ئاسانترو سادەتر دەکات، هەربۆیە دەکرێت بوترێت کە تێگەیشتن لەلایەنی تیۆری هەریەکەیان ڕێگامان بۆ ڕۆشنتردەکاتەوە، کاتێك هەریەکەیان لەواقیعدا بەبەرجەستەیی و هەستیان پێدەکەین، کاتێك کە بەرکەوتنمان لەگەڵیاندا دەبێت، ئەوجا تێدەگەین کە ئاڵۆزی هەریەکەیان و کاروچالاکی هەریەکەیان لەواقیعدا دەگەڕێتەوە بۆ پێکهاتەی ناوەکییان، لەپەیوەند بە چەمکی تەنگژەش دەکرێت بوترێت، کە هەمان ئاڵۆزی لەتێگەیشتنیدا بوونی هەیە، بەتایبەتی کاتێك دەبینرێت، کە چەندین چەمکیترهەن، کە هاوشێوەو نزیکایەتی قووڵیان لەگەڵیدا هەیە، دەبێت زۆر بەوردی لێکچوون و جیاوازییەکانیان درك پێبکرێت ئەوکات دەتوانرێت لییان جیابکەیتەوە.

---

١) إيمان محمود عبدالطيف، الأزمات المالية العالمية (الاسباب، الاثار، المعالجات)، أطروحة مقدمة لجامعة سانت كليمنتس العالمية/العراق، قسم الاقتصاد العام، ٢٠١١،تأريخ الزيارة/٥/٢/٢٠٢١، ص٢٢-٢٣، رابط ب:https://bit.ly/3DXo0N3 .

## توێژراوەی دووەم: دەرکەوتنی دەوڵەتی نوێ و سیستەمی بەڕێوەبردن

لایەنی بەڕێوەبردن یەکێکە لەو لایەن و پێکهاتە گرنگ و دینامیکییانەی ژیانی ڕامیاریی بەگشتی و سیستەمی فەرمانڕەوایی بەتایبەتی، هەربۆیە تاهاتووە گرنگی ئەم لایەنە زیادیکردووە و بەشێکی بەرچاو لە بایەخپێدان و بیرکردنەوەی هزرمەندان و تیۆریزانانی زانستی ڕامیاریی و کۆمەڵناسی ڕامیاریی پێکدەهێنێت، بۆیە لەگەڵ گەشەکردن و پەرەسەندنی دەوڵەتان و سیستەمە فەرمانڕەواییەکانیاندا سیستەمی بەڕێوەبردنیش گەشەی کردووە، ئەمەش لەپێناوی ئەوەی کە سیستەمی بەڕێوەبردن وەڵامدەرەوەی سەردەم و پێشکەوتنەکانی دەوڵەت بێت، هەربۆیە توێژینەوە لەباری دەرکەوتن و پەرەسەندنییەوە بابەت و پرسێکی سەرەکی بنچینەییە و لە میانەی توێژینەوە لە سیستەمی بەڕێوەبردن پانتاییەکی دیاریکراو، لە ژیانی ڕامیاریی قۆناغی ئێستاماندا پێکدەهێنێت.

ئەوەی کە زیاتر پێویستی توێژینەوەی سیستەمی بەڕێوەبردن دەخوازێت، زانین و دیاریکردنی ڕەگەز و بنەما سەرەکیەکانێتی، ئەوەش لەمیانەی سەردەمییکردنی زەمەنییانەی گەشە و پەرەسەندنی ئەم سیستەمە بە پێی هەمان سەردەمییکردنی دەرکەوتن و سەرهەڵدانی دەوڵەتی نوێ گەشە و پەرەسەندنی، هەروەها لەمیانەی توێژینەوە لەگرنگترین ئەو دیاردانەی کە ژیانی ڕامیاریی لە دەوڵەتی نوێدا بەخۆیەوە دیویەتی و دەرکەوتووە کە دیموکراسی نوێ، یان دیموکراسی نوێنەرایەتییە، دیارە پرۆسەی توێژینەوەی لەم جۆرە بۆ سیستەمی بەڕێوەبردن و گرنگترین ڕەگەز و بنەما سەرەکییەکانی ئەوە دەخوازێت کە توێژینەوە لەپەیوەندی ئەم سیستەمە بە پەرەسەندن و گۆڕانکارییەکانی سیستەمی ڕامیارییەوە بکرێت. لەسەرئەوە بەپێویستزانرا توێژینەوە لە دەرکەوتن و پەرەسەندنەکانی سیستەمی بەڕێوەبردن لەمیانەی ئەم سێ توێژینچەیەوە ئەنجامبدرێت:

توێژینچەی یەکەم: کاریگەری بنەمای جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان لەسەر سیستەمی بەڕێوەبردن لە دەوڵەتی نوێدا

توێژینچەی دووەم: گەشەی دیموکراسی و کاریگەرییەکانی لەسەر سیستەمی بەڕێوەبردن

توێژینچەی سێیەم: پەیوەندی سیستەمی بەڕێوەبردن بە سیستەمی فەرمانڕەواییەوە

## توێژینچەی یەکەم: کاریگەری بنەمای جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان لەسەر سیستەمی بەڕێوەبردن لە دەوڵەتی نوێدا

دەکرێت لە چوارچێوەی دەوڵەتی نوێدا توێژینەوە لە سیستەمی بەڕێوەبردن بکرێت و فۆرمە سەرەکییەکانی دەستنیشانبکرێت، ئەوەش لەبەرئەوەی کە سیستەمی بەڕێوەبردن بەو شێوەیەی، کە ئێستا لەسەریەتی و خۆیگرتووە، زادەو درێژەی ئەو پەرەسەندن و گۆڕانکارییانەیە، کە دامەزراوەی دەوڵەت لە قۆناغی نوێدا بەسەریدا هاتووە و بەخۆیەوەی بینیوە، لێرەوە و لەبەرئەو بایەخپێدانە گەورەیەی هزرمەندان و توێژەرانی زانستی ڕامیاریی و کۆمەڵناسی ڕامیاریی و زانستی کارگێڕیی و ئابووری بەو پەرەسەندن و گۆڕانکارییانەی دامەزراوەی دەوڵەتی نوێ و کاریگەرییە قوڵ و دینامیکییەکانی لەسەر کۆی کایە و جومگەکانی ژیانی ڕامیاریی و پرۆسەی کارگێڕیی و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا، بۆیە بە گرنگە ئەم توێژینچەیە تایبەتبکرێت بە توێژینەوە لەو پرسە.

لێرەدا پێویستە ئاماژە بە دەرکەوتنی چەمکی دەوڵەتی نوێ بکرێت کە ئەم چەمکە واتە "سیستەمەکەی بە دوو هۆکار لە ژێر چاودێری گەلدایە، کە بریتین لە بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنی پەرلەمانی و سیستەمی ناناوەندیی، هەروەها حکومەتێك کە ملکەچی نوێنەرانی گەلە، ئەم نوێنەرانە کاریگەری زۆریان لەم پرۆسەی بەڕێوەبردنی دەوڵەتە داناوە، بەشێوازو ئاستی جیاواز، هەروەها لەگەڵ فراوانبوونی دیموکراسیدا کاریگەرییان لەسەر کارەکانی دەوڵەت زیادی کردووەو تواناو وزەی دەوڵەتیش زیادی کردووە، کەواتە دەوڵەتی نوێ واتە دەوڵەتی ڕاستەقینە"[١]هەربۆیە دەکرێت بوترێت کە لە دەوڵەتی نوێدا بەشداری خەڵك بەشدارییەکی ڕاستەقینەیەو، ئەم بەشدارییەش لەهەموو ئاستەکاندا دەبینرێت.

لە پەیوەست بە دەوڵەتی نوێ و توێژینەوە لە دەوڵەتی نوێ، پێویستە ئاماژە بدرێت بەوەی کە هۆکارەکانی دروستبوونی "دەوڵەتی نوێ لەئەنجامی گۆڕانکارییە ئابووری و ڕامیاریی و تەکنەلۆجییەکانی ئەورووپاوە سەریهەڵداوە، ئەوە جگەلە کاریگەری بزووتنەوەی ڕۆشنگەریی، بەوەی کە دەبێت دەوڵەت لە سەردەمی نوێدا لەسەر بنەمای ئیرادەی گەل بێت و گەل بەڕێوەی ببات و چارەنووسیشی لە دەستی گەلدابێت، هەروەها دەبێت یاسا سەروەر بێت، جگە لەمەش سیستەمی کارگێڕیی بەشێکی سەرەکی و دانەبڕاوە لە پێکهاتەی دەوڵەتی نوێ"[٢].

لە توێژینەوە لە پرسی دەوڵەتی نوێدا دەبێت ئەوەش بزانرێت کە"دەوڵەت لەسەردەمی نوێدا کاردەکات لەسەر (دابەشبوونی دەسەڵاتەکان بەسەرچەند دەستەیەکی جیاجیادا بەپێی تایبەتمەندییە جیاجیاکانیان، جێگیرکردنی بنەمای جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکانە (یاسادانان، جێبەجێکردن، دادوەری)، بەجۆرێك،

١ )محمود حيدر، الدولة(فلسفتها وتأريخها من الأغريق الى مابعد الحداثة)، المركز الأسلامي للدراسات الأستراتيجية/ الأردن، ٢٠١٨ ،ص٩٣.

٢ )هەمان سەرچاوە، لا٩٧.

که دەسەڵاتی یاسادانان کاری یاسادانان بێت و دەسەڵاتی جێبەجێکردن کاری جێبەجێکردنی یاسا و دەسەڵاتی دادوەریش کاری کارپێکردنی یاسا بێت لەکاتی بوونی هەر کێشەیەکدا، بەڵام لە ڕاستیدا زۆرێك لە دەوڵەتان و سیستەمە ڕامیارییەکان کاریان لەسەر پابەندی دەسەڵاتەکان کردووەو کاریان بۆ (دابەشکردنی دەسەڵاتەکان)* نەکردووە، ئەوەش بەومانایەی، کە دەسەڵاتی ڕاستەقینە لەدەستی یەك کەس یان یەك دەستەدایە، دەستەکانی تر وەك پاشگرو دەسەڵاتی لاوەکیی و دووەمیی دەرکەوتوون"[١].

سەرەڕای ئەوەی کە بیرۆکەی جیاکردنەوەی دەسەڵات سەرەتا دەگەڕێتەوە بۆ (جۆن لۆك)، بەڵام (مۆنتسکیۆ) لە کتێبەکەیدا بەناوی (ڕوحی یاساکان) ئاخاوتنی لە بیرکردنەوەی خۆی لەپرسی لێکجیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان لەیەکتری لەگۆشەی فەراهەمکردنی ئازادیی بەشێوەیەکی وردئامێزانە لە (پارێزراوی)تاکدا چەقبەنددەکات و، پرسیار لەشێوەی ئەو سیستەمە دەکات کەباشترین شێوەی ئەو ئازادییە دەستەبەردەکات، لەگەڵ ئەوەشدا وای بۆچووە کە "کاتێك دەسەڵاتی یاسادانان و دەسەڵاتی جێبەجێکردن ئاوێتە و تێکەڵاوی یەکترکران و کەوتنە چنگی تاکەکەسێك یان گروپێك کە دەسەڵاتی لەدەستدایە، ئیتر ئازادیی بوونی نامێنێ، چونکە پێویستە هەمیشە لەوە بترسین کە ئەو تاکەکەسە یان گروپە یاسای ستەمکارانە دابڕێژێ و زۆر ستەمکارانەش جێبەجێی بکات، هەروەها ئەگەر دەسەڵاتی دادوەری لە دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردن جیانەکرێتەوە دیسان ئازادیی بوونی نامێنێ، چونکە بڕیاردان و حوکم دەرکردن لەمەڕ ژیان و ئازادیی تاکەکەسان سەرەڕۆیانە دەبێ و هەرکاتێك کە دادوەر خۆی هەم یاسادانەر و هەم جێبەجێکاربوو، دەسەڵاتەکەی ستەمکارانە دەبێت"[٢]ئەوەش دەوڵەتی نوێ لە ئامانجەکانی خۆی دووردەخاتەوە، کە بریتیە لە لێکجیاکردنەوە و شۆڕکردنەوەی دەسەڵاتەکان.

دیڤید هێڵد ئەم بنەمای جیاکردنەوەی دەسەڵاتانەی لای (مۆنتسکیۆ) دەگەڕێنێتەوە بۆئەوەی کە "هەردەبێت دەوڵەت نوێنەرایەتی بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵ گەلێکی بەهێز ڕێکبخات؛ واتە لەسەریەتی کە ببێتە (دەوڵەتێکی تێکەڵە)، کە لەسەر هاوسەنگی لەنێوان دۆخی هەریەك لەپادشاو ئۆرستۆکراتییەت و گەل ڕادەوەستێت"[٣].

هەروەها سەبارەت بە گرنگی و بایەخی بنەمای جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان بۆ سیستەمی بەڕێوەبردن، مۆریس دوفرجیە، دەڵێت" لەیەکجیایی دەسەڵاتەکان، بە واتای وردی وشەکە، تەنها دابەشکردنی کار لەخۆناگرێت، بەڵکو گریمانەی ئەوەدەکات، کە دەزگا جۆراوجۆرەکان هەریەکێکیان سەربەخۆبن لەوەی تریان، بەمشێوەیە میتۆدی لەیەکجیایی دەسەڵاتەکان ئەو سەربەخۆییە ئاڵوگۆڕکراوەی دەزگا حکومییەکان دەگەڕێنێتەوە

---

*سەبارەت بە دابەشکردنی دەسەڵاتەکان، دەڵێت"باشترین ڕێگا بۆ پاراستنی ئازادی خەڵکی وڵاتێك ئەوەیە کە یاساو سیستەمی ئەوحکومەتە بەجۆرێك بێت کە دەسەڵاتە جۆراوجۆرەکانی بتوانن یەکتری بەڕێوەبەرن و ڕێککاری لەیەکتریدا بکەن، لێرەدایە کە باسی دابەشکردنی دەسەڵاتی دەوڵەت دەکات بەسەر یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەری"( مۆنتسکیۆ، روحی یاساکان، و/ئیدریس شێخ شەرەفی، دەزگای موکریانی/ هەولێر، چ٢ ،٢٠٠٣،لا٥١).

[١] ) د.سعاد الشرقاوي، النظم السياسية في العالم المعاصر، كلية الحقوق، جامعة القاهرة، ٢٠٠٧، ص١١٠.

[٢] ) مۆنتسکیۆ، سەرچاوەی پێشوو، لا٢٥٢.

[٣] )ديفيد هيلد، نماذج الديمقراطية، ت:فاضل جتكر، معهد الدراسات الأستراتيجية، ج١، بغداد-بيروت، ٢٠٠٦، ص ١٥٣.

بۆ ئەو واقیعەی، کە لە دەوڵەتدا کارگەلێك (وەزیفە)ی جەوهەری هەن، کە لەسروشتیاندا لەیەکناچن و ناکرێت کە مومارەسە بکرێت، بەبێ یان ئەوەی کە لەیەك جوداو سەربەخۆبن"[١].

لە پەیوەندی بە پرسی لێکجیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان لە دەوڵەتی نوێدا، هەروەك لەسەرەوە توێژینەوەی لێکراوە، هۆکارەکانی ئەو جیاکردنەوەیە بابەتێکە پێویستی بە لەسەروەستان هەیە، بۆئەوەش ئاماژە بەگرنگترین ئەو پاساوانە دەدرێت، کە لە پشت ئەو پرۆسەیەوەن و بریتین لەمانەی خوارەوە:

أ- سنوردانان بۆ ستەمکاریی: بنەمای جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان، لەسەر سنووردانان بۆ ستەمکاریی ودەسەڵاتی تاکەکەس و پێدانی دەسەڵات بە زۆرینە کاردەکات، هەروەها بۆ پاراستنی ماف و ئازادییە تاکەکەسیەکان، چونکە بە دڵنیاییەوە کۆکردنەوەی هەموو دەسەڵاتەکان لەلای تاکەکەس بەرەو ستەمکاریی سەردەنێت، بەڵام دابەشکردنی دەسەڵاتەکان بەسەر زۆرینە و دەستە و تاقمی سەربەخۆدا وا دەکات، کە لە ڕێگای چاودێرییەوە، ڕێگە بەستەمکاریی نەدرێت[٢].

ب - بنەمای جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان، دەبێتەهۆی ڕاگرتنی باڵانس و چەسپاندنی بنەمای یەکسانی نێوان دەسەڵاتەکان، ڕیگری دەکات لەوەی کە هەریەکە لەم دەسەڵاتانە لە چوارچێوە و کاری خۆیان دەربچن، هەروەها وا دەکات کە هەریەکە لەم دەسەڵاتانە بەکاری دیاریکراوی خۆیانەوە سەرقاڵ بن و دوور بکەونەوە لە دەستتێوەردانی کاروباری یەکتری[٣]، هەروەها ئەم پرەنسیپە "دەبێتەهۆی باشترکردن و خێراترکردنی کاری هەرسێ دەسەڵاتەکەش"[٤].

لەڕاستیدا پرسی چۆنێتی بەڕێوەچوونی سیستەمی بەڕێوەبردن لە دەوڵەتی نوێدا، پرسێکی گرنگە بۆ زانینی واقیع و سروشتی ئەم سیستەمە لە دەوڵەتی نوێدا(سەردەمی نوێدا)، بۆ ئەوەش، یان بۆ زانینی ئەو پرسەش، ئەوا توێژینەوە لەگرنگترین جۆرەکانی دەوڵەتی نوێ و واقیعی پرۆسە کارگێرییەکەی تیایدا دەبێتە پرسێکی پێشەوەیی و جەوهەریی، لەبەرئەوەی لەسەردەمی نوێدا بەشێوەیەکی گشتی دوو جۆری سەرەکی لە دەوڵەت دەرکەوتوون، هەربۆیە لەم میانەیەدا واقیع وسروشتی سیستەمی بەڕێوەبردن لەهەر جۆرێکیاندا ئاماژە پێدەدرێت، جۆری یەکەم، کە (دەوڵەتی سادەیە - الدولة البسیطة أو الموحدة) تیایدا"بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی ناوخۆ و دەرەوەی دەوڵەت لەیەك دەست و دەسەڵاتدا کۆدەبێتەوەو، ئەم وابەستەبییەش لە دەستورەکەی و لە هەرسێ دەسەڵاتەکەیدا(یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەری)، ڕەنگیداوەتەوە"[٥]. ئەو سیستەمی بەڕێوەبردنەی لەم جۆرە دەوڵەتەدا پەیرەو دەکرێت بریتیەلە ناوەندێتی لە بەڕێوەبردناندا و تیایدا"دەسەڵاتی جێبەجێکردن لەم جۆرە سیستەمەدا دەسەڵاتی گرتووە بەسەر کۆی کاروباری بەڕێوەبردندا، لە

---

[١] ) موریس دوفرجیة، سەرچاوەی پێشوو، لا١١٠.
[٢] ) د.ثامر كامل محمد الخزرجي، النظم الحديثة والسياسات العامة، دار مجدلاوي للنشر والتوزيع/عمان، ٢٠٠٤، ص٢٥٢.
[٣] ) هەمان سەرچاوە، لا٢٥٢.
[٤] ) د.سليمان محمد الطماوي، السلطات الثلاث في الدساتير العربية المعاصرة وفي الفكر السياسي الإسلامي، دار الفكر العربي/ القاهرة، ١٩٩٦، ص٤٥٢.
[٥] ) د.هاني علي الطهراوي، النظم السياسية والقانون الدستوري، دار الثقافة للنشر والتوزيع/عمان، ٢٠٠٧، ص٧٤.

ئاڕاستەکردن و پلاندانان و چاودێری و وابەستەییبوونیان و، ئەم دەسەڵاتە ملکەچی دەسەڵاتی سەرووی خۆیەتی"[١]. سەبارەت بە جۆری دووەم لە سیستەم و ڕێکخستنی بەڕێوەبردن (واتە ناناوەندێتی بەڕێوەبردن)*، ئەوا لەمجۆرەدا "دەوڵەت دژی ناناوەندیی بەڕێوەبردن نییە، بەڵام ئەمە تەنها لە وەزیفەی بەڕێوەبردندا کۆدەبێتەوە و ڕێگە نادرێت سنوری (یاسادانان و دادوەری) بشکێنێت، واتە نابێت ناناوەندیی بەڕێوەبردن هەموو وەزیفەیەکی جێبەجێکردن لە دەوڵەتدا بگرێتەوە، هەروەها هەموو فەرمانبەرانیش ملکەچی دەسەڵاتی ناوەندین و دەبێت یەکپارچەیی دەوڵەت بپارێزن و تووشی دابەشبوون و لێکترازانی نەکەنەوە"[٢].

لە پەیوەند بە واقیع و سروشتی سیستەمی بەڕێوەبردن، لە جۆری دووەمی دەوڵەت لە سەردەمی نوێدا، کە دەوڵەتی(یەکگرتووە - الدولة الإتحادية أو المركبة)* کە چەند جۆرێکی هەیە، ئەوا سەرەتا خاڵێکی گرنگ هەیە، کە پێویستە ئاماژەی پێبدرێت، ئەویش بریتییە لەوەی یەکێك لەو سیستەمانەی لەمجۆرە دەوڵەتەدا گرنگی و بایەخی زۆری پێدەدرێت بریتییە لە "سیستەمی ناناوەندیی بەڕێوەبردن و خۆی دەبینێتەوە لە دابەشکردنی فەرمانی بەڕێوەبردن لەنێوان پارچەکانی دەوڵەتە یەکگرتووەکەدا بۆئەوەی هەموو ڕۆڵەکانی گەلی لێبەهرەمەند بێت و بەشداربن لە پڕکردنەوەی پێویستییەکانی ناوچە خۆجێیەکان لە بەشە جیاجیاکانی وڵات"[٣] .کەواتە ئەو سیستەمانەی بەڕێوەبردن کەلە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا جێبەجێدەکرێت لەدەوڵەتانی جیهاندا، دوو شێوەی سەرەکییان هەیە ئەوانیش (سیستەمی ناوەندیی وناناوەندیی- Centralized and decentralised system)، سیستەمی ناوەندیی بەڕێوەبردن شێوازی باوە و لە پێشینەیە، کە ئەم جۆرەیان جەخت لەسەر دەسەڵات و کاری بەڕێوەبردن دەکاتەوە لە پایتەختدا، بەڵام بەهۆی پێویستییەکانی سەردەم و دەوڵەتی نوێ، زۆربەی دەوڵەتان پلەبەپلە هەوڵی گۆڕینی سیستەمی بەڕێوەبردنی ناوەندییان داوە و بەرەو سیستەمی بەڕێوەبردنی ناناوەندیی چوون کە خۆی لە دابەشکردنی کاری بەڕێوەبردن لە دەوڵەت لەنێوان سیستەمی بەڕێوەبردنی ناوەندیی و دەسەڵاتی ناناوەندییدا دەبینێتەوە ، هەروەها سیستەمی بەڕێوەبردن بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ دەکەوێتە ژێرکاریگەری ئەو فەلسەفە ڕامیارییەوە، کە سیستەمی ڕامیاریی پەیڕەوی دەکات و

[١] )د.مازن ليلو راضي، القانون الإداري، مطبعة هاوار/ دهوك، ٢٠٠٨،ص٤٩

*ناناوەندی (ڕامیاریی): بریتیە لە دۆخێکی دەستووری کە لەسەر بنەمای دابەشکردنی وەزیفە جیاوازەکانی حکومەت(یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەری) دادەمەزرێت، لە نێوان حکومەتی ناوەندیی و حکومەتە هاوشێوەکانی لە ناوچەکان یان هەرێم و ویلایەتەکان، هەروەها ناناوەندیی بەڕێوەبردنیش دوو جۆرێکی هەیە، (١- ناناوەندی ناوچەیی: کە بریتیە لە ڕێکخستنەی کە بنیادنراوە لەسەربوونی بەرژەوەندییەکی خۆجێی کە جیاوازە لە بەرژەوەندی نەتەوەیی. ٢-ناناوەندی بەرژەوەندی(المرفقية): پرۆژەیەکی ئابوورییە خاوەنەکەی دەوڵەتە و کارەکە دەدرێتە کەسایەتیەکی مەعنەوی بۆئەوەی بەشێوازێکی تایبەتی بەڕێوەی ببات، ئامانج لێی دابینکردنی پێداویستیە گشتیەکان و بەرژەوەندییەکانە). بۆزانیاری زیاتر بڕوانە(د.زانا ڕەئوف حمەکریم و د.دانا عەبدولکەریم سەعید، بنەما گشتیەکان لە یاسای کارگێڕیدا، و/ عەبدولقادر صالح، چاپخانەی کارۆ، ٢٠١٧، لا٧٥-٧٦)

[٢] ) د.مازن ليلو راضي، سەرچاوەی پێشوو، لا٤٩.

*دەوڵەتی یەکگرتوو چەند جۆرێکی هەیە١-((یەکێتی کەسیانە)إتحاد الشخصي، ٢-(یەکێتی ڕاستینە و کردەییانە)الإتحاد الحقيقي أو الفعلي، ٣-(یەکێتی پەیمانخوازی یان سەربەخۆیانە یان یەکێتی کۆنفیدڕاڵی)الإتحاد التعاهدي أو الإستقلالي، ٤-(یەکێتی فیدڕاڵی-یان یەکێتی ناوەندی) الإتحاد المركزي )، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە(د.هاني علي الطهراوي، سەرچاوەی پێشوو، لا٧٥).

[٣] ) مجاهد هاشم الطائي، الدولة العراقية بين الفيدرالية و اللامركزية، مركز ادارك للدراسات والاستشارات،٢٠١٦،تأريخ الزيارة/٢٠٢١/٢/١٧ ،ص٥، رابط ب: https://bit.ly/3qB1VgJ .

بڕوای پێیەتی[١].سەبارەت بە گرنگی و بایەخی سیستەمی ناناوەندیی بەڕێوەبردن، ئەوا پێویستە بوترێت، کە ئەم سیستەمە بە پێویستییەك لە پێویستییەکانی ئەم سەردەمە دادەنرێت کە تیایدا پانتایی دیموکراسییەت لە زیادبووندایە، هەروەها بەشداریکردنی ڕۆڵەکانی گەل لە کاری بەڕێوەبردندا بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ و لە ڕێگەی هەڵبژاردنی نوێنەرەکانیانەوە لە ئەنجومەنەکان و دەستە و دامەزراوە خۆجێیەکانەوە، هەروەها سیستەمی ناناوەندیی لە بەڕێوەبردندا دەبێتەهۆی سوککردنی باری سەرشانی حکومەت لە کاتێکدا کە وەزیفەکانی بەڕێوەبردن فرەجۆر و لقی زۆریان لێبووەتەوە، یەکێك لە باشییەکانی ئەم سیستەمە ئەوەیە، کە بەڕێوەبردنی سەرباره گشتییەکان لەلایەن دەستە و دامەزراوە ناوچەییەکانەوە ئەنجامێکی باشتری دەبێت ئەوەش بەهۆی نزیکی سەرپەرشتیارەکان لە پێداویستی ناوچەکانیان و ئاشنایەتیان بەو پێداویستییانەی کە لەناوچەکەدا هەیە، هەروەها ئاسانی لێپێچینەوەکان و خێرا بەجێگەیاندنی کاری بەڕێوەبردندا [٢].

هەرلەم چوارچێوەیەدا و سەبارەت بە گرنگترین جۆرەکانی سیستەمی بەڕێوەبردن لە دەوڵەتی نوێدا، بەبڕوای (ماکس ڤیبەر)*"تایبەتمەندییەکی بەرچاوی دەوڵەتی نوێ بیرۆکراسیە، کە لەڕوانگەی ناوبراوەوە نیشاندەری(دەسەڵاتی عەقڵانی - یاسایی)ە"[٣]. بەمشێوەیە گرنگی و بایەخەکانی سیستەمی بیرۆکراسی ئەوە دەخوازێت، کە زیاتر ڕاڤە بکرێت، بۆئەوەش ئەو پێناساندنانە ئاماژە پێبدرێت، کە دەڵێت بیرۆکراسی بریتییە لە"هەر کۆمەڵە فەرمانبەرێك (فەرمانبەرە حکومییەکان)، کە سیمایەکی دیاریکراویان هەیە، لەوانە قورسی لە پەیوەندیدا و توندو ڕەقی لە لێپێچینەوە و سووربوون لەسەر پێدانی دەسەڵات بە دامودەزگاکانیان و سەپاندنی کۆتوبەند بەسەریاندا"[٤].لەڕوانگەی (ماکس ڤیبەر)ەوە، ئەوا "(بیرۆکراسی)**، پەیوەندی بەچۆنێتی

---

[١] ) د.علاء عبدالحسن كريم العنزي و د.عامر أبراهيم أحمد الشمري، أثار اللامركزية الأدارية الأقليمية في تعزيز الديمقراطية و حقوق الأنسان، نشر في مجلة مركز بابل للدراسات الأنسانية، جامعة بابل، المجلد/٥، العدد/ ٢، ٢٠١٥، ص٢٤٣.

[٢] ) د.ماهر صالح علاوي الجبوري، بنەماکانی یاسای کارگێڕی، و/ محمد چیا، لەبڵاوکراوەکانی کتێبخانەی یادگار/سلێمانی، چ٢، ل٥٥

*ماکس ڤیبەر(١٨٦٤-١٩٢٠) لە ئەڵمانیا ژیاوە ،مامۆستا و فەیلەسوف بووە، سەرەتا لە بواری یاسادا خوێندوویەتی، بەڵام دواتر ڕووی لە زانستی کۆمەڵناسی کرددوە، یەکێك لە کتێبە هەرەگرنگەکانی بریتیە لە(الاخلاق البروتستانتية و روح الرأسمالية)، بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە(ماكس فيبر، مفاهيم أساسية في علم الاجتماع، ت/صلاح هلال، مركز القومي للترجمة/القاهرة/مصر،٢٠١١ ، ص٧-٨).ماکس ڤیبەر پێیوایە کە "بیرۆکراسی تەنها پەیوەست نییە بە سیستەمی سەرمایەدارییەوە، بەڵکو لە ئەنجامی قۆرغکاری کەنیسەی کاسۆلیکی لە ئەوروپا گەشەی کردوەو دەرکەوتوەو، لەپێش سەردەمی نوێ لە هەندێك وڵاتی وەك (چین) جێبەجێکراوە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە(جون سكوت،علم الاجتماع المفاهيم الاساسية ،ت/محمد عثمان، الشبكة العربية للابحاث والنشر، بيروت، ٢٠٠٩،ص٨٤)

[٣] )ئادریان لیفت ویك، سیاسەت و گەشەسەندن لە جیهانی سێهەمدا، و/ مێهدی میهر پەروەر، چاپخانەی خانی/ دهۆك، ٢٠٠٩، ل٩٤.

[٤] ( Geoffre Roberts & Alistair Edwards، فەرهەنگی نوێ،و/محەمەد چیا، (الدار العربية للموسوعات)، ٢٠٠٣،ل٣٣.

**بیرۆکراسی، لە وشەی لاتینی (Buro)وە وەرگیراوە کە بەمانای نوسینگە دێت و بۆ یەکەمجار لە سەدەی هەژدەدا لە لایەن یەکێك لەوەزیرەکانی فەڕەنساوە بەکارهاتووە، و لەسەدەی نۆزدەدا ئەم وشەیە بە شێوەی (Burokratie)، هاتە نێو زمانی ئەڵمانیەوە ئیتر لێرە بەدواوە تێکەڵی زمانەکانی تریش بووە لەوانە زمانی ئینگلیزی. بڕوانە (زاهیر محەمەدی و یاسین حاجی زادە، سەرچاوەی پێشوو،ل٦١).

پیادەکردنی دەسەڵات لەو کۆمەڵگایە هەیە، کە تیایدا پیادەدەکرێت، بە مانایەکی تر دەسەڵات لە کۆمەڵگایەکدا بە سیستەمی فکری و بەها کۆمەڵایەتییەکانییەوە بەستراوە"[١].

بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە و ناسینی سیستەمی بیرۆکراسییەت، لێرەدا بەپێویستدەزانرێت سەرەکیترین تایبەتمەندییەکانی بخرێنە بەردەم، کە لەمانەی خوارەوەدا دیاریکراون:

أ- پلەبەندی دەسەڵاتەکان: پلەبەندی دەسەڵاتەکان بە ڕێگای هەرەمی و بەچەند ئاستێك لەسەرەوە بۆ خوارەوە شۆڕ دەبێتەوە، بە شێوەیەکی ڕوون بۆ هەموو ناوەندێکی وەزیفی و چاودێریکردنیشی بە هەمانشێوە دیاریکراوە.

ب- دیاریکردنی ئەرکەکان: دابەشکردنی کارەکان و لێپرسراوتییەکان پێویستییەکی حەتمییە بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکان لە سیستەمی بیرۆکراسیدا، کارێکی ڕێکخراو و جێگیرە.

ت- دیاریکردنی پسپۆڕیی: ڕێکخستنی بیرۆکراسی لەسەر بنەمای پسپۆڕی ڕاوەستاوە، دابەشکردنی کاریش بەپێی پسپۆڕیی دەکرێت.[٢]

ث- چالاکیی هەرکام لە فەرمانبەران بە پێی لۆژیکی ڕێکخراوەییە، نەك بەلۆژیکی تاکەکەسی بەڕێوە بچێت، واتە بیربۆچوونی تاکەکەسی لەبەرچاو ناگیرێت.

ج- تۆمارکردن و ڕاگرتنی بڕیارە کارگێڕییەکان و پێکهێنانی دۆسیە، بۆ بابەتە جۆراوجۆرەکان بەمەبەستی پێشبینی کاروبارەکان و چاودێری بەسەر ڕاپەڕاندنی ئەرکەکان و بڕیاری بەجێ لەوجۆرە بیرۆکراتییەتەدا حەتمی و پێویستە.[٣]

ح- لێهاتوویی، واتە بەکارهێنانی شارەزایان و پشت بەستن بەڕێگای زانستیی لە دامەزراندن و بەرزکردنەوەی کارمەنداندا پەیڕەوی دەکرێت.

خ- نەبوونی هیچ مافێکی خاوەنداری لە پلەی یاساییدا، یان مافی خاوەنداری نووسینگە و ئەوەی لە نووسینگەدایە.[٤]

د- تاپۆنەکردنی پیشەکان(پۆستەکان) و سەرچاوەکانی پەیوەندیدار لەلایەن کارمەندەکانەوە.

ذ- ڕووبەڕووبوونەوەی کارمەندەکان بەپێی یاسا[٥].

لەپەیوەند بەوەی سەرەوەدا و لەهەمان چوارچێوەدا پێویستە ئاماژە بەوەبدرێت، کە یەکێك لە سیماکانی دەوڵەتی نوێ بریتییە لە ئاڵۆزی سیستەمی بەڕێوەبردن، کە بەشێکی گرنگە لە بونیادی دەوڵەتی نوێ و

[١] ) زاهیر محەمەدی و یاسین حاجی زادە، سەرچاوەی پێشوو، لا٣٤.
[٢] )م ئادریان لیفت ویك، سەرچاوەی پێشوو، لا٩٤.
[٣] ) زاهیر محەمەدی و یاسین حاجی زادە، سەرچاوەی پێشوو،لا٦٤.
[٤] )محمد رسلان الجیوسی – جمیلە جاد الله، سەرچاوەی پێشوو،لا٤١.
[٥] ) ئادریان لیفت ویك، سەرچاوەی پێشوو، لا٩٤.

دریژکراوەی سیستەمی یاسایی دەوڵەتە، ئەم سیستەمە بەوە جیادەکرێتەوە کە سیستەمێکی عەقڵانیە لە کۆنترۆڵکردن بە خواست و بەرێکخستن ئەم جۆری کۆنترۆڵکردنەش بریتیە لە عەقڵ[1].

بەمشێوەیەو پەیوەست بەوەی لەسەرەوە باسکرا، دەگەینە چەند ئەنجامێکی گرنگ و جەوهەریی لەوانە، سیستەمی بەڕێوەبردن لە دەوڵەتی نوێدا، بریتییە لە سیستەمەکانی (ناوەندێتی بەڕێوەبردن و ناناوەندیی بەڕێوەبردن و تەکنۆکراتیەت) ئەمەی دواییان تازەترین سیستەمی بەڕێوەبردنە، هەریەکە لەو سیستەمانە بە پێی جۆرو شێوازی سیستەمی راميارييی و ئایدۆلۆژیای باوو باڵادەست لە دەوڵەتەکەدا کاری پێدەکرێت بۆ ئیدارەدانی کاروباری بەڕێوەبردنی وڵات، چونکە ئەمە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە دابەشکردنی دەسەڵاتەوە هەیە، لە هەندێك لە سیستەمەکاندا قۆرغی دەسەڵات دەکرێت و ناوەندێتی ڕامياريیی و بەڕێوەبردن پەیڕەودەکرێت، لە هەندێکی تردا بەهۆی کراوەیی سیستەمە ڕامیارییەکەوە سودی زیاتر لە ناناوەندێتی و سیستەمی بیرۆکراسی دەبینرێت بۆ بەڕێکردنی کاروبارەکانی بەڕێوەبردن و ڕامیارییەکان.

## توێژینچەی دووەم: گەشەی دیموکراسی و کاریگەرییەکانی لەسەر سیستەمی بەڕێوەبردن

دیموکراسی یەکێکە لە سیستەمە گرنگەکانی فەرمانڕەوایی دروست، کە مێژوویەکی دووروو درێژی هەیە، یەکێکیشە لە سیستەمە باوەکانی سەردەمی نوێ و هاوچەرخیش، ئەوەش لەوێوەیە کە زۆرێك لە کۆمەڵگەکانی جیهانی نوێ و هاوچەرخ سودی زۆریان لێوەرگرتووە بەوپێیەی، کە گەلانی دنیا خەباتی زۆریان کردووە بۆ گەیشتن بە مافەکانیان، دیموکراسیش تاکە میکانیزم و ڕێگایەکی گونجاو و باشە بۆ پاراستنی مافەکانی مرۆڤ، هاوکات کاریگەری گەورەشی لە کۆی کایە گرنگەکانی دەوڵەت داناوە، بەمشێوەیەو لەبەرئەوەی سیستەمی بەڕێوەبردنیش جومگە و کایەیەکی گرنگی دەوڵەت پێکدێنێت، ئەوا ئەمیش بەشوێنی خۆی کەوتۆتە ژێرکاریگەری شێوازی دیموکراسی و کارتێکردنەکانی ڕۆڵی دیارییان هەیە، لە واقیعی بەڕێوەچوونی ئەم سیستەمەدا، لەسەرئەوە بەپێویستزانرا کە ئەم پرسە لەتوێژینچەیەکی سەربەخۆدا توێژینەوەی لەسەر بکرێت.

سەرەتا بۆ ناساندنی چەمکی دیموکراسی پێویستە بوترێت، کە دیموکراسی بەواتا هاوچەرخەکەی بریتییە لە "سیستەمێکی ڕامیاری-کۆمەڵایەتی کە پەیوەندی نێوان دەسەڵاتدار و دەسەڵات لەسەرکراو یان دەوڵەت و کۆمەڵگا دیاریدەکات، لەسەر بنەمای یەکسانی لە نێوان هاووڵاتیاندا و بەشداریکردنیان بەشێوەیەکی ئازادانە لە دروستکردنی بڕیار بۆ ژیانی گشتی، ئەم بۆچوونەش سەرچاوە لە وتەزای (خەڵك خاوەنی سەروەری و سەرچاوەی ڕەوایەتییە) دەگرێت، کەواتە حکومەت بەرپرسیارە لە بەرامبەر نوێنەرانی خەڵك، لێرەشەوە دیموکراسی بنەمایەکی گرتۆتە خۆی، کە ڕەوایەتی بە خەڵك(گەل) دەدات لە چاودێریکردنی حکومەت بۆ جێبەجێکردنی یاساکان، بەو مانایەی کە تاچەند ماف و ئازادییەکان دەپارێزێت، ئەم ڕێکارییەش لەسەرئەو

[1] ) محمود حيدر، الدولة فلسفتها وتأريخيها في الأغريق الى مابعد الحداثة، المركز الإسلامي للدراسات الإستراتيجية، ٢٠١٨، ص٩٨.

بنەمایە ڕادەوەستێت کە دەڵێت(حوکمی گەل لەبەرژەوەندی گەل و لەپێناوی گەل) دەبێت، ئەمەیە، کە سیستەمی دیموکراسی جیادەکاتەوە بەوەی حوکمی زۆرینەیە"[١].

دیموکراسی لەسەردەمی یۆنانی کۆندا بریتی بوە لە "دیموکراسی ڕاستەوخۆ، بەڵام هەموو تاکەکانی گەل تیایدا بەشدارییان نەدەکردوە لە ژیانی ڕامیارییدا، چونکە کۆیلەکان بە هاووڵاتی هەژمار نەدەکران و مافی دەنگدانیان لەبابەتەکانی پەیوەست بە کاروباری گشتی نەبوو، بەڵام دیموکراسی لەسەردەمی نوێ گۆڕانکاری زۆری بەسەرداهاتووە و مافی بەشداری بەزۆرترین تاکەکانی گەل دەدرێت بەشداربن لە دەسەڵاتدا"[٢]. لێرەوە دەردەکەوێت دیموکراسی بەپێی سەردەم و ڕۆژگار گۆڕانی بەسەرداهاتووەو خۆی گونجاندووە، ئەویش لەپێناوی پڕکردنەوەی داواکارییەکانی هاووڵاتیان. هەر سەبارەت بەناساندنی چەمکی دیموکراسی، ئاماژە بە دیدوبۆچوونی هەریەك لە ئاڕاستەگەری لیبرالی و مارکسی بە پێویستدەزانرێت، لیبراڵەکان پێناسەی دیموکراسی بەوە دەکەن، کە بریتییە لە" یەکسانی یاسایی نەك یەکسانی کرداری، یەکسانی یاسایی بەمانای پێدانی هەلی گونجاوە بۆ هەموو تاکەکانی کۆمەڵگا، کە ئەمەش یەکسانی واقعیە و لە چوارچێوەی ئەم ڕێکارە یاساییەدا هەموو تاکەکانی کۆمەڵگا یەکسانن بە جۆرێك کە یەکسانییەکی ڕەها دێنێتەبوون"[٣]. بەڵام مارکسییەکان بەجۆرێکی تر لە دیموکراسی و مافی گەل دەڕوانن کە بریتیە لە"دیاریکردنی یەکسانی لەباجدان و پشتگوێخستنی ئازادیی، چونکە ئەمان پێیانوایە ئازادیی ڕاستەقینە ناکرێت بەدیبێت ئەگەر بێت و یەکسانی لەلایەنی ئابووری و کۆمەڵایەتی جێبەجێنەکرێت، ئەم یەکسانییەش دەبێتەهۆی دەستگرتن بەدەسەڵاتەوە "[٤].

بۆ ئاخاوتنی زیاتر سەبارەت بە چۆنێتی دەرکەوتنی دیموکراسی و کاریگەری لەسەر سیستەمی بەڕێوەبردن، پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت، کە دیموکراسی لە"زۆرێك لە کۆمەڵگا مێژووییەکاندا بیرۆکەی ڕەوایەتی خەڵکانی ئاسایی لەشێوەی ئامانجێکدا دەدرەوشێتەوە بۆ بەشداریکردن لەوەرگرتنی هەندێك بڕیاردا، کە کاریگەری لەسەر ژیانیان دادەنێت، ئەم بیرۆکەیە لە ئەسینادا لەسەدەکانی چوارەم و پێنجەمی پێش زاییندا شکڵێکی کلاسیکی هەبوە، لەو سەردەمە بەملاوە، واتە کاتێك کە مەرجی دەوڵەمەندبوون بۆ بەدەستهێنانی پلەوپایە حکومەتییەکان ڕەتکرایەوە، هەموو تاکێکی ئەسینی لە پەرلەماندا مافی یەکسانیان هەبوە بۆ بەشداریکردنی ڕاستەوخۆ لە وتووێژەکان و دەنگدانەکان سەبارەت بەیاساو سیاسەتەکانی کۆمەڵگا وبەشداریکردن لەبەڕێوەبردنیان لەڕێگەی داوەریکردن و ئەندامبوون لە شورای ڕاپەڕاندندا"[٥]، ئیتر لێرە بەدواوە جیاوزییەکان کەمبوونەوە.

---

[١] ) د.محمد كريم كاظم و هديل حربي ذاري، التحول الديمقراطي وأشكالية النظام السياسي في التكيف مع المتغيرات الأقليمية والدولية، نشر في مجلة قضايا السياسية، العدد،٣٥-٣٦، جامعة النهرين، ٢٠١٤، ص١٦٦.

[٢] ) د.سعاد الشرقاوي، سەرچاوەی پێشوو، لا١٢٨.

[٣] )هەمان سەرچاوە، لا١١٤.

[٤] ) د.سعاد الشرقاوي، سەرچاوەی پێشوو، لا١١٤.

[٥] ) دێڤید بێتهام- کوین بۆیڵ، دیموکراسی چییە، و/ شۆڕش جوانڕۆیی،چاپخانەی وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێری/سلێمانی، ٢٠٠٣، لا٢٠-٢١.

بەڵام بە فراوانبوونی کۆمەڵگا و گەورەبوونی دەزگاکانی دەوڵەت، ئیتر دیموکراسیش گۆڕانی بەسەردا هاتوە، جا بۆ خۆگونجاندنی لەگەڵ سەردەم و پێویستییەکانی کۆمەڵگا پێویستی بەو گۆڕانە هەبوە، بۆ ئەمەش پێویستە ئاماژە بە (دیموکراسیی نوێنەرایەتی)*، بکەین، کە "لەم جۆرەیاندا گەل بەشداری دەسەڵات و حوکمڕانی دەکات لە ڕێگای نوێنەرەکانیانەوە، ئەم نوێنەرانەش لە هەموو کاروبارەکانی دەوڵەتدا نوێنەرایەتی گەل دەکەن، کەواتە لە دیموکراسی نوێنەرایەتیدا گەل واتە ئەوانەی کە مافی بەشداریکردنیان لە هەڵبژاردندا هەیە، گەل دەستەیەکی هەڵبژاردە، هەڵدەبژێرن کە لەجیاتی و بەناوی گەلەوە بەشداری دەسەڵات دەکەن و یاساکان دادەڕێژن و بڕیاریان لەبارەوە دەدەن، کەواتە ئەم نوێنەرانە، نوێنەری ڕاستەقینەی گەلن لە پەرلەمان و بەناوی ئەوانەوە بڕیاردەدەن، کاتی دیاریکراویشیان هەیە، بۆئەوەی نەتوانن تا ماوەیەکی زۆر بەردەوام بن و سود لە متمانەی خەڵك وەربگرن"[1] کەواتە گەل مافی نوێنەرایەتیکردنیان پێدەسپێرێت و دەتوانێت لێشیان وەردەگرێتەوە.

لێرەوە دەکرێت ئاخاوتن لە گرنگترینی ئەو گۆڕانانە بکرێت، کە لە میکانیزم و شێوازی پیادەکردنی دیموکراسیدا هاتونەتە ئاراوە، لەوانەش ئاماژە بە (ڕیفراندۆم) دەکەین، کە بریتییە لە" ئامرازێکی دیموکراسی ڕاستەقینە لەلایەن گەلەوە بەکاردەهێنرێت بۆئەوەی بەشێوەیەکی ڕاستەقینە تایبەتمەندی سەروەریی گەل بچەسپێنێت، گەڕانەوەی دەسەڵاتی ڕاستەقینەیە بۆ گەل، ئەمەش بۆ وەرگرتنی بیروڕای گەلە بەشێوەیەکی یەکلاکەرەوە لەسەر بابەتێك لە بابەتە گشتی و چارەنوسسازەکان، کە پەیوەندی بە لایەنی ڕامیاریی، دەستوریی، یاساییەوە هەیە"[2].

لە پەیوەند بە بنەماکانی دیموکراسی، ئەوا پێویستە ئاماژە بەوە بدرێت کە هەندێك لەو بنەمایانە پەیوەندی و گرێدراوی بە هێزیان بە سیستەمی بەڕێوەبردنەوە هەیە، بەتایبەتی (جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان)** لەیەکتری کە لەڕاستیدا بیرۆکەی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان لەیەکتری دەگەڕێتەوە بۆ سەرهەڵدانی پرەنسیپەکانی دیموکراسی لیبراڵی کە داوای دانانی سنورێك بۆ دەسەڵاتی تاکئامێزانەی پادشاکان دەکات، ئەوەش لەپێناوی دابینکردنی ماف و سەربەستییەکانی تاکدا، لێرەوە چەند هزرمەندێك داوای داڕشتنی تیۆریگەلێکی هزرییان کرد بۆ پێویستی دابەشکردنی دەسەڵاتەکان بۆ بەشگەلێك بەجۆرێك، کە هەر دەسەڵاتێك توانای ئاڵنگاری و

---

*دیموکراسی نوێنەرایەتی، بریتیە لەو سیستەمە ڕامیارییەی کە گەل لەڕێگەی هەڵبژاردنەوە نوێنەری ڕاستەقینەی خۆیان هەڵدەبژێرن، تاوەکو بەشداری لە دەسەڵاتدا بکەن.( موریس دوفرجية، المؤسسات السياسية والقانون الدستوري الأنظمة السياسية الكبرى، ت/د.جورج سعد، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع، بيروت، ١٩٩٢، ص٦٥)

[1] ) م.م أسامة علي جاسم، الديمقراطية التمثيلية(النيابية)، جامعة التكريت، ٢٠١٩، تأريخ الزيارة ٢٠٢٠/١٢/٦، رابط ب: https://bit.ly/3eF0vfJ

[2] )د.مهند ضياء عبدالقادر، تطبيقات فكرة الأستفتاء الشعبي في دستور العراق لعام٢٠٠٥، مجلة العلوم القانونية/ كلية القانون/ جامعة بغداد، العدد الثاني، ٢٠١٨، ص٢٨٣-٢٨٤.

**جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان، واتە بەخشینی ئازادی و سەربەخۆیی بۆ هەریەکە لەم دەسەڵاتانە (یاسادانان، جێبەجێکردن و دادوەری) و دەستێوەرنەدان لە کاروباری یەکتری، بەڵام دابەشکردنی دەسەڵاتەکان: واتە دابەشکردنی کارەکانی دەوڵەت بۆ بوارەکانی(یاسادانان، جێبەجێکردن و دادوەری).

ڕاگرتنی ئەویتریان هەبێت[١]. ئەم چەمکە لای (مۆنتسکیۆ) لەسەرئەوە دەوەستێت، کە"دەسەڵاتەکان سێ جۆرن: دەسەڵاتی یاسادانەری و دەسەڵاتی جێبەجێکاری، کە یەکەمیان لەبەڕێوەچوونی کاروبارەکانیدا لەیاسا گشتییەکانەوە ڕێنماییەکانی هەڵدەهێنجێت، دەسەڵاتی دادوەریش لەو پرسانە دەکۆڵێتەوە، کە پەیوەندن بەیاسای تایبەتەوە، دووەمیش (جێبەجێکاری)، کاردەکات بۆ ئاشتی یان جەنگ و ڕێکخستنی کاروبارەکانی دەرەوەی دەوڵەت، سێیەمیش (دادوەری) لە پێشێلکاری و یاساشکێنییەکان و تاوان و کێشەکانی نێوان تاکەکانی کۆمەڵگەدا بڕیاردەدات"[٢].

لە پەیوەست بە پەیوەندی و کاریگەری سیستەمی دیموکراسی و سیستەمی ناناوەندیی بەڕێوەبردن بەتایبەت، پێویستە بوترێت "سەربەخۆیی یەکە هەرێمییە ناناوەندییەکان نایەنەبوون بەبێ ئەوەی، کە دیاریکردنی ئەندامانی ئەم ئەنجومەنانە بەڕێگای هەڵبژاردن نەبێت، چونکە هەڵبژاردن مەرجی بنەڕەتی دروستکردنی ئەم ئەنجومەنانەن، واتە ناناوەندیی بەبێ هەڵبژاردن نایەتەدی، بۆ جێبەجێکردن و چەسپاندنی دیموکراسی لە بەڕێوەبردندا بە مانای دەسەڵاتی ناوچەیی، لە سیستەمی ناناوەندیدا کۆمەڵێك کەس لە شێوەی ئەنجومەنی هەڵبژێراو دیاریدەکرێن ئەویش لە ڕێگەی هاووڵاتیانەوە، ڕەوایەتیان پێدەدرێت"[٣].

لێرەدا و لەم چوارچێوەیەدا خاڵێکی گرنگ هەیە، کە جێگای لەسەروەستانە و بریتییە لەوەی "هەریەکە لەم سیستەمانە لەو دەسەڵات و دەستوالاییەی (صلاحیات)، کە دەوڵەت دیاریکردووە سەرچاوە دەگرن، بۆنموونە ناناوەندێتی بەڕێوەبردن گەشەی پەیوەندییە لەنێوان دەسەڵاتی ناوەندیی و دەسەڵاتی هەڵبژێراو، کە ئەمە لەسەردابەشکردنی تایبەتمەندییەکان وەستاوە لەنێوان ئاستی ناوەندێتی و ئاستی ناناوەندێتی، کە هەردووکیان بەیاسا دانیانپێدانراوە، سیستەمی ناناوەندیی بەڕێوەبردن خواستی سیستەمی دیموکراسی نوێیە، چونکە دیموکراسی بەمانای وازهێنانی کاروبارەکانە بۆ خەڵکی، چونکە ئەوان دەسەڵاتی داڕشتنی یاساکانیان لە ڕێگەی نوێنەرە هەڵبژێراوەکانیانەوە هەیە، لەم سۆنگەیەشەوە بیرمەندانی ئەم بوارە بڕوایان وایە، کە ناناوەندیی بەڕێوەبردن هەنگاوێکی گەورەیە بەرەو دیموکراسی ناڕاستەوخۆ"[٤] چونکە لەم جۆرە لە دیموکراسیدا گەل لەڕێگەی نوێنەرەکانیانەوە بەشداری لە دەسەڵاتدا دەکەن.

لەسەرئەوەی سەرەوە دەکرێت بوترێت سیستەمی دیموکراسی کاریگەری گەورەو دیاری لەسەر سیستەمی بەڕێوەبردن هەیە، چونکە سیستەمی دیموکراسی بەشداری گەل و دابەشکردنی دەسەڵاتەکان دوو بنەمای سەرەکی پێکدەهێنن، ئەمەش وا دەکات، دەسەڵاتەکان دابەشیبکەن، هەریەکەیان بەکارو پیشەی دیاریکراوی خۆی هەڵبسێت و دوور بکەوێتەوە لە دەستێوەردان، جگە لەوەش ئەم پرەنسیپە ڕێگەخۆشدەکات بۆئەوەی ڕێگە بە تەواوی هاووڵاتیان بدەن، کە بەشداربن لە بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی وڵاتدا، لە

---

[١] )د.حسان محمد شفيق، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٧.
[٢] ) هەمان سەرچاوە، ل٢٧.
[٣] )د.محمد هموندى و أخرون، دراسات فى الحكومة في أقليم كوردستان، المكتبة العامة/ أربيل، ٢٠٢١، ص٢٤٣.
[٤] ) نبيه محمد، الجهوية المتقدمة بين اللامركزية واللاتمركز(الجانب القانوني والمحاسبي)، جميع الحقوق محفوظة للؤلف، ٢٠١٩، تأريخ الزيارة/١٥/١٢/٢٠٢٠، ص٣٣، رابط ب https://bit.ly/32D5gE8 .

کاروبارەکانی بەڕێوەبردن بەڕێوەبردن و ڕامیاریی...هتد، کە ئەم ڕێگە پێدانەش بێگومان دەگەڕێتەوە بۆ بڕوابوونی سیستەمی دیموکراسی بە مافی بەشداریکردنی هاووڵاتیان و بنەمای دابەشکردنی دەسەڵاتەکان لە هەموو بوارەکاندا.

## توێژینچەی سێیەم: پەیوەندی سیستەمی بەڕێوەبردن بە سیستەمی فەرمانڕەواییەوە

زانینی مۆرك وسروشتی ئەو پەیوەندییەی کە لەنێوان سیستەمی بەڕێوەبردن و سیستەمی فەرمانڕەواییدا هەیە بابەت و پرسێکی گرنگ و جێبایەخە لە توێژینەوە لەسەر سیستەمی بەڕێوەبردن و ئەو تەنگژانەی بەرەوڕووی دەبنەوە، لەبەرئەوە پرسی ئەم پەیوەندییە لەهەر قەوارەیەکی ڕامیارییدا یەکێك لەڕێگا سەرەکییەکانی زانین و دەرخستەکردنی کێش و قورسایی سیستەمی بەڕێوەبردن پێکدەهێنێت، لەسەرئەوە و بۆ زانین و ئاشکراکردنی کاریگەرییەکانی سیستەمی فەرمانڕەوایی لەسەر سیستەمی بەڕێوەبردن، هەروەها شێوەگرتنی بنەماکانی ئەم سیستەمە، ئەم توێژینچەیە تایبەت دەکرێت بەو پرسە، لەمیانەی توێژینەوەی فۆرمە سەرەکییەکانی سیستەمی فەرمانڕەوایی و کاریگەرییان لەسەر سیستەمی بەڕێوەبردن.

لەوێوە کە سیستەمی فەرمانڕەوایی یەکێك لە سیستەمە سەرەکیەکانی سیستەمی ڕامیاریی پێکدێنێت، هەربۆیە بە دەکرێت، توێژینەوە لەلایەنی چەمکییانەی سیستەمی فەرمانڕەوایی بکرێت، بۆئەوەش لێرەدا ئەو پێناسەیەی (کارل لونیشتن)، دەخەینەبەردەم کە دەڵێت" سیستەمی فەرمانڕەوایی بریتییە لەو ژینگەیەی، کە تیایدا دامەزراوەکانی فرەیی ڕامیاریی لەپاڵ سیستەمی حوکم و دامەزراوەکانی تری دیاردەی ڕامیاریی کاردەکەن و چالاك دەبن"[1].

بەڵام (دیڤید ئیستن)، بەمشێوەیە پێناسەی چەمکی سیستەمی فەرمانڕەوایی دەکات و دەڵێت"سیستەمی فەرمانڕەوایی لە کۆمەڵێك گۆڕانکاری پێکدێت، کە چالاکی دابەشکارانەی هەیە ( Allocation activities )، ڕامیاریی پەیوەندییەکی بەهێزو توندوتۆڵی بەم چالاکییە دابەشکارییەوە هەیە، بەجۆرێك کە تیایدا یان لەڕێگەیەوە بەهاکان لەلایەن کۆمەڵگەوە دێنە دابەشکردن و وەرگرتن، ئەم توانای دابەشکارییە لەلای (ئیستن) بە گۆڕانکارییە جەوهەرییەکانی سیستەمی فەرمانڕەوایی دادەنرێت، بەو واتایەی کاتێك لەبارەی سیستەمی فەرمانڕەواییەوە دەدوێین ئەوا هێمای ئەم سیستەمە بریتییە لەو چالاکییە دابەشکارییە"[2].

هەر لەپەیوەند بە ناساندنی چەمکی سیستەمی فەرمانڕەوایی، هەریەك لە (گابرێل ئەڵمۆندو جی بنجهام باویل) بەمشێوەیە پێناسەی دەکەن"سیستەمی فەرمانڕەوایی بریتییە لەو کۆمەڵە دامەزراوە کۆمەڵایەتییە گرنگەی، کە بە داڕشتنی ئامانجە گشتیەکانی کۆمەڵگەیەك بایەخدەدات، یان بۆ کۆمەڵێك لەنێو ئەم کۆمەڵگەیەدا، کارکردن لەسەر جێبەجێکردنی ئەو ئامانجانە، وەك نەریتیش بڕیارەکانی سیستەمی

[1] ) وەرگیراوە لە: محمد صابر كريم، التعددية السياسية وأزمة الديمقراطية في الديمقراطيات المتقدمة، أطروحة دكتوراه مقدمة الى المجلس كلية العلوم السياسية/جامعة السليمانية، ٢٠١٩، ص١٥٣.
[2] ) هەمان سەرچاوە، ل١٥٣.

فەرمانڕەوایی بەڕەوایەتی زۆرەملێیانە پاڵپشدەکرێن و دەکرێت لەڕێگەی هێزەوە ملکەچی بۆکردنیان بسەپێندرێن"[١].

لێرەدا پێویستە ئاماژە بەو خاڵەش بدرێت، کە "چەمکی سیستەمی فەرمانڕەوایی زۆرجار بۆ وەسفی ئەو ڕێکخستنە ڕامیارییانەی کۆمەڵگایەك بەکاردێت، بەمەش خەریکە هاوواتای دەوڵەت بێت، بەڵام ئەو دەلالەتە یاسایی و فەلسەفییانە هەڵناگرێ، کە وشەی دەوڵەت هەڵیدەگرێ، هەرچۆنێك بێت ئەوا ئەوکۆمەڵگایانەی، کە پەیکەری دەوڵەتیان نییە، دەکرێت دانبنرێت بەوەی سیستەمی فەرمانڕەواییان هەیە، بەشێوەیەکی دیاریکراویش زاراوەکە لە زانستی ڕامیاریدا بریتییە لە کۆمەڵێك پەیکەر و پرۆسە و دەزگا لەنێوان خۆیاندا کارلێك دەکەن و لەڕێی سنورەکانی سیستەمەکە بە ژینگەوە بۆ بەتایبەتکردنی بەهاکان بەشێوەیەکی یەکلاکەرەوە بۆ کۆمەڵگایەك لە زنجیرەیەکدا ڕوودەدات"[٢].

بەمشێوەیە ئەوە دەردەکەوێت، کە سیستەمی فەرمانڕەوایی یەکێکە لە سیستەمەکانی کۆمەڵگا، چونکە کۆمەڵێك سیستەمی تر هەیە، لەوانە سیستەمی ئابووریی، یاسایی، ڕۆشنبیریی، بەڵام هەموو ئەم سیستەمانە دەچنە چوارچێوە و شکڵی سیستەمی ڕامیارییەوە، واتە هەموو ئەم دەزگایانەی کۆمەڵگا لەگەڵ سیستەمی فەرمانڕەواییدا یەکانگیر و ئاوێتەدەبن [٣].

لەم چوارچێوەیەداو لەپرسی پەیوەندی نێوان سیستەمی فەرمانڕەوایی و سیستەمی بەڕێوەبردن، ئەوا دەکرێت بوترێت پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ لە نێوانیاندا هەیە، بەهۆی ئەوەی کە"ڕێکخستنی کارگێڕیی لە هەر وڵاتێکدا بەگوێرەی ئایدۆلۆژی سیستەمی ڕامیاریی ئەو وڵاتەو سروشتی سیستەمی فەرمانڕەوایی بەربڵاو لەو وڵاتەدا دیاریدەکرێت"[٤]. هەربۆیە کارەکانی هەردەزگایەکی بەڕێوەبردن دەچێتە چوارچێوەی کاری وەزارەتێکی دیاریکراو و دەبێت چاودێرییکرێت لە بەجێگەیاندنی کارەکانی و ئامانجەکانی، کارکردن لەو پێناوەدا جێی مەبەستی سیستەمە فەرمانڕەواییەکەیە، ئەم ئامانجانەش دەچێتە سەر شێوازی بەڕێوەبردن و ڕێکخستنی بەڕێوەبردن و هەیکەلی بەڕێوەبردنی دەزگاکان کە ناوەندین یاخود ناناوەندین"[٥].

هەربۆیە سیستەمی فەرمانڕەوایی بنەمای سیستەمی بەڕێوەبردنی (ناوەندیی، ناناوەندیی)ە، لەهەمان کاتدا کاریگەری گەورەش لە شێوەی کارکردنی دەزگا کارگێڕییەکاندا دەنەخشێنن، هەرچەندە پەیوەندییەکی بەهێز و هاوسەنگ لەنێوان ئامانجی سیستەمی ناوەندیی و ناناوەندیی لە بەدیهێنانی ئامانجەکان هەیە، کە زۆرجار دەستور و هەندێ جاریش بەیاسای ئاسایی دیاری دەکرێت، ڕێکخستنیش کەرەستەیەکی یاساییە بۆ بەجێهێنانی ئامانجەکان، لە ڕێکخستنی ناوەندیدا ئامانجە ڕامیاریی و کارگێڕیی و ئابوورییەکان هەوڵی بەدیهێنانی دەدرێت

---

١) جابريل إيه ألموند و جي بنجهام باويل، سەرچاوەی پێشوو، ل١٦.
٢) فەرهەنگی نوێ، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٤١-٢٤٢.
٣) هەمان سەرچاوە، ل٢٤٢.
٤)د.زانا ڕەئوف حمەکریم و د.دانا عەبدولکەریم سەعید، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٨
٥) د.مصطفى محمد موسى،التنظيم الاداري بين المركزية و اللامركزية،الهيئة المصرية العامة للكتاب،القاهرة،١٩٩٩،ص٣٠-٣١.

و، پێکەوە بۆ بەرژەوەندی گشتی بەیەکدەست کاردەکەن، بەڵام لە ڕێکخستنی بەڕێوەبردنی ناناوەندیدا ئەم ئامانجانە بە تێگەیشتنێکی ناناوەندیی هەوڵی بۆ ئەدرێت[١].

لەواقیعدا توێژینەوە لەمۆرك و سروشتی پەیوەندی سیستەمی فەرمانڕەوایی و سیستەمی بەڕێوەبردن، پرسێکی بنچینەیی و جێبایەخ بەشوێنخۆیدا دێنێت کە شیاوی لەسەروەستان و توێژینەوەکردنە، ئەویش بریتییە لە واقیعی ئەو مۆرك و سروشتی پەیوەندییەی لەنێوان هەریەك لە تەرزە(نمط) ناسراوەکانی سیستەمی فەرمانڕەوایی، واتە تەرزی دیکتاتۆرییانە و تەرزی دیموکراتییانە، بەمشێوەیە و سەبارەت بە یەکەمیان (تەرزی دیکتاتۆرییانە)، ئەوا ئاخاوتن لە سیستەمی بەڕێوەبردن لەم تەرزەدا لەسەرئەوە دەوەستێت کەلە حکومەتە دیکتاتۆرییەکاندا، چالاکیی بەڕێوەبردن ملکەچ و لەژێر فەرمان و کۆنترۆڵی تەواوەتی ئەم دەسەڵاتی ناوەندیدایە"[٢]. هەرچەندە ئەوە نکۆڵی لەوە ناکات کە لە سیستەمە دیکتاتۆرییەکاندا شێوازی (ناناوەندییانەی کارگێڕیی)* بوونی نەبێت.

بەڵام سەبارەت بە واقیعی سیستەمی بەڕێوەبردن لە تەرزە دیموکراتییەکانی(الآنماط الديمقراطية) ڕژێمی حوکمدا، ئەوا دەبێت ئەوەبزانرێت، کە لەم تەرزانەدا "کارکردن لەسەر جێبەجێکردنی ناناوەندیی بەڕێوەبردن، هەوڵدانە بۆ چەسپاندنی دیموکراسی و بنەماکانی دیموکراسی ڕاستەقینە، کە جێبەجێکردنی دیموکراسی نوێنەرایەتییە، هەوڵی بەهێزکردنی هەستی نەتەوەیی و زیادکردنی گرنگیدانی خەڵك دەدات بەکاروباری دەوڵەت، کەواتە لە چوارچێوەی ناناوەندیی بەڕێوەبردندا کار لەسەر دروستکردنی بەرژەوەندی ناوچەیی و دروستکردنی کەسێتی گشتی نوێ لە چوارچێوەی ئەم سیستەمەدا دەکرێت، لە سیستەمی ناناوەندیی بەڕێوەبردندا، ئاماژە بە هەموو کەسێتیە کارگێڕییەکان دەکرێت، کە بەهرەمەندن لە هەموو ماف و دەسەڵاتە کارگێڕییەکان لە دەوڵەتدا، هەرچەندە دەبێت تێبینی ئەوەبکرێت کە مەرج نییە هەموو ئەم ماف و دەسەڵاتانە بە شێوەیەکی یەکسان دابەشبکرێت"[٣].

بەمشێوەیە لێرەدا دەکرێت ئاماژە بەو خاڵە بدرێت، کە کاتێك تەرزی دیموکراتییانەی حوکم باوو باڵادەست بێت لە دەوڵەتەکەدا، ئەوا گریمانەی ئەوە دەکرێت کە شێوازی ناناوەندییانەی سیستەمی بەڕێوەبردن "سودێکی زۆری دەبێت لەوانە لە ڕووی ڕامیارییەوە دەبێتەهۆی بەهێزکردن و چەسپاندنی زیاتری دیموکراسی بەهۆی بەشداریکردنی زۆرترین بەشی دانیشتوانی ناوچەکانی وڵات لەبەهرەمەندبوون بە بەرژەوەندییەکانی خۆیان،

[١] ) د.مصطفى محمد موسى، سەرچاوەی پێشوو، لا٣١.
[٢] ) د.أسعد طارش عبدالرضا، النظم الديكتاتۆرية قراءة في المضامين النظرية، نشر في مجلة تكريت للعلوم السياسية، المجلد/ ٣، السنة/ ٣، العدد/ ٦، كلية العلوم السياسية، جامعة بغداد،،٢٠١٦، ص٤٥.
*بەگشتی دەوڵەتان دوو شێواز بەکاردەهێنن بۆ ڕێکخستنی کارگێڕیی، شێوازی ناوەندییانە و ناناوەندییانە، کە شێوازی یەکەمیان لەسەر بنەمای کۆکردنەوەی دەسەڵاتەکان و تایبەتمەندییەکانی پەیوەندییدار بە وەزیفەی گشتییەوە دادەمەزرێت کەلەدەستی یەك دەسەڵاتی کارگێڕیدا کۆکراوەتەوە، کە ئەویش حکومەتی مەرکەزییە، بەڵام سەبارەت بە ناناوەندێتی کارگێڕیی، ئەوا بەپێی پێداویستیەکان بەشێك لەو وەزیفە کارگێڕییانەی کە دەسەڵاتی جێبەجێکردن پێی هەڵدەسێ دەیداتە دامەزراوە سەربەخۆ هەرێمییەکان یان مەسڵەحییەکان کە خاوەنی جۆرێکن لە سەربەخۆیی لە دەسەڵاتی ناوەندی.(د.زانا ڕەئوف حمەکریم و دانا عەبدولکەریم سەعید، سەرچاوەی پێشوو، لا٦٣-٦٤).
[٣] ) د.علاء عبدالحسن كريم العنزي و د.عامر أبراهيم أحمد الشمري، سەرچاوەی پێشوو، لا٢٤٨.

هەروەها دەبێتەهۆی سەربەخۆیی دەسەڵاتە لاوەکییەکان و ناوچەییەکان، هەروەها حەزی خەڵك لە خۆبەڕیوەبردن وا دەکات کە سیستەمە دیموکراسییەکان کار بەم سیستەمە بکەن، جگەلەوەی لە ڕووی بەڕێوەبردنەوە دەبێتەهۆی کەمکردنەوەی پەستان لەسەر حکومەتی ناوەندی و خێراکردنی کارەکان و ئاسان گەیشتن بە ئامانجەکان"[1].

بەوەستان لەسەرئەوەی لەسەرەوە توێژینەوەی لێکراوە، دەگەینە ئەوەی بڵێین، کە سیستەمی بەڕێوەبردن هەر دەوڵەتێك دەکەوێتەسەر ئەوبنەما و فەلسەفە ڕامیارییەی دەوڵەتەکەی لەسەردامەزراوە و ڕادەی بڕوابوونی دروستکەرانی بڕیاری ڕامیاریی تیایدا بە بەشداری خەڵك لە بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی دەوڵەتدا، لەڕاستییدا ئەم بنەمایانە ئەبێتە هۆی دیاریکردنی ئەو سیستەمی بەڕێوەبردنەی، کە لەوڵاتدا کارییێدەکرێت، هەربۆیە دەبینین لە دەوڵەتە دیکتاتۆرییەکاندا بەشداری هاووڵاتیان سنووردارە، بەڵام لە سیستەمە دیموکراسییەکاندا بەشداری هاووڵاتیان لە کایە گرنگەکاندا مافێکی ئاساییە و ڕێگە بە خۆبەڕیوەبردنیان دەدرێت و دەسەڵاتەکان دابەشدەکرێت، تا ئەوپەڕی ڕادەی دابەشبوون.

ئەوەی لەم توێژراوەیەدا توێژینەوەی لەسەرکرا ئەوە دەردەخات، کە سیستەمی فەرمانڕەوایی کاریگەرییەکی گەورەو ڕاستەوخۆی لەسەر سیستەمی بەڕێوەبردن هەیە، ئاڕاستەی میکانیزیم و یاسا و بڕیارو ڕینماییەکانیشی دەکات، لەو چوارچێوەیەداو بەوپێیەی کە سیستەمی فەرمانڕەوایی لەسەردەمی نوێ و دەوڵەتی نوێدا کارلەسەر دابەشکردنی دەسەڵاتەکان و شۆڕکردنەوەیان دەکات بۆ پۆستە هەرەنزمەکان و، هەل بۆ بەشداری چالاکانەی هاووڵاتیان دەڕەخسێنێت، تا لە کایەو پرسە گرنگەکان بەشداربن، کە پەیوەستن بە کۆمەڵگەو هاووڵاتیانەوە، بەتایبەتی لە سیستەمە دیموکراسییەکانداو دواتریش گەشەی دیموکراسی، ڕێگەیخۆشکرد بۆئەوەی سیستەمی بەڕێوەبردنەکەی سیستەمێکی کراوە و خاوەن دەسەڵاتی تیادا بەرجەستەبێت، کەواتە بۆ بەرجەستەبوونی ئەم پرەنسیپانە دەکرێت سیستەمی بەڕێوەبردن سیستەمێکی ناناوەندیی بێت، بەپێچەوانەشەوە لە تەرزە دیکتاتۆرییەکاندا سیستەمی ڕامیاریی سیستەمێکی ناوەندیی و قۆرغی دەسەڵاتەکانی کردووە، بێگومان ڕێگەنادات سیستەمی بەڕێوەبردن سیستەمێکی ناناوەندیی کراوە بێت، هەروەها دەسەڵاتیش لەسەرەوەو بەشێوەیەکی هەرەمیی دادەبەزێتە خوارەوە و هەمووان دەبێت پابەندی ئەو ناوەندێتی بن.

---

[1] ) إقبال ناجي سعيد، اللامركزية الأدارية في دستور جمهورية العراق ٢٠٠٥، مجلة العلوم القانونية/ كلية القانون- جامعة بغداد، العدد/ الاول، ٢٠٢٠، ص ٢٥٠.

## تویژراوەی سێیەم: مۆرك و سروشتی تەنگژەكانی سیستەمی ڕامیاریی لە دەوڵەتی هاوچەرخدا

دیاردەی تەنگژە یەكێكە لەو دیاردە دەركەوتوو ناسراوانەی زۆرێك لە سیستەمە ڕامیارییەكان ڕووبەڕەوی دەبنەوە، ئەم دیاردەیە بەردەوام كێشە و گرفتی بۆ ئەم سیستەمانە دروستكردووە، ئەوەش بەپێی سروشتی تەنگژەكەو جۆری تەنگژەكە، كاریگەرییەكانی هاتوتە بەرجەستەبوون و ڕۆڵ ببینێنەوە، جا مەرج نییە تەنگژەكان لە ئەنجامی كەموكوڕی سیستەمە ڕامیارییەكان بن، بەڵكو جاری واش هەیە لەدەرەوەی ئەم سیستەمە دروستدەبن و ڕوو لەسیستەمە ڕامیارییەكان دەكەن، هەربۆیە ئەم دیاردەیە جێیبایەخ و گرنگیپێدانی هەموو سیستەمێكی ڕامیارییە.

لێرەوە تویژینەوە لە بابەتێكی ئاوهادا ئەوەی زیاتر جێگای بایەخ و تێڕامانە و پێویستی بە تویژینەوەیە، ئەوەیە كە مۆركی تەنگژەكان و سروشتیان دیاریبكرێت، هەروەها لە هەمووی گرنگتر ئەوەیە كە تەرزی دیكتاتۆریانە پێدەچێت بەپێی سەردەم و ناوچەكان و شوێنەكان، مۆرك و سروشتی تەنگژەكانیش بگۆڕێت، لەو پێناوەشدا دەبێت تویژینەوە لەوە بكرێت، كە لە ڕووبەڕووبوونەوەشدا توانای بڕیاربەدەستان و سیستەمە ڕامیارییەكان دەگۆڕێت، دیارە تەنگژەكانی ڕابردوو هۆكارو لێكەوتەی گەورەیان هەبووە، هەرچەندە مرۆڤایەتی بەگشتی ئاشنایەتی لەگەڵ پەیداكردوون، لێرەوە بەپێویستدەزانرێت تویژینەوە لە مۆرك و سروشتی تەنگژەكانی سیستەمی ڕامیاریی بكەین، لەسەردەمی هاوچەرخدا. بۆ ئەمەش بەچاكدەزانرێت لەم تویژراوەیەدا تویژینەوە لەو ناونیشانەی سەرەوە بكەین لە چوارچێوەی ئەو سێ تویژینچەیەدا:

تویژینچەی یەكەم: واقعی تەنگژەو جۆرەكانی لە سیستەمی ڕامیاریی هاوچەرخدا

تویژینچەی دووەم: ئاستی كاریگەری تەنگژەكانی سیستەمی ڕامیاریی لە سیستەمی بەڕێوەبردن

تویژینچەی سێیەم: شێوازی بەڕێوەبردنی تەنگژەكان لە سیستەمی فەرمانڕەوایی هاوچەرخدا

## تویژینچەی یەکەم: واقعی تەنگژەو جۆرەکانی لەسیستەمی ڕامیاریی هاوچەرخدا

لەهەرسەردەمێکدا سروشتی سیستەمە ڕامیارییەکەو سیستەمە کۆمەڵایەتی و ئابووریی و کلتورییەکان، هاوشان لەگەڵ شوێن و هەڵکەوتەی جوگرافیانەیدا ڕۆڵی خۆیان لە ڕوودان و دەرکەوتنی ئەو تەنگژانەی کە بەرەورووی بۆتەوە بینیوە، ئەوەش وایکردووە دیاردەی تەنگژە لەیەك فۆرمی دیاریکراودا بەرجەستە نەبێت و خۆی نەنوێنێت، بەڵکو جۆراوجۆری لەتەنگژەکاندا بەپێی بارودۆخی ئەو پێکهاتە فرەکلتورییانەی-بناغەییانەی کۆمەڵگەکە هاتوونەتە ئاراوە، لەسەرئەوە بەپێویستزانرا لەم تویژینچەیەدا ئاخاوتن لەسەرەکیترین جۆرەکانی تەنگژە بکرێت لە سەردەمی هاوچەرخدا، کە بەرەورووی دەوڵەتان و سیستەمە ڕامیارییەکانیان بوونەتەوە، ئەوەش لەمیانەی سێ لقی سەرەکییدا:

**لقی یەکەم :تەنگژەی ئابووری**

سەرەتا و لە پەیوەند بە ناساندنی چەمکی تەنگژەی ئابووری، جێی خۆیەتی ئەو ڕاستییە بوترێت، کە "تەنگژەی ئابووری یەکێکە لە دەرهاویشتە ئابووری و ڕامیارییەکان، کە لە کۆمەڵگادا دەردەکەوێت و هەندێکجار لە ئەنجامی نەبوونی سەقامگیری کاروباری ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە دروست دەبێت کاریگەری لەسەر لایەنی بژێوی تاك دەکات، لە ڕێگەی پڕکردنەوەی پێویستییەکانی ڕۆژانەی تاك، جا چ بنەڕەتی بێت یان نا، هەروەها کاریگەری لەسەر سیستەمی بەڕێوەبردنیش دەکات، هەروەکچۆن شڵەژان و شڵۆقی سیستەمی ڕامیاریی کاریگەری گەورە لەسەرکۆی سیستەمەکان دەکات"[1] بەمەش گرنگی و بایەخی ئابووری زیاتر دەردەکەوێت.

لەنێو ئەو پێناسانەی بۆ چەمکی تەنگژەی ئابووریی کراوە، ئەو پێناسەیە بەنمونە وەردەگرین کە دەڵێت"تەنگژەی ئابووری بارودۆخێکە لەتێکچوون و شێواوی لە سیستەمی ئابووریی گشتی، ئابووریەکی دیاریکراو لە وڵاتێکی دیاریکراو، ئەمەش لە ڕوودانی تێکچوونی هاوسەنگی سەرجەم بوارەکانی ئابووریدا خۆی دەبینێتەوە، وەك بەرهەمهێنان، بەکارهێنان، داهات، نرخەکان، هەناردەکردن، هاوردەکردن، نرخی ئاڵوێری دراوەکان.....هتد، یاخود بریتییە لە نزمبوونەوەیەکی زۆر گەورە لە نرخی ڕەگەزە داراییەکان، ئەو ڕەگەزانەش لەسەرمایە، پشك و هەژماری پاشەکەوتەکان و مافەکانی موڵکداریەتیدا خۆی دەبینێتەوە، هەروەها تەنگژەی ئابووری لە ئەنجامی بەرزبوونەوەی نرخی سوود پەیدادەبێت، بەجۆرێك زیانێکی زۆر بەر کەرتی بانکیی دەکەوێت، لە تەواوی وڵاتاندا دەبێتەهۆی ڕوودانی بارلاری لە سیستەمی ئابووریدا"[2].

لەپەیوەند بە دیاردەی تەنگژەی ئابووری لەسەردەمی نوێدا، لەوەدا بەرجەستەیە کە "تەنگژە دارایی و ئابوورییەکان بەشێکن لە بونیادە سەرەکییەکانی سیستەمی سەرمایەداریی و بەشێکیشن لە گرنگترین دیاردە

---

[1] ) د.شفان اسماعيل حمد، دور الأزمة الأقتصادية في ترافخي العملية بناء العمارات السكنية وأبعاد جمالياتها ضمن القيم الأجتماعية المعمول بها في المجتمع- أربيل أنموذجا، نشر في مجلة جامعة تكريت، العدد/١٨١٧، ٢٠٢٠، ص٣١١.

[2] ) د.کامەران ئەحمد حمە و ئەوانی تر، ئابووری کوردستان، چاپخانەی یاد، ٢٠١٨، لا٢٢.

ئابوورییەکان، کە کاریگەری قووڵیان لەسەر چالاکی ئابووری و پەیوەندییە ئابوورییە نێودەوڵەتیەکان هەیە، لەو تەنگژانەی کە لە ٢٥٠ ساڵی ڕابردوودا ڕوویانداوە بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە هەموو تەنگژەکانی پێشوو لەو خاسیەتەدا هاوبەشن، کە تووشی چەند بەشێکی جیهان دەبن و هۆکاری دروستبوونیشیان لە تەنگژەیەکەوە بۆ تەنگژەیەکی تر دەگۆڕێت، هەروەها بیرۆکەکانیش لە کانگای تەنگژەکانەوە هەڵدەقوڵێن بۆ دۆزینەوەی ڕێگە چارەیەکی سەرەکی و دەرچوون لە تەنگژەکە"[١].

تەنگژەی ئابووری لەلایەن زانایان و هزرمەندان و تیۆریزانانی زانستی ئابوورییەوە پێناسەی زۆری بۆکراوە، هەریەکەیان بۆچوون و ڕای تایبەتیان لەمبارەوە هەیە، بەڵام بە گشتی کۆکن لەسەر ئەوەی، کە تەنگژەی ئابووری بریتیە لە " بارێکی لەناکاو یان شڵەژان و کەم و کورتیەکە لەسیستەمی ئابووریی گشتی کە تایبەتە بە دەوڵەتێکی دیاریکراو و ڕووبەڕووی دەبێتەوە، لە ئەنجامی ئەم تەنگژەیەدا ناهاوسەنگیی لە هەموو بنەماکانی ئابووریدا دروستدەکات لە ڕووی بەرهەمهێنان و بەکارهێنان و دەستمایە و نرخ و پێشبڕکێ و هاوردەو ناردەنی و نرخی دراو.....هتد"[٢]. هەروەها لە پێناسەیەکی تردا هاتووە کە تەنگژەی ئابووری "بریتییە لە ماوەیەکی دابڕاو لەگەشەکردنی ئابووری پێشوو، هەروەها داتەپینە لە ئاستی بەرهەمهێنان لەو ماوەیەدا، لە چاو گەشەکردنی ئاسایی یاخود گەشەکردنی پێشبینیکراو".[٣]

لەپەیوەند بە ڕەهەندەکانی تەنگژەی ئابووری، جێی خۆیەتی ئاماژە بەوەبدرێت، کە ڕەهەندێکی سەرەکی ئەم تەنگژەیە بریتییە لە تەنگژەی دارایی، ئەوەش دەکرێت لەمیانەی ئەو "داتەپین و پاشەکشێ داراییەی لە ئەمریکا و چەند وڵاتێکی پیشەسازی ئەوروپا ڕوویانداوەو کاریگەرییان لەسەر زۆربەی وڵاتانی تریش داناوە، تاگەیشتە ڕادەی دروستبوونی هەژارییەکی توند و ڕادەی دروستبوونی مەترسی لەسەر ئاسایشی وڵاتان"[٤] قسەی لەسەربکرێت و وەك نمونەیەکی بەهێزی ئەم ڕەهەندەی تەنگژەی ئابووری ئاماژەی بۆ بکرێت.

لەوێوەو بەو ناسینەی، کە تەنگژەی ئابووری بارودۆخێکی ناجێگیری ئابوورییە و چەند فۆرمێك لە دەرکەوتنی هەیە، کە لەمانەی خوارەوەدا بەرجەستەن:[٥]

أ- تەنگژەی ماوە بۆ ماوەییە گشتییەکان، کە لە ئەنجامی بەرهەمهێنان و ئاڵوێرو کەڵەکەبوونی سەرمایەدا ڕوودەدات، واتە لە ئەنجامی ناهاوسەنگی لە نێوان بەکارهێنان و بەرهەمهێنانی شمەك و کەلوپەل دروست دەبێت.

---

[١] ) د.عبدولرەحمان نەجم مەشهەدانی، ئابوری عێراق لە نێوان قەیرانی کۆرۆنا و دارمانی نرخی جیهانی نەوتدا، لەسەر سایتی (ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان) ، ٢٠٢٠/٧/٣٠، مێژووی سەردانی کردن/٢٠٢٠/١٢/٢٠، لەسەر ئەم لینکە بەردەستە https://bit.ly/3JAqKCq .

[٢] ) بن السعدي مريم غمراني فريد، الأزمة الأقتصادية العالمية ١٩٢٩ بين المسببات و التداعيات، كلية العلوم الأنسانية و الأجتماعية/ جامعة محمد بوضياف-بالمسيلة، ٢٠١٧، ص١٠.

[٣] ) د.کامەران ئەحمد حمە و ئەوانی تر، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٣.

[٤] ) د. عدنان السيد حسين، قضايا الدولية(الأزمة العالمية)، مجد الؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع/ لبنان، ٢٠١٠، ص٢٥.

[٥] )هەمان سەرچاوە، ل٢٥.

ب- تەنگژە مام ناوەندەکان، کە وەك جۆری یەکەم سەرتاپاگیر نییە، ئەمجۆرە لەئەنجامی نەگونجانی چالاکییە ئابوورییەکانی بەرهەمهێنانی سەرمایەداریدا پەیدادەبێت.

ت- تەنگژە پەیکەربەندییەکان، ئەولایەنانە دەگرێتەوە کە لە بوارێکی دیاریکراو یان بەشێکی گەورە لە ئابووری هەموو جیهان پێکدێنێت، لەوانە تەنگژەی وزە یان ماددەی خاو، یان کەمی و گیروگرفتی خۆراك، ئەم جۆرەیان لە تەنگژەی ئابووری وەك تەنگژەی ماوەیی نییە، بەڵکو بۆ ماوەیەکی دورو درێژ و مێژوویەکی درێژی لە جیهاندا هەیە، هەرچەندە ئەم جۆرەیان بەشێك لە تەنگژەی ئابووری پێکدێنێت[١].

**لقی دووەم: تەنگژەی ڕامیاریی**

لەوەی پێشتر توێژینەوەی لێکرا، دەکرێت بوترێت دیاردەی تەنگژە "لە سەردەمە کۆنەکاندا زیاتر مۆرك و سروشتی کۆمەڵایەتی هەبووەو ئاماژە بوە بۆ دەرکەوتنی کۆمەڵێك کێشەی کۆمەڵایەتی ترسناك، یان کاتی پچڕانی هەنگاونانی پەیوەندییە ڕامیاریی و ئابووریی و کۆمەڵایەتیەکان، پاش ئەمەش لە زۆربەی زانستە مرۆڤایەتیەکاندا بەکارهاتوە"[٢]. دەتوانین بڵێین " تەنگژەی ڕامیاریی فراوانترین جۆری تەنگژەیە، کە هەڕەشەیەکی توندە بۆسەر سیستەمی ڕامیاریی و بەرژەوەندییەکانی و کاریگەری لەسەر تاك و کۆمەڵ و دەوڵەتیش دەبێت "[٣].

لەسەرئەوەی لەسەرەوە توێژینەوەی لێکراوە، دەکرێت بوترێت کە، تەنگژەی ڕامیاریی " یەکێکە لە باوترین جۆرەکانی تەنگژە، کە ڕووبەڕووی دەوڵەت دەبێتەوەو، وا دەکات دەوڵەت تووشی گرفتی گەورەببێت، کە ئەمەش بریتیە لە حاڵەتێك یان کێشەیەك کە ڕووبەڕووی سیستەمی ڕامیاریی دەبێتەوە، هەروەها بڕیاربەدەستان ڕووبەڕووی ئاڵنگاری گەورە دەکاتەوە بەوەی وەڵامدانەوەی دەزگا و دامەزراوەکانی دەوڵەت بەپێی پێویست نییە، ئەمەش وا دەکات کێشەکە گەورەبێت و ببێتە تەنگژە، بۆیە پێویستی بە گۆڕانکاری گەورە لە دەزگا و دامەزراوەکانی دەوڵەتدا هەیە"[٤] لەگەڵ ئەوەشدا پێویستی بە بەرنامەی تایبەتی و هێزو توانای ڕووبەڕووبونەوە هەیە.

لەپەیوەند بەوەی لەسەرەوە توێژینەوەی لێکراوە، لێرەدا ئەو پێناسەیە بۆ چەمکی تەنگژەی ڕامیاریی دەخرێتە بەردەم، کە بریتیە لە "کەموکورتییەك بەگشتی کاریگەری ماددی لە سیستەم دەکات، هەروەك چۆن هەڕەشەیە بۆ سەر دەرهاویشتە سەرەکییەکان کە سیستەم پێی هەڵدەسێت، هەروەها ساتێکی نارێك و ناهەموار

[١] ) طالبي صلاح الدين، تحليل الازمات الأقتصادية العالمية، كلية العلوم الأقتصادية والعلوم التسير و علوم التجارية، جامعة أبوبكر بلقايد-تلمسان،٢٠١٠، ص٥.

[٢] )هەمان سەرچاوە، لا٥.

[٣] ) د. علاء عبدالحفيظ، الأزمات السياسية الدولية، المفهوم-الانواع-الأدارة، مقال، موقع المعهد المصري للدراسات، ٢٠٢٠/٤/١٧، تأريخ الزيارة/٢٠٢٠/١٢/١٥، https://bit.ly/32BX0Eg.

[٤] ) د.مدحت محمد محمود أبو النصر، مفهوم الأزمات(منظور الأداري و الأجتماعي)، المجلة العربية للدراسات الأمنية والتدريب، جامعة حلوان، مصر، المجلد ١٤، العدد ٢٨، ١٩٩٩، ص٣٧٢-٣٧٣.

و یەکلاییکەرەوەیە ڕووبەڕووی کیانی ئیداریی وڵات دەبێتەوە و دەسەڵاتدارانیش ناتوانن بڕیاری یەکلاکەرەوە لەو بارەوە بدەن"[١].

بەمشێوەیە و لە چوارچێوەی ناساندنی لایەنی چەمکییانەی تەنگژەی ڕامیارییدا، ئاخاوتن لە گرنگترین تایبەتمەندییەکانی ئەم چەمکە بە پێویستدەزانرێت، کە ئەم خاڵانەی خوارەوە لەخۆدەگرێت[٢]:-

أ- بوونی چەند هێزێکی پاڵنەر، کە ئەم هێزانە دەبنە هەڕەشە بۆ سەر سیستەمی ڕامیاریی.
ب- تەنها لە ڕێگەی چارەسەری گونجاو و کاریگەرەوە دەتوانرێت لێی دەرباز بێت.
ت- کۆمەڵێك ئاسەواری ڕەفتاری ترسناك بەدوای خۆیدا دەهێنێت لەوانە (ترس، دڵەڕاوکێی، دەمارگرژی).
ث- هەستکردن بەگرنگیدانی زۆر بەوەی کە ڕوویداوە، وا دەکات پەستانێکی زۆر لەسەر بڕیاربەدەستان دروستبکات.
ج- لە بەردەستدا نەبوونی زانیاری ڕاست و دروست بە تایبەتی لەو وڵاتانەی کە دواکەوتوون، لەبەرئەوەی بەرنامەیەکی تایبەتیان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی تەنگژەکان و ئیدارەدانیان یاخود خۆئامادەکاری پێشوەختە بۆ تەنگژەکان نیە

**لقی سێیەم: تەنگژەی کۆمەڵایەتی**

تەنگژەی کۆمەڵایەتی جۆرێکی سەرەکی تری ئەو تەنگژانەیە کە پێویست بە توێژینەوە دەکات، ئەمجۆرە لە تەنگژە بریتییە لەو "تەنگژانەی تووشی کۆمەڵگا دەبێتەوە و دەبێتە مایەی بارگرژی و دروستبوونی تەنگوچەڵەمە بۆ هەموو لایەك، زۆربەی ئەم تەنگژە کۆمەڵایەتییانە لە ئەنجامی شپرزەیی سیستەمی بەهاکان و دابونەریتی دەسەڵاتداران، کە کاریگەری گەورە لەسەر چینەکان و بەشە جیاجیاکانی کۆمەڵگا دەکات لەناوخۆی کۆمەڵگایەکی دیاریکراودا، لەئەنجامی نامۆیی و ناشارەزایی لەو کاروبارانەدا ڕوودەدەن کە لە کۆمەڵگادا بوونیان هەیە، بۆیە پێویستی بە هەڵوێستی کوتوپڕو خێرایە لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەیان، ئەویش لەڕێگەی دروستکردنی هاوسەنگی کۆمەڵایەتی و چارەسەری ململانێ کۆمەڵایەتییەکان و گەشەپێدانی بەهاو دابونەریتی گونجاو بۆ گەشەکردنی کۆمەڵگا"[٣].

دوای ئەو پێناسەیەی بۆ چەمکی تەنگژەی کۆمەڵایەتی کرا، زانینی گرنگترین و سەرەکیترین تایبەتمەندییەکانی تەنگژەی کۆمەڵایەتی دەبێتە لایەن و پرسێکی تر، کە دەبێت ئاخاوتنی لێبکرێت، سەرەکیترین ئەو تایبەتمەندییانەش لە مانەی خوارەوەدا دیاریدەکرێت:-

---

[١] ) محمد محمد خير يوسف، ادارة الأزمات السياسية الدولية في عالم متغير، كلية الأقتصاد، قسم الأقتصاد و التخطيط، جامعة حلب، ٢٠٠٢، ص١٩.
[٢] ) د. علاء عبدالحفيظ، سەرچاوەی پێشوو.
[٣] ) د.مدحت محمد محمود أبوالنصر، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٧٢.

أ- تەنگژەی کۆمەڵایەتی ناودەبرێت بە ترسناکترین جۆری تەنگژە، کە ڕووبەڕووی دەوڵەت دەبێتەوە، چونکە دەبێتەهۆی ئەوەی شڵەژان و شپرزەیی( خۆپیشاندان، هەڵگەڕانەوە، هەڕەشە، شڵەژانی گشتی، ناڕەزایی گەل) لە پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگادا.

ب-تەنگژەی کۆمەڵایەتی، جیادەکرێتەوە بەوەی کە تایبەتمەندیی نەتەوەیی و نەژادی و ئاینی هەیە.

ت-تەنگژەی کۆمەڵایەتی، دەبێتەهۆی فراوانبوونی هەژاری، پەرەسەندنی گەندەڵی، کپکردنەوەی ئازادییەکان، دروستبوونی جیاوازی چینایەتی، دورکەوتنەوە و بێبەشکردن لەبەشداریی ڕامیاریی هاووڵاتیان.[١]

دوای دەستنیشانکردنی سەرەکیترین و گرنگترین تایبەتمەندییەکانی چەمکی تەنگژەی کۆمەڵایەتی، لێرەوە دێینەسەر توێژینەوە لەسەرەکیترین جۆرەکانی ئەم تەنگژەیە و لەمانەی خوارەوەدا دیاریدەکرێن:-

أ- تەنگژەی تەندروستی و چارەسەر: ئەمجۆرەشیان پەیوەستە بە نەبوونی مافی چارەسەرکردن و گەرەنتی تەندروستی، کە مافی هەموو هاووڵاتییەکە سوود وەربگرێت لەبەرزترین پلەی تەندروستی جەستەیی و ئاوەزیی، کە ئەمەش هەر لەقۆناغی منداڵییەوە دەستپێدەکات تا دەگاتە کۆتایی تەمەنی، هەروەها دەبێت هاوڵاتیان بپارێزرێن لە درم و پەتا کوشندەکان[٢].

ب- تەنگژەی شوێنی نیشتەجێبوون(أزمة السكن): بریتییە لە ناهاوسەنگی لەنێوان ژمارەی دانیشتوان و ژمارەی ئەو یەکانەی نیشتەجێبوون کە دروست دەکرێت، ئەم دیاردەیە ڕووبەڕووی زۆرێك لە وڵاتان دەبێتەوە، ئەویش بەهۆی گرانی و بەرزبوونەوەی تێچووی کرێی کرێکار و گرانبوونی پێویستییەکانی خانووبەرە[٣].

ج – تەنگژەی خۆراك: بریتییە لە نەبوونی خۆراکی پێویست بۆ هاوڵاتیان.[٤] بەپێی ڕاپۆرتە ساڵانەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا زیاتر لە یەك ملیار مرۆڤ بە دەستی برسێتی و خراپی جۆری خۆراکەوە دەناڵێنن، هەر بەپێی ئەو ڕاپۆرتانە ساڵانە ملیۆنان مناڵ بەهۆی برسێتییەوە گیان لەدەستدەدەن، هەرچەندە دەتوانرێت لەڕووی برەوە خۆراکی هەموو جیهان دابینبکرێت، بەڵام شێوازی دابەشکردنی نادادپەروەرانەیە و بەهۆی بەرزی نرخەوە وڵاتە هەژارەکان ناتوانن خۆراکی پێویست بۆخۆیان دابین بکەن[٥].

---

١ ) سليمان حسين محمد حسين، دور مؤسسات الخدمة الأجتماعية في الأدارة الأزمات في السودان، جامعة السودان للعلوم والتكنولوجيا، كلية الدراسات العليا، معهد تنمية الأسرة والمجتمع، ٢٠١٩، ص٧٣.

٢ ) هەمان سەرچاوە، ل٧٣.

٣ ) شايب ايمان، النمو الحصري والأزمة السكن الجماعي حالة مدينة(عين البيضاء)، جامعة العربي بن مهيدي-أم البواقي/قسم علوم الارض والكون، ٢٠١٤، ص٥.

٤ ) لينا زياد احمد الديك، مشكلة الغذاء وعلاجها، جامعة النجاح الوطنية، كلية الدراسات العليا، فلسطين، ٢٠٠٩، ص١٧.

٥ )د.محمد دياب، المشكلة الغذائية في العالم، جوهرها وأسبابها الحقيقية، مجلة الدفاع الوطني، العدد ٨٥، ٢٠١٣، تأريخ الزيارة، ٢٠٢٠/١٢/١٥ ، رابط ب https://bit.ly/32C9ewN .

لەسەرئەوەی سەرەوە دەتوانرێت چەند ئەنجامێکی سەرەکی بەدەستبهێنرێت، لەهەموویان لە پێشتر بریتییە لەوەی ئەو تەنگژانەی کە لەم سەردەمەدا بوونیان هەیە و کۆمەڵگاو دەوڵەتەکانیان تووشی گرفتی قورس کردۆتەوە ڕەنگە لەڕووی چۆنایەتییەوە هاوشێوەی سەردەمەکانی پێشووتر بێت، بەڵام لەڕووی چەندایەتییەوە بەهۆی گەورەبوونی قەبارەی دەوڵەت و زۆربوونی ژمارەی دانیشتوانەوە زیادیکردووە، جۆرو شێوازەکانی زۆربوون و گۆڕانیشیان بەسەرداهاتووە، بۆیە کاریگەری زیاتری لەسەر کۆمەڵگاو بەتایبەتی دەوڵەت زۆرتر بووە، هەر لەو پێناوەدا بڕیاربەدەستان دەبێت بە وریایی مامەڵە لەگەڵ تەنگژەکاندا بکەن و چارەسەری گونجاو لەکاتی گونجاودا بدۆزنەوە.

## توێژینچەی دووەم: ئاستی کاریگەری تەنگژەکانی سیستەمی ڕامیاریی لەسەر سیستەمی بەڕێوەبردن

تەنگژەکانی سیستەمی ڕامیاری بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ کاریگەرییان لەسەر سیستەمی بەڕێوەبردن هەیە، ئەمەش بەپێی سروشت و جۆری تەنگژەکان کاریگەرییەکانیان لەسەر سیستەمی بەڕێوەبردن زیاد یان کەم دەکات، لەبەرئەوەی هەندێك لەتەنگژەکان لەناوخۆی سیستەمەکەوە دێن بەشێکیشیان بەهۆی باردۆخە نێودەوڵەتییەکانەوە دروستدەبن، بۆیە دەکرێت بوترێت هەرچەندە دەزگاکانی سیستەمی ڕامیاریی توانای وەڵامدانەوەیان بەهێزتربێت، ئەوا کاریگەری تەنگژەکان لەسەر دامەزراوەکانی بەڕێوەبردن کەمتر دەبن و ئاسەواری نەرێنی کەمتردەخاتەوە، دواجار سیستەمە ڕامیارییەکەش بە پارێزراوی دەمێنێتەوە.

سەرەتا پێویستە بوترێت بایەخ و گرنگی زانینی ئاست و ڕادەی کاریگەری تەنگژەکانی سیستەمی ڕامیاریی بەسەر سیستەمی بەڕێوەبردنەوە کاتێك دەردەکەوێت، کە ئەو ڕاستییە مێژووییە دەربخرێت و ئاخاوتنی لێبکرێت، کە بریتیە لەوەی یەکێك لەپرس و بابەتە سەرەکی و بنچینەیی و لەپێشینەکانی پرۆسەی دامەزراندنی سیستەمی فەرمانڕەوایی لە دەوڵەتی نوێدا بریتیبووە لە چۆنێتی پێکهێنان و دارشتنی دەزگاو دامەزراوەکانی بەڕێوەبردن تیایدا، هەربۆیە لە سەرەتای دەرکەوتنی دەوڵەتی نوێ و دامەزراوە سەرەکییەکانیدا پەیوەندییەکی بەهێزو قووڵ لەگەڵ چەمکی بەڕێوەبردندا بوونی هەیە و دەبینرێت، سەبارەت بەو ڕاستییەش (غیوم سیبیرتان- بلان)دەنوسێت" پرۆسەی تێکەڵکردنی زانینەکانی – المعارف، لیبراڵیەتی ئابووری و ئەو پرسیارانەی تیۆری پەیوەندیدار بە دەوڵەت و دەسەڵاتەکانی و بواری ڕەوای پیادەکردنی،...لەڕێگەی کۆی ئەو گوتارو زانینانەی کە پێشوتر لەماوەی کۆتایی سەدەی شانزەهەم و کۆتایی سەدەی هەژدەهەمەوە هاتوونەتە دەرکەوتن ئامادەکاری بۆ کراوە، هەموو ئەمانەش لەژێر ناوی" زانستەکانی مشورخواردنی دارایی گشتییدا" یان"زانستی مشورخواردنی حکومەتیدا کۆکراونەتەوە"[1].

لێرەدا گرنگی چەمکی بەڕێوەبردن بەڕادەیەك هاتوتە خۆگرتنەوە کە بووە هۆکارێك بۆ کۆتاییپێهێنانی ڕاڤەی کلاسیکییانەی چەمکی دەوڵەت وەك ئاینزایەکی ڕامیاریی، بەو پێیەی، کە هەر بریتیبێت لە"دانانی باشترین سیستەمێکی لەتوانادابوو، یان دامەزراندنی دەوڵەت بەشێوەیەکی باش و لەسەر کۆڵەکەکانی ڕەواییەکی ڕاوەستاو بەشێوەیەکی دادپەروەرانە، بۆئەوەی کە لۆژیکی دەوڵەت بریتیبێت لە گەشەپێدانی سیستەمێك لە مومارەسە و دیاریکردنی عەقڵانییەتی چۆنیەتییانە، کە دەتوانێت دەوڵەت زیاتر بەهێزو پتەو و خۆشگوزەرانتر بکات"[2] بەڵکو خوێندنەوەی نوێ بۆ دەوڵەت، ئەوەیە کە ئەرکەکانی زیادیانکردووەو کارەکانی فراوانتربوون.

---

[1] )غیوم سیبیرتان-بلان، الفلسفة السياسية، ت/عزالدين الخطابي، المنظمة العربية للترجمة/بيروت،٢٠١١، ص١٣٨-١٣٩
[2] )هەمان سەرچاوە، لا١٤٠.

ئەو پەرەسەندنە گەورەو ڕیشەییەش لە چەمکی دەوڵەت و سیستەمە ڕامیارییە نوێیە ڕاوەستاوەکەی لەسەر چەمکی بەڕێوەبردنی نوێ و بەرفراوان، بوەهۆی ئەوەی دەبێت ئەم چەمکەی دواییان لەسەر ڕەهەندێکی بنچینەیی و سەرەکی ژیانی ڕامیاریی کۆمەڵگەی نوێ بوەستێت، کە ئەویش بریتیە لە بەشداریکردنی تاك لە بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی کۆمەڵگەدا، بەمشێوەیە ڕەهەندی کارگێڕییانەی چەمکی هاووڵاتی، واتا لە "چۆنێتی بەشداریکردنی هاووڵاتی دێت لە کاروباری بەڕێوەبردندا"[1] بەرجەستە دەبێت.

لەڕاستیدا ئەم بەشداریکردنەی هاووڵاتی لە سیستەمی بەڕێوەبردن و دامەزراوەکانیدا لەگەڵ ئەو پەرەسەندنە قووڵ و فراوانەی کە بەسەر چەمکی فەرمانەکانی دەوڵەتدا هاتون، گۆڕانی گەورەو قووڵی بەسەرداهاتووە تا ئەوەی وایکردووە "سیستەمی بەڕێوەبردن ببێتە ئامرازو میکانیزمی سەرەکی ڕێکخستنی چالاکییانەی هاووڵاتی لە دەوڵەتدا، بەمشێوەیە کارەکانی بەڕێوەبردن زیادیانکردو چالاکیەکانیشی فرانبوون، ئەوانەش فرەیی دەزگاگشتیەکان و زۆربوونی ئەرکەکانی لە ڕێکخستنی چالاکی و سەربەستیی تاکەکانی لێکەوتەوە، هەروەها پاراستنی ڕژێمی گشتی (ڕێککارەکانی بەڕێوەبردن)، سەرەنجامیش ئەم بەڕێوەبردنە دەستیدایە ئەنجامدانی چالاکییەکی فراوان بۆ تێرکردنی پێویستییە گشتییەکان و پێشکەشکردنی خزمەتەکان بە جەماوەری هاووڵاتیان"[2].

بەمشێوەیە پرسی سەرەکی لەم پێوەندەدا لەوەدا بەرجەستەیە، کە بەڕێوەچوونی دامەزراوەکانی سیستەمی بەڕێوەبردن بەردەوام لەژێر فشار و ڕەوت و هێزە نەیارو ناڕەزاییەکانی ژینگە ڕامیارییەکاندان، ئەمەش ئەو پرسەیە، کە (جۆرج بۆردو) بەمشێوەیە لەسەری دەنووسێت"لەو کاتەی، کە تیایدا فەرمانی ڕامیاری دەوری هەموو ئەو فەرمانە کۆمەڵایەتییانە دەدات، کە ئێمە لەپێناوی بەدیهاتنیان گریمانەی سیستەمێکی نەریت یان ڕەفتاری هەموو هەڵسوکەوتە تاکئامێزییەکانیان تێدادەکەین، ئەوا ئیتر ناتوانرێت بەجێبهێڵدرێت بۆ ژێر کاریگەری گەمەی ئەو هاندەرە هەنوکەییانەی، کە لەدایکبووی ئەو هێزانەن کە دوورن لێی"[3]. بەمشێوەیە (بۆردو) هۆکاری ئەوە دەگەڕێنێتەوە بۆئەوەی "لێرەدا یاسایەکی ناوخۆیی بۆ فەرمانبەری بوونی هەیە، ئەم یاسایەش لەو ئامانجە دێتەدەر و بەرهەمهاتنەوە کە دەویسترێت بەدیبهێنرێت، ناکرێت بدرێتەبەر ئارەزووی پارتێك یان چینێك تاوەکو نێوەڕۆکی دیاریبکات، هەروەها پێداویستیەکانیشی لە ناسینی ئەو ئامرازانەوە دێنەدەر، کە دەویسترێن لە ڕێگەی ئەو ئامانج و مەبەستەی، کە هەوڵی بەدیهاتنی دەدەن بێنەناویەوە"[4].

سەبارەت بە کاریگەرییەکانی سیستەمی ڕامیاریی باو و پیادەکراو لەسەر ئاستی ڕاپەڕیووی سیستەمی فەرمانڕەوایی(ئارند لیبهارت) لە میانەی شێوازی دیموکراسی هاوسازانییەوە سیستەمێکی باو لە ئێستای ژیانی ڕامیارییدا، بە تایبەتیش لە کۆمەڵگە گەشەسەندووەکاندا، لە میانەی پێنج گۆڕەرەوە- متغیر، ئاخاوتن لە ئاستی

---

[1] )دریڤان عبدالقادر بكر، المركز القانوني للمواطن و ضماناته، رسالة ماجستر مقدمة لكلية القانون والسياسة/جامعة السليمانية، ٢٠١٠، ص٣٣.
[2] )هەمان سەرچاوە، لا٣٣-٣٤.
[3] )جورج بوردو، الدولة، ت/د.سليم حداد، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع/بيروت، ١٩٨٥، ص١٨٢.
[4] )هەمان سەرچاوە، لا١٨٢.

ئەو کاریگەرییە دەکات و دەنوسێت "گۆڕدراوی یەکەم*، بریتییە لە ڕاپەڕیوی حکومەت، بە پێوەرێکی ئاوێتەبوو دادەنرێت بۆ تۆکمەیی خزمەتە گشتی و مەدەنییەکان و سەربەخۆییان لە فشارە ڕامیارییەکان و تۆکمەیی داڕشتنی ڕامیارییەکان و جێبەجێکرنیان و ڕاستگۆیی پابەندی حکومەت پێیانەوە، تۆکمەیی بونیادە ڕێکخستنییەکانیش توانای حکومەت لە داڕشتنی ڕامیارییەکان و تابلۆ دروستئامێزەکانی، کە پەرەپێدانی کەرتی تایبەت پشتیوانی دەکەن و سەروەری یاساش، بەدیاریکراوی سروشتی مافەکانی خاوەندارێتی و پۆلیس و دادگاکان لەخۆدەگرێت، لەپاڵ مەترسی تاواندا، جڵەوکردنی گەندەڵیش تەنها ئەو پلەیەی، کە دەسەڵاتی گشتی بەکاریدەهێنێت بۆ بەدیهێنانی دەستکەوگەلێك تایبەت لەخۆناگرێت، بەڵکو هەروەها"دەسبەسەراگرتنی" دەستەبژێر و بەرژەوندییە گشتییەکانیش بەسەر دەوڵەتدا لەخۆدەگرێت"[١] لێرەوە و لەو شیکردنەوەیەی (لیبهارت) بەڕوونی ئەوە دەردەکەوێت، کە سیستەمی فەرمانڕەوایی و بە تایبەتیش سیستەمی بەڕێوەبردن بەتوندی و ڕاستەخۆیی گرێدراوی ئەو گۆڕاوانەیە کە سیستەمی ڕامیاریی هەردەوڵەت و قەوارەیەکی ڕامیاری دەیهێننەئاراو و دروستیدەکات.

هەر لەچوارچێوەی توێژینەوە لە کاریگەری تەنگژەکانی سیستەمی ڕامیاریی لە سیستەمی بەڕێوەبردندا، یەك لەو چەمکە گرنگانەی بەشێوەیەکی فراوان و قووڵ لەسەر ئەم پرسە ڕادەوەستێت بریتیە لە چەمکی(فەرمانڕەوایی)*، وەك ژورگەیەکیش بۆ ئاخاوتنکردن لەپرسی تەنگژەی دیموکراسی وەك سیستەمی ڕامیاریی باو و باڵادەستی ئێستای جیهان(بیار کالام) دەڵێت"دیموکراسییەت لەتەنگژەدایە و لەوکاتەی، کە تیایدا بەرواڵەت وا دەردەکەوێت لەهەموو جێیەك سەرکەوتووە، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە ئەو لە جەوهەری خۆی بەتاڵدەکرێتەوە، ئەوەش لەبەرئەوەی لەسەر ئاستە گونجاوەکان پیادەناکرێت و هەروەها لەبەر بایەخپێنەدانی بە گرفتە بنچینەییەکان، چاکسازیی نەکردن لەخۆیدا"[٢].

گرنگی سیستەمی بەڕێوەبردن و دامەزراوەکانی بۆ سیستەمی ڕامیاریی بەڕادەیەکە، کە هەریەکە لە (گابرێل ئەی ئەڵمۆند و گی بنجام باویل) چەمکی(فەرمانبەریی)، لەپاڵ دوو چەمکی سەرەکی تری (سیستەم و بونیاد)دا دادەنێن، لە پێناسەی هەریەك لە چەمکەکانی (بونیاد و فەرمانبەریدا) دەنوسن" بۆ ئەنجامدانی هەموو چالاکیەکانی سیستەمە ڕامیارییەکان دامەزراوەگەلێك و بریکارگەلێك بونیان هەیە، وەك پارتە ڕامیارییەکان، پەرلەمانەکان، فەرمانگەکانی حکومەت و دادگاکان، کە چالاکیگەلێکی دیاریکراو ئەنجامدەدەن، یان تەواوکردنی"فەرمانەکان" کە ئەمانیش بەشوێنی خۆیان توانای داڕشتنی ڕامیارییەکان و بەجێهێنانی ڕێککاری – النظام، دەدەنە سیستەمە ڕامیارییەکە، بەمشێوەیە هەریەك

---

*لێرەدا پێویستە ئەو بزانرێت کە تەنها ئاخاوتنمان لە گۆڕدراوی یەکەم کردووە، لەبەرئەوەی کە پەیوەندیدارە بە بابەتی ئەم لاپەڕەیەوە.

[١] ) أرند ليبهارت، أنماط الديمقراطية، ت/محمد عثمان خليفة عبد، شركة المطبوعات للتوزيع والنشر/بيروت، ٢٠١٥، ص٣١٥.

*بیارکالام، بەمشێوەیە پێناسەی (فەرمانڕەوایی)دەکات، کەبریتیەلەو پرەنسیپەی کە"بەشێوەیەکی وردئامێز بوونی هەیە، لەڕێگای کارکردنی دامەزراوە گشتیەکان و ئەوەی کە هاوبەندی ئەوەیە لە لێکجیایی نێوان ڕامیاریی و کارگێڕیی، کارگێڕیی و جێبەجێکردن و، جێبەجێکردن و هەڵسەنگاندن"بیار کالام، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٣.

[٢] )هەمان سەرچاوە، ل٤٢.

له"بونیه"و"فەرمانبەری"بریتین لەو چەمکە بنچینەییانەی کە یارمەتیمان دەدەن لە زانینی چۆنێتی کارتێکردنی ڕامیارییەکان لە ژینگە سروشتی و مرۆییەکان و چۆنێتی کارتێکراوبوونیشی پێیان"[١].

لێرەوە لەسەرئەوەی لە سەرەوە توێژینەوەی لێکراوە، هەریەك لە(ئاڵمۆند و باوێل) گرنگی و بایەخی دامەزراوەکانی سیستەمی بەڕێوەبردن لەدەوڵەت و سیستەمە ڕامیارییەکەیدا ئاخاوتنی لێدەکەن، کاتێك دەنوسن"لە کاتێکدا بریکارەکان و دامەزراوە ڕامیارییەکان چەند ئامانجێك دەپێکن، ئەوا فەرمانگە حکومییەکان لە ئەنجامدانی کارەکانیاندا، وەك سەپاندنی یاساکان و جێبەجێکردنیان و جێبەجێکردنی فێرکاری و ڕێساکان- خۆیان بەتەنهان، بەواتایەکی تر لایەنی دەرهاویشتە output، لە سیستەمی ڕامیاریی پاواندەکەن"[٢]. هەروەها "سەرباری نزیکێتی لەو پرۆسەی پاوانکردنەی فەرمانگە حکومییەکان بۆ سەپاندنی یاساکان، ئەوا ئەم فەرمانگانە کاردەکەنەسەر پرۆسەی دروستکردنی بڕیاریش، بەمشێوەیە زۆربەی یاسادارشتنە نوێیەکان ناسینەوەی گشتئامێزییان هەیە و ناتوانرێت چالاکانە بسەپێنرێت، ئەگەر بێتو بەرپرسە کارگێڕییەکان ئەو فێرکارییە ڕونبەخشییانە هەڵنەهێنجێنن- الآستنباط- و وەك نەریتیش ئاستی جێبەجێکردنی ڕامیارییەکی گشتی لەسەر ڕاڤەی فەرمانگەکان بۆی، ئەو چالاکی و ڕوحیەتەی کە پێی دەسەپێنرێت دەوەستێت، زیادلەوەش زۆرێك لە بڕیارە دادوەرییەکان- الأحکام القضائیة، لەسیستەمە ڕامیارییە نوێیەکاندا لەلایەن بریکارگەلێکی بەڕێوەبردنەوە بە ئەنجامدەگەیەنرێت، کە دەسەڵاتی بەستنی دانیشتنەکانی گوێگرتن و سەپاندنی پراکتیکردنی ڕێککارییەکانی هەیە"[٣]. لێرەوە گرنگی دامەزراوەکانی بەڕێوەبردن لەسیستەمە ڕامیارییەکاندا دەردەکەوێت و ئەم گرنگییەش ئاماژەیەکی بەهێزە بۆ ئاستی کارتێکراوبوونی هەریەکێکیان بەوی تریانەوە، بەو پێیەش ڕوودانی هەر تەنگژەیەك لە سیستەمی ڕامیارییدا تەنگژە و پەشێوی لە سیستەمی بەڕێوەبردندا بەشوێنخۆیدا دەهێنێت.

پرسی کاریگەری سیستەمی ڕامیاریی لەسەر سیستەمی بەڕێوەبردن لای هزرمەندان و تیۆریزانانی زانستەکانی ڕامیاری و کۆمەڵناسی ڕامیاریی هێند گرنگ و جێبایەخە بە جۆرێك کە لە توێژینەوەیان لەسەر هۆکارەکانی شکستی ئەو چاکسازییانەی، کە سیستەمە ڕامیارییەکان بۆ چارەسەرکردنی تەنگژە و کێشە سەرەکییەکانی خزمەتی گشتی دەیدەن، بەشێکی سەرەکی ئەو هۆکارانە ڕاستەوخۆ لە خودی سیستەمی بەڕێوەبردن و دەزگا و دامەزراوە جۆراوجۆرەکانیدا دەبیننەوە، بەمشێوەیە (بیار کالام) لە توێژینەوەی لە گرنگترین هۆکارەکانی شکستی ئەو ڕیفۆرمانەی کە بۆخزمەتی گشتی دراون لە وڵاتی فەرەنسا، قسە لە شەش بەربەست دەکەن، کە نیوەیان ڕاستەوخۆ تایبەتن بە سیستەمی بەڕێوەبردنەوە، لەوانەش بۆنموونە"ئەو بەربەستەی کە دەگەڕێتەوە بۆ لاوازی تواناکانی هاتنەدەستی خودی فەرمانبەران لەپرۆسە چاکسازییەکەدا، بەوپێیەش سودوەرگرتن لەبیرو ئەزموونە تایبەتەکانیان، لێرەدا مەبەست لە گەورە فەرمانبەران نییە، بەڵکو

---

[١] )جابریل إیە ألموند وجي بنجهام باویل، سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٧.
[٢] )هەمان سەرچاوە، ل١٧٧.
[٣] ) الموند وفیربای، سەرچاوەی پێشوو، ل١٨٠.

توێژەکانی خوارەوەی کارگێڕیی، واتە ئەو سەربازە ڕاستینانەی کە تەواوی کۆششیان، لە بەڕێوەبردنی خزمەتی گشتیدا زۆرجاران لە نرخاندن نایەن و، بەشێوەیەکی زۆر جوان تەرخاندەکەن، لانی کەم لەفەرمانسادا"[١].

لەسەرئەوەی لەسەرەوە توێژینەوەی لێکرا دەکرێت بوترێت، کە یەکێك لەهۆکارە سەرەکییەکانی تەنگژەکانی سیستەمی بەڕێوەبردن، بریتییە لە تەنگژەکانی سیستەمی ڕامیاریی، ئەوەش لەوێوەدێت، کە سیستەمە ڕامیارییەکان لەگەڵ گۆڕانکارییە سەردەمییەکاندا هاوئاهەنگ نەبن و شێوازە کلاسیکیەکان پەیڕەوی بکەن کە بریتیە لە سەنتەریکردنی دەسەڵات و پشتگوێخستنی چەمکی ڕەوایەتی و چەمکی هاوڵاتیبوون کە ئەمەی دواییان بریتیە لە بەشدارییکرنێکی کاریگەر لەسەر هەموو لایەنەکانی ڕامیاریی و کارگێڕیی، کە پرۆسەی بەڕێوەبردن باشترو خێراتردەکات. هەروەها کاریگەری تەنگژەکانی سیستەمی ڕامیاریی لەسەر سیستەمی بەڕێوەبردن دەبێتەهۆی دروستبوونی تەنگژەی نوێ بۆ سیستەمە فەرمانڕەواییەکە، ئەمەش لەکاتێکدا دەردەکەوێت، کە دامەزراوەکانی سیستەمی بەڕێوەبردن نەتوانن بە کارەکانی خۆیاندا ڕابگەن و وەڵامی داخوازی و پێویستییەکانی هاووڵاتیان و سیستەمی فەرمانڕەوایی بدەنەوە، لەو پێناوەدایە کە پێویستە هەرزوو بەشێوەیەکی خێراو بەشێوەیەکی دانایانەو لێهاتووانە، بە لەخۆبردوییەوە بڕیاربەدەستانی وڵات هەوڵی چارەسەرکردنیان بدەن و بەلایەنی کەمەوە لە قۆناغی سەرەتادا ڕێگەنەدەن تەنگژەکان لەوەزیاتر تەشەنەبکەن، بۆیە دەکرێت بوترێت لەکاتی ڕوودانی هەموو تەنگژەیەکدا دەکرێت دوو ئاسەواری گرنگ تێبینی بکرێت، کە بریتیین لە ڕوودانی تەنگژەکەخۆی و بەجێهێشتنی ئاسەوارەکانی دوای تەنگژەکەش بۆخۆی تەنگژەیەکی تر بۆ سیستەمی بەڕێوەبردن دروستدەکات.

---

[١]) بیار کالام، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٩.

## تویژینچەی سێیەم: شێوازی بەڕێوەبردنی تەنگژەکان لەسیستەمی فەرمانڕەوایی هاوچەرخدا

هەر دەوڵەتێك لە میانەی کارکردن و بەردەوامبونیدا بەرەوڕووی چەندینجۆر تەنگژەو گرفت دەبێتەوە، کە دەبنەهۆی ئاستەنگ دانان لەبەردەم بەڕێوەچونی کارەکانیدا، هەربۆیە کاتێك کە دەوڵەت و دەزگاو دامەزراوەکانی ڕووبەڕووی تەنگژەکان دەبنەوە، ئەوا ئەوکات شێوازو شێوەی کارکردن و کارتێکردنی تەنگژەکان لەو دەزگاو دامەزراوانە دەردەکەوێت و ڕوندەبێتەوە، بەمشێوەیە کاتێك لێپرسراوانی ئەو دەزگاو دامەزراوانەی سیستەمی فەرمانڕەوایی و خودی دروستکەرانی بڕیاری ڕامیاریی لە دەوڵەتەکەدا بێتوانایی و ناشارەزایی و نالێهاتوویی خۆیان لەوپرۆسەی چارەسەرکردنی تەنگژانەدا نیشاندەدەن و بەرجەستەدەکەن، ئەوا دەوڵەتەکە دەکەوێتە بارودۆخێکی ناهەموار و ئەگەری دەرکەوتنی تەنگژەی قوڵترو دژوارتر دێنەئاراوە، کە ڕاستەوخۆ سیستەمی فەرمانڕەوایی و بگرە سیستەمی ڕامیارییەکەشی دەخەنەبەردەم دۆخێکی هەستیارەوە کە ئەگەری ڕوودانی گۆڕانکاری ڕامیاریی گەورەو ناجێگیری ڕامیاریی قووڵ و بەردەوام بەشوێنخۆیدا دەهێنێت، لەسەرئەوە ئەم تویژینچەیە تەرخاندەکرێت بۆ تویژینەوە لەم پرسە .

لەبەرئەوەی لەپرسی ڕووبەڕوبونەوەی تەنگژەکانی سیستەمی فەرمانڕەواییدا بابەتی بەڕێوەبردنی ئەو تەنگژانە بابەتێکی گرنگ و جەوهەری پێکدەهێنێت، لەسەرئەوە بەپێویستدەزانرێت چەمکی بەڕێوەبردنی تەنگژە (Crisis Management) بناسێنرێت، بۆئەوەش ئەو پێناساندنە دەخەینەبەردەم، کە دەڵێت ئەم چەمکە"دەچێتە چوارچێوەی ئەو چەمکە نوێیانەی چ لەسەر ئاستی مامەڵەی ناوخۆیی وڵاتان و چ لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی کاری پێدەکرێت و بەشێوەی جیاواز و لەسەر ئاستی جیاواز بوونی هەیە، دواتر بەهۆی ئەوەی کە لە زۆر بواری جیاوازدا کاری پێکراوە گەشەی گەورەی بەسەرداهاتووەو لەلایەن کۆمەڵگای نێودەوڵەتیشەوە بە گرنگ سەیر دەکرا، چونکە پەیوەندی توند و بەهێزی هەیە بە دەرکردنی بڕیاری ڕامیاریی و گفتوگۆکان و هاوپەیمانێتیەکان و کاری دبلۆماسییەوە"[1].

لەمپێوەندەدا و سەبارەت بە پرسی بەڕێوەبردنی تەنگژە جێی خۆیەتی هێما بەوە دەدرێت، کە بەڕێوەبردنی تەنگژە "مامەڵەکردنی بڕیاربەدەستانە لە یەکێك لە کیانە کارگێڕییەکانی وەك (دامودەزگاکان) دەخوازێت، کە پەیوەندییان بەچۆنێتی مامەڵەکردنی بڕیار بەدەستەکانەوە هەیە، کە نەیانتوانیوە زاڵبن بەسەریاندا و چارەسەری بنەڕەتییان بۆ بکەن، زاڵبوونی بڕیاربەستانیش دەکەوێتە سەرئەو مێتۆدەی، کە بەکاری دەهێنن و مامەڵەی پێدەکەن لەگەڵ تەنگژەکان لە چوارچیوەی ئەو ئامادەکاری و زانیاری و هۆشیاری و درککردنەی، کە هەیانە و دواتر تواناکانیان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی تەنگژەکان هۆکاری سەرکەوتنە لە بەڕێوەبردن و

[1] ) د.حسن البزاز، إدارة الأزمة، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع/بيروت، ٢٠١١، ص١١.

چارەسەرکردنی تەنگژەکان[١] جگەلەوەی پێویستە ئامادەکاری پێشوەختە بکرێت بۆ بەرەوڕووبونەوەی تەنگژەکان لەھەرکاتێکدا، کە ئەمەش دەوڵەت وەك ستراتیژ دیاریکردووە و لەسەری دەڕوات .

هەروەها دەکرێت چەمکی بەڕێوەبردنی تەنگژە بەوە پێناسە بکرێت، کە بریتیە لە "هونەر و زانستی دەستبەسەرداگرتن و ئاڕاستەکردنی تەنگژە بەجۆرێك ببێتەهۆی خزمەتگەیاندن بە ئامانجی دەزگاکە لە پێناو کۆنترۆڵکردنی پەستانەکەی و خستنەژێر ڕکێفی ئاڕاستەو ڕێڕەوەکەیەوە"[٢].

بەمشێوەیە دەردەکەوێت، کە بەڕێوەبردنی تەنگژەکان بریتیە لە ڕێگای زاڵبوون و کۆنترۆڵکردنی فشارەکان و ڕێگا و ئاڕاستەکانی تەنگژەکان دەگرێتەوە لەگەڵ وەلانانی لایەنە نەرێنییەکانی و سوودوەرگرتن لە باشی و ئەرێنیەکانی، بەدەستهێنانی زۆرترین دەستکەوت لێیان لە کورترین ماوەدا، کەمکردنەوەی زیانەکان بۆ کەمترین ئاست[٣] ئەمەش دیسانەوە دەگەڕێتەوە بۆ چۆنێتی و شێوازی بەرەوڕووبونەوەی تەنگژەکان لەلایەن بریاربەدەستانەوە.

لێرەوە دەردەکەوێت چەمکی تەنگژە بارێکی لەناکاوە ڕووبەڕووی دەوڵەت یان سیستەمی فەرمانڕەوایی دەبێتەوە، بەڵام ئەوەی، کە لەمبارەوە گرنگە بزانرێت، بریتییە لەو قۆناغانەی کە زۆربەی تەنگژەکانی پێداتێپەردەبێت و لەخۆیانی دەگرن، کە ئەمانەی لای خوارەوە گرنگترینیانن:-

١ – قۆناغی دروستبوون: لەم قۆناغەدا تەنگژە لەدایکدەبێت و لەسەرەتایدایە تەنها هەستی پێدەکرێت، وەك ئاگادارکەرەوە دەردەکەوێت، بەڵام بەبێئەوەی قەبارەو ئاڕاستەی دیاریکراوبێت، دیارە تەنگژە لە بۆشاییدا دروست نابێت، بەڵکو لە ئەنجامی کێشەیەکەوە یان چەند کێشەیەکەوە دروستدەبێت، کە نەتوانراوە چارەسەری گونجاوی بۆ بکرێت، لێرەدا بریاربەدەستان و تواناکانیان هۆکارێکی سەرەکییە بۆ مامەڵەکردن لەم قۆناغەی دروستبوونی تەنگژە، ئەگەر بریاری گونجاو و ڕێگای ڕاستیان گرتەبەر ئەوە کۆتایی بە تەنگژە دێت، ئەگەرنا ئەوا هەر دەمێنێتەوە و گەشە دەکات[٤].

٢ – قۆناغی گەشەکردن: گەشەکردنی تەنگژە لە قۆناغی یەکەمدا دەگەڕێتەوە بۆئەوەی کە نەتوانراوە لەکاتی خۆیدا چارەسەربکرێت، بۆیە تەنگژە لەم قۆناغەدا بە دوو شێوە گەشە دەکات، کە بریتین لە:

أ- ئەو وزەیەی لە ناوەخنی تەنگژەکەدایە یارمەتی گەشەی تەنگژەکە دەدات.

ب- ئەو وزەیەی لە دەرەوەی تەنگژەکەدایە یارمەتی گەشەی تەنگژە دەدات و کارلێکی لەگەڵدا دەکات.

---

[١] ) فؤاد يوسف عبدالرحمن الجبوري و أخرون، الأدارة الأزمات والكترونية أتخاد القرار، نشر في مجلة جامعة بابل/ قسم العلوم الأنسانية، المجلد ١٩، العدد ١، ٢٠١١، ص٨٣.

[٢] ) د. کامەران ئەحمد حەمە و ئەوانی تر، سەرچاوەی پێشوو، لا١٩٩.

[٣] )هەمان سەرچاوە، لا١٩٩.

[٤] ) بلال خلف السكارنە، سەرچاوەی پێشوو، لا٩٥-٩٦.

لەم قۆناغەدا تەنگژە بەتەواوی خۆی دەردەخات و بڕیاربەدەستان ناتوانن نکۆڵی لە بوونی بکەن ئەوەش لەبەرئەو پەستانەی کە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بەهۆی گەورەبوونی قەبارەی تەنگژەکەوە دروستدەبێت، بۆیە دەبێت دوو کار ئەنجام بدەن، یەکەمیان، پێکهێنەرە دەرەکییەکانی لێ دابڕێت، دووەمیان، هەڵسن بە سڕکردن و وەستاندنی گەشەی تەنگژەکە[١].

٣- قۆناغی پێگەیشتن: لەڕاستیدا زۆرکەم ڕوودەدات، کە تەنگژە بگاتە ئەم قۆناغە، بەڵام هەندێکجار بەهۆی نەزانی و خۆبەزلزانی و ستەمکاری بڕیاربەدەستان لەسەر بڕیارەکانیان و بەپیرۆزکردنی شارەزایی زانینیان بەرامبەر بەخەڵکانی تر وادەکات، کە نەتوانن کۆتایی بە تەنگژەکە بهێنن و لە ڕێگەی دامەزراوەکان و پرۆژەیەکی ڕێکوپێکەوە کار بۆ لەناوبردنی بکەن[٢].

دوای زانینی گرنگترین ئەو قۆناغانەی دیاردەی تەنگژەی پێداتێپەڕدەبێت، لێرەوە پێویستە ئاخاوتن لە گرنگترین و سەرەکیترین ڕێگاکانی بەرەوڕوبونەوەی تەنگژەکان بکرێت، کە ئەمانەی خوارەوەن[٣]:-

١ – هەستکردن بە ئەگەری ڕوودانی تەنگژە: دەرکەوتنی نیشانەکانی تەنگژەکان پلەبەپلەیە، بەڵام کارێکی قورسە بۆ بەرپرسان و بڕیاربەدەستان، کە جیاوازی لەنێوان نیشانە ڕاست و دروستەکان لەگەڵ نیشانە ڕووکەشەکان بکەن، بێئاگایی و گرنگی نەدان بەم نیشانانە دەبێتەهۆی ڕوودانی تەنگژە.

٢ – خۆ ئامادەکاری و ڕووبەڕووبوونەوەی تەنگژە: لەم قۆناغەدا دۆزینەوەی خاڵە لاوازەکانی دەوڵەت و دەزگاکانی هاوکات دانانی پلان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی دەرهاویشتە خراپەکان و چارەسەرکردنیان، ئامادەکاری هەموو ئەو ئامرازانەی، کە ڕێگری لە بڵاوبوونەوەی تەنگژە دەکەن، لە بەشە جیاجیاکانی دەوڵەتدا، بەپێویستدەزانرێت و دەبێتە ئەرکی لەپێشەوەییان.

٣ – قۆناغی چارەسەرکردن: ئەم قۆناغە گرنگترین و هەستیارترین قۆناغی بەڕێوەبردنی تەنگژەیە، دەبێت زۆر وریایانە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، بەو مەرجەی لایەنی پەیوەندیدار ئیرادەیەکی ڕاستەقینەی هەبێت بۆ چارەسەرکردنی و بەپلانێکی تۆکمەوە هەوڵی چارەسەرکردنی بدات، هەروەها دەبێت زۆر بەئاگابێت لەوەی هەنگاوی چارەسەرکردنەکە پەل نەهاوێت بۆ کێشەی ترو دروستبوونی تەنگژەی تر، واتە ئاگاداری ئەوەبن کە تەنگژە بە تەنگژە چارەسەر نەکرێت چونکە ئەوکات لەبری یەك تەنگژە دوو تەنگژە دروستدەبێت[٤].

٤ – قۆناغی دوای چارەسەرکردن: ئەم قۆناغە بریتییە لە هەوڵی سڕینەوەی شوێنەوارەکانی یان لێکەوتەکانی تەنگژە، دووبارە بنیادنانەوەی ئەو لایەنانەی کە تێکیشکاندوون، هەروەها کۆنتڕۆڵی بارودۆخەکە بۆئەوەی تەنگژەکە دووبارە نەبێتەوە، جگەلەوەی دەبێت سوود لە تەنگژەکە وەربگیرێت و چۆنێتی

---

١ ) د.طاهر حسن، اتخاذ القرار و ادارة الأزمات، كلية ادارة الأعمال/ جامعة سورية الخاصة،٢٠١٩، ص١٠.
٢ ) غسان قاسم داود اللامي و خالد عبدالله ابراهيم العيساوي، سەرچاوەی پێشوو، لا٣٣-٣٤.
٣ ) فۆاد يوسف عبدالرحمن الجبوري و أخرون، سەرچاوەی پێشوو، لا٨٣.
٤ ) ئەرشەد تەحسین، کۆمەڵگە(قەیران و ئیدارەدانی)، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ/سلێمانی، ژمارە٧١٥١، ٢٠١٦/١٢/٢٤.

بەرەوڕووەوەستانەوەی لەداهاتوودا، هەروەها چەند هەنگاوێك بنرێت بۆئەوەی ڕێگە لە دووبارەبوونەوەی بگیرێت، جگەلەمانە پێویستە ئامادەکاری بکرێت بۆ ئەو کاتو حاڵەتەی، کە مەترسی لەسەر کیانەکە دروستدەبێت، بەجۆرێك بڕیاری دروست لەکاتی گونجاودا بدرێت، هەروەها چوارچێوەیەك بۆ کێشەکان دابنرێت بۆئەوەی نەگاتە قۆناغی دروستبوونی تەنگژە[١].

بەمشێوەیەو لە ئەنجامی ئەوەی لەسەرەوە توێژینەوەی لێکراوە، دەتوانین بڵێین هیچ کۆمەڵگایەك خاڵی نییە لە تەنگژە، یان هیچ کۆمەڵگایەك نییە ڕووبەڕووی تەنگژە نەبێتەوە، بەڵام گرنگ ئەوەیە، کە بڕیاربەدەستانی دەوڵەت چۆن و بەچی میکانیزمێك ڕووبەڕووی تەنگژەکان دەبنەوە، هەروەها لەوەش گرنگتر چارەسەری تەنگژە بە تەنگژە نەکرێت، لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵی لەناوبردنی ئاسەوارەکانی پاش ڕوودانی تەنگژە بدرێت، کە بێگومان دوای هەموو تەنگژەیەك دوای چارەسەربوونی کۆمەڵێك ئاسەواری نەرێنی بەجێدەهێڵێت، دەبێت دروستکەرانی بڕیار ئەمەش لەبەرچاو بگرن، لەبەرئەوە بەرەوڕووبوونەوەی تەنگژە کارێکی سەخت و دژوارە و سەلیقەو لێهاتوویەکی باشی دەوێت.

لە ئەنجامی ئەوەی کەلەم بەشەدا توێژینەوەی لێکراوە دەردەکەوێت، تەنگژەکان جۆراو جۆرن و بەپێی کات و سەردەم و بەپێی سیستەمە فەرمانڕەواییەکان گۆڕانیان بەسەردا دێت، هەروەها دۆخ ومەرجی دروستبوونی هیچ تەنگژەیەك لەیەك ناچێت، دەبێت خۆپاراستن و ڕێگریکردن لە دروستبوونی تەنگژەکان کاری لەپێشینەی هەموو سیستەمێکی ڕامیاریی بێت، چونکە ئاسەواری گەورەی لەسەر توانا و کاربەڕێکردنی کاربەدەستان و دەزگاکانی هەموو سیستەمێکی ڕامیاریی دەبێت، جگەلەوەی بۆ ڕووبەڕووبونەوەی هەموو تەنگژەیەك دەبێت تواناو وزەیەکی یەکجار زۆرتەرخان بکرێت لە پێناوی چارەسەرکردنیاندا، کە ئەمەش چەندین لایەنی جیاواز لەخۆدەگرێت.

ئەوەی لە دەروازەی تیۆریدا توێژینەوەی لە بارەوەکرا، ئەو چەمکە گرنگ و پڕبایەخانەبوون، کە کاریگەری گەورەیان لەسەر تێگەیشتنی خوێنەر دەبێت، بۆئەوەی لەکۆی ئەو بابەتەی، کە لەژێر ناونیشانی (سیستەم و سیستەمی بەڕێوەبردن و تەنگژە)دا خۆی دەبینێتەوە بەتایبەتی لەسەردەمی دەوڵەتی هاوچەرخدا، ئەم چەمکانە زیاتر بەرگوێ دەکەون و بوونیان هەیە، هەربۆیە توێژینەوەکردن لەم لایەنەوە بایەخی لەوەدایە کە ئاشنایەتی بەم چەمکانە ڕێگەدوورەکە نزیکدەکاتەوە، واتە چۆن و بە چی ڕێگایەك سیستەمی بەڕێوەبردن لەڕێگەی بەش و پێکهاتە و پەیوەندی نێوان ئەم بەشەپێکهێنەرانەوە بتوانێت ڕێگری لە دروستبوونی تەنگژەکانی بکاتەوە، هاوکات بتوانێت تەنگژەکانی سەردەمی نوێ و هاوچەرخ بە میکانیزمی نوێ و هاوچەرخ چارەسەربکات، هەروەها لەبەرئەوەی هەژموونی سیستەمی فەرمانڕەوایش بەسەر کۆی سیستەمەکانی ترەوە لە لوتکەدایە، بۆیە دەکرێت سیستەمە فەرمانڕەواییەکان بەهێزتر بکرێن لەپێناوی

[١] ) د.احمد حسين حسن الجرجري و نور علي عبود العبيدي، اثر القيادة التحويلية في ادارة الأزمات، مجلة تكريت للعلوم الأدارية والأقتصادية، جامعة تكريت/كلية الأدارية والأقتصادية ، المجلد ١٦، العدد(خاص)ج١، ٢٠٢٠، ص٥٢٨-٥٢٩.

تۆکمەکردن و بەهێزکردنی کۆی سیستەمەکانی تری کۆمەڵگە بەتایبەتی چەسپاندنی میکانیزمەکانی سیستەمی دیموکراسی هاوکارێکی باشی دەوڵەت دەبێت لە باشتر بەڕێوەچوونی کاروبارەکانی وڵات و بەشداری هاووڵاتیان لە کۆی کاروباری وڵات، سووکترکردنی باری سەرشانی دەوڵەت وەك سەرچاوەی یەکەم و کۆتایی لەبەرپرسیارێتییەکاندا، لێرەوە دیموکراسی دەبێتە ئەو میکانیزمەی کە تەنگژەکان کەمتر دەکاتەوە و ڕێگەچارەی بنەبڕکردنیشیان سادەو ئاسانتردەکات، هەروەها گرنگی بەشداری هاووڵاتیانیش بۆ سیستەمی فەرمانڕەوایی و سیستەمی بەڕێوەبردنیش زیاتر دەکات، لە کاتێکدا لە سیستەمە دیکتاتۆرییەکاندا، بەشداری هاووڵاتیان لە چوارچێوەیەکدا قەتیس دەکرێت، لەبەرامبەر دەستەبژێرێکی دیاریکراوی خاوەن دەسەڵاتی ڕەهادا.

## بەشی دووەم: پێکهاتنی هەرێمی کوردستان و دامەزراوەکانی فەرمانڕەوایی تیایدا

دامەزراندنی هەر قەوارەیەکی رامیاریی لەسەر بنەمای پرنسیپگەلێك و دامەزراوەگەلێك دروست دەبێت، کە ژێرخانی ئەو قەوارەیە پێکدێنن، ئەم سەرەتایەش گرنگی تایبەتی خۆی هەیە، هەربۆیە لە زۆرێك لەکۆمەڵگە رامیارییەکاندا کاتێك، کە گۆڕانکارییەك ڕوودەدات و دروستبوونی قەوارەی نوێی لێدەکەوێتەوە، ئەوا یەکێك لە هەنگاوە گرنگەکانی بریتیە لە دامەزراندنی دامەزراوە گرنگەکانی سیستەمی فەرمانڕەوایی و، لەوێوە کایەی فەرمانڕەواییەتی دەستپێدەکات.

لەگەڵ ئەوەی زۆرێك لەو قەوارە نوێیە ئاماژە بۆکراوانەی سەرەوە بۆ ماوەیەك بە قۆناغێکی سەخت و دژواردا تێپەڕیون، بەڵام هەوڵ و ماندووبوونی زۆریان چەشتووە، تا ئەوەی گەیشتوونەتە بەدیهێنانی ئامانجە سەرەکیەکانیان، بەتایبەتیش ئامانجی دامەزراندنی سیستەمی فەرمانڕەوایی لە چوارچێوەی قەوارە رامیارییە نوێیەکەیاندا، دیارە ئەو پرۆسەیەش بە هەماهەنگی گەورەو ئەکتیڤانەی هەریەك لە جەمسەری دەستەبژێرو کەسانی سەرکردەی نێو بزاوتە رامیارییەکە و تاکەکانی کۆمەڵگەکە هاتۆتەسەرگرتن و بەدیهاتووە، بەڵام ئەوەی کە لەم پرۆسەی بونیادنانەی قەوارەی رامیاریی و سیستەمە بنەڕەتیەکانییدا زیاتر ئەرك و ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت، ئەوانەی جەمسەری یەکەمن، کە زۆر لەخۆبووردوانە ئەم ڕۆڵەیان لە ئەستۆگرتووە، جا هەرکاتێکیش ئەمە ڕوویدابێت، ئەوا قەوارەکە، قەوارەیەکی تۆکمە وخاوەن دامەزراوەی سەرکەوتوو و بەتوانای لێکەوتۆتەوە، پێچەوانەی ئەوەش ڕاستە.

لەسەرئەوەی سەرەوە و پەیوەست بە دروستبوونی هەرێمی کوردستان لە هەلومەرجێکی تایبەت و لە ساتەوەختێکی ئاڵۆزی ناوخۆیی و دەرەکیدا، کە دەوڵەتی عێراق لە دوای جەنگێکی قورس و شکستێکی قورسی سەربازیی و دواجار ڕاپەڕینی خەڵکی ناوچەکانی باشووری عێراق و زۆربەی شاروشارۆچکە کوردییەکان، ئیتر توانای ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو جەنگ و ڕاپەڕینانەی نەماو ڕووی لە لاوازیکرد، لێرەوە خەڵکی کوردستان بە هاوکاری پارت و هێزە رامیارییەکانی ناو بەرەی کوردستانی و دەرەوەی ئەو بەرەیەش، پێکەوە توانیان ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی ١٩٩١ ئەنجامبدەن و ئەو ناوچانەیی کە ئێستا لە سنووری هەرێمی کوردستاندایە ڕزگاربکەن و بیخەنەژێر چەتری حوکمڕانیی خۆبەڕێوەبردنی خۆماڵیەوە. سەبارەت بەوەی سەرەوە و، لەمیانەی ئەم سێ تویژراوە سەرەکییەی خوارەوە تویژینەوە لەو پرسانە دەکرێت:

توێژراوەی یەکەم: دروستبوونی هەرێمی کوردستان و دەستپێکی دامەزراندنی سیستەمی فەرمانڕەوایی

توێژراوەی دووەم: پەرەسەندنەکانی سیستەمی فەرمانڕەوایی لە هەرێمی کوردستان

توێژراوەی سێیەم: دارشتەبوونی سیستەمی بەڕێوەبردنی هەرێمی کوردستان وەك سیستەمێکی سەرەکی

## تویژراوەی یەکەم: دروستبوونی هەرێمی کوردستان و دەستپێکی دامەزراندنی سیستەمی فەرمانڕەوایی

سەرەتای پرۆسەی دامەزراندنی هەموو سیستەمێکی فەرمانڕەوایی کارێکی قورس و ئاڵۆزە و ئەوەش لەبەشێکی سەرەکییدا دەگەڕێتەوە بۆ زۆربوونی پێویستییەکانی و لەهەمانکاتیشدا فرەڕەهەندبوونیان، هەروەها پێویستی بە ڕەخساندنی هەلومەرج و بارودۆخێکی لەبارە تاوەکو سیستەمەکە تیایدا دەرسکێ و لەسەر پێیخۆی دەوەستێت، هەرێمی کوردستانیش وەك قەوارەیەکی ڕامیاریی نوێ لە مێژووی هاوچەرخی کوردییدا، بەهەمان ئەو پرۆسە ئاڵۆزو دژوارەی دامەزراندن و بەرهەڵدابووندا ڕۆیشتووە، ئەوە بەزانینی ئەوەی لەماوەی یەك سەدەی ڕابردووی پێشیدا، کوردان لە باشوور و خۆرهەڵات و هەروەها ڕۆژئاوای کوردستانیش، ئەزموونێکی لەو شێوەیەیان بەخۆوەبینیوە، بەڵام ئەم ئەزموونە لەسەردەمێکی جیاواز و لەهەلومەرجێکی جیاوازدا هاتوتە ئاراو دروستبوونەوە، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ بوونی جیاوازی تاڕادەیەك سەرەکی و گەورە لەنێوان ئەم ئەزموونەو ئەزموونەکانی پێشیی (بەتایبەتیش کۆماری کوردستان لە خۆرهەڵاتی کوردستان لە دوای کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانی)، هەر لە باری سروشتی گۆڕانکاری و پەرەسەندنە نێوخۆییەکانی، بزاوتی ڕامیاریی کوردیی، هەم لە باری سروشت و مۆرکی ئەو گۆڕانکاری و پەرەسەندنانە، بەتایبەتیش لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و تاڕادەیەکیش لەسەر ئاستی هەرێمیی، ( کە لە ڕووخانی ڕژێمێکی داگیرکەری کوردستاندا، بۆ یەکەمجار لە مێژووی هاوچەرخی کورداندا خۆی دەبینێتەوە، واتە ڕژێمی بەعس لە عێراقدا )، لەسەرئەوە و لەبەر گرنگی ئەو پەرەسەندن و گۆڕانکارییە نێوخۆییانەی، کە هاودەمی دەرکەوتن و دامەزراندنی قەوارەی ڕامیاریی هەرێمی کوردستان و دەسەڵاتە خودییەکەین، تویژینەوە لەم پرسە لە میانەی ئەم تویژینچانەی خوارەوە بەپێویستدەزانرێت:-

تویژینچەی یەکەم: هۆکارەکانی دروستبوونی هەرێمی کوردستان و بونیادنانی دامەزراوەکانی فەرمانڕەوایی

تویژینچەی دووەم: بنەماکانی بونیادنانی دامەزراوەی بەڕێوەبردن لە هەرێمی کوردستاندا

## تویژینچەی یەكەم: هۆكارەكانی دروستبوونی هەرێمی كوردستان و بونیادنانی دامەزراوەكانی فەرمانڕەوایی

ڕووداوەكانی جەنگی دووەمی كەنداو دوای داگیركردنی وڵاتی كوەیت لەلایەن عێراقەوە لە ١٩٩٠/٨/٢دا، ئەو دەرەنجامانەی كە لێیان كەوتەوە، بە تایبەتیش هاتنی هێزێكی هاوپەیمانی نێودەوڵەتیی بەسەركردایەتی وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا و بەریتانیا بۆ ناوچەكەو سەركردایەتیكردنیان بۆ ڕزگاركردنی كوەیت و وەدەرنانی سوپای عێراق لەو وڵاتە، بەشێوەیەكی كەمەرشكێن و كارەساتبار، زەمینەی سەرهەڵدانی ڕاپەڕینی خەڵكی باشوری عێراق و ناوچە كوردییەكانیان لەو كاتەدا خۆشكرد، بۆ یەكەمجاربوو لەدوای ڕووخانی ڕژێمی پاشایەتییەوە لەعێراقدا ڕاپەڕینی لەوجۆرە لە دژی ڕژێمی حوكم بكرێت، بەمشێوەیە و پەیوەند بە باشووری كوردستان، ئەو ڕاپەڕینەی بەهاری ١٩٩١، كۆمەڵێك لێكەوتەو گۆڕانكاری گرنگ و پڕبایەخی بۆ بزاوتی ڕامیاریی كوردیی بەگشتی و تێكۆشانی خەڵكی كورد لەمبەشەی كوردستاندا بە تایبەتی هێنایەئاراو چێبوونەوە، كە لە هەموویان گرنگترو جەوهەریتر سەرهەڵدانی پێكهاتەیەكی ڕامیاریی نوێ بەناوی هەرێمی كوردستان و دامەزراندنی سیستەمی فەرمانڕەواییە تیایدا.

سەرەتاش تویژینەوە لە پرسی دەركەوتن و هاتنەئارای هەرێمی كوردستان، ئەوە دەخوازێت گرنگترین و سەرەكیترین ئەو هۆكارانە دیاریبكرێن، كە لەپشت ئەو پرۆسەی دەركەوتن و هاتنەئارایەوەن، بۆ ئەوەش ئاماژە بەو ڕاستییە دەدەین، كە "داگیركردنی كوێت لەلایەن لەشكری (سەدام حوسێن)ەوە، بووەهۆی ئەوەی، بۆ جارێكی تر كێشەی كورد بكەوێتە بەردەم كۆمەڵی نێودەوڵەتیی و ببێت بە یەكێك لە كێشە سەرەكییەكانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هەروەها بووە هۆی وەرچەرخانێكی مێژوویی لە ڕەوتی ئەم كێشەیەدا، كە ئەو ناوەندە نێودەوڵەتییانە هەڵوێستیان دەربارەی مەسەلەی كورد لە عێراق وەرگرت، ئەوەش تەنها لە ئەنجامی ڕەفتاری دیكتاتۆرێكی بێبەزەیی و قڕكەری كوردەكان، ئەو دیوارە بێدەنگەی كە دەیان ساڵ بوو داوا ڕەواكانی گەلی كوردی شاردبووەوە شەقی بردو درزی تێكەوت"[1].

هەرلەم چوارچێوەیەدا پێویستە ئەوەش بوترێت، كە داگیركردنی كوەیت لەلایەن سوپای دەوڵەتی عێراقەوە لە ١٩٩٠/٨/٢ ــ١٩٩١/٢/٢٨و ئەوجەنگەی كە بەدوای خۆیدا هێنای لە ڕزگاركردنی ئەو وڵاتە كۆمەڵێك ئەنجام و لێكەوتەی گرنگ و پڕبایەخی لێكەوتەوە، بەمشێوەیە، ئەو هەڕەشانەی ڕژێمی بەعس لە عێراق بۆ سەر ناوچەكە، بووەهۆی ئەوەی عێراق ڕووبەڕوی زنجیرەیەك سزای نێودەوڵەتی ببێتەوە، ئەمەش وایكرد، ئەنجومەنی ئاسایش دەستكراوە بكات لە بەكارهێنانی هەموو ئالییەتێكی پێویست بۆ كشانەوەی سوپای عێراق لە كوێت، بەڵام بەهۆی ملنەدان و گوێنەگرتنی عێراق بۆ داواكانی ئەنجومەنی ئاسایش بۆ كشانەوەی هێزەكانی لە كوێت، عێراق ڕووبەڕووی جەنگێكی قورس بووەوە و گەورەترین زیان لە سوپای عێراق كەوت و

---

[1]) د.جاسم توفیق خۆشناو، مەسەلەی كورد و یاسای نێودەوڵەتان، بڵاوكراوەی سەنتەری لێكۆڵینەوەی ستراتیجی كوردستان، سلێمانی، ٢٠٠٢، ل٣٢.

به ناچاری پاشماوەی هێزەکانی لە کوێت کشانەوە[1] ئەمەش هۆکارێك بوو بۆئەوەی دەوڵەتی عێراقی هێزەکەی ئەو شکۆیەی پێشووی نەمێنێت کە هەیبوو.

لێرەوەو لە گەرمەی ئەو ڕوداوانەداو پاشماوەیەکی کورت، حکومەتی عێراقی هەوڵی کۆنتڕۆڵکردنەوەی ناوچە ڕزگارکراوەکانی کوردستانی دایەوە، ئەوەبوو کە "بە چاوپۆشینی هێزە خۆرئاواییەکان بەتایبەتی (ئەمریکا)، ڕژێمی بەعس هێرشێکی توندی کردەسەر ملیۆنەها خەڵکی مەدەنی کورد و عەرەب، لە کۆتایی مانگی ئازاری ١٩٩١سوپای بەغدا بەرەو کوردستان کشا، هێزی ئاسمانیش بەشێوەیەکی هەڕەمەکی دەستی بەبۆردوومان کردو خەڵکی مەدەنی تۆقاند، هێزەکانی پاسەوانی کۆماریش دەستیان بەکوشتن و بڕینی خەڵك کرد، بەرەی کوردستانیش لە بەرامبەر بێدەنگی کۆمەڵی نێودەوڵەتی هیچی بۆنەکرا، ئەزموونێکی ئەوتۆی نەبوو بۆ ئیدارەو فەرمانڕەوایی ناوچەیەکی پان و بەرین و خەڵکێکی ئاوەها زۆر، بۆیە بڕیاریدا بەرگری نەکات، هەرچی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانیش بوو زۆر باش دڕندەیی ڕژێمیان دەناسی، لەبەرئەوە هەوڵی خۆدەربازکردنیاندا و ڕوویانکردە شاخە سەربەفرەکان و لەسنووری تورکیاو ئێران و سوریا پەڕینەوە، دیمەنی ئەو کۆڕەوە تراژیدییە گەیشتەسەر شاشەکانی دونیا"[2].

بۆیە لێکەوتەکانی هێرشەکانی حکومەتی عێراقی و کۆڕەوی ملیۆنیی خەڵکی کوردستان، بووە هۆی ئەوەی کە لە "ئەنجامدا قۆناغێکی نوێی لەبزاوتی ڕامیاریی کوردیی هێنایە کایەوە، زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ دەرەنجامەکانی ئەو کۆڕەوەی کە بۆسەر سنورەکانی ئێران و تورکیا ڕوویدا، ئەوەبوو تورکیا ڕایگەیاند کە ناتوانێت ئەو هەموو پەنابەرە وەربگرێت و داوای لە ئەنجوومەنی ئاسایش کرد بێتە دەنگ، لەو باردۆخە مرۆییەی کە دروستببوو، بۆیە ئەنجومەنی ئاسایش ناچاربوو بێتەدەنگ، داوای لە حکومەتی عێراقی کرد، کە مافی مرۆڤ پێشێلنەکات و سنورەکان ئاواڵابکات بۆ گەیاندنی یارمەتییە مرۆییەکان، لەلایەن ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانەوە"[3].

لەمپێوەندەداو لە پەیوەست بە "کۆڕەوی ملیۆنیی کوردان و مردنی هەزاران مناڵ و ژن و بەتەمەن، لە ئەنجامی ئەو کۆڕەوەدا، هەروەها لە ئەنجامی برسێتی و سەرما و هیلاکی، کە ئەمەش لە کەناڵە ئاسمانیەکانی هەموو دنیا بەچاوی خۆیان ئەیانبینی، بووە هۆی دروستبوونی ڕای گشتی جیهانی، لە پێشی هەموویانەوە فەڕەنسا و تورکیا، کە دژی ئەم کۆچە بەکۆمەڵە بوون، هەروەها مامەڵەکردنی حکومەتی عێراقی و لەگەڵیشیدا ببووە مەترسی بۆ ئاسایشی نێودەوڵەتی، بۆیە داوا لە ئەنجومەنی ئاسایش کرا کە هەڵوێست وەربگرێت"[4].

---

[1] ) نسرين أحمد عبدالله الجاف، التجربة البرلمانية في أقليم كردستان العراق(١٩٩١-١٩٩٨)، رسالة ماجستير، كلية العلوم السياسية/جامعة بغداد، ٢٠٠٥، ص٧٢-٧٣.

[2] ) د.جاسم تۆفیق خۆشناو، سەرچاوەی پێشوو، لا٣٧.

[3] ) زێندین مولود خدر، کاریگەری فاکتەری نەوت لەسەر ئایندەی سیاسی هەرێمی کوردستان-عێراق، ماستەرنامە، کۆلێژی یاسا و زانستە سیاسیەکان/ زانکۆی صەلاحەددین، هەولێر، ٢٠١٥، لا ١٨-١٩.

[4] )د.شۆڕش حسن عمر، خصائص النظام الدولي، المركز العربي للنشر والتوزيع/ مصر، ٢٠١٦، لا١٠٣.

سەرەنجام ئەو هەلومەرجە نوێیەی کە ئەو کۆڕەوە هێنایە ئاراوە بووەهۆی ئەوەی کاریگەرییەکی گەورە لەسەر ڕای گشتی جیهانیی دروستبکات، لەسەرئاستی خەڵك و بەشێوەیەکی ڕەسمی "سۆزی گەلانی بەلای گەلی کوردا جوڵاند، هەروەها بووە هۆی وەرگرتنی هەڵوێست لەسەر مەسەلەی کورد لەعێراق، ئەمەش بە شکاندنی ئەو پێوەندەی کە دەوری مەسەلەی کوردیدابوو شکایەوە، کە دەوترا مەسەلەی کورد بابەتێکی ناوخۆییەو پەیوەندی بەدەرەوە نییە، هەروەها ئاسۆیەکی فراوانی بەڕووی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورددا کردەوە، کە لەڕێگەی شاشەکانی تەلەفیزۆن و ڕۆژنامەو گۆڤارە جیهانییەکانەوە مەرگەساتی کورد لەلایەن هەموو دنیاوە دەبینراو دەنگدانەوەیەکی گەورەی لێکەوتبووەوە "[١].

سەبارەت بەم پرسە پێویستە بوترێت، کە"(بڕیاری ٦٨٨)*ی ئەنجومەنی ئاسایش گۆڕانکارییەکی گەورە و دیاری لە یاسای نێودەوڵەتاندا دروستکرد، بەجۆرێك ئەو پرەنسیپەی شکاند کە نابێت دەستبخرێتە ناو کاروباری وڵاتانەوە، بڕیارەکە ئەو بیرەی سەپاند کە لەکاتێکدا ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی لە مەترسیدا بێت، ماف دەدا بە ئەنجومەنی ئاسایش و دەستێوەردان دەبێتە کارێکی ڕەوا بۆ سەقامگیری و ئاشتی و پاراستنی گەلان لە تاوان و چەوساندنەوە، ئەگەرچی بڕیارەکە باس لە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ دەکات لە سەرانسەری عێراقدا، بەڵام سێ جار ناوی کوردی تێداهاتووە، کە بەر تاوان و هێرشەکانی ڕژێمی عێراق کەوتووە، هەربۆیەش ئەو بڕیارە دەستێوەردانی لە کاروباری ناوخۆی عێراقی جێگیرکرد و ڕێگەی خۆشکرد کە جەماوەری کوردستان بە خەباتی خۆیان هەوڵی بەدەستهێنانی مافەکانیان بدەن"[٢]. هەروەها لەژێر کاریگەری بڕیاری ٦٨٨و دیاریکردنی هێڵی(٣٦)**دا، پارت و هێزە ڕامیارییە کوردییەکان هەلومەرجێکی لەباریان بۆڕەخسا تاوەکو بتوانن کیانێکی ئارام و دوورلەترس دروستبکەن.

سەرەڕای بڕیاری ئاماژە بۆکراو، کە حکومەتی عێراقی ناچارکرد هێزەکانی لە کوردستان بکشێنێتەوە، هاوکات پێویستە بوترێت بۆ گەرەنتیکردنی دووبارە نەبوونەوەی هێرشەکان سوپای عێراقی" بەغدا ناچاربوو بە داخوازییەکانی هاوپەیمانان ڕازی بێت، ئەویش ئەوەبوو، کە هێزە ئاسمانییەکانی عێراق نابێت لەودیوی هێڵی پانی (٣٦)ەوە، هیچ کارێك ئەنجامبدەن، ئەو ناوچە کوردییەی، کە هاتووچۆی تێدا قەدەغەبوو و لەلایەن باڵەفرە شەڕکەرەکانی هاوپەیمانانەوە چاودێری دەکرا، ئەمەش بووە هۆی بەرقەراربوونی ئارامی لەناوچەکانی کوردستان[٣].

---

[١] )د.فاضل الزهاوي، حرب الخليج وانتفاضة كردستان العراق، مطبعة روون/السليمانية، ٢٠٠٤، ص١٥٧.
* بڕیاری ٦٨٨ لە ٣و٤ی نیسانی ١٩٩١ لەلایەن ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتیەوە دەرچوو، وەك ئەرکی لەپاراستنی ئاسایشی وڵاتان و بۆ ڕەوینەوەی ئەو دڵەڕاوکێیەی لە داپڵۆسین و ئەشکەنجەدانی خەڵکی سڤیل لە ناوچە جیاجیاکانی عێراق دروستببوو و، کوردیش بەشێك بوو لەوە و، ئاوارەی ناوچە سنوورییەکان ببون. (د.فاضل الزهاوي، سەرچاوەی پێشوو، لا١٦١).
[٢] ) د.مارف عومەر گوڵ، پێوەندی مەسەلەی کورد بەیاسای نێودەوڵەتانەوە، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٢، لا١١٦-١١٧.
**هێڵی(٣٦)بە ناوچەی دژەفڕینی ئارام ناسرا بۆکوردستان، لەپێناو پاراستنی هەرێمی کوردستان لەهێرشی حکومەتی بەعس.
[٣] ) ئۆفرا بینگیۆ، کوردی عێراق بنیادنانی دەوڵەتێك لەناودەوڵەتدا، و/ سۆران مستەفا کوردی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس/ هەولێر، ٢٠١٣، لا٣١٢.

لە ئەنجامی ئەو ڕوودانەی ڕوویانداو دوای کشانەوەی دامودەزگا کارگێڕییەکانی حکومەتی عێراقی لە٢٣/١٠/١٩٩١ و لە پارێزگاکانی (سلێمانی –هەولێر -دهۆك)دەسەڵاتێکی دیفاکتۆی خۆیی هاتووەو دروستبووە، سەبارەت بەوەش ئاماژە بەوە دەدرێت "ئەو پرۆسەی کشانەوەیە فرسەتێکی ڕەخساند بۆ دروستکردنی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان-عێراق"[١]. ئەمەش بە چەند هەنگاوێك ئەنجامدرا لەسەرەتادا (بەرەی کوردستانی)*"هەوڵیدا ئەو بۆشاییە کارگێڕییە پڕبکاتەوە، کە حکومەتی عێراقی هێنابویە ئاراوە و دروستیکردبوو، ئەویش بە دامەزراندی دەسەڵاتێکی نیشتمانی، لێرەشەوە ئەو (بەرە)یە بڕیاریدا هەڵبژاردنی پەرلەمانیی لە ئایاری ١٩٩٢ ئەنجامبدرێت و دەزگا یاساییەکان ڕێکبخات، تا هەڵبژاردنی پەرلەمان لەو ماوەیەی، کە هەیە بەرەی کوردستانیی ڕۆڵی دەسەڵاتی جێبەجێکردنیش لە ڕێگەی دەزگاکانییەوە دەبینێت، سەرچاوەی دارایشی تەنها گومرگ بوو، چونکە ڕێگەی وشکانی نێوان عێراق-تورکیا و بەشێکی عێراق-ئێرانیش بەتەواوی کەوتبووە ناوچەی دەسەڵاتی ڕزگارکراوی هەرێمی کوردستانەوە"[٢].

لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوەش بدرێت، کە بەرەی کوردستانی بە مەبەستی بەدیهێنانی ئەو ئامانجانەی سەرەوە "یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان دەرکرد بە ژمارە(١) لە ٨/٤/١٩٩٢ بەرەی کوردستانی، کە تایبەتە بە هەڵبژاردنی پەرلەمان، ئەمەش خاڵی دەستپێکی دروستبوونی دەستەیەکی نوێنەرایەتی و حکومەتی ناوچەیی بوو کە پێشتر ڕەوایەتی شۆڕشگێری و ئێستاش ڕەوایەتی یاسایی هەیە، بەپشت بەستن بە ئالیەتە دیموکراسیەکان، بۆ ئەم مەبەستە بەرەی کوردستانی لیژنەیەکی تایبەتی دروستکرد کە پرۆژە یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان-عێراقی ئامادەکات، ئەم لیژنەیەش کاری ڕێکخستن و ئیدارەدانی هەڵبژاردنەکان و چاودێری کردنێتی، بۆئەوەی هیچ مەترسییەك لەسەر کاری هەڵبژاردنەکان و ئەنجامەکانی دروست نەبێت"[٣] و پرۆسەکە بەڕێکوپێکی بەئەنجامبگەیەنرێت، لەو پێناوەدا بۆ ئەو مەبەستە بەرەی کوردستانی و لیژنەکە "پرۆژەیەکیان ئامادەکرد، کە پێکهاتبوو لە یاسای هەڵبژاردنی(ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان)، لەلایەن سەرکردایەتی بەرەوە پەسەندکرا، هەروەها بڕیاردرا کە سەرۆك بۆ هەرێمی کوردستان هەڵبژێرێت، بەڵام دەسەڵاتەکانی دیاری نەکران، کوردستان بۆ چوار ناوچەی هەڵبژاردن دابەشکران، کە بریتی بوون لە (پارێزگای هەولێر، دهۆك، سلێمانی و کەرکوك)، هەریەکە لەمانە دابەشی چەند بنکەیەکی

---

[١] ) فاضل الزهاوي، سەرچاوەی پێشوو، لا٢٢٣.

*بەرەی کوردستانی: سەرەتای دروستبوونی دەگەڕایەوە بۆ ساڵی ١٩٨٨، کە پێکهاتبوو لە حیزبی سۆسیالیستی کوردی(پاسۆك)، پارتی دیموکراتی کوردستان/عێراق، یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، حیزبی شیوعی عێراقی/هەرێمی کوردستان، پارتی گەلی دیموکراسی، پارتی سۆسیالیستی کوردستانی، ئەم بەرەیە بەشداربوون لە ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ لەگەڵ جەماوەری خەڵکی کوردستان.بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە(محمد صابر كريم، التعددية السياسية وأثرها على السلطة التشريعية في أقليم كوردستان/العراق، منشورات أكاديمية التوعية وتأهيل الكوادر، السليمانية،٢٠١٢، ص١٨١-١٨٢).

[٢] )هەمان سەرچاوە، لا١٨٢.

[٣] ) أيوب محمد طيب محمدصالح، تقويم أداء برلمان كوردستان- العراق(٢٠٠٥-٢٠١٣)، أطروحة دكتوراه مقدمة الى كلية العلوم السياسية-جامعة السلمانية، ٢٠١٩، ص٥٩-٦٠.

دەنگدان کران، هەموو هاوڵاتیانی کوردستان لە ١٨ساڵ بەسەرەوە بەشدار دەبن، نێرو مێ، بەبێ جیاوازی مافی دەنگدانیان هەیە، بەڵام لەبەر چەند هۆیەکی تەکنیکی ڕۆژی هەڵبژاردنەکە دواخرا بۆ ١٩٩٢/٥/١٩"[١].

لێرەدا پێویستە ئاماژە بە ئەنجامی گرتنەبەری ئەوهەنگاوانە بدرێت، کە "ئەنجامەکەی بریتی بوو لە ئەنجامدانی یەکەم هەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستان، کە لە ١٩٩٢/٥/١٩بەڕێوەچوو، یەکەم دانیشتنی پەرلەمان لە٤ی حوزەیرانی ١٩٩٢ بە ئامادەبوونی (جلال تاڵەبانی و مسعود بارزانی) بەڕێوەچوو، هەروەها یەکەم پەرلەمانی کوردیی لە هەرێمی کوردستان سوێندی یاسایی خوارد کەلە دوو حیزبی سەرەکی پارتی و یەکێتی پێکهات و (جەوهەر نامق سالم)، بووبە سەرۆکی پەرلەمان، سەرەنجام متمانە بە یەکەم حکومەتی هەرێمی کوردستان بە سەرۆکایەتی (د.فؤاد معصوم) بەخشرا"[٢] لێرەوە یەکەم هەنگاوی پرۆسەی خۆبەڕێوەبردن دەستی پێکرد.

لێرەوەو لەسەرئەوەی لەسەرەوە توێژینەوەی لەبارەوەکرا دەتوانرێت بوترێت، کە کۆمەڵێك فاکتەری ناوخۆیی عێراق و ناوچەکە و جیهان بوونە هۆکاری دروستبوونی قەوارەی هەرێمی کوردستان، گەلی کوردیش خۆشبەختانە ئەم هەلەی لەدەستنەداوەو قۆستیەوە بۆ دروستکردنی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان، سەرەتا بۆ ڕاییکردنی کاروبارەکانی ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستان، کە پێکهاتبوو لە پارێزگاکانی هەولێر و دهۆك و سلێمانی و بەشێك لە پارێزگای کەرکوك، بەرەی کوردستانی بەحوکمی ڕەوایەتی شۆڕشگێڕی پێیهەڵدەستاو ئەنجامی دەداو پاشانیش لەدوای دروستبوونی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەوا بەڕێوەبردنی ئەو کاروبارانە لەناوچە ڕزگارکراوەکانی باشووری کوردستاندا دەزگاو دامەزراوەکانی ئەو سیستەمە فەرمانڕەوایی کە هاتە دروستبوون، پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەو ئەرکەیان گرتە ئەستۆی خۆیان.

---

[١]) د.جاسم تۆفیق خۆشناو، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٢-٤٣.
[٢]) زێندین مولود خدر، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠.

## تویژینچەی دووەم: بنەماكانی بونیادنانی دامەزراوەی بەڕێوەبردن لە هەرێمی كوردستاندا

سیستەمی بەڕێوەبردن یەكێكە لە گرنگترین سیستەمەكان لە هەردەوڵەتێكدا، ئەوەش لەوێوە كە سیستەمی بەڕێوەبردن بەپێی جۆری سیستەمی ڕامیاریی و لە چوارچێوەی دەستووری هەموو وڵاتێكدا بەڕوونی ئاماژەی بۆدەكرێت، هاوكات سیستەمی بەڕێوەبردن ئامرازێكە بۆبەهێزكردن یاخود لاوازكردنی هەموو دەوڵەتێك و، دەبێتەهۆی چۆنێتی بەشداریكردنی هاووڵاتیان لە كایە كارگێڕییەكان و بەڕیوەبردنی كۆی كارەكانی دەوڵەت، جا لەسەر هەربنەماو پرنسیپێك ڕاوەستابێت، ئەوا ڕاستەوخۆ كار دەكات لەسەر ڕاییكردنی كارەكان و بەشداری كارەكتەرەكان لە كاری بەڕێوەبردندا.

لەپەیوەند بە پرسی بنەماكانی بونیادنانی سیستەمی بەڕێوەبردن لە هەرێمی كوردستاندا پێویستە ئاماژە بەوە بدرێت كە "بەپێی (یاسای نێودەوڵەتییەكان)* بزاوتە ڕزگاریخوازییەكانی(شۆڕش – ڕاپەڕین)، بەرپرسیارێتیان هەیە بەرامبەر ئەوهاووڵاتیانەی، كە دەكەونەژێر دەسەڵاتیانەوە و بەپێی ئەم یاسایانەش پشگیرییان لێدەكرێت، هەر بۆیە بەرەی كوردستانی ڕووبەڕووی بەرپرسیارەتییەكی نێودەوڵەتیی بووەوە بۆ ئیدارەكردنی ئەو شوێنانەی كە دەكەوتنە ژێردەسەڵاتیەوە و، لەبەرئەوەی دەوڵەتی عێراقی تا ساڵی ٢٠٠٤، دەوڵەتێكی یەكگرتوو(ناوەندیی)بوو، و یاسا و دەسەڵات تیایدا یەكگرتوو بوو، لە هەرێمی كوردستانیش هەمان حاڵەت بەڕێوەچوو و پیادەكرا لە بەڕێوەبردنی كاروبارەكانی كارگێڕییەكاندا"[١].

هەر لەم چوارچێوەیەدا دەبێت ئاماژە بەوە بدرێت لە "هەرێمی كوردستان سیستەمی بەڕێوەبردن بە پەپێی مۆدێلی عێراقی درێژەپێدرا، بەتایبەتی دوای دروستبوونی حاڵەتی دوو ئیدارەیی، دوو حیزبی دەسەڵاتدار(پدك و ینك)، لە دوو ناوچەی جوگرافی لێكدابڕاو سەربەخۆ و جیاواز لەیەكتری ئەم هەرێمەدا سیستەمی مۆنۆپۆڵی(قۆرخكاری) دەسەڵاتیان بە هەمان مۆدێلی عێراقی كۆن دامەزراند، دەسەڵاتەكان لە لوتكەی دەسەڵاتدارێتیدا كۆكرابۆوە"[٢].

سەبارەت بە مامەڵەكردن لەگەڵ یەكەخۆجێییەكان لە هەرێمی كوردستان، كەبەپێی ئەوبنەمایانە مامەڵەیان لەگەڵ دەكرا، كە پێشتر ئاماژەیان پێكرا، "هەرێمی كوردستان پێش دەستووری ساڵی ٢٠٠٥، بەپێی دەستووری عێراقی ساڵی ١٩٧٠ كاریكردووە "مامەڵەكردن لەگەڵ پارێزگا و

---

*بەبڕیاری ژمارە(٢٦٢٥)ی كۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەكگرتووەكان لە١٩٧٠/١٠/٢٤، كە ناوی یاساكە(پەیوەندی دۆستانەیە-(FRD)(Friendly Relations-Declaration، ئەم بڕیارە ڕێگری دەكات لە هەر دەوڵەتێك كە توندوتیژی بكاتەسەر هەر نەتەوەیەك كە بیەوێت داوای مافی چارەی خۆنوسین(سەربەخۆیی) بكات و، هەركاتێكیش ئەم توندوتیژییە كرایە سەر هەر نەتەوەیەك، ئەوا دەتوانێت داوای پشتیوانی نێودەوڵەتی بكات، ئەم بەڵگەنامەیە دەرگای جیابوونەوە و سەربەخۆیی بەڕووی گەلان و كەمینەكاندا كردەوە، هەروەها جەختیكردەوە كە ئەم مافە پێچەوانە نیە لەگەڵ ئامانجەكانی نەتەوە یەكگرتووەكاندا.بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە(د.پشتیوان علي عبدالقادر و د.عبدالغفور كریم علي، القانون الدولي العام، مطبعة شهاب/ أربیل، ٢٠٠٨، ص١٦٣-١٦٤)

[١] )د.شێرزاد نەجار، چاوپێكەوتن(ئیمەیل)، ٢٠٢١/٤/١، هەولێر.

[٢] ) د.دلاوەر عەبدولعەزیز عەلائەدین، سەرۆكی ئینستیوتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ توێژینەوەی میری، چاوپێكەوتن(ئیمەیل)، ١١ی مارس ٢٠٢١، هەولێر.

ئەنجوومەنەکانیدا بەپێی یاسای پارێزگاکانی ژمارە (١٥٩)ی ساڵی ١٩٦٩)*ی هەموارکراوی عێراقی پەیرەکردووە، کە لە زۆربەی پایەکانی ناناوەندیی بەڕێوەبردن (اللامرکزیة الأداریة) بێبەشن، بەوەی دان بە هەڵبژاردنی سەرۆکی یەکە کارگێڕییەکان (پارێزگا و قایمقام و بەڕێوەبەری ناحیەکان)نانێت، بەڵکو لەلایەن دەسەڵاتی ناوەندییەوە دادەمەزرێن، زۆربەی دەسەڵاتە خۆجێییەکانیشیان پێسپێراوە، بۆیە دۆخی چڕکردنەوەی بەڕێوەبردن لەژێر سایەی سیستەمی ناوەندا زاڵە بەسەر ئەو یاسا ئاماژە بۆکراوەدا"[1]. لێرەدا خاڵێکی گرنگ هەیە، کە جێی لەسەروەستانە و بریتیە لەوەی سیستەمی بەڕێوەبردن لە عێراق و هەرێمی کوردستانیش بەشێوازی سەردەمییانە گەشەی نەکردووە، بەجۆرێك، کە تیایدا کەمترین بایەخ دەدرێت بەمەسەلەی کوالیتی لە کاربەجێگەیاندن و بەرهەمهێنان و پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان، لە جیاتی ئەوەی هاووڵاتیان بەخاوەنی دامەزراوەکان و بەشدارە هەرە گرنگەکەی سیستەم بزانرێت، کەچی پۆستەهەڵگرە لوتکەییەکان بەخاوەنی سیستەم دادەنرێن و فەرمانبەران وەك لەشکری کارپێکردن دەبینرێن و هاووڵاتیانیش وەك نیمچە سودمەندێکی مشەخۆر سەیر دەکرێن، دەگمەنن ئەو دامودەزگایانەی ئەولەویەتی هەرە لوتکە بەڕاوبۆچوون و فیدباکی هاووڵاتیان دەدەن و بەسەرچاوەی داهات و بژێوی ژیانی فەرمانبەرەکانیان دەبینن، هەر ئەمەشە وایکردووە سیستەمی بەڕێوەبردنەکەی وەکو خۆی هێشتۆتەوە و هیچ بەرەوپێشچوونێکی بەخۆوە نەبینیوە[2]ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ یەکبوونی ئەوبنەمایانەی، کە بەرجەستەبوون لە هەردوو سیستەمی بەڕێوەبردنی هەرێمی کوردستان و عێراقیشدا. هەروەها پێویستە ئەوەش بوترێت، کە "سەرەڕای ئەوەی هەرێمی کوردستان لە ساتەوەختی دروستبوونیدا ئاماژەی بە ڕاگەیاندنی سیستەمی فیدراڵیداوە لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا، لە ٤ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٩٢و بەپێی بڕیاری پەرلەمانی کوردستان ژمارە(٢٢)ی ساڵی ١٩٩٢، کە ئەمەش ئاماژەیە بە بوونی سیستەمێکی ناناوەندیی، بەڵام بەردەوام بوو لەسەر سیستەمی ناناوەندێتی کارگێڕیی لاواز، کە لە سیستەمی بەڕێوەبردنی حکومەتی عێراقی پێشووەوە وەریگرتبوو، ئەمە تا پاش ڕووخاندنی دەوڵەتی عێراق(٢٠٠٣) و (یاسای خۆبەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە)*

---

*سەرەڕای ئەوەی کە، یاسای ژمارە ١٥٩ی ساڵی ١٩٦٩ ئاماژەیە بە ناناوەندێتی لە بەڕێوەبردندا بۆ کاروباری پارێزگاکان، بەڵام لە ماددەی یەکەمدا هاتووە: پارێزگار نوێنەری دەسەڵاتی ناوەندییە لە پارێزگاکە و، خۆی سەرۆکێتی، دادەمەزرێت و دەگوازرێتەوە بە فەرمانی(بڕیاری کۆماری)، پشت بەست بە پێشنیاری وەزیر و ڕەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران، بەڵکو بەهەڵبژاردن دیلری ناکرێت لەلایەن ئەنجومەنی پارێزگاوە، کە لەیاسای پارێزگا و لەسیستەمی ناناوەندیدا کاری پێدەکرێت. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە

(کاظم حسن الربیعي، المحافظات غیر المنتظمة قي أقلیم بین المرکزیة و اللامرکزیة، مجلة کلیة مدینة العلم الجامعة، العراق، مجلد٢، العدد٢، ٢٠١١، ص٤، تأریخ الزیارة٢٠٢١/٥/١٥، رابط ب: https://bit.ly/3vVA9Q8 .

[1] ) بڕوانە، د.ئەمین فەرەج شەریف، حوکمڕانێتی باش لە هەرێمی کوردستاندا، و/لقمان حاجی قادر، چاپخانەی هێڤی، هەولێر، ٢٠١٩، ل٢٩٤.

[2] ) دلاوەر عەبدولعەزیز عەلائەددین، دەوڵەتسازی نەخشە ڕێگایەك بۆ سەروەرکردنی یاسا و بەدامەزراوەییکردن لە هەرێمی کوردستان، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٨، ل١١٨.

*لەماددەی (٥٢)دا هاتووە کە پێکهاتەی سیستەمی فیدراڵی لە عێراقدا دادەمەزرێت بەشێوەیەك ڕێبگرێ لە چڕکردنەوەی دەسەڵات لە حکومەتی فیدراڵیدا، هەروەها ئەم سیستەمە هانی و پەیڕەوکردن و بەهرەمەندبوونی دەسەڵاتە ناوچەییەکان دەکات لەلایەن بەرپرسە خۆجێییەکانەوە، هەروەها باس لەبەشداری ڕاستەقینەی هاووڵاتیان دەکات لە کاروباری بەڕێوەبردندا.(قانون الإدارة الدولة العراقیه للمرحلة الإنتقالیة لعام ٢٠٠٣، بەرواری سەردانیکردن/٢٠٢١/١٢/٨، رابط ب: https://bit.ly/3HobDKe/.

*بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ماددەکانی(٥٢و٥٣) یاسای خۆبەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە، بڕوانە پاشکۆی ژمارە(٢)، ل١٧٢.

و نووسینەوەی دەستووری هەمیشەیی عێراق لە ساڵی٢٠٠٥، کە دەستوور گۆڕا بۆ دەستوورێکی دیموکراسی و دەوڵەتەکەش بوو بە دەوڵەتێکی فیدراڵی"[١] ئەمەش دەرفەتێکی ترو ڕێگەخۆشکەر بوو بۆ گۆڕانکاری لە سیستەمی بەڕێوەبردنەکەیدا. بەمشێوەیە شێوازی ناناوەندێتی لاوازو ناپێگەییو(غير متكامل) لە بەڕێوەبردنی دامەزراوەکانی سیستەمی بەڕێوەبردندا لەعێراقی فیدراڵیدا، کۆتایی بەشێوازی ناناوەندێتی لاواز و ناکامڵ هێناو ئەوەش لە ڕووی دەستوورییەوە لەدەقی ماددەی (١١٦)ی دەستووری ساڵی (٢٠٠٥)ەوە باسی لێوەکراوە و تیایداهاتووە، کە "سیستەمی فیدراڵی لە کۆماری عێراقدا پێکهاتووە لە پایتەخت و هەرێمەکان و پارێزگارە ناناوەندیەکان و ئیدارە خۆجێییەکان، ئەم دەقە ئاماژەیەکی ڕوونە بۆ ئەو پارێزگایانەی کە خواستی ناناوەندیی بەڕێوەبردنییان هەیە و لەهەرێمێکدا ڕێکنەخراون"[٢].

بەڵام سەبارەت بە سیستەمی ناناوەندیی بەڕێوەبردن، بە تایبەتی لە بەشی دووەمدا بەناونیشانی (ئەو پارێزگایانەی کە لە چوارچێوەی هەرێمێکدا ڕێکنەخراون)، پاڵپشت بە ماددەی ١٢٢و بڕگەی یەکەم" پارێزگا لە ژمارەیەك قەزاو ناحیەو گوند پێکهاتووە، دووەم ئەو پارێزگایانەی سەربەهیچ هەرێمێك نین، دەسەڵاتێکی بەڕێوەبردن و دارایی فراوانیان پێدەدرێت، بەجۆرێك کە بتوانن کاروباری خۆیان بەڕێوەبەرن بەگوێرەی بنەمای (ناناوەندیی بەڕێوەبردن)، ئەمەش بەیاسا ڕێکدەخرێت، سێیەم ئەوپارێزگایەی ئەنجومەنی پارێزگا هەڵدەبژێرێت، سەرۆکی ڕاپەڕاندنی باڵایە لە پارێزگادا بۆ پیادەکردنی ئەو دەسەڵاتانەی کە لەلایەن ئەنجومەنەوە پێی بەخشراوە، لە بڕگەی پێنجەمدا ئەنجومەنی پارێزگا ناکەوێتە ژێرڕکێف و چاودێری هیچ وەزارەت یان لایەنێکەوە، کە پەیوەست نەبێت بە وەزارەتێکەوەو داراییەکی سەربەخۆی خۆی هەیە"[٣].

هەروەها دەکرێت ئاماژە بەوەش بکرێت، کە "لە پاش ئەو گۆڕانکارییە گەورەیەی لە سیستەمی ڕامیاریی عێراقدا دروستبوو، ڕاستەوخۆ ڕەنگدانەوەی لەسەر سیستەمی بەڕێوەبردنیش هەبوو، هەروەها لە هەرێمی کوردستانیش دابەشکارییە کارگێڕییەکان لەسەر بنچینەی ناناوەندیی بەڕێوەبردن داڕێژرایەوە و ئەمەش بەپێی (یاسای ژمارە(٣)ی ساڵی ٢٠٠٩ی پارێزگاکان)* کە لەپەرلەمانی کوردستان و لەماددەی دووەمدا هاتووەو دەڵێت، "ئەم یاسایە دەسەڵات و بەرپرسیەتی ئەنجومەنەکان و سەرۆکەکانیان و ئەندامەکانی دەستنیشان دەکات بۆ پتەوکردنی پرەنسیپی ناناوەندێتی لە دابەشکردنی دەسەڵاتەکان و چاککردنی گەیاندنی خزمەتگوزاری گشتی بۆ هاووڵاتیان و پاراستنی مافەکان و بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵگاو پەرەپێدانی یەکە کارگێڕییەکان لە هەرێمدا".[٤]

---

[١] ) د.مصطفى رسول حسين، زانکۆی سلێمانی/کۆلێژی یاسا، چاوپێکەوتن، ٢٠٢١/٣/٩ ، سلێمانی.
[٢] ) د.فواد عەلی، لامەرکەزییەتی کارگێڕی و دارایی لە سیستەمی حوکمڕانی عێراقدا، گۆڤاری جۆرناڵ، ژ٤٨، ئایاری٢٠٢٠، ل٨٧-٨٨.

[٣] ) دەستوری کۆماری عێراق٢٠٠٥، ل٧٠.
*یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩، یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان-عێراق و، یاسای ژمارە(٤)ی ساڵی ٢٠٠٩ یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنەکانی پارێزگاکان و قەزاو ناحیەکان لە هەرێمی کوردستان-عێراق(سایتی پەرلەمانی کوردستان، یاساکانی ساڵی٢٠٠٩، لەسەر ئەم لینکە بەردەستە https://bit.ly/3EFmspr/ ).
[٤] ) د. مصطفى رسول حسين، سەرچاوەی پێشوو.

هەربۆیە لەدوای کەوتنە بواری جێبەجێکردنی ئەو یاسایە، ئیتر بەشێوەیەکی یاسایی سیستەمی بەڕێوەبردن بەسیستەمێکی ناناوەندیی هەرێمی جێگیرکرا، ئەوەش لەبەر ڕۆشنایی برگەو ماددەکانی ئەو یاسایە، ئەوەتا لە ماددەی پێنجەمی یاساکەدا هاتووە، "ئەنجومەنی پارێزگا دەسەڵاتی چاودێریکارە لە چوارچێوەی سنووری بەڕێوەبردنی پارێزگاداو بۆی هەیە سیستەم و ڕێنمایی دەربکات پەیوەست بەکاروباری بەڕێوەبردنی دارایی لەپارێزگاکەدا، تاوەکو بتوانێت سەرپەرشتی کاروباری پارێزگاکە بکات بەگوێرەی پرەنسیپی ناناوەندیی بەڕێوەبردن"[١].

سەرەڕای ئەو ڕووداو و گۆڕانکارییانەی، کە لەسەرەوە ئاماژەی بۆکرا، بەتایبەت پەیوەست بە یاسای پارێزگاکانی ساڵی ٢٠٠٩، بەڵام لەڕووی کردارییەوە" ئەم یاسایە نەچووە بواری جێبەجێکردنەوە تا ساڵی ٢٠١٤و دەستپێکی خولی هەڵبژاردن بۆ پارێزگاکان"[٢]. لەبەرئەوە "ئەوەی کێشەی بۆ سیستەمی بەڕێوەبردنی هەرێم دروستکردووە نەبوونی زەمینەسازییە، کە ئەم زەمینەسازییەش پێویستی بە بنچینەیەکی دەستوورییە، کە هەرێمی کوردستان ئەم بنچینە دەستوورییەی نییە، چونکە دەستوور زامنی ئەوە دەکات کە کارگێڕیی گشتی(حکومەت) نەتوانێت بە ئاسانی تایبەتمەندییەکان و پێکهاتەی کارگێڕیی ئەنجومەنە خۆجێییەکان هەموار بکات"[٣]. ئەمە جگە لەوەی، کە "پرسی ناناوەندیی لەهەرێمی کوردستان، پرسێکی ڕامیارییە، کە بەهۆی ململانێ و ناکۆکی لەسەر دەسەڵاتی ڕامیاریی و ئابووری بە درێژایی سی ساڵی ڕابردوو لە نێوان(پدك و ینك) بوونی هەیە"[٤].

لەسەرئەوەی سەرەوە دەردەکەوێت ئەوەیە، کە ئەو سیستەمی بەڕێوەبردنەی، کە لە ماوەی دامەزراندنی دامەزراوەکانی حوکم لە هەرێمی کوردستان تاوەکو دەرکردنی یاساکانی بەڕێوەبردنی عێراق لە ساڵی٢٠٠٤ کاری پێکراوە، بریتییە لەو سیستەمەی، کە لەسەردەمی رژێمی پێشووی عێراق(ڕژێمی بەعس) بوونی هەبووە و کارپێکراوە، ئەوەش بریتی بووە لە سیستەمی ناناوەندیی بەڕێوەبردنی لاواز، تیایدا و دەسەڵاتی ناوەند تاڕادەیەکی زۆر بڕیاردەری کۆتایی بووە لە کۆی پرسە گرنگەکاندا، بەڵام پاش ڕووخانی ڕژێمی پێشوو و چەسپاندنی سیستەمی فیدراڵی لە عێراق و کارکردن لەسەر چەسپاندنی سیستەمی ناناوەندیی بەڕێوەبردن بەپێی دەستووری ساڵی٢٠٠٥، سیستەمی بەڕێوەبردنی هەرێمی کوردستانیش هەرچەندە بەپێی یاسای پارێزگاکانی ئاماژە بۆکراو سیستەمی ناناوەندیی بەڕێوەبردنە، بەڵام لەسەر ئەرزی واقیع سیستەمەکە هەر سیستەمێکی ناوەندییە، پرنسیپەکانی ناوەندیی بەڕێوەبردنی پەیڕەو دەکرێت.

---

[١] )د.ئیسماعیل نەجمەدین، لامەرکەزییەتی کارگێری پارێزگاکانی هەرێم: پایەو ئاڵنگارییەکانی، گۆڤاری جورناڵ، ژ٤٨، ئایاری ٢٠٢٠، ل١٦.

[٢] )هۆگر ئیبراهیم حەکیم، ، سروشتی دیموکراتی لامەرکەزیەتی کارگێری، چاپخانەی ڕۆژهەڵات/ هەولێر، ٢٠١٧، ل١٨٣

[٣] ) د.مصطفی رسول حسین، سەرچاوەی پێشوو.

[٤] )د.هیوا مجید خلیل، پەیوەندی نێوان حوکمڕانی باش و سیستەمی لامەرکەزی(خوێندنەوەیەك بۆ دۆخی هەرێمی کوردستان)، گۆڤاری توێژەر/ زانکۆی سۆران، بەرگی٤، ژ١، بەهاری ٢٠٢١، ل٣٧٧.

## توێژراوەی دووەم: پەرەسەندنەکانی سیستەمی فەرمانڕەوایی لەهەرێمی کوردستان

پرسی گەشە و پەرەسەندنی هەر سیستەمێکی ڕامیاریی و لەناویشیدا هەر سیستەمێکی فەرمانڕەوایی بە یەکێك لە پرس و بابەتە گرنگ و زیندوەکانی ئەو سیستەمە دادەنرێت، دیارە هەر سیستەمێکی کۆمەڵایەتی لە شوێنی خۆیدا نامێنێتەوە، ئەوەش لەگەڵ تێپەڕبوونی کات و ئەو ماوە زەمەنییەی، کە لە دەرکەوتن و دامەزراندنییەوە بەسەریدەبات، ئاست و قەبارەی ئەو پەرەسەندن و گۆڕانکارییانە دیاریدەکات، بەڵام ئەوەی لێرەدا گرنگ و سەرەکی بێت، بریتییە لە زانین و دیاریکردنی جۆرو سروشتی ئەو پەرەسەندن و گۆڕانکارییانەی، کە بەسەر سیستەمێکی دیاریکراودا هاتووەو دێت، چونکە ئەم پرۆسەی زانین و دیاریکردنە یارمەتی زۆری زانایان و هزرمەندان و توێژەرانی زانستە کۆمەڵایەتیەکان بەگشتی و زانستی ڕامیاریی بەتایبەتی دەدات لە زانینی ئاست و بڕی پێشکەوتن و پەرەسەندنی ئەو ڕێسایانەی ئەو سیستەمەی کە جێگەی توێژینەوەیانە، ئەوەش بە ئامانجی دیاریکردنی هۆکارەکانی گەشەسەندن و پێشکەوتنی و هەروەها ئەو شێوازو میتۆدانەش کە ڕۆڵی سەرەکییان بینیوە لەو پرۆسەی پێشکەوتن و پەرەسەندنەیدا، بۆئەوەی کار لەسەر زیاتر ڕەخساندن و فەراهەمکردنی ئەو کەرەستەو توخمانە بکرێت، کە هۆکاری جەوهەریی ئەو پرۆسەی پێشکەوتن و پەرەسەندنەی سیستەمە ڕامیارییەکە بە گشتی و سیستەمی فەرمانڕەوایی تیایدا بەتایبەتی پێکدێنن.

لێرەوە زانینی ئاستی ئەو پەرەسەندن و گۆڕانکارییانەی، کە بەسەر سیستەمی فەرمانڕەوایی هەرێمی کوردستاندا هاتوون گرنگی و بایەخی زۆریان هەیە، بە تایبەتیش جۆر و سروشتی ئەو پەرەسەندنانە، چونکە لەوێوە، دەتوانرێت کەرەستەو توخمە سەرەکیەکانیان، بەتایبەت ئەگەر بە ئاراستەی پێشکەوتن و گەشەی سیستەمەکە و سیستەمە لقیەکاندا بێت، بزانرێت و دیاریبکرێت، لەسەرئەوە بە پێویستزانرا لە توێژراوەیەکی سەربەخۆدا توێژینەوە لەم پرسە بکرێت، ئەوەش لە میانەی ئەم سێ توێژینچەیەی خوارەوەدا:

توێژینچەی یەکەم: بوارەکانی دیاریکردنی پرۆسەی دامەزراندنی سیستەمی فەرمانڕەوایی هەرێمی کوردستان

توێژینچەی دووەم: ڕێڕەوگەی پرۆسەی ڕامیاریی هەرێم و کاریگەری لەسەر دامەزراوەکانی فەرمانڕەوایی

توێژینچەی سێیەم: ڕەنگدانەوەی تەنگژەکانی پرۆسەی ڕامیاریی هەرێمی کوردستان لەسەر سیستەمی فەرمانڕەوایی تیایدا

## تویژینچەی یەکەم: بوارەکانی دیاریکردنی پرۆسەی دامەزراندنی سیستەمی فەرمانڕەوایی هەرێمی کوردستان

هەموو سیستەمێکی فەرمانڕەوایی بە کۆمەڵێك خەسڵەت و بنەمای دیاریکراو دەناسرێتەوە، کە دەبنە یارمەتیدەر لە ناسینی مۆرك و سروشتی سیستەمەکە و پاشانیش زانینی هۆکارەکانی چەند کارکردنی ئەو سیستەمە لەسەر بنەما جەوهەرییەکەی پرۆسەی دامەزراندنی، کە لێرەدا بنەمای دیموکراسییەت لە گرنگترین ئەو بنەمایانەیە، لێرەوە دیاریکردنی ئەو بنەمایە لە پاڵ بنەمای ڕزگاریخوازی نیشتمانیی بۆ پرۆسەی بەرهەڵداکردنی سیستەمی فەرمانڕەوایی هەرێمی کوردستان، ئەو پرس و بابەتە گرنگە پێکدەهێنێت، کە پێویستە توێژینەوەی لەسەر بکرێت، بەتایبەتیش بنەمای دیموکراسییەت، چونکە زانینی واقیعی پەرەسەندنەکانی ئەم سیستەمە کارێکی قورس و دژواردەبێت بەبێ دیاریکردنی بنەما ڕامیارییە سەرەکییەکەی دامەزراندنی، کە ئەویش بنەمای دیموکراسییە.

توێژینەوەکردن لەسەر پرسی دیموکراسی وەك بنەمایەکی سەرەکیی بەرهەڵدابوونی سیستەمێکی ڕامیاریی، زۆر پێویست بە وەستان لەسەر ڕەگەزە سەرەکیەکانی ئەم بنەمایە دەکات، لەوانەش بە ڕەگەزی بەشداری ڕامیاریی (political participation)، دەستپێدەکەین، ئاماژە بەوە دەدەین، کە ئەم ڕەگەزە لەسەر چەند میکانیزمێکی سەرەکی وەستاوە ئەوانیش بریتین لە" دەنگدان و خۆپاڵاوتن و هەڵبژاردن، هەروەك دەزانرێت سەرەتا وڵاتە دیموکراسیەکانی ئەوروپا هاتونەتە دەرکەوتن، پارتە ڕامیارییەکانی ئەوێ لەلایەك دەستیان کرد بە دروستکردنی ئەم بونیادە لەخۆیاندا، بوونی ئۆپۆزسیۆنی ڕامیاریی، کە دیاردەیەکی ئاساییەو بەبێ جیاوازی ڕەوایەتی پێدرا لەلایەن ڕێکخراو و پارتە ڕامیارییەکانەوە، کارکردن بۆ دەستاودەستکردنی دەسەڵات لەسەر ئاستی سیستەم و پارتە ڕامیارییەکان و قبوڵکردنی ئەنجامەکان، کە دەبێتە هۆی لەدایکبوونی دیموکراسی بەتایبەت بەوەی، کە هەڵبژاردن و بەشداری ڕامیاریی بە شێوەیەکی فراوان دەبێتەهۆی ڕەوایەتی بۆ دەسەڵاتی ڕامیاریی"[١].

سەبارەت بەو پرسە دەتوانرێت بوترێت "بەشداریکردن بە واتای ئەوەدێت، کە بەبێ جیاوازی دەنگ و ڕەنگ دەرفەت بدرێت بە هەموو مرۆڤێکی پێشگەیشتوو و ژیر لە داڕشتن و دروستکردنی بڕیاری گشتی لە وڵاتدا، ئیتر ئەم بەشداریکردنە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆبێت یان ناڕاستەوخۆ، لەلایەن ئەو نوێنەرانەی، کە نوێنەرایەتی بەرژەوەندییەکانیان دەکەن و لەهەر بوارێکی ڕامیاریی و کۆمەڵایەتی و  ئابووری و کارگێڕیدا بێت، چونکە بەشداریکردن لەگەڵئەوەی مافە وەك هەموو مافەکانی تری مرۆڤ، لە هەمانکاتیشدا ئامرازێکی

١ ) د.وليد سالم محمد، مأسسة السلطة وبناء الدولة – الأمة، الأكاديميون للنشر والتوزيع، عمان- الأردن، ٢٠١٣، ص٤٦.

بەهێزی گەشەسەندنی بەردەوامی کۆمەڵگایە"[١]، لەبەرئەوەی سیستەمی فەرمانڕەوایی لە چەقبەستوویی و ڕاوەستان دەپارێزێت و هەمیشە بە تۆکمەیی دەیهێڵێتەوە.

لەمپێوەندەدا پێویستە ئەوەش بزانرێت کە"باشترین سیستەمی دیموکراسی ئەوەیە، کە زۆرترین کەس تیایدا بەشداربن لە ژیانی ڕامیاریدا، چونکە ئەمە دەبێتەهۆی باشتر بەڕێوەبردنی سیستەمی ڕامیاریی و هەڵبژاردنی باشترین سەرکردە، کۆمەڵگاش سودمەند دەبێت لە فراوانبوونی هەستی گرنگیدان بە کایەی ڕامیاریی لەلایەن خەڵکیەوە، بەشداری ڕامیاریی بنەمای سەرەکیی و ئەرێنییە لە دیموکراسیدا" [٢]. هەر سەبارەت بەو بابەتە، ئەوەی، کە "گومانی تێدانیە ئەوەیە لە وڵاتە دیموکراسیە خۆرئاواییەکاندا ڕەگەزی بەشداری ڕامیاریی هاتوتە بەجێهێنان و پیادەبوونەوە، دەستەبژێری ڕامیاریش دەبێت لە ڕێگەی پارتە ڕامیارییەکان یان دروستکردنی پارتی ڕامیاریی نوێ ڕێگە خۆش بکەن بۆ هاوولاتیان تاکو لەمافی بەشداری ڕامیاریی بەهرەمەند بن، چونکە ڕێگایەکە بۆ بەشداری تاکەکان لەدەسەڵاتدا"[٣].

لەسەر ئەو لایەنە تیۆرییانەی سەرەوە سەبارەت بە چەمکی بەشداری ڕامیاریی باسکران، دەرکەوتنی مێژووییانەو پراکتیزە بوونی، بۆ ئاخاوتن لەپرسی بەرهەڵدابوونی سیستەمی فەرمانڕەوایی هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی بنەما سەرەکییەکانی دروستبوونیدا، کە گرنگترینی ئەو بنەمایانەش دیموکراسییەتە، دێینەسەر توێژینەوە لە ڕەگەزی بەشداری ڕامیاریی لەم پرۆسەیەدا و سەرەتا ئەو ڕاستییە ئاماژە پێدەدرێت، کە "دەرفەتی بوونی بەشداری ڕامیاریی لە پرۆسەی ڕامیاریی بەهەموو شێوازەکانییەوە لەهەرێمی کوردستاندا دەبینرێت، چ لەلایەن دامەزراوە شەرعییەکانی (سەرۆکایەتی هەرێم، پەرلەمان، حکومەت)، بە پرۆژەو دایەلۆگ و کۆبوونەوە، یان لەلایەن دایەلۆگی پارتە ڕامیارییەکان، یاخود جموجوڵی جەماوەری جیاجیا (خۆپیشاندان، کۆبوونەوەی جەماوەری، چالاکییەکانی کۆمەڵگای مەدەنی، ڕۆڵی ڕاگەیاندنی بینراو بیستراو و خوێندراو و ئەلیکترۆنی، بە داواکاری و بەرنامەو سیناریۆو ئەجێندای ڕامیاریی)"[٤]. ئەم مافەش بەڕوونی لە"یاسای حزبەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق، ژمارە (١٧)ی ساڵی١٩٩٣ و لەماددەی دووەم و لەبڕگەی ١و٢ دا هاتووە، کە هەرهاووڵاتیەك لە هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستانی عێراق، تیایدا نیشتەجێ بێ و مەرجەکانی تێدا هەبن مافی بەشداریکردنی دامەزراندنی حزبی هەیە"[٥]،"هەر هاووڵاتیەك لە هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستانی عێراق یا هەر کەسێك کە نیشتەنی هەمیشەیی- الاقامة الدائمة- وڵاتی هەبێت هەژدە ساڵی

---

١) د.عابد خالد رسول و پێشڕەو علی محمدأمین، حوکمڕانی دروست دەروازەیەك بۆ چەمك و کارەکتەرو ئامرازەکانی، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، (B)، زانستە مرۆڤایەتیەکان، ژمارە٥٨، تشرینی یەکەم ٢٠١٨، ل١٢٨.

٢) د.أبراهيم أبراش، علم الأجتماع السياسی، دار الشروق للنشر والتوزيع،عمان، ١٩٩٨، ص٢٦٤.

٣) د.کمال المنوفی،أصول النظم السياسية المقارنة، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠٠.

٤) د.نەژدەت ئاکرەیی، هەرێمی کوردستان و چەند لایەنێکی ئاسایشی نەتەوەیی، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین/هەولێر، ٢٠١١، ل١١٤.

٥) مجموعة القوانين والقرارات الصادرة عن المجلس الوطني لكوردستان العراق، لفترة من ١٩٩٣/١/١ لغاية ١٩٩٦/١٢/٣١، المجلد الثاني،، ١٩٩٧، ص٢٢٧.

تەمەنی تەواو كردبێ و لێهاتوویی یاسایی هەبێ(أهلية القانونية) مافی چوونە ناو هەر حزبێك و لێ كشانەوەی بەپێی پەیڕەوە ناوخۆكەی هەیە".[١]

ئاخاوتنكردن لە پرسی بەشداری ڕامیاری ئاخاوتن لە پرسێكی گرنگی تر بە شوێنخۆیدا دەهێنێت كە ئەویش هەڵبژاردنە، ئەمەی دوایی لە ڕاستییدا یەك لە میكانیزمە گرنگەكانی ئەوەی یەكەم پێكدێنێت، واتە بەشداری ڕامیاریی، بۆ ئەوەش سەرەتا ئاماژە بەو ڕایەی (ڕۆبەرت.أ.داڵ)، دەدەین لەمبارەوە دەنوسێت" دەبێ هەر هاووڵاتیەك دەرفەتێكی هاوبەش و یەكسان بۆ دەنگدان هەبێ، هەروەها دەبێ هەموو دەنگەكان لەگەڵ یەك هاوتا بن، ئەگەر بڕیاربێت یەكسانی لەدەنگداندا ڕەچاوبكرێ، ئەوا ئەوكات ئاساییە، كە هەڵبژاردن دەبێ ئازادانە و دادپەروەرانە بێ، ئازاد بوون بەومانایەی كە هەموو هاووڵاتیەك بێ ترس و دڵە ڕاوكێ لە تۆڵە سەندنەوەی دوایی بچێتە سەر سندوقی دەنگدان، دادپەروەری بوونیش بەومانایەی، كە تەواوی دەنگەكان هاوتا بن"[٢].

گرنگی و بایەخی پرسی بنەمای دیموكراسییانەی هەر سیستەمێكی فەرمانڕەوایی لە میانەی دیاردەی هەڵبژاردنەكاندا زیاتر دەردەكەوێت و بەرجەستە دەبێت، ئەمەش ئەوەیە، كە هەریەك لە (دێڤید بێتهام و كوین بۆیڵ)، قسەی لەبارەوە دەكەن، كاتێك دەنوسن" هەڵبژاردنی یەك لەدوای یەك و بەردەوامی پلەوپایە دەوڵەتییەكان لە هەڵبژاردنێكی ئازادو پێشبڕكێئامێزدا، یەكەم ئامڕازی كۆنترۆڵكردن و چاودێریكردنی خەڵكیە لە سیستەمە دیموكراتیەكانداو، بەرپاكردنی هەڵبژاردن ئاماژەیە بەوەی كە دەسەڵاتی ڕامیاریی هەمیشە لە خەڵكیەوە سەرچاوەدەگرێت و بۆشیان دەپارێزێت، ئاماژەیە بەوەی كە ئەوە خەڵكە سیاسەتوانان دەبێ لە بەرامبەریاندا بەرپرسیاربن، تەنها لێسەندنەوەی پۆستێكی دەوڵەتی وەك دواهەمین چەك دەتوانێت ئەو دڵنیاییە بخاتەوە، كە هەڵبژێراوەكانی خەڵكی بەرپرسیارێتییان بەچاكی ئەنجامدەدەن و ڕەچاوی ڕێساكانی دەكەن، بەدەر لەم حاڵەتە گۆڕینی كادیرەكانی دەوڵەت و سیاسەتەكانی كارێكی حەتمی دەبێت"[٣]. هەربۆیە بەزانینی ئەوەی كە "كێبڕكێكاری و جێگرەوەكانی هەڵبژاردن واتای بوار ڕەخساندنە لە بەردەم كێبڕكێیەكی ڕاستەقینەی نێوان سەرجەم هێزە ڕامیارییەكاندا لەكاری ڕامیارییدا ئەوە بێ دوورخستنەوەی هیچ لایەنێك لەلایەنەكان، واتە نەبوونی هیچ كۆتوبەندێكی فەرمی و یاسایی ڕاستەقینەی پەیوەست بە كۆتكردنی ڕەگەزی كێبڕكێكاری و ئازادییەكان و ئەو مافە سەرەكییانەی گرێدراوی پرۆسەی هەڵبژاردنن، بەڕێوەچوونی خولی یەكەمی هەڵبژاردن لە هەرێمی كوردستان لە١٩ی ئایاری ١٩٩٢یەكەم دەلاقەی ڕاستەقینەی وەرچەرخانی

---

١ ) مجموعة القوانين والقرارات الصادرة عن المجلس الوطني لكوردستان العراق، لفترة من ١٩٩٣/١/١ لغاية ١٩٩٦/١٢/٣١، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٢٧

٢ )ڕۆبەرت داڵ، دەربارەی دیموكراسی، و/ ئامانج عەزیز كەندی، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، ٢٠٠٣، ل٥٧.

٣ ) دێڤید بێتهام و كوین بۆیڵ، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٩-٦٠.

ديموكراسی بەڕووی هەرێمدا كرايەوە، كە بنەمای ديموكراسی و بڵاوكردنەوەی هزر و بيروباوەڕەكانی ئەو سيستەمەی گرتۆتە ئەستۆ"[١].

هەر لە چوارچێوەی توێژينەوەكردن لەسەر پرسی بنەمای ديموكراسيیانە، پرسێكی گرنگ هەيە، كە گرێدراوی ئەو بنەمايەيە و بە يەكێك لە پێشمەرجە گرنگەكان دادەنرێت، ئەويش بريتييە لە چەمكی فرەيی راميارييی، سەبارەت بەلايەنی چەمكييانەی فرەيی راميارييی، ئەوا بريتييە لە"قبوڵكردنی بنەمای فرەيی راميارييی لەلايەن سيستەمی رامياريیەوە، كە لە شێوەی پارتی راميارييی و لە چوارچێوەی ئەو كۆتوبەندە دياريكراوانەدا پێويستە بۆ ئاڵوگۆڕی دەسەڵات و مومارەسەكردنی ئەركە دياريكراوەكانيان لە سيستەمی ديموكراتی فرەييدا، پەيڕەو دەكرێت، هەروەها فرەيی راميارييی نوێيە لە دەركەتن و بەكارهێناندا و گرێدراوی ديموكراسی ڕۆژئاوايە و چوارچێوەيەكی فراوانی هەيە، كە بريتييە لە دانپێدانان بە بوونی جۆراوجۆری لە كۆمەڵگەدا بە بوون و جووڵەی چەند بازنەيەكی لايەنگيری لە چوارچێوەی يەك ناسنامەدا، ڕێزگرتنی ئەم فرەييەو قبوڵكردنيشی پەيوەستە بەبوونی جياوازی و ڕاجيايی لە زمان و بيروبۆچوون و بەرژەوەندی و شێوازی ژيانكردن و گرنگيدان بەو بوارە" [٢]، ئەمەش خۆی لەخۆيدا مافێكی سروشتی خواكردە.

هەرپەيوەست بەم بابەتەو پێويستە ئاخاوتن لەوەش بكرێت، كە دياردەی "فرەيی تەنها بريتی نييە لە فرەيی پارتەكان و كۆمەڵەكان بەڵكو گرنگترين شت هەڵسانی ئەم پارتانەيە بە دەورو كاريگەرييان لە ڕێكخستنی دەسەڵاتەكانی جێبەجێكردن و ياسادانان و كاركردن تياياندا، هەروەها فرەيی پارتايەتی يەكێكە لە پێويستييە بنەڕەتييەكانی گەشەكردنی ديموكراسی، بەو پێيەش ديموكراسی ڕاستەقينە لەسەر فرەيی راميارييی و ئايدۆلۆژی ڕادەوەستێت، كردنەوەی دەرفەت و بوار بۆ ململانێی ئاشتيیانە لەنێوان پارتە جياوازەكاندا، ژينگەی ديموكراسی ڕاستەقينە ڕێگە خۆشكەرە لەبەردەم پارتەكاندا كە ئەركەكانيان بەشێوەيەكی تەواو و ڕێكوپێك جێبەجێبكەن، هەروەها فرەيی، تاك لايەنی و ديكتاتۆری ڕەددەكاتەوە، كە هەژموونی خۆی لەسەر تاك و كۆمەڵ زاڵدەكات"[٣].

هەر سەبارەت بە دياردەی فرەيی راميارييی لە هەرێمی كوردستاندا، ئەوا دەبێت ئەوە بوترێت، كە ئەم دياردەيە لە ميانەی بوونی چەندين پارت و هێزی رامياريیەوە پيادەو بەرجەستەيە و بۆئەوەش پەرلەمانی هەرێم هەرزوو لە دەستپێكی كارەكانيدا ئەم ديارديەی بە ياسا ڕێكخستووە، ئەويش "ياسای ژمارە(١٧)ی ساڵی ١٩٩٣" و لە ماددەی(٣)دا هاتووە " سەربەستی دامەزراندنی حزبەكان مسۆگەرەو هەر حيزبێك بۆی هەيە بە تەواوی و بە سەربەستييەوە چالاكی خۆی بنوێنێ و ئەم ياسايەش پارێزگاری لەو دەكا"[٤]، هەرلەبەر ڕۆشنايی ئەم ياسايەدا" دەرفەتی فرەپارتی و دەرفەتی ئەوەشيدا، كە هيچ كۆتوبەندێك لەسەر پارتە

---

[١] ) د.أمين فەرەج شەريف، هەمان پێشوو، ل١٣٧.
[٢] )محمد صابر كريم، أثر التعددية السياسية على السلطة التشريعية، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠-١١.
[٣] ) أبو زيد عادل القاضي، التعددية الحزبية و أنماط التحول الديمقراطي، المعهد المصري للدراسات، ٢٠١٨، ص١٣.
[٤] )مجموعة القوانين والقرارات الصادرة عن المجلس الوطني لكوردستان العراق، لفترة من١٩٩٣/١/١ لغاية ١٩٩٦/١٢/٣١، سەرچاوەی پێشوو، ل٩٤.

ڕامیارییەکان نییە، تەنها لەو بابەتانەدا نەبێت، کە پەیوەستن بە کاری چەکداریی و میلیشیات و کاری تیرۆری و شتی دی" و"نەخشەی پارتە ڕامیارییەکان لەهەرێمی کوردستان خۆی لە خانەی پارتی نیشتیمانی، دیموکراسی، نەتەوەیی" دا جێکردۆتەوە[١].

هەر لەچوارچێوەی شوێن و ڕۆڵی بنەمای دیموکراسی لە پرۆسەی دروستبوونی سیستەمی فەرمانڕەوایی هەرێمی کوردستاندا، ڕەگەزێکی گرنگی تری دیموکراسی، کە پێویست دەکات ئاخاوتنی لەسەر بکرێت، بریتییە لە ئازادیی ڕادەربڕین، ئەوەش لە هەرێمی کوردستاندا، لە چوارچێوەی یاسادا ڕێکخراوە، بەشێوەیەك کە"لە یاسای ڕۆژنامەگەری لە کوردستان ژمارە(٣٥)ی ساڵی ٢٠٠٧، بریتییە لە چواردە ماددە لەگەڵ هۆیە پێویستەکانی دەرکردنی ماددەی(١/چوارەم) پێناسەی ڕۆژنامەگەری دەکات بەو پێیەی ڕۆژنامەگەری لە کەناڵە جیاوازەکانی ڕاگەیاندندا، بڕگەی پێنجەم لەهەمان ماددە ئاماژە بە ڕۆژنامەنووس دەکات، کەوا هەرکەسێك لەبواری ڕۆژنامەگەریدا لە هەرکەناڵێکی ڕاگەیاندندا کاردەکات و بەپێی بڕگەی شەشەم لەهەمان ماددە، ڕۆژنامە بریتییە لەهەر چاپکراوێك، کە بەشێوەیەکی خولی و بەناوێکی دیاریکراو بەژمارە و ڕیزبەند و بە ڕێکوپێکی دەربچێ و دابەشبکرێت"[٢]، بەپێی ئەم یاسایە لە ماددەی(٢) ئاماژە بەوەدەکات کەوا" ڕۆژنامەگەری ئازادەو هیچ سانسۆرێکی لەسەر نییەو ئازادیی ڕادەربڕین و بڵاوکردنەوە بۆ هەموو هاووڵاتیان دەستەبەرە لەچوارچێوەی ڕێزگرتنی ماف و ئازادییە تایبەتەکانی تاکەکان و تایبەتمەندی ژیانیان بەپێی یاسا پابەندبوون بە ئیتیکی ڕۆژنامەگەری بەپێی بەڵێننامەی فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی ڕۆژنامەنووسان(ساڵی ١٩٥٤ هەمووارکراو)"[٣].

هەر لەم چوارچێوەیەداو سەبارەت بە پرسی ئازادیی ڕادەربڕین لەهەرێمی کوردستاندا، لەو پێناوەدا پەرلەمانی کوردستان بۆ ڕێکخستنی خۆپیشاندانەکان و دەسڕاگەیشتن بەزانیارییەکان، یاسای تایبەتی دەرچواندووە " دەرچوونی یاسای ڕێکخستنی خۆپیشاندان لە هەرێمی کوردستان، ژمارە(١١)ی ساڵی ٢٠١٠، کاریگەری هەیە بۆ مسۆگەربوون و گوزارشتکردنی گەل لە ڕای خۆی و پیشاندانی خواستی ڕەوای بەشێوەیەکی ئاشتییانە، هەروەها "دەرچوونی یاسای مافی گەیشتن بە زانیاری لە هەرێم ژمارە(١١)ی ساڵی ٢٠١٣، ئەمەش دەبێتەهۆی پتەوبوونی بنەمای شەفافییەت و بەشداری چالاکانە و دابینکردنی کەشێکی باشتر بۆ ئازادی ڕادەربڕین و بڵاوکردنەوە"[٤].

لێرەوە و لەسەرئەوەی سەرەوە توێژینەوەی لێکراوە دەگەینە ئەنجامگەلێکی بنچینەیی، لەوانەش لە هەموویان گرنگتر ئەوەیە، کە پرۆسەی ڕامیاریی بەگشتی و سیستەمی فەرمانڕەوایی بەتایبەتی لە هەرێمی

[١] )نەژدەت ئاکرەیی، سەرچاوەی پێشوو، لا٢٠.
[٢] ) هەمان سەرچاوە، لا١٥٤.
[٣] ) نقلا عن: د.يوسف محمد صادق،المتغيرات المؤثرة في الواقع السياسي لأقليم كردستان العراق، اطرحة مقدمة لكلية القانون والسياسة/جامعة السليمانية/ كلية العلوم السياسية، ٢٠١٤، ص٢٥.
[٤] )ئاشتی مجید پیرۆ، هەڵسەنگاندنی ئەزموونی دیموکراسی لەهەرێمی کوردستان-عێراق، نامەی ماستەر/ کۆلێژی یاساو زانستە سیاسیەکان/ زانکۆی سەلاحەددین/هەولێر، ٢٠١٦، لا٧٠.

کوردستان ئاڕادەیەك پشتگیرکراوە بەو بنەمایانەی، کە لە سیستەمە دیموکراسیەکاندا بوونیان هەیە، تاوەکو لەم ڕێگەیەوە فەرمانڕەواییەکی دروست و هەڵقوڵاو لە خواست و ئاواتەکانی خەڵکی هەرێمی کوردستان بێنێتەدی، ئەوەش لەو یاسایانەدا دیارو بەرجەستەیە، کە پەرلەمانی هەرێمی کوردستان هەر لەسەرەتای دروستبوونیەوە بەو پرس و ڕەگەزانەی بنەمای دیموکراسی ژیانی ڕامیاریی دەریکردوون، بەڵام ڕەوتی پەرەسەندنی ژیانی ڕامیاریی بەگشتی و دامەزراوەکانی سیستەمی فەرمانڕەوایی بە تایبەتی لە هەرێمی کوردستان لە بەرژەوەندی گەشەو پێشکەوتنی ئەرێنییانەی بنەمای دیموکراسی و ئەو ڕەگەز و پرەنسیپانەی ئەم بنەمایە نەبوون ئەوەش لە میانەی هەبوونی چەندین جۆر لە پێشێلکاریی و فەرامۆشکردنی ئەو ڕەگەزو پرەنسیپانەدا بەرجەستەو هەستپێکراوە.

## توێژینچەی دووەم: ڕێڕەوگەی پرۆسەی ڕامیاریی هەرێم و کاریگەری لەسەر دامەزراوەکانی فەرمانڕەوایی

پرۆسەی ڕامیاریی لە هەرێمی کوردستان لە ماوەی سەرهەڵدانییەوە، تا نووسینی ئەم توێژینەوەیە نزیك بە سێ دەیەی تەواوە تەنها لەیەك ڕێچکەو وێستگە درێژەی نەبووەو نەیهێناوەتە پێش، بەڵکو ڕێچکەو وێستگەی جیاجیای بەخۆوە بینیوە، کە بەپێی سروشتی گۆڕانکاری و پەرەسەندنەکانی خۆیانگرتووەو تایبەتمەندبوون، بەجۆرێك کە لە ڕێچکەیەکدا گۆڕانکاری و ڕووداوەکان لەبەرژەوەندی گەشە و پەرەسەندنی ئەرێنیانەیی بوون، لە هەندێك ڕێچکەو وێستگەشدا بەپێچەوانەوە لە بەرژەوەندی گەشە و پەرەسەندنی نەرێنیانەی بوون، لێرەوە و لەبەر گرنگی و بایەخی ئەم پرسە لەسەر دامەزراوەکانی سیستەمی فەرمانڕەوایی هەرێمی کوردستان، لەم توێژینچەیەدا توێژینەوە لەو بارەوە دەکرێت.

سەرەتای پرۆسەی ڕامیاریی لەهەرێمی کوردستاندا لە چوارچێوەی هەبوونی یان دامەزراندنی دامەزراوەکانی سیستەمی فەرمانڕەوایی بە هەڵبژاردنی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان دەستپێدەکات، هەروەك پێشتر توێژینەوەی لێکرا، بەمشێوەیە لە (یەکەم خولی پەرلەمان)*دا، کە "لە (١٩٩٢/٦/٤) گرێدراوە تیایدا چەندین یاسا و بڕیارو ڕێنمایی دەرکرد و لە ١٩٩٢/٧/٥ متمانەی بە کابینەی یەکەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان وەك یەکەم دامەزراوەی فەرمی لەدوای پەرلەمانەوە"[١]، هەروەها وەك یەکەمین هەنگاوەکانی دەستپێکردنی پرۆسەی ڕامیاریی و دامەزراوەیی لە هەرێمی کوردستان ئەژماردەکرێت، ئەم هەنگاوەش لەدایکبوونی یەکەمین دەسەڵاتی بەڕێوەبردنی لە هەرێمدا بە دواداهات، ئەوەش لەوێوە کە "یەکەمین کابینەی حکومەتی هەرێم بەڕێکەوتنی پارتی و یەکێتی لەسەر بنەمای نیوە بە نیوە بۆ هەردوو پارتەکە و دانانی چەند وەزارەتێك بۆ پارتەکانی دیکە پێکهات"[٢]، ئەوەش بووە هۆی ئەوەی، کە ئەم "ئەزموونە ببێتە ئاستەنگ لە

*بۆ زانیاری زیاتر لەسەر یاساکانی خولی یەکەمی پەرلەمانی کوردستان، بڕوانە پاشکۆی ژمارە(١)، لا١٧١.
[١] )د.ئاکۆ حەمەکەریم و ئەوانی تر، پرسە سیاسی و قەیرانە هاوچەرخەکان، چاپخانەی پیرەمێرد،/سلێمانی، ٢٠١٥، لا٣٠.
[٢] ) ئەکرەم ئیسماعیل فەقێ، سەرچاوەی پێشوو، لا٨١.

بەردەم دروستكردنی ئیدارەیەكی تۆكمەی یەكگرتوودا و وەزارەتەكان و فەرمانبەرانی بەسەرئەودوو پارتە سەرەكییەدا دابەشكردو بەوەش یەكەمین كابینەی حكومەتی هەرێم تارادەیەكی زۆر كەوتە ژێرهەژموونی پارتایەتی"[١] و دووركەوتنەوە لە كاری دامەزراوەیی.

بەمشێوەیەو "پاش ساڵێك لەسەردەمی زێڕینی ئازادی لە كوردستانی ڕزگاركراو، لەئەنجامی نەمانی تەبایی پتەوی چوارچێوەی بەرەی كوردستانی و ناكارایی پەرلەمان لەئاكامی نیوە بەنیوەییكردنی كورسی پەرلەمان و لەبەر سەرهەڵدانی دوو دەسەڵات لە نێو حكومەتی هەرێم و دەرچوونی بڕیارە ستراتیژییەكان لە دەرەوەی دامەزراوە هەڵبژێراوە یاساییەكان، لە سەركردایەتی هەردوو حیزبی گەورەوە باردۆخێكی ئاڵۆز كوردستانی ڕزگاركراوی داگرت و بووە هۆی خەستبوونی كێشە لەسەر دەسەڵات و سامان و پەنابردن بۆ توندوتیژی، لەبری كێبڕكێی ڕامیاریی و دیموكراسی و شێوازی دیالۆگی شارستانی و ئاشتییانە لە چوارچێوەی بەرژەوەندی گشتی نەتەوەییدا"[٢].

دوای ئەو هەنگاوانەی دامەزراندنی دامەزراوە سەرەكییەكانی سیستەمی فەرمانڕەوایی لە هەرێمی كوردستان، ئاڕاستەی ڕووداوەكان و ڕێڕەوگەی پرۆسەی ڕامیاریی تیایدا بە ئاقارێكی نەخوازراو كەوتەڕێكردن، ئەوەبوو سەرباری "هەبوونی كۆمەڵێك ناكۆكی بەڵام كابینەی دووەمی حكومەتی هەرێم لە ١٩٩٣/٤/٢٥ پێكهێنرا، كەتیایدا گۆڕانكاری تەنها لەسەر ئاستی كەسەكان بوو و بە بەراورد بە كابینەی یەكەم و گۆڕانكارییەكی ئەوتۆ ڕووینەدا، سەرەڕای ئەوەی حكومەتێكی هاوبەش دروستكرا، بەڵام دروستبوونی (شەڕی ناوخۆ)* ڕێگربوو لەبەردەم هەرپێشكەوتنێكی ڕامیاریی و یاسایی و ئابووری....هتد، لە هەرێمی كوردستاندا، ئەم شەڕەش تا كۆتاییەكانی ١٩٩٨ی خایاندو، هۆكاریش بوو بۆ جیاكردنەوەی كوردستان لەنێوان هەردوو زۆنی سەوز و زەردداو، (پارتی دیموكراتی كوردستان/پدك) لەماوەی نێوان ١٩٩٦/٩/٢٦تا٢٠٠٦/٥/٦ دوو كابینەی لەناوچەی زەردا و (یەكێتی نیشتیمانی كوردستان/ینك)یش بەهەمان شێوە لە كۆتاییەكانی ١٩٩٦تا ٢٠٠٦/٥/٦، لەناوچەی سەوز دوو حكومەتی دروستكرد"[٣] بۆ بەڕێوەبردنی كاروباری كارگێڕیی ناوچەكانی ژێر دەسەڵاتی خۆیان.هەر پەیوەست بە ئاكامەكانی شەڕی ناوخۆی هەرێمی كوردستان و خۆگرتنی ئەم شەڕە وەك هۆكارێكی كاریگەر لەسەر پرۆسەی ڕامیاریی هەرێمی كوردستان، گرنگە بوترێت، كە"هەرێمی كوردستان بۆ دوو هەرێمی كارگێڕیی جیاواز پەرەیسەند، كە پارتی پارێزگای دهۆك و، بەشێكی زۆری هەولێری خستبووە ژێردەستی خۆی و یەكێتیش پارێزگای سلێمانی و بەشێكی

[١] ) ئەكرەم ئیسماعیل فەقێ، سەرچاوەی پێشوو، لا٨١.
[٢] ) د.ئازاد عوسمان، چاكسازی سیاسی و ئابووری، چاپخانەی موكریانی/هەولێر، ٢٠١٣، لا٨٧.
* (شەڕی ناوخۆ)، حیزبە كوردییەكان ئەزمونێكی تاڵی ململانێ و شەڕی ناوخۆییان هەیە، ئەو جۆرە ململانێ و شەڕانەیش بێ متمانەیی لە نێوان هێزەكاندا دروستكردووە، و بەهۆی ئەو حاڵەتەیشەوە ساختەكارییەكی زۆر لە هەڵبژاردنەكەی ١٩٩٢ كرا، ئەم هۆكاری ئاگری شەڕی شەڕی ناوخۆ ١٩٩٤ و بەو هۆیەشەوە هیچ كام لە حیزبە سەرەكیەكانی ڕازی نەبوون لەحكومەت بكشێتەوە و بەڕۆڵی ئۆپۆزسیۆنی پەرلەمان هەستن، چونكە ئەم ئەزموونە لەڕێڕەوی خۆی لابدات كە قۆناغی بنیادنانی دامەزراوەكان بوو. بۆزانیاری زیاتر بڕوانە(ئاكۆ حمەكەریم و ئەوانی تر، هەمان سەرچاوە ، لا٤٣ ).
[٣] ) هەمان سەرچاوە، لا٤٣.

پارێزگای کەرکوك، هەردوولا بانگەشەی شەرعییەتیان بۆ خۆیان دەکردو لاکەی تریان بە ناشەرعی لەقەڵەم دەدا"[١] هەرچەندە ئەم دوو حکومەتە بەپێی یاسایەکی دیاریکراویش دروستنەبوبون.

بەمشێوەیەو ئەو شەڕە نێوخۆییەی نێوان دوو پارتە دەسەڵاتدارەکەی هەرێم "درێژەی هەبوو تا ڕێکەوتنی واشنتۆن لە ١٩٩٨/٩/١٧ لە نێوان هەردوولادا واژووکرا، ئەم ڕێککەوتنەش لە ژێرفشاری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا بوو، بەڵام سەرباری ئەو ڕێککەوتنەش باردۆخی دوو ئیدارەیی هەر بەردەوام بوو، چونکە ڕێککەوتنی واشنتۆن تەنها ڕێگری لە شەڕی ناخۆ کرد"[٢]، بۆیە هیچ هەوڵێك نەبوو بۆ یەکخستنەوەو دروستکردنی حکومەتێکی یەکگرتوو.

لێرەدا جێگەی خۆیەتی ئەوە بوترێت، کە "لەساڵی ١٩٩٢ تا یەکگرتنەوەی دوو ئیدارەکە لە ساڵی ٢٠٠٦ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران لەڕووی پرەنسیپییەوە لوتکەی دەسەڵاتی جێبەجێکردن بوو، پۆستی سەرۆکی هەرێم دانەهێنرابوو، لە ئیدارەی سلێمانی سکرتێری (ینك) ڕۆڵی ڕابەری پێدرابوو لە ئیدارەی هەولێریش ئەو ڕۆڵە بە فەرمی بەکەس نەدرابوو، بەڵام لە واقیعدا سەرۆکی (پدك) سەرچاوەی بڕیاردانی لوتکەبوو تا ئەوەی کە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس دەرفەتی نوێ هاتە کایەوە"[٣]، ئیتر گۆڕانکاری پرۆسەی ڕامیاریی هەرێمی کوردستانیشی گرتەوە.

دوای ڕووخاندنی دەوڵەتی عێراقیش لەلایەن ئەمریکاو هاوپەیمانانی نێودەوڵەتییەوە لە نیسانی ٢٠٠٣، ڕێڕەوگەی پرۆسەی ڕامیاریی هەرێمی کوردستان کەوتە وێستگەیەکی نوێوە، هەرچەندە پێشتریش لە ماددەی(٥٣)ی یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراقی بۆ ماوەی گواستنەوە)* داننراوە بە هەرێمی کوردساندا، بەڵام "لەماددەکانی (١١٧و ١٢١)ی دەستوری هەمیشەیی عێراقدا هەرێمی کوردستان وەك هەرێمێکی فیدراڵی ناسێنراو، داننرا بەمافی دیاریکردنی پێکهاتەی سیستەمی ڕامیاریی و دەسەڵاتەکانیدا "[٤]، واتە لێرە بەدواوە هەرێمی کوردستان قەوارەیەکی ڕامیاریی دانپێدانراوە، بۆیە "زەروورەتی گۆڕانکاری ناوخۆیی هەرێمی کوردستان لەڕووی بەڕێوەبردنەوە زۆر زیادیکرد، دیسانەوە پرسی هەڵبژاردن هاتە کایەوە لە ٢٠٠٥/٩/١٥یەکەمین هەڵبژاردنی پەرلەمان لەدوای ڕووخانی ڕژێمی بەعسەوە ئەنجام درا، خولی دووەمی پەرلەمان، دواتریش لە ٢٠٠٦/١/٢١ جلال تاڵەبانی و مسعود بارزانی ڕێکەوتننامەیەکیان مۆرکرد بەناوی

---

[١])گەراس.ئاڕ.ڤی.ستانسفێڵد، کوردستانی عێراق پەرەسەندنی سیاسی و پشکووتنی دیموکراسی، و/د.یاسین سەردەشتی،چاپخانەی سیما/ سلێمانی، ٢٠١٠، لا٣٤٨.

[٢] ) د.ئاکۆ حمەکەریم و ئەوانی تر، سەرچاوەی پێشوو، لا٣٣.

[٣] ) د.دلاوەر عەبدولعەزیز عەلائەددین، سەرچاوەی پێشوو، لا١٣٨-١٣٩

*لەمادده (٥٣)، بڕگەی(أ): دانان بە حکومەتی هەرێمی کوردستاندا بەشێوەیەکی فەرمی و ئەو ناوچانەی کە لە پێش بەرواری ٢٠٠٣/٣/١٩ لەژێر دەسەڵاتیدا بووە، لە پارێزگاکانی (دهۆك، هەولێر، سلێمانی، کەرکوك، دیالە و موصل)، و ناوهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەم یاسایەدا، واتە(ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستان، ئەنجومەنی وەزیرانی کوردستان، دەسەڵاتی دادوەری هەرێمی کوردستان) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە(قانون إدارة الدولأة العراقية للمرحلة الإنتقالية، رابط ب: https://bit.ly/3HobDKe )، سەرچاوەی پێشوو.

[٤] ) سكالا حسين محمدأمين، تأثير الاستقرار السياسي في أقليم كوردستان العراق على السياسات النفطية، رسالة ماجستير، كلية الأداب/قسم العلوم السياسية، جامعة اليرموك، ٢٠١٢، ص٨٣.

(ڕێکەوتنی سەرلەنوێ یەکگرتنەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان)، لە ٢٠٠٦/٥/٧ پەرلەمانی کوردستان متمانەی بە کابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێم بەخشی"[١]، کە بریتی بوو لە کابینەی یەکگرتووی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

یەك لەو پەرەسەندنانەی لەلایەن پەرلەمانی هەرێمەوە لە چوارچێوەی یاسایەکدا بڕیاری لەسەردراوە، بریتییە لە هێنانەئارای دەزگای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان " پشتبەست بە بڕگەی (١)ی ماددەی (٥٦) لەیاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو و، لەسەر داوای ژمارەی یاسایی لە ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق، ئەنجومەن لە دانیشتنی ڕۆژی (٢٠٠٥/٦/٧)یدا، بڕیاریدا بە دەرچوواندنی ئەم یاسایەی خوارەوە"یاسای ژمارە(١)ی ساڵی ٢٠٠٥، یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانی عێراق"[٢].

لەوێوە هەبوونی (ئۆپۆزسیۆنی ڕامیاریی)* پێویستییەکی حەتمی بوو بۆ گەشەکردن و برەودانی زیاتر بە پرۆسەی ڕامیاریی لە هەرێمی کوردستان، بۆیە دروستبوون و بەشداریکردنی لەم پرۆسەیەدا هەنگاوێکی پربایەخە بۆهەرێمی کوردستان، دیاردەی ئۆپۆزسیۆنی ڕامیاریی لە هەرێمی کوردستان هەر لە دەرکەوتن و هاتنەئارایەوە ڕۆڵی بەرچاوی خۆی لە بەدیهێنانی گۆڕانکاری لە ڕێڕەوگەی ڕامیاریی هەرێم بەقووڵی بینیوە، بە تایبەتی لە دوای هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠٠٩ کە ئۆپۆزسیۆنێکی چالاك و پڕلەوزەو کاریگەرە هاتەئاراوە کە بووە مایەی چالاککردنی پەرلەمانی هەرێم و بەشێوەیەك پانتایی و هەژمونی دەرکەوت دەتوانین جموجوڵی ڕامیاریی لە ناو پەرلەماندا هەست پێبکەین و لەئاستی بەجێگەیاندنی ئەرکەکانیشیدا چالاکتربێت [٣]، لێرەدا دەبێت ئەوەبوترێت هاتنە ئارای ئۆپۆزسیۆنی ڕاستەقینەی پەرلەمانی لە ژیانی ڕامیاریی هەرێمی کوردستاندا لەوێوە دەسپێدەکات کە (بزوتنەوەی گۆڕان) "بەشداری لە حکومەتدا ڕەتکردەوەو بە (٢٥)کورسی خۆیەوە لەگەڵ هەریەکە لە یەکگرتووی ئیسلامی بە(٦) کورسی و کۆمەڵی ئیسلامی بە(٤)کورسی و لیستی ڕافیدەینی ئاشووری بە(٢)کورسی، بڕیاریدا وەك ئۆپۆزسیۆنی پەرلەمانی بمێنێتەوە، نەوشیروان مستەفا ڕێکخەری گشتی بزوتنەوەی گۆڕان، هۆکاری بەشدارینەکردنی بزوتنەوەکەی بەم شێوەیە ڕوون کردەوە، (ئێمە بەدیل دەخەینەڕوو لە چۆنێتی بەڕێوەبردنی حکومەت و نەهێشتنی گەندەڵی دارایی و کارگێڕیی و ڕامیاریی و چەسپاندنی کۆڵەکەکانی دادپەروەری کۆمەڵایەتی و بوونی شەفافیەت لە بوودجەی هەرێم و پەیوەندییە ڕامیارییەکان و سنوردانان بۆ دەستێوەردانی حیزب لە بەڕیوەبردنی فەرمانگە حکومیەکان و بازاڕو زانکۆ و هێزەکانی پێشمەرگە و ئاسایش بۆ دامەزراوەی حکومی)"[٤].

---

[١] )د. ئاکۆ حەمەکەریمو ئەوانی تر، سەرچاوەی پێشوو، لا٤٣-٤٦.

[٢] ) ماڵپەڕی پەرلەمانی کوردستان، یاساکانی ٢٠٠٥، سەرچاوەی پێشوو، لا١.

* دەتوانین بڵێین بەشێوەیەك لەشیوەکان ئۆپۆزسیۆنی ڕامیاریی لە کوردستان بوونی نەبووە بەمانای ئۆپۆزسیۆنی ڕامیاریی وەکو ئۆپۆزسیۆنێکی دامەزراوەیی و لە چوارچێوەیەکی شەرعی لە سەرەتای دروستبوونی پەرلەمانەوە تاوەکو هەڵبژاردنی خولی دووەمی پەرلەمان لەساڵی ٢٠٠٥ ئەویش بەهۆی لاوازی ئەزموونی گەلی کورد لەبەشداری سیاسی و ئەزموونی دیموکراسی و لاوازی ڕکابەرەکانی (پارتی و یەکێتی). لمزید من المعلومات، ینظر(هاژە کۆسرەت مجید، المعارضة السیاسیة، رسالة ماجستیر، کلیة القانون والسیاسیة، قسم العلوم السیاسیة/ جامعة صلاح الدین،٢٠١٤،ص٦٧.

[٣] ) محمد صابر کریم، أثر التعددیة السیاسیة علی السلطة التشریعیة، سەرچاوەی پێشوو، لا٢٢٠.

[٤] )د.یوسف محەمەد و ئەوانی تر، سەرچاوەی پێشوو، لا١٦.

بەمشێوەیە دەردەکەوێت، کە دەرکەوتنی ئۆپۆزسیۆنی پەرلەمانی لە ڕێڕەوگەی ڕامیاریی هەرێمی کوردستاندا ڕۆڵ و کاریگەری ئەرێنی هەبووە، لەم ڕێڕەوگەیەدا و دەکرێت وەك ڕێچکەو وێستگەیەکی ئەرێنی لەو ڕێڕەوگەیەدا هێمای بۆ بکرێت، بەتایبەتیش کە دوای ئەوەی شەپۆلێکی ناڕەزایەتی جەماوەریی لە سەرەتای (٢٠١١)ەوە چەند شاروشارۆچکەیەکی هەرێمی کوردستانی گرتەوە"ئۆپۆزسیۆن پشتگیری تەواوی خۆیان بۆ داواکارییە ڕەواکانی خەڵك دەربڕی، کە بریتیبوون لە دانپیانان بە گردبوونەوە جەماوەرییەکان وەك بەرەیەك بۆ نوێنەرایەتیکردنی داخوازییەکانی خەڵك و بەشدارییپێکردنی نوێنەرانی خۆپیشاندەران لە پرۆسەی بڕیاردان لە مەسەلە چارەنووسسازەکاندا، ڕاگەیاندنی ڕەسمی لەلایەن حکومەت و پەرلەمان و سەرۆکی هەرێم لەبەهەند وەرگرتنی گشت داواکاریەکان، دروستکردنی لیژنەیەکی هاوبەشی پەرلەمان و حکومەت بۆ کۆبوونەوە لەگەڵ نوێنەرانی خۆپیشاندەران بەمەبەستی دیاریکردنی وادە بۆ جێبەجێکردنی داواکارییەکان و، نەهێشتنی هێزی چەکداری سەرکوتکەر لە شارەکاندا، لێپێچینەوە لە سەرپێچیکاران لە هێزەکانی وەزارەتی ناوخۆ و پێشمەرگە لەکاتی خۆپیشاندانەکان و داوای لێبوردنکردن لێیان و گواستنەوەی بارەگاکانیان بۆ دەرەوەی شار"[1] ئەمەش بەشێوەیەك بوو کە پێشتر لە پرۆسەی ڕامیاریی هەرێمدا نەبینراوبوو و ئەمەش تاخولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان بەردەوام بوو.

پرسێکی تر لەمپێوەندەدا، کە جێگای لەسەرڕاوەستان بێت بریتیە لەوەی سەرەڕای تێکچوونی پەیوەندی نێوان پارتە سەرەکییەکانی کابینەی حکومەت لە (پارتی و یەکێتی و گۆڕان) وداخستنی پەرلەمان بەهۆی (یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان)*ەوە لەناوخۆی هەرێم، تێکچوونی پەیوەندییەکانیشی لەگەڵ حکومەتی بەغداد لەدوای پێکهێنانی حکومەتی نوێی عێراق لە ٨ی ئەیلولی ٢٠١٤ کاریگەری گەورەی دروستکرد لەسەر پرۆسەی ڕامیاریی لەهەرێمی کوردستاندا، بەتایبەتیش لەڕووی ئابوورییەوە قەیرانێکی گەورەی بەدوای خۆیدا هێنا لەکاتێکدا دەبوو" بەپێی ئەو ڕێکەوتنەی کەلەسەر پرسی بودجە کرا، هەرێمی کوردستان ڕۆژانە ٢٥٠ هەزار بەرمیل نەوتی خۆی و ٣٠٠هەزار نەوتی کەرکوك لە ڕێگەی بۆری کوردستان-جیهانی تورکیەوە ڕادەستی کۆمپانیای بەبازاڕکردنی نەوتی عێراق (سۆمۆ)بکات، لە بەرامبەردا حکومەتی عێراق ١٧%ی بودجەی عێراق(یەك ترلیۆن و دووسەد ملیار)دینار بۆ هەرێمی کوردستان دەنێرێت"[2]. بەڵام ڕێکەوتنەکە دوای تەنها شەش مانگ تێکچوو و حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕایگەیان "بەغدا پابەندنەبوە بە ناردنی شایستە داراییەکانی هەرێمی کوردستان کە بەشایستەکانی پێشمەرگەوە

---

[1] ) ڕۆژنامەی ڕۆژانەی خۆپیشاندان، داواکارییەکانی جەماوەری ناڕازی کوردستان، ژ١٠، ڕۆژی سیانزەیەم، سێ شەممە، ٢٠١١/٣/١

* مەسعود بارزانی لەساڵی ٢٠٠٥و بەهەڵبژاردن پۆستی سەرۆکی هەرێمی وەرگرت و بەڕیککەوتن لەگەڵ یەکێتی بۆ جاری دووەم هەڵبژێرایەوە، لەساڵی ٢٠١٣و بەڕەسمی ماوەی سەرۆکایەتی کۆتایی هات، دوای ئەوە لەپەرلەمانی کوردستان لە ٣٠ی حوزەیرانی هەمان ساڵ و بەشێوەیەکی نایاسایی لەلایەن هەردوو فراکسیۆنی یەکێتی و پارتی ماوەکەی بۆ دوو ساڵی تر درێژکرایەوە. دوای ئەم وادەیەش لەڕێگەی ئەنجومەنی شورا، شەرعیەتی بەخۆیدا وەك سەرۆکی هەرێم بمێنێتەوە تا هەڵبژاردنی ئایندە، لە ساڵی ٢٠١٥ کاتێك هەوڵی هەموارکردنی یاسای سەرۆکایەتی هەرێم درا، بەبڕیارێکی حیزبی پەرلەمانی پەککخست و خۆیشی ئامادە نەبوو دەستبەرداری پۆستەکەی بێت.( بڕوانە(کۆمەڵێك نوسەر، هەرێمی کوردستان(ئاڵنگاری سیاسی و ئابووری)، چاپخانەی ژین/سلێمانی، ٢٠١٨، لا٣٠٨-٣٠٩ ).

[2] ) هەمان سەرچاوە، لا١٣.

دەبوایە مانگانە بڕی (یەك ترلیۆن و سێ سەدو سیو سێ) ملیار دیناری ڕەوانەی هەرێم بکردایە بەپێی خشتەی هەژمارکردنی بەشەبودجەی هەرێمی کوردستان کە هاوپێچی یاسای بودجەی فیدراڵە بۆ ساڵی ٢٠١٥"[١].

هەربۆیە پەکخستنی پەرلەمان و تێکچوونی پەیوەندییەکانی هەرێم و بەغداد لەدوای پرۆسەی(ڕیفراندۆم)*ی ٢٥ی ئەیلولی ٢٠١٧ دەستلەکارکێشانەوەی سەرۆکی هەرێم، بووەهۆی چەقبەستنی پرۆسەی ڕامیاریی لە هەرێمی کوردستان بۆماوەیەك و هەروەها دواکەوتنی هەڵبژاردنەکانی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان، ئەوەش بووەهۆی ئەوەی کە "دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێم بە گوێرەی یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٧، هەڵپەسێرا و دەسەڵاتەکانی بەسەر پەرلەمان حکومەت و دەسەڵاتی دادوەریی هەرێمی کوردستاندا دابەشکران"[٢].

پرسێك کە لێرەدا جێگای ئاماژە پێدان بێت ئەوەیە کە هەرچەندە کابینەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان وەك کارکردنی پرۆتوکۆڵی لەلایەن پەرلەمانی هەرێمەوە پێکهێنراون، ئەوەش دەلالەتێکی ڕوونی پەیڕەوکردنی سیستەمی فەرمانڕەوایی هەرێمە لەسیستەمی پەرلەمانیانە "بەڵام لەواقیعدا ئەم پرسە تەنها لەڕووی تیۆرییەوە لە پرۆسەی ڕامیاریی هەرێمی کوردستاندا بەرجەستەیە، چونکە لەڕووی کردارییەوە لادانێکی زۆرلەم ڕێکارانەدا هەیە، بۆیە دەبینین ئەو کەسەی دەکرێتە سەرۆك وەزیران سەرەتا لەلایەنی پارتی باڵادەستەوە ناودەنرێت نەك پەرلەمان، دواتریش دەبێت جێمتمانەی پارت و هاوپەیمانەکانی بێت ئەمجا دەستبەکاردەبێت نەك جێمتمانەی پەرلەمان، ئەمەش لەڕاستیدا پێچەوانەی عورفی دیموکراسییە، کە دەبێت پەرلەمان ئەم پرسانە یەکلابکاتەوە"[٣].

هەر لە پەیوەند بەکاریگەری ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان لەسەر دامەزراوەکانی فەرمانڕەوایی لەهەرێمی کوردستاندا، وایکرد زۆرهێزو لایەن خۆیان لەژێر باری بەرپرسیارێتی قورسی قۆناغەکە بدزنەوە و سیاسەتێکی دیکە بگرنەبەر، ئەویش سیاسەتی تۆڵەسەندنەوە لەلایەك و خۆزاڵکردن لەلایەکی دیکە، لەم ململانێ ناعەقڵانییەی نێوان هێزە باڵادەستەکاندا لە هەرێمی کوردستاندا، شکۆی هەرێم و پێگەی قانونی زۆرهاتە خوارەوە، بەجۆرێك کەمکردنەوە لەسەنگی حکومەتی هەرێم، وەك حکومەتێك کە هێزو پارتەکانی ناو پرۆسە ڕامیارییەکەی پشتیوانی لێناکەن، بەکارهات بۆ لێدان لەپرسی ڕەوای نەتەوەیی

---

[١] ) کۆمەڵێك نوسەر ،سەرچاوەی پێشوو، لا١٧.

*ڕیفراندۆم: ڕۆژی ٢٠١٧/٦/٧ سەرۆکی هەرێمی کوردستان(مەسعود بارزانی)، لەگەڵ بەشێك لە لایەنە ڕامیارییەکانی هەرێم، جگە لە بزوتنەوەی گۆڕان و کۆمەڵی ئیسلامی(کۆمەڵی دادگەری)، کۆبۆوەو لەسەرچەند خاڵێك ڕێککەوتن و فەرمانی هەرێمی ژ/١٠٥له ٢٠١٧/٦/٨ی لێکەوتەوە، فەرمانەکە پێنج خاڵی لەخۆگرتبوو، کە تایبەت بوو بە هەڵبژاردنی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان و هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم و، هەر لەو ڕۆژەدا بڕیاریاندا کە ٢٠١٧/٧/٢٥ ڕاپرسی بۆ سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان و ناوچەجێناکۆکەکانی دەرەوەی هەرێم ئەنجامبدرێ.(هەڵمەت محەمەد و ئەوانی تر، ڕیفراندۆم و دەوڵەتی کوردستان(ئامراز یان ئامانج)، چاپخانەی ژین/سلێمانی، ٢٠١٨،لا١٠٨ ).

[٢] ) بڕوانە، سامان ساڵح فەرەج، نۆهەمین کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، چاپخانەی بینایی/ سلێمانی، ٢٠٢٠، لا١٠-١١.

[٣] ) د.عابد خالید ڕەسول/ پێکهێنانی حکومەت لەهەرێمی کوردستاندا ئاڵنگارییەکانی ئایندە لەسایەی ئاماژەکانی دەوڵەتی قوڵدا، گۆڤاری جۆرناڵ، ژ٣٥، نیسانی٢٠١٩، لا٨٧.

کورد، لێرەوەو لەئەنجامی گۆڕانکارییە نێوخۆییەکانی کوردستان و گۆڕانکارییەکانی نێو پارتە ڕامیارییەکانیش، بارێکی دژوارو قورس لەسەرئاستی بڕیاربەدەستان هاتەگۆڕێ، بەجۆرێك کە(ینك) لە ئەنجامی گۆڕانکارییە نێوخۆییەکانیدا تەنها تیمێکی لەحکومەتە نەك پارت و بڕیاری ڕامیاریی پارتەکە[1]. هەروەها"لەبەرامبەریشدا (بزووتنەوەی گۆڕان)، فراکسیۆنە پەرلەمانیەکەی بوو بەدووبەش هەرلەناو یەك پارتدا، بەڕوونیش ململانێی نێوخۆیی (پدك) لەسەرئاستی ڕاگەیاندن و وتاردان و میوانداریيەکانی وەزیرەکانی نۆهەمین کابینە لە پەرلەماندا ڕەنگیداوەتەوە"[2]، کە بێگومان ئاسەواری نەرێنی لەسەر پرۆسەکە خستۆتەوە.

لەوەی سەرەوە و بەتێبینیکردنی ئەوەی کە باسکرا، دەتوانرێت بوترێت پرۆسەی ڕامیاریی لە هەرێمی کوردستان لە ماوەی ڕابردوودا، هەنگاوی ئەرێنی و جێسەرنجی ناوە بۆ بەهێزترکردن و تۆکمەترکردنی سیستەمەکە، بەڵام لەلایەکی تریشەوە کۆسپەکانی ئەم بەرەوپێشچوون و گەشەکردنە کەمنەبوون کە ڕێگرییان لەو هەنگاوانە ئەرێنییانە کردووە و هەندێکجاریش بەرەو دواوەی گەڕاندۆتەوە و بەجۆرێك کە کۆی پرۆسەکەی خستۆتە مەترسییەوە، ململانێی پارتەکان و بەرژەوەندییەکانیان زۆرجار بوونەتە مایەی مەترسیەکی گەورە بۆ سەر بەرەوپێشچوون و گەشەکردنی سیستەمی فەرمانڕەوایی هەرێم و لاوازکردنی دامودەزگاکانی ئەم سیستەمە، لە کاتێکدا دەکرا بەرژەوەندی نەتەوەیی بخرایەتە پێش بەرژەوەندی پارتایەتیەوە و هەوڵی بەنموونەییکردنی سیستەمەکە بکرایەتە کاری لەپێشینەیان، بۆ ناوچەکە و هەموو دنیاش بسەلمێنرایە، کە کوردیش توانای خۆبەڕێوەبردن و دەوڵەتداریی هەیە.

---

[1] )سامان صالح فەرەج، دووساڵەی تەمەنی کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی،٢٠٢١/٦/٩، بەرواری سەرانیکردن، ٢٠٢١/٨/١٠، https://bit.ly/3ECxCLK .

[2] ) هەمان سەرچاوە.

## تویژینچەی سێیەم: ڕەنگدانەوەی تەنگژەکانی پرۆسەی ڕامیاریی هەرێمی کوردستان لەسەر سیستەمی فەرمانڕەوایی تیایدا

هیچ پرۆسەیەکی ڕامیاریی بێ تەنگژە نابێت و بەڕێوە ناچێت، تەنانەت ئەگەر تەنگژەی زۆر سادەو بچوکیش بێت، ئەوا تەنگژەکانی سیستەمە ڕامیارییەکان، هەربوونیان هەیە، بەڵام ئەوەی، کە لەم پرسەدا گرنگ و جێبایەخبێت تەنها بریتی نیە لە زانینی ئەو تەنگژانە و جۆر و بڕیان، بەڵکو بریتییە لە ئاستی وەڵامدانەوەی سیستەمەکە بۆیان و شێوازی چارەسەرکردن و ڕووبەڕووبونەوەیان، دواجاریش تاچەند کاریگەری لەسەر پێشکەوتن و گەشەنەکردنی سیستەمە ڕامیارییەکە دادەنێت بەتایبەتیش سیستەمی فەرماڕەوایەتی، لەسەر ئەم بنەمایە و لەوێوە کە پرۆسەی ڕامیاریی لە هەرێمی کوردستان هەر لەسەرەتای دەرکەوتنییەوە بەدەرنەبووە لە تەنگژە، بەڵکو بەردەوام ڕووبەڕووی تەنگژەی ئابووریی، ڕامیاریی، کۆمەڵایەتیی، ئاسایشیی، جۆراوجۆر بۆتەوە، وایان کردووە سیستەمە فەرمانڕەواییەکەی بکەوێتەژێر کاریگەری قوڵ و قورسی ئەو تەنگژانەوە، لەبەرئەوە بە چاکزانرا کە ئەم تویژینچەیە تایبەت بکرێت بۆ توێژینەوە لەم پرسە لەمیانەی چەند تەوەرەیەکەوە توێژینەوەی لێدەکەین بەم شێوەیەی خوارەوە:-

**یەکەم: نەبوونی دەستوور:** توێژینەوەکردن لە تەنگژەکانی پرۆسەی ڕامیاریی هەرێمی کوردستان لەبەشێکیدا لە نەبوونی بەڵگەنامەی بنچینەییدا خۆیدەبینێتەوە، ئەوەش لەوێوە کە "نەبوونی دەستوورێك لەم هەرێمەدا بەشێوەیەکی ڕوون پەیوەندییەکانی هاووڵاتیان بە دەسەڵاتەوە و پەیوەندی حیزب بە حکومەتەوە و پەیوەندی سێ دەسەڵاتی دادوەریی و یاسادانان و جێبەجێکردن دیاری بکات، یەکێکە لە گرنگترین کێشە سەرەکییەکانی هەرێمی کوردستان و هۆکاریشە بۆ دروستبوونی تەنگژەکانی سیستەمی فەرمانڕەوایی تیایدا، کە بووەتە هۆی بە دامەزراوەنەکردنی ئەزموونی دەسەڵات لە هەرێمدا و ناڕۆشنی سنووری سێ دەسەڵاتەکە و زاڵنەبوونی هەندێکیان بەسەر هەندێکی تریاندا و زاڵبوونی دەسەڵاتی پارتەکان بەسەر هەرسێکیاندا و توانەوەی حکومەت لەناو پارتە دەسەڵاتدارەکاندا"[1].

پەیوەست بەکاری دەستوورو گرنگیبوونییەوە ئەوە دەردەکەوێت، کە "دەستوور ڕێگاکانی پیادەکردنی دەسەڵاتیش دیاریدەکات و وردەکارییەکان دەخاتەڕوو، بەڵام ڕەنگە ئەم ڕێکخستنە لەهەندێك لایەنەوە بەشێوەیەکی تەواو نەکرێت، هەربۆیە (لە ڕێگەی ئەویاسایانەی، کە پێیاندەوترێت یاسای ئاسایی(التشريع الاعتيادي) چارەسەردەکرێت و تەواودەکرێت، شێوازێکی تری ڕێساو یاسا هەن لە دەستوردا کە تایبەتن بە بابەتێکی دیاریکراو لە پیادەکردنی دەسەڵات، کە پێیان دەوترێت یاسای ڕێکخەر(القوانين التنظيمية)"[2] بەمەش ڕێگری لە دروستبوونی هەر کەلێنێکی یاسایی دەکات و ڕێگریش دەکات لەوەی کە هەرکاتێك پارتە

---

[1] ) د.یوسف محەمەد، ئاستەنگەکانی بەردەم پرۆسەی دیموکراسی لە سیستەمی سیاسی هەرێمی کوردستاندا، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٤٧.

[2] ) د.منذر الشاوي، فلسفة الدولة، الذكرة للنشر والتوزيع/ بغداد، ط٢، ٢٠١٣،ص٣٠٠

فەرمانڕەواكان ویستیان یاساكان بگۆڕن لەبەرژەوەندی خۆیان، هەربۆیە دەستوورێكی نووسراو بوونی هەبێت، ئەوكات گۆڕینی دەستوور كارێكی ئاسان نابێت.

**دووەم: لاوازی دیموكراسیەت:** سەرچاوەیەكی سەرەكی تری ئەو تەنگژانەی، كە یەخەی سیستەمی فەرمانڕەوایی هەرێمی كوردستانیان گرتووە، دەگەڕێتەوە بۆ "دووركەوتنەوە و پشـگوێخستنی پێكهاتەو بنەماكانی دیموكراسی بەشێوەیەكی تەواوەتی، بەتایبەتی لە كاری پەرلەمانیدا، هەروەها نەدۆزینەوەی ئەو دامەزراوانەی، كە بنەمای ژیانی دیموكراسی پێكئەهینن، هاوكات بەردەوامبوونیان و مانەوەیان جەختدەكاتەوە، بەم پێیە هەموو ئەوەی لەو ماوەیەدا ڕوویدا و دروستبوو شێوازی حوكمی (٥٠- ٥٠)و هەروەها شەڕی ناوخۆ و لەتكردنی حكومەت بۆ دوو ئیدارەیی و لەدەستدانی متمانەی جەماوەر بە هەردوو پارتی فەرمانڕەوا، هەروەها ئیفلیجكردنی پەرلەمان بۆ چەند جارێك و داخستنی دەرگای پەرلەمان، لە ڕاستییدا هەموو ئەمانە ئەنجامێكی لۆژیكی ئەو شێوە حوكمڕانییەی هەرێمی كوردستانە كە هەر لە سەرەتایەوە بەدیموكراسی ناوزەندكراوەو هاتە ناسین "[1]ئەمەش گومانی لەسەرئەزموونی دیموكراسی بوونی سسیتەمی فەرمانڕەوایی هەرێمی كوردستان لەسەرئاستی ناوخۆو دەرەوەدا بەدوایخۆیدا هێنا.

هەربۆیە دەكرێت بوترێت كە"سیستەمی فەرمانڕەوایی هەرێم، بە سەرجەم دەزگا و دامەزراوەكانی یاسادانان وجێبەجێكردن و دادگاكان، لە ڕووی تیۆرییەوە لەسەر بنەمای عورفی دیموكراسی بەڕێوەدەچن، بەڵام لە ڕووی پراكتیكەوە زۆر كات دژە لەگەڵ عورفی دیموكراسی و دەپەڕێتەوە سەرمیزاجی براوەو دۆڕاوە، شوێنەواری دوو ئیدارەیی بەدامەزراوەكانەوە دیارە، دامەزراوەكان بە دەگمەن لە سنووری دەسەڵاتی یاسایی خۆیان كاردەكەن، زۆرجاریش دەست لەكاروباری یەكتر وەردەدەن، ئەمە سەرەڕای چەقەكانی قەڵەمڕەوی دەرەوەی دامەزراوەكان وەك دەستێوەردانی پارتەكان، لیژنەكانی چاودێری كارەكانی حكومەت لە ئاستێكی لاوازن و ناتوانن بەباشی چاودێری یاسایی و ڕامیاریی ئەدای حكومەت بكەن و لێپرسینەوە لە لێپرسراوەكان بكەن"[2] لێرەوەیە سنووری دەسەڵاتەكان بە ئاسانی دەبەزێنرێت و ئەنجامدەرەكەشی بەسووكی لەسزادان دەربازی دەبێت.

**سێیەم: سەربەخۆنەبوونی دەسەڵاتی یاسادانەری:** هەر سەبارەت بەو تەنگژانەی، كە بەرەوڕووی سیستەمی فەرمانڕەوایی هەرێم بوونەتەوە، پێویستە بوترێت، كە "نەبوونی یان لاوازی كاركردن لەسەر سەربەخۆیی دەسەڵاتی یاسادانان(پەرلەمان) و پاشەكشەپێێكردن بەم دەسەڵاتە گرنگە، بووەتە مایەی دواكەوتوویی پرۆسەی ڕامیاریی لە هەرێمی كوردستاندا، لەڕاستیدا ئەم لاوازی و سەربەخۆنەبوونەی پەرلەمان، هۆكارێكیشە بۆئەوەی دامودەزگاكانی هەرێم بكەونە ژێر هەژموونی پارتە باڵادەستەكانی هەرێم و بەشێوەیەكی ڕاستەخۆ یان ناڕاستەوخۆ دەستبخەنە ناو كاروبارەكانیانەوە، هەربۆ نموونە سەرۆكی پەرلەمان لە خولی سێیەمی

[1] )محمد صابر كريم، أثر التعددية السياسية على السلطة التشريعية، سەرچاوەی پێشوو، لا٢٤٥.

[2] )ئەكرەم ئیسماعیل فەقێ، ئاستەنگە سیاسی و دەستوورییەكانی بەدەوڵەتبوونی هەرێمی كوردستان، ماستەر نامە، كۆلێژی یاساو زانستە سیاسیەكان/ زانكۆی سەڵاحەددین، ٢٠١٤، لا٨٠.

پەرلەمانی کوردستاندا، دەرگای بەسەر بەشێك لەپەرلەمانتارانی ئۆپۆزسیۆن و پەرلەمانتارانی لیستی کوردستان داخست، کە ویستیان لەسەر خۆپیشاندانەکانی ١٧ی شوباتی ٢٠١١ی سلێمانی و ناوچەکانی دەوروبەری قسە بکەن"[١]، هەر سەبارەت بەم پرسە، "لە ١٢ی تشرینی یەکەمی٢٠١٥دا ڕێگری دەکرێت لە سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان(د.یوسف محەمەد) لەسەر پرسی (یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان)، و لەلایەك پاسەوانەکانی بازگەی هەولێرەوە ڕێگری لێکراو، ڕێگەنەرا بچێتە هەولێرەوە"[٢].

**چوارەم: نەبوونی سەروەری یاسا:** سەروەریی یاسا و باڵادەستبوونی لە پرۆسەی ڕامیاریی و بەڕێوەچوونی دامەزراوەکانی سیستەمی فەرمانڕەوایی، یەکێکە لە توخم و ڕەگەزە گرنگەکانی سەرکەوتنی ئەو دامەزراوانە و ئەو پرۆسە ڕامیارییەی کە تیایدا بەڕێوەدەچن، ئەوەش لەبەشێکی سەرەکیدا دەگەڕێتەوە بۆئەوەی، کە ئەم چەمکە ئەو چوارچێوەیە پێکدەهێنێت، کە "لەلایەك پەیوەندی نێوان خودی هاووڵاتیان و لەلایەکی دیکەشەوە پەیوەندی نێوان دەوڵەت و هاووڵاتیان ڕێکدەخات، ڕێکخەری پەیوەندییەکانی نێوان دامەزراوەکانی دەوڵەتیشەو ڕێزیش لە جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان و سەربەخۆیی دادوەری دەگرێت، ئەم ڕێساو یاسایانەش دادپەروەری و یەکسانی لەنێوان هاووڵاتیاندا دابین دەکەن، ئەمەش چەند شتێکی پێویستە، ڕوون و ئاشکرایی و بێگرێو گۆڵی یاساکان و بەیەکەوە گونجانیان لەکاتی پراکتیزەکردندا لەپێناو بنیادنانی شێوە دارشتەیەکی سەقامگیری حوکمڕانێتی و پەرەپێدانیدا، ئەمەش لەڕێگەی سەقامگیری ڕامیاریی و ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی و بنیادنانی ئەو دامەزراوە دیموکراسیانەی، کە ئاشتییانەو خولاوخول، بێ پەنابردنەبەر توندوتیژی ڕێگە بەدەستاودەستکردنی دەسەڵات دەدەن، لەگەڵ پێویستی پابەندبوون بە پێودانگەکانی مافەکانی مرۆڤ لەکاتی پراکتیزەکردنی یاسادا"[٣] ئەمەش لەدواجاردا دەبێتەهۆی سەقامگیری و ئاسایش لە کۆمەڵگەدا، هەروەها دەبێتەهۆی بەدیهێنانی ئاسوودەیی لەنێو دڵی هاووڵاتیاندا.

لەمپێوەندەدا پنتێکی گرنگ هەیە ئەویش بریتییە لەوەی، کە پێویستە "ڕێگا لەبەردەم هەمووواندا بەیەکسانی بکرێتەوە، بۆ بەکارهێنانی ئەو ئامرازە کارگێڕیی و دادوەرییانەی مافەکانیان دەپارێزن و ڕێزگرتنی دامودەزگاکانی دەوڵەت و نوێنەرانی دەسەڵاتی گشتی و ئەندامانی کۆمەڵگا لەبڕیارە کارگێڕی و دادوەرییەکان زامن دەکەن"[٤]. لێرەوە و سەرەڕای گرنگی سەروەربوونی یاسا بۆ پتەوکردنی سیستەمی بەڕێوەبردن لە هەرێمی کوردستاندا ئەوە بەڕوونی دەبینرێت، کە سەرپێچی دادگا و پێشێلکاری بنەمای یاسا دەکرێت لەوانە دادگاییکردنی دەستگیرکراوان لەلایەن دەزگا ئەمنی و پۆلیسیەکانەوە، خاوەخاوکردن لە تەواوکردن و یەکلاییکردنەوەی هەندێك کەیس، دەستکاریکردنی پەڕاو و دۆسیەی هەندێك کەیس، کە یەکلانەبۆتەوەو لاوازی دادگاکان لە ئاست هەندێك کەیسی پەیوەندیدار بە هۆزەکان و پارتە حوکمڕانەکان و دەستوەردانی

---

١ ) محمد صابر كريم، أفاق السلطة التشريعية في إقليم كوردستان، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی/ بەشی زانستە مرۆڤایەتیەکان، ژ/٣٥، ئایاری٢٠١٢، ل١٩٩.
٢ ) کۆمەڵێك نوسەر،سەرچاوەی پێشوو، ل٣٠٨-٣٠٩
٣ ) د.ئەمین فەرەج شەریف، سەرچاوەی پێشوو ل٤٠.
٤ ) د.یوسف محەمەد و ئەوانی تر، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٥-٣٦.

حکومی و حیزبی لەکاروباری دادگاکاندا"[١] بۆیە جێبەجێنەکردن و پشتگوێخستنی ئەم پرەنسیپە بووەتە یەکێك لە هۆکارەکانی دروستبوونی تەنگژەکانی سیستەمی بەڕێوەبردن لەهەرێمی کوردستاندا، سەرچاوەی سەرپێچیکردنی یاساییانەی دەسەڵاتدارانیشە و دوورکەوتنەوەی سیستەمی بەڕێوەبردنیشە لە ئامانجە دیاریکراوەکانی خۆی. لە پەیوەست بەپرسی ئەو تەنگژانەی بەرەورووی سیستەمی فەرمارەوایی بۆتەوە، لەوانەش سەرپێچی و پێشێلکاری دادگاکان، ئەوا بەپێویستدەزانرێت ئاماژە بەوەش بکرێت، کە "داداگاییکردنی زیندانییەکان لە لایەن هێزە ئەمنییەکان و پۆلیسەوە، هەروەها خاوکردنەوەی تەواوکردن و چارەسەری هەندێک لە کێشەکان، دەستکاریکردنی بەشێك لە دۆسێیەکانی ئەو کێشانەی، کە یەکلانەبونەتەوە، ئەمە جگەلەوەی دادگاکان لاوازن بەرامبەر ئەو دۆسێیانەی کە پەیوەستن بە عەشیرەتەکان و دوو پارتە دەسەڵاتدارەکەی هەرێم، هەروەها بوونی ئەشکەنجەدانی دەرونی و جەستەیی سەرپێچیکاران، هەروەها پشتگوێخستنی جێبەجێکردنی بریارەکانی دادگا لەلایەن حکومەتەوە(دەسەڵاتی جێبەجێکردن) هاوکات دەستوەردانی حکومیی و حیزبی لە کاروباری دادگاکان، کە ئەمەش هەڕەشەیە بۆ سەر دەسەڵاتی دادوەری"[٢]و کاریگەری ڕاستەوخۆیشی بۆ سیستەمی فەرمانڕەوایی و دەزگا و دامەزراوەکان هەیە و لاوازیان دەکات.

لەوێوە کە "گەشەپێدانی سیستەمی فەرمانڕەوایی هەرێم و سەروەرکردنی یاسا و ئەنجامدانی ڕیفۆرمی ڕیشەیی لە دامەزراوەکانی حکومەتدا پێویستیان بە پەرلەمانێکی کاراو بوێر دەبێ کە لە ئاستی ئاڵنگارییەکان و بەپرسیارێتیەکاندا بێ، هەروەها پێویستی بە هەماهەنگییەکی ڕاستەوخۆ و چالاك هەیە لە نێوان پەرلەمان و حکومەت و کۆمەڵگای مەدەنی و چەندین لایەنی دیکەی پەیوەندیدار" [٣]، دیارە ئەوەش بە مەبەست و لە پێناوی ئەوەی کە دەسەڵاتی یاسادانەری لە هەرێم بتوانێت "لەقۆناغە جیاوازەکاندا کۆمەڵێك یاسای پێشوو هەمواربکات و یاسای نوێ بۆ سیستەمی نوێ دابڕێژێتەوە و بەدواداچوون بۆ جێبەجێکردنیان بکەن، بەو شێوەیە پەرلەمانی کوردستان دەتوانێت ڕۆڵی ڕابەر لە چاککردنی سیستەمدا ببینێ"[٤].

**پێنجەم: پیادەبوونی دیاردەی گەندەڵی:** لە توێژینەوە لە پرسی تەنگژەکانی پرۆسەی ڕامیاریی لەهەرێمی کوردستاندا، پێویستە ئاماژە بە دیاردەی گەندەڵی بدرێت، لە پرسی گەندەڵیدا زۆر پێویستە پشتبە نوێترین پێناسەیەی هاوچەرخی ئەم چەمکە ببەسترێت، بۆئەوەش لێرەدا ئەو پێناسەیەی بانکی نێودەوڵەتی بندەستدەکرێت، کە دەڵێت گەندەڵی" بریتییە لە قۆزتنەوەی پلە و پایەی گشتیی بۆ بەدەستهێنانی دەستکەوتی کەسی".[٥] بۆئەوەی ڕۆڵی گەندەڵی وەك هۆکارێکی سەرەکی لە تەنگژەی دامەزراوەکانی سیستەمی فەرمانڕەوایی بزانرێت، ئەوا پێویستە ئاماژە بەوە بدرێت کە ئەم دیاردەیە "هاوشانی کردارەکانی بەڕێوەبردنە

[١] ) د.یوسف محەمەد و ئەوانی تر، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٦.
[٢] ) د.یوسف محمد صادق، المتغيرات المؤثرة في الواقع السياسي لأقليم كوردستان العراق، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٤.
[٣] ) د. دلاوەر عەبدولعەزیز عەلائەددین، سەرچاوەی پێشوو، ل٤١.
[٤] )هەمان سەرچاوە، ل٤١.
[٥] ) وەرگیراوە لە د. ئەمین فەرەج شەریف، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٦.

له کەرتی تایبەت یان کەرتی گشتی(حکومەت)، بڕ و جۆرەکانیشی لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر یان لە کەرتێکەوە بۆ کەرتێکی تر دەگۆڕێت، پەیوەندی بە سەردەمێکی دیاریکراویشەوە نییە، بەڵکو ڕەگێکی قووڵی مێژوویی هەیە و بە درێژایی سیستەمە جۆراوجۆرەکانی بەڕێوەبردن بوونی هەبووە و هەرگیز سیستەمێك نابینرێت نە لە ئێستا و نەلەڕابردووشدا، کە خاڵی بێت لە گەندەڵی، کەواتە هەموو سیستەمێکی فەرمانڕەوایی دەکرێت بەشێك لەگەندەڵی تیاهەبێت [1]. بەڵام دووخاڵی بنەڕەتی هەیە ناکرێت لەبەرچاو نەگیرێت، کە ئەوانیش بریتین لە، یەکەم ڕێژەی گەندەڵییە، کە لە وڵاتاندا ڕێژەی جیاوازی هەیە، بەڵام دووەمیان، پەیوەست نییە بە سیستەم ئایدۆلۆژیایەکی دیاریکراوەوە، بەڵام لە سیستەمە دیموکراسی و کراوەکاندا کەمتر گەشە دەکات"[2].

گەندەڵی وەك یەکێك لەسەرچاوە سەرەکییەکانی تەنگژەی سیستەمی فەرمانڕەوایی هەرێمی کوردستان، ئەوەش لەبەشێکی گەورەیدا پەیوەندی بە ڕۆڵی نەرێنیانەی پارتە دەسەڵاتدارەکانی ئەم هەرێمەوە هەیە کە "بەردەوام چنگی خۆیان بەگوێرەی ویستی سەرکردە بڕیاردەرەکان لە تەواوی هەیکەلی ئیداریی گیرکردووە، بەوەش بەرژەوەندی تایبەت و دروستکردنی تۆڕی تایبەت بە بڵاوبوونەوەی گەندەڵی لەگەشەکردن ناوەستێ، ئێستاش لەژێر کاریگەری بارودۆخی تازەدا لە ئاستی کابینەکاندا دوو ئیدارەکە یەکیان گرتووە، بەڵام لەڕاستییدا یەکگرتنەوەکەیان هێشتا لە ئاستی سەرەوەدایەو، حوکمی تاککڕەویی هەردوو حیزب لە هەولێر و سلێمانی هەر بەردەوامە، بە پێچەوانەوە ئێستا هەرێم بانێکە و دووهەوا، زەمینەی بۆ گەندەڵی خۆشتر کردووە و پرسی چاکسازی ئاڵۆزتر کردووە" [3]ئەوەش لەبەرئەوەی بەرژەوەندی پارتایەتی هەربوونی هەیەو خزمایەتی و دۆستایەتی لەزۆربەی پرسەکاندا ڕەچاودەکرێت، بۆیە ناکرێت لەم بارودۆخەدا چاوەڕوانی چاکسازی و پاکسازی بکرێت، بەبێ حکومەتێکی یەکگرتووی دامەزراوەیی.

سەبارەت بە پرۆسەی ڕامیاریی لە هەرێمی کوردستان و دامەزراوەکانی سیستەمی فەرمانڕەوایی تیایدا و پەیوەندی و ئاستی کاریگەری ئەو تەنگژەیەی، کە بەهۆکاری گەندەڵییەوە بەرەوڕووی بۆتەوە، ئەوا دەبێت ئەوە بزانرێت، کە "ئەم دیاردەیە ئامادەیی هەیە و لە جومگە جۆراوجۆرەکانی حوکمڕانی و دامەزراوە جیاوازەکانی حکومەتدا بەڕێژەی جیاواز بوونی هەیە و زۆرجاریش بەئاشکرا دەبینرێت".[4] ئەمەش "لەبەرئەوەی یاسا لە هەرێمی کوردستان سەروەرنییە و ئەوانەی لە گەندەڵییەوە گلاون لەبەردەم یاسادا ڕاناگیرێن، پەرلەمانی کوردستان ڕۆڵی خۆی لە چاودێریکردن نابینێت، کاتێك، کە دەستەکانی چاودێریی دارایی ئیفلیج کراون و دەستەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی بوونیان نییە، ئەمانە هەموو بوونەتەهۆی

---

[1] ) عومەر عەبدوڵڵا گوڵپی، گەندەڵی، چاپخانەی سەردەم، ٢٠١٤، ل٢٩-٣٠.
[2] ) هەمان سەرچاوە، ل٣٠.
[3] ) د.دلاوەر عەبدولعەزیز عەلائەددین، لۆبی کردن بۆ نەتەوەیەکی بێ دەوڵەت، بەڕیوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی وەزارەتی ڕۆشنبیری(حکومەتی هەرێمی کوردستان)، ٢٠٠٧، ل٣٢٨.
[4] ) د.هێمن میرانی، گەندەڵی و بەرەنگاربوونەوەی لە کوردستان، گۆڤاری شرۆڤە،ژ٢٩، حوزەیرانی ٢٠١٩، ل٦٦.

گەشەکردنی دیاردەکە و هەرێمی کوردستانی خستۆتە بارێکی ترسناکەوە" [١]، کە دواجار ڕەنگە چارەنووسی قەوارەکەش بخاتە مەترسییەوە.

هەروەها پەیوەست بە "پرۆسەی جێبەجێکردن و چەسپاندنی کاری دامەزراوەیی و پێکهێنانی ژیانی ڕامیاریی لەسەر دەزگا دەستوورییەکان لەم بەشە دیاریکراوە جوگرافییەی، کە پێیدەوترێت هەرێمی کوردستان ، پێشنیاری ئەوە بۆ ئەم دوو پارتە دەسەڵاتدارە دەکرێت کار لەسەر پێکهێنانی هەرێمێکی فیدراڵی دیموکراسیی بکەن کە پشتبەست بێت بە دامەزراوەی یاسایی و دیموکراسی، هەروەها بوونی دەستوورێکی دیموکراسی نوێ، فیدراڵییەتێك لەسەر بنەمای بوونی پارتی ڕامیاریی دیموکراسی دادگەر و ئۆپۆزسیۆنی دیموکراسی، کە بەشێوەیەکی ئاشتیانە ئاڵوگۆڕی دەسەلات بکەن، ئەمەش لەمیانەی هەڵبژاردنی گشتی نوێنەرایەتی ئازادانەو پاك هەروەك چۆن لە دامودەزگاکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ودیموکراسیدا بوونی هەیە"[٢].

هەر پەیوەند بە دیاردەی باوی هەژموونی پارتە دەسەڵاتدارەکانی هەرێمی کوردستان بەسەر پرۆسەی ڕامیاری تیایدا وەك یەکێکی تر لەسەرچاوە دیارەکانی تەنگژەی ڕامیاریی، خاڵێکی گرنگ هەیە، کە جێی ئاماژە بۆکردنە، ئەویش بریتیە لە"هەژموونی پارتە ڕامیارییەکانی هەرێم و وایکردووە هەموو فەرمانگەکانی پڕکردووە لە فەرمانبەر و دامەزراندن بە شێوەیەکی هەڕەمەکی، ئەمەش دژەکرداری ڕامیاریی لەبەرامبەر نەیارەکانیاندا، بوونی فەرمانبەری زۆر بە پلەو پۆستی جیاواز، کە لەسەر لایەنگری حیزبی دروست بووە"[٣].

سەرەتای ژیانی ڕامیاریی و پێکهاتنی پرۆسەی ڕامیاریی لە هەرێمی کوردستاندا، هەڵگری ڕاستینەی یەکێك لە سەرچاوە سەرەکییەکانی تەنگژەی پرۆسەی ڕامیاریەکەیەتی، ئەوەش لەوێوە دەستپێدەکات کە"ئەم دوو پارتە(پدك وینك) لە کاتی پێکهێنانی دەسەڵاتی یاسادانان(پەرلەمان) لەهەرێمدا، لە یەکەم هەڵبژاردنی پەرلەمانەوە، بارودۆخێکی ڕامیاریی ئاڵۆزیان دروستکردووە، وەک ئەو سیستەمە ڕامیارییە ناجۆرەی کە دروستیانکردووە، ئەو بنەمایەشیان گۆڕیوە بۆ کولتوورێکی زاڵ، تا ئەمڕۆش بەردەوامە، بەڵام تەنانەت یەکێک لە پێوەرە هەرە گرنگەکانی ژیانی ڕامیاریی لەم ناوچە ڕامیارییەدا، کە حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەڕێوەیبردوە نەچەسپیوە، بۆیە لە ئەنجامی دروستکردنی دامەزراوە سەرەکییەکانی سیستەمی فەرمانڕەوایی و ئۆرگانەکانیان لەسەر ئەو بنەمایە، دروستبونی سیستەمی ڕامیاریی لە هەرێمدا لەسەر بنەمای ئاڵۆزو دوور لە چەمکی دامەزراوەیی دروستبووە، هەربۆیە سیستەمەکە ناتوانێت بەئامانج و خەونەکانی بگات"[٤].

---

[١] ) عومەر عەبدوڵڵا گوڵپی، سەرچاوەی پێشوو، لا ١٤٣.
[٢] ) محمد صابر کریم، آفاق السلطة الشريعية في أقليم كوردستان، سەرچاوەی پێشوو، لا١٩٦.
[٣] ) رشيد كريم خان ئاكرەیی، كردستان العراق و الطريق الى الأصلاح السياسي و الأداري، مطبعة هاوار/ دهۆك، ٢٠١١، ص١٥١.
[٤] ) محمد صابر کریم، أفاق السلطة الشريعية في أقليم كوردستان، سەرچاوەی پێشوو، لا٢٠٥.

**شەشەم: پرسی دەستاودەستکردنی ئاشتیانەی دەسەڵات:** بە یەکێك لە پرەنسیپ و ڕەگەزە سەرەکییەکانی بەدیموکراتیبوونی هەر سیستەمێکی ڕامیاریی دادەنرێت بە تایبەتی کە ئەم پرسە بەپێوەرێکی گرنگ و پربایەخی هەبوونی دیموکراسی دێتە ئەژمارکردن و بەیەکێك لەبنچینە گشتییە سەرەکییەکانی دیموکراسی دادەنرێت، بەوەی کە بریتیە لە" بەشداریکردنی هاووڵاتیان لەپرۆسەی دروستکردنی بڕیارە ڕامیاریەکان و، پشبەستن بە پرەنسیپی ئاڵوگۆڕی ئاشتیانەی دەسەڵاتی ڕامیاریی و، مافی هەموو هێزە ڕامیاریەکان لە کێبڕکێکردن لەسەر کورسیەکانی فەرمانڕەوایی، ئەوەش لەمیانەی گەڕانەوە بۆ پرەنسیپی گەل سەرچاوەی دەسەڵاتەو، حکومەت هەڵدەسێت بە پیادەکردنی ڕواڵەتیەکانی دەسەڵات بەئامانجی وەدیهێنانی بەرژەوەندی گشتی هاووڵاتیان نەك وەدیهێنانی بەرژەوەندی دەستەیەك یان پارتێکی دیاریکراو"[1]. بەمشێوەیە پرەنسیپی ئاڵوگۆڕی ئاشتییانەی دەسەڵات دەبێتە یەکێك لەمەبەست و فەرمانە سەرەکییەکانی هەر سیستەمێکی ڕامیاریی، کە خاوەنی سیستەمێکی هەڵبژاردنی دیموکراسییانە بێت، واتە"ئەم پرەنسیپە دەبێتە میکانیزمێکی کاریگەرو گونجاو بۆ یەکلاییکردنەوەی ململانێ ڕامیارییەکان بەڕێگای ئاشتییانە، چونکە دەبێتەهۆی دەستەبەرکردنی ئەو سیستەمە هەڵبژاردنەی، کە میکانیزمی ئاڵوگۆڕی دەسەڵات فەراهەمدەکات، هەروەها گۆڕانی چەقی هێز و توانااداری وەرگرتنی هێزە ئۆپۆزسیۆنەکان بۆ فەرمانڕەوایی لەبارێکدا، کە هەڵبژاردنەکان ببەنەوە، لەشوێنی ئەوحکومەتەی هەیە، ئەوەش واتای ئەوەیە هەڵبژاردنەکان بریتین لە میکانیزمی یەکلاییکردنەوەی ململانێ ڕامیارییەکان لە دەوڵەتی نوێدا بەشێوەی ئاشتییانە، ئەوەش دەبێتەهۆی ئەوەی، کە هەموو ڕکابەرەکانی پۆستە ڕامیارییە جۆراوجۆرەکان ئەنجامەکانی هەڵبژاردنەکان وەربگرن و دانبنێن بە ڕەوایی براوەکاندا بە تایبەتیش ڕکابەرە دۆڕاوەکانی هەڵبژاردن"[2] کەواتە ئەم پرەنسیپە جگە لەوەی دەبێتەهۆی بەهێزکردنی سیستەمی فەرمانڕەوایی، هەروەها ئاشتی و سەقامگیریش بەدوایخۆیدا دەهێنێت. هەروەها ئەوەش دەردەخات، کە ئاڵوگۆڕی دەسەڵات "پەیوەستە بەو ڕاجیایی و جیاوازییە ڕامیاریی و دیموکراسیانەی کە لەسەر بنەمای فرەیی حیزبی و هەڵبژاردنی خولی و هەروەها دەستبەرداربوون لە دەسەڵات دێنە دروستبوون و پێکدەهێنرێن، کە لەسەر سیستەمی زۆرینە ڕاوەستاوە لەگەڵ دیاریکردنی ماوەی مانەوەی لە دەسەڵاتدا، ئەو میکانیزمە دەستووریی و یاسایی و ئەخلاقیانەی، کە شێوازی فەرمانڕەوایی و حکومەتی زۆرینە لەگەڵ ڕێزگرتن لە کەمینە لەو ماوە کاتیەی کە دیاریکراوە"[3].

بەمشێوەیەو پەیوەست بە پرسی ئاڵوگۆڕی ئاشتییانەی دەسەڵات لە پرۆسەی ڕامیاریی هەرێمی کوردستاندا، دەبێت ئاماژە بەوە بدرێت، کە "دامەزراوەکانی هەرێم لە ڕووی پەیکەرو پرۆسەی بڕیاردان هێشتا لە سەرەتای قۆناغەکانی گەشەکردندان، بایی ئەوەندە تۆکمە نەکراون، کە حیزبەکانی دەسەڵات و

---

[1] ) عبدالفتاح ماضي، أحمد الديين و أخرون...، الآنتخابات الديمقراطية وواقع الأنتخابات في الأقطار العربية، مركز دراسات الوحدة العربية/بيروت، ٢٠٠٩، ص٣٥.

[2] )هەمان سەرچاوە، لا٤٠.

[3] ) بن عبو عائشة و جباري رقية، تأثير العلمية الأنتخابية في التداول السلمي على السلطة في الجزائر، كلية الحقوق والعلوم السياسية/ قسم العلوم السياسية/جامعة الدكتور مولاي الطاهر-سعيدة، ٢٠١٦، ص٤٤.

ئۆپۆزسیۆن متمانەیان پێبکەن، بەبێ ترس دەستاو دەستی دەسەڵات تیایاندا ئەنجامبدرێت، لەبەرئەوەی دامەزراوەکانی حوکمڕانیی بۆ دژایەتیکردن و بنکۆڵکردن و سڕینەوە ئەم لاوازیی و کەموکورتییانە بەکارناهێنن، بەڵام ئەگەر ئەم کارە نەکرێتە پێشینەی کار و ڕۆژێك لە ڕۆژان نەیەتەدی، ئەوا ناسەقامگیری و ترس و لێکترازان و لاوازبوون یان شکستی حوکمڕانی هەمیشە لە ئارادا دەبێت"[1] لەبەرئەوەی ئەم پرەنسیپە دەبێتەهۆی نوێبوونەوەی عەقڵیەتی فەرمانڕەوایی و هاوکارێکی باشی بەرەوپێشچوونی سیستەمی بەڕێوەبردنیش دەبێت.

تێگەیشتن لەوەی لەچوارچێوەی ئەم بەشەدا سەبارەت بەپەرەسەندنەکانی سیستەمی فەرمانڕەوایی لەهەرێمی کوردستاندا توێژینەوەی لەبارەوەکرا دەمانگەیەنێتە ئەو ئەنجامەی، کە چەسپاندنی بنەماکانی دیموکراسیی لە سەرەتای پرۆسە ڕامیارییەکەیدا، جێبایەخ و گرنگیدانبوو بۆ خەڵکی هەرێمی کوردستان و عێراق و ناوچەکەش، کە بریتیبوون لە هەڵبژاردنی ئازادو دروستکردنی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەڵام هەرلەسەرەتای پرۆسەکەوە ئەوە ڕوونبۆوە، کە پارتە فەرمانڕەواکان و بڕیاربەدەستەکانیان تەنها بە دیموکراسییەکی ڕوکەش ڕازین و ناتوانن ڕازیبن بە هەموو پرەنسیپەکانی تری دیموکراسیی لەسەرئەرزی واقیع، وەك (دابەشکردنی دەسەڵاتەکان و دەستاودەستی ئاشتییانەی دەسەڵات و ئەنجامی هەڵبژاردنەکان)، لە ئەنجامی ئەمەدا خەڵکی کوردستانیان لە چەسپاندنی سیستەمێکی دیموکراسی ڕاستەقینە لەهەرێمی کوردستان نائومێدکردووە.

بەمشێوەیەو بەهۆی ئەو بیرکردنەوەیەی، کە پارتەکان هەیانبوو بەرامبەر بە دیموکراسی و بنەماکانی چەسپاندن و کارپێکردنیان لە پرۆسەی ڕامیاریی هەرێمی کوردستاندا، وایکرد ڕێڕەوگەی پرۆسەکە تووشی چەندین ئاستەنگ بێتەوە و نەتوانێت بەیەك ئاڕاستەو یەك تەوژم بڕوات و بتوانێت یارمەتیدەری دامەزراوەکانی سیستەمی فەرمانڕەوایی بێت لەبەرەوپێشچوون و بە دامەزراوەییکردنیاندا، ئەوەش بەهۆی بوونی شەڕی ناوخۆ و دووئیدارەیی و کارانەبوونی پەرلەمان وەك چەتری کۆکەرەوەی هەموو دەنگوڕەنگەکانی هەرێمی کوردستان، هەربۆیە ڕۆڵی تەنگژەکانی پرۆسەی ڕامیاریی لە هەرێمی کوردستاندا بەقووڵی ڕەنگیداوەتەوە لەسەر سیستەمی فەرمانڕەوایی و دامەزراوەکانی، کاریگەری گەورەیان لەسەر جێبەجێنەکردنی ئامانج و ئەرکەکانیان، لەهەموو قۆناغەکانی فەرمانڕەوایی کوردیدا هەیە.

[1] )دلاوەر عەبدولعەزیز عەئەددین، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٧٧.

## تویژراوەی سێیەم: داڕشتەبوونی سیستەمی بەڕێوەبردن لە هەرێمی کوردستان وەك سیستەمێکی سەرەکی

سیستەمی ڕامیاریی لە هەر دەوڵەت یان کۆمەڵگەیەکی ڕامیارییدا تەنها لەسەر سیستەمی فەرمانڕەوایی ناوەستێت و پێکنایەت، بەڵکو چەند لقە سیستەمێکی تریش لە خۆدەگرێت، لەوانەش سیستەمی بەڕێوەبردنە، کەبەیەکێك لە سیستەمە گرنگ و بایەخدارەکانی ناو سیستەمی ڕامیاریی دادەنرێت، لێرەوەیە زانینی ڕۆڵ و شوێنی ئەم سیستەمە گرنگی و بایەخی زۆری هەیە، هەربۆیە لە ئەنجامی ئەو ڕۆڵ و شوێنە بایەخدارەیەوە زانایان و پسپۆڕانی زانستی ڕامیاریی و زانستەکانی ئابووری و کۆمەڵناسی ڕامیاریی، کاریان لەسەر هێنانەئارای زانستێکی تایبەت بە بەڕێوەبردن کردووە، بە ناوی زانستی بەڕێوەبردنەوە.

دیارە تەواوی پرۆسەکانی بەڕێوەبردن و جێبەجێکردنی بڕیار و یاساو ڕێنماییەکانی هەرسێ دەسەڵاتە سەرەکییەکەی سیستەمی فەرمانڕەوایی (یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەریی)، لەسەرشان و لەلایەنی ئەو دەزگاو دامەزراوەکانی بەڕێوەبردنەوە، بەڕێوەدەچن و ئەنجامدەدرێت کە سیستەمی بەڕێوەبردنی دەوڵەتەکە یان کۆمەڵگە ڕامیارییەکە پێکدەهێنێت، لەسەرئەوە خوێندکاری لەم سیستەمی بەڕێوەبردنە، گرنگی بایەخی زۆری هەیە بۆ زانین و دیاریکردنی واقیع و ئاستی پێشکەوتن و گەشەکردنی سیستەمی فەرمانڕەوایی و دواتریش سیستەمی ڕامیاریی لە دەوڵەت یان کۆمەڵگە ڕامیارییەکەدا.

سیستەمی بەڕێوەبردن لە هەرێمی کوردستاندا کرۆکی سیستەمە فەرمانڕەواییەکەی پێکدێنێت، ئەوەش لەوەێوەدێت، کە پڕکردنەوەی بۆشایی بەڕێوەبردن دەستپێکی پرۆسەی فەرمانڕەوایی لە هەرێمی کوردستان پێکدەهێنێت و هەرئەمەش بوو، کە بووە بناغەی پرۆسەکە، لەلایەکی تریشەوە، بەردەوامیدان بە کاری دامەزراوەکانی و نەوەستانی کاروباری هاووڵاتیان بەشێکبوو لە پرۆسەی خۆبەڕێوەبردن و لەسەرپێ وەستانی کورد لە دوای خەباتێکی دوورودرێژ بۆ دروستکردنی کیانێکی خودکرد، کە بنێتەمایەی حەسانەوەی خەڵکی کوردستان، لەسەرئەوەی سەرەوە توێژینەوە لە سیستەمی بەڕێوەبردن لە هەرێمی کوردستان گرنگی و بایەخی زۆری خۆی هەیە، لەهەر پرۆسەیەکی توێژینەوە لە پرۆسەی ڕامیارییەکەی و سیستەمی فەرمانڕەواییەکەی، بۆئەوەش لە میانەی ئەم سێ توێژینچەیەی خوارەوەدا توێژینەوە لەم پرسە دەکرێت:

توێژینچەی یەکەم: شوێنگرتنی سیستەمی بەڕێوەبردن لە هەرێم وەك چوارچێوەی سەرەکی سیستەمە فەرمانڕەواییەکەی

توێژینچەی دووەم: بونیادنانی سیستەمی بەڕێوەبردن لە هەرێمی کوردستان و پێوەندیگە نێودەوڵەتییەکان

توێژینچەی سێیەم: مۆرك و سروشتی پەرەسەندنەکانی سیستەمی بەڕێوەبردن لە هەرێمی کوردستان

## توێژینچەی یەکەم: شوێنگرتنی سیستەمی بەڕێوەبردن لە هەرێم وەك چوارچێوەی سەرەکیی سیستەمە فەرمانڕەواییەکەی

سیستەمی بەڕێوەبردن لە هەرێمی کوردستان بناغەی دروستبوونی سیستەمی فەرمانڕەوایی تیایدا پێکدێنێت، بەو پێیەی دەسەڵاتدارانی هەرێم، بەرلەوەی کە پەرلەمان و حکومەت و هیچ دەزگایەکی تری فەرمی دروست بکەن، بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری هاووڵاتیان و ڕاییکردنی کاروباری بەڕێوەبردن پشتیان بەو دەزگاو دامەزراوانە بەست، کە ڕژێمی بەعس دەستی لە پرۆسەی بەڕێوەبردن و سەرپەرشتیکردنیان کێشایەوە، ئەوەش لە واقیعدا بووە بەردی بناغەی فۆرمەڵەبوون و داڕشتەبوونی ئەو دەزگاو دامەزراوانە، لە چوارچێوەی سیستەمێکی سەربەخۆی تایبەت بە هەرێمی کوردستانی تازە لەدایکبوودا، بەمشێوەیە و سەرباری هەبوونی ناتەواوی و کەموکوڕییەکی گەورە و زۆر لەو واقیعەی هاتبووە ئاراوە لەسەر ئاستی بەڕێوەبردن و سەرپەرشتیکردنی ئەو دەزگاو دامەزراوەکانی بەڕێوەبردنە، کە ڕژێمی بەعس دەستی لێیان بەردا، بەڵام سەرەنجام توانرا ئەو بۆشاییەی درووستبووە پڕبکرێتەوە، بەڵکو لێوەی بەردی بناغەی یەکەمین سیستەمی ناو پرۆسەی ڕامیاریی هەرێمی کوردستان داڕشتە بکرێت و دابنرێت.

هەروەك پێشتر توێژینەوەی لێکرا ئەم پرۆسەیە لە "ئەو بۆشاییە کارگێرییەی کە لە ئەنجامی دەستبەرداربون وکشانەوەی تەواوی فەرمانگەو دامودەزگاکانی بەڕێوەبردن و دادگاکانی دەوڵەتی عێراق لە پارێزگاکانی سلێمانی و هەولێرو دهۆك لەلایەن حکومەتی ناوەندییەوە درووستبوون و هاتنەئاراوە، ئەمەش بەبڕیارێکی نهێنی لەلایەن وەزارەتی ناوخۆی عێراقەوە دەرکرابوو، هەروەها داوای لەفەرمانبەرەکانیشی کردبوو بۆ بەردەوامبوون لە کارەکانیان پێویستە پەیوەندی بە شاری موسڵ و کەرکوکەوە بکەن " [١].

ئەو بڕیارەی حکومەتی عێراقی لەوکاتەدا بەرامبەر ناوچە ڕزگارکراوەکانی باشووری کوردستان، ئەوەی لێکەوتەوە، کە "بۆشایی کارگێریی و دامودەزگاکانی حکومەت لە کوردستاندا کەوتە سەرشانی پارتە ڕامیارییەکانی کوردستان و بە تایبەتی بەرەی کوردستانی، کە پێویستی دەکرد بە زوترین کات جۆرێك لە شێوەی (بەڕێوەبردنی یاسایی) لە هەرێمی کوردستاندا دابمەزرێننەوە، ئەمەش ئەرکێکی هەروا ئاسان نەبوو، چونکە پارتە ڕامیارییەکانی کوردستان پێشتر هیچ جۆرە ئەزموونێکی بەڕێوەبردن و یاسایی مەدەنیانەیان نەبوو، تەنیا لە شۆڕشی چەکداریدا لە ناوچە شاخاوییەکاندا خۆیان بینیبۆوە، لە پێش ڕاپەڕینیشدا هیچ جۆرە بەرنامەیەك لەلایەن بەرەی کوردستانییەوە بۆ پێکهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەشێوەی کاتی دانەمەزرابوو، بۆئەوەی لە دوای ڕزگارکردن و ئازادکردنی هەرێمی کوردستان جێبەجێی بکات" [٢]، بۆیە

---

[١] )د.فاضل الزهاوي، سەرچاوەی پێشوو، لا٢٠٤.

[٢] )ئاراس عبدالرحمان مستەفا، ڕاپەڕینی ئاداری ١٩٩١ لەباشووری کوردستان، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی/ سلێمانی،٢٠٠٩، لا٤٤١.

ئەم باردۆخە بارودۆخێکی دیفاکتۆبوو، هەربۆیە هیچ ئامادەکارییەکی پێشوەختە لەلایەن بەرەی کوردستانییەوە نەکرابوو بۆ ڕاپەڕین و ئاکامەکانی ڕاپەڕین، کە کاری لەپێشینە بریتبوو لە بەڕێوەبردنی ناوچەڕزگارکراوەکانی هەرێمی کوردستان.

بۆیە دەبێت ئاماژە بەوە بدرێت کە تەواوی ئەو پرۆسەی هەڵبژاردنەو ئامادەکارییەکانی پێشی و تەواوی پرۆسەی ڕامیاریی لە هەرێمی کوردستان لەسەرشانی دامەزراوە کارگێڕییە هەبووەکانی ناوهەرێمەکە بوون، بەڵام دوای ئەوەی لە (١٩ی مایسی ١٩٩٢) پرۆسەی هەڵبژاردنی یەکەمین پەرلەمان لەم هەرێمەدا بەڕێوەچوو، هەروەك پێشتر ئاماژەی پێدراوە، ئەوا" دامەزراندنی دامەزراوە یاساییەکان لە هەرێمی کوردستاندا، لە دەسەڵاتەکانی یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەری، پەرلەمانی کوردستان بوو بە دامەزراوەیەکی تایبەت بە داڕشتنی یاساکان، لە بابەت و مەسەلە چارەنووسسازەکاندا بۆ خەڵکی کوردستان"[1]، سەبارەت بە گرنگی ئەو هەڵبژاردنە پەرلەمانییە بۆ تەواوی پرۆسەی ڕامیاریی هەرێم و سیستەمی فەرمانڕەوایی نوێی بونیادنراو تیایدا(ئۆفرا بینگۆ)دەڵێت" ئەم هەڵبژاردنە بەشێك بوو لەو هەوڵەی کە کورد دای لەپێناو پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە کارگێڕییەی لەلایەن حکومەتی عێراقەوە دروست ببوو، ئەم بۆشاییە کارگێڕییە وەك نیازپاکی دەسەڵاتبەدەستانی کورد بەکاریان هێنا بۆ بەدەستهێنانی پاڵپشتی ڕۆژئاوا، بەدەستهێنانی چەتری سەربازی ڕۆژئاوا بۆ سەرکەوتنی ئەو هەوڵە"[2]، هەروەها ئەم هەڵبژاردنە هۆکارێك بوو بۆ دەستپێکردنی پرۆسەی خۆبەڕێوەبردن و دامەزراندنی دامەزراوەکانی سیستەمی فەرمانڕەوایی لە هەرێمی کوردستاندا.

خاڵێکی گرنگی تر لەم پێوەندەدا، کە پێویستە توێژینەوەی لێبکرێت، بریتیە لە ئامادەیی فاکتەری دەرەکی بۆ ئەم پرۆسە ڕامیارییە نوێیەکەی کوردان لەم بەشەی کوردستاندا، ئەوەش لەوێوەبوو کە "هاوپەیمانانی نێودەوڵەتی لە یارمەتیدانی بەرەی کوردستانی لە ئیدارەدان و ڕێنماییکردن بۆ جێبەجێکردنی کاروبارەکان، ڕۆڵێکی گرنگیان گێڕا لە دروستکردن و ڕیکخستنی کاروبارەکانی ئەو ناوچانەی لەژێر دەسەڵاتی بەرەی کوردستانیدا بوون، بە تایبەتی پاش کۆڕەو و دیاریکردنی هێڵی پانیی (٣٦) لەلایەن هێزەکانی هاوپەیمانانەوە"[3].

سەبارەت بە پرۆسەی خۆبەڕێوەبەری و کارگێڕیی خۆماڵیش، ئەوا پێویستە بزانرێت، کە بەرەی کوردستانی یاسای ژمارە (١)ی لە٨ی نیسانی ١٩٩٢دەرکرد، ئەم یاسایەش" یەکەمین یاسایە لە مێژووی هاوچەرخی کوردستانی عێراقدا، کە لەلایەن دیفاکتۆی کوردییەوە دەرکرابێت مومارەسەی دەسەڵات دەکات و مافی بڕیارسازیی لە نێو هەرێمە کوردییەکەی عێراقدا دەبێت، بەدەر لە دەسەڵاتی ناوەندیی لە بەغدا بڕیاری

[1] ) د. شۆڕش حسن عمر، خصائص النظام الفيدرالي في العراق، منشورات مركز كوردستان للدراسات الأستراتيجية/ سليمانية، ٢٠٠٩، ص٩٢-٩٣.
[2] ) ئۆفرا بینگیۆ، سەرچاوەی پێشوو، لا٣١٥.
[3] ) محمد صابر كريم، أثر التعددية السياسية على السلطة التشريعية،سەرچاوەی پێشوو، لا١٨٤.

ئەنجامدانی هەڵبژاردنی گشتی کوردستان لەساڵی ١٩٩٢دا ڕەگەزێکی بایەخداری جەختکردنەوەی دەسەڵاتە"[١]، بۆ بەرجەستەکردن و چەسپاندنی بنەماکانی دیموکراسیی.

بەمشێوەیە ئەو باردۆخە، نوێیەی کە هاتبووە ئاراوە، هەر تەنها لە ڕەهەندی بەڕێوەبردندا بەرجەستە و یەکلانەبووەوە، بەڵکو ڕەهەندە یاسادانەریی و فەرمانڕەوایی و دادوەرییەکەشی بە شوێنخۆیدا هێنابوو، پێویستیان بە دۆزینەوەی چارەسەری بەپەلە و ئیرادەئامێزانە هەبوو، لێرەوە بوو کە "بەرەی کوردستانی بۆ بەڕێوەبردنی دەزگاکانی حکومەت لە کوردستان، هەڵبژاردنی ئەنجامداو یەکەم کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستانی پێکهێنا، هەروەها پێش ئەو پرۆسەیەش هەستا بە دروستکردنی هێزی چەکدارو پۆلیس و دابینکردنی خزمەتگوزاری بەڕێوەبردن و هەوڵدان بۆ دابینکردنی مووچەی فەرمانبەران و سەپاندنی باج ورسومات و گومرگ لە خاڵە سنوورییەکانی نێوان کوردستان و عێراق و تورکیا و ئێران، کردنەوەی باڵوێزخانە و نووسینگەکان لە وڵاتانی بیانی و وەرگرتنی یارمەتییە مرۆییەکان [٢]، هەر لەمپێوەندەدا جێی خۆیەتی، کە ئاماژە بەوەش بدرێت بۆ زیاتر داڕشتەکردنی پایەکانی سیستەمی فەرمانڕەوایی "پەرلەمانی کوردستان لەڕۆژی ١٩٩٣/١٢/٢٠ دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێمی دروستکرد ، ئەویش، لە یاسای ژمارە(١٩)ی ساڵی ١٩٩٣ و لەماددەی یەکەمدا هاتووە، بەدەر لە حوکمەکانی یاسای ژمارە(٢)ی ساڵی ١٩٩٢، دەستەیەك دادەمەزرێ پێی دەوترێت (دەستەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانی عێراق)، ئەم دەسەڵات و ئەرکانەی کە لەیاسای ناوبراوی سەرەوەدا هاتوون جێبەجێدەکات تاوەکو قۆناغی دووەمی هەڵبژاردنی ڕابەری بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی کوردی تەواو دەبێت"[٣].

وەك هەنگاوێکیش بۆ پرکردنەوەی کەلێن و بۆشاییە دیارو گەورەکانی سیستەمی بەڕێوەبردن لە هەرێمی کوردستاندا، ئەوا پێویستە لێرەدا ئاماژە بەو بڕیارو فەرمانانەی سیستەمی فەرمانڕەوایی هەرێم بکرێت، کە تایبەتن بە دامەزراندن و هێنانەئارای ئەو دەزگاو دامەزراوانەی کە پێویستە لە سیستەمە کارگێڕییەکەیدا هەبن، نموونەیەکی دیاری ئەوەش بریتییە لە" یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠١١، کە بریتییە لە دامەزراندنی (دەستەی گشتی دەستپاکی هەرێمی کوردستان)*، کە لە ماددەی دووەمیدا هاتووە، بەپێی ئەم یاسایە دەستەیەك بەناوی (دەستەی گشتی دەستپاکی هەرێمی کوردستان) دادەمەزرێت، کە خاوەنی کەسایەتییەکی مەعنەویی سەربەخۆ دەبێت و لە ژێر چاودێری پەرلەماندا دەبێت و لە نێو بودجەی گشتی هەرێمدا تەرخانکراوی (تخصیصات) دەبێت، لە ماددەی سێیەمدا ئامانجەکانی دیاریکراوە، یەکەم، جێگیرکردنی میکانیزمی کارا بۆ چەسپاندنی پرەنسیپی سەروەریی یاسا، دووەم، نەهێشتنی دیاردەی گەندەڵی و

١ )گەراس ئاڕ.ڤی.ستانسفێڵد، سەرچاوەی پێشوو، لا٢٨٩-٢٩٠.
٢ ) محمد صابر كريم، أثر التعددية السياسية على السلطة التشريعية،سەرچاوەی پێشوو، لا١٨٢.
٣ ) مجموعة القوانين والقرارات الصادرة عن المجلس الوطني لكوردستان العراق،١٩٩٣/١/١ لغاية ١٩٩٦/١٢/٣١، سەرچاوەی پێشوو، لا٢٣٨.
*دەستەی دەستپاکی هەرێمی کوردستان بەپێی یاسای ژمارە٣یساڵی ٢٠١١دروستکرا، ئامانج لێی بریتبوو لە نەهێشتنی دیاردەی گەندەڵی و چەسپاندی شەفافیەت و تۆکمەترکردنی ئەم بنەمایە لە نێو تێکڕای دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستاندا.(یاساکانی ٢٠١١، سایتی پەرلەمانی کوردستان، سەرچاوەی پێشوو).

پشتیوانیکردن له بنەمای شەفافییەت و تۆکمەکردنی لەنێو تێکڕای دەزگاکانی هەرێمدا لە ڕێی ڕێکارە یاساییەکانەوە"[١].

لێرەدا پێویستە ئاخاوتن لەو پێتەش بکرێت، کە پەرلەمانی هەرێمی کوردستان یەکەم زیادکردنێکی بۆ سیستەمی بەڕێوەبردن لە هەرێمدا ئەنجامداوە، ئەوەش لەو هەنگاوەدا بەرجەستەیە، لەسەردەمی پێش ٢٠٠٥ هەندێ دامەزراوەی نوێ هاتنە کایەوە، کە ڕەنگدانەوەی زەرورەت و خواستی ناوەکیی و هاوکاری دەرەوە بوون، کۆمەڵێك ئەنجومەن و دەستەی نوێ دامەزران، کە شێوازی کارکردنیان کلاسیکی نەبوو، ئەوانەش هەنگاوێك بوون بۆ وەڵامدانەوەی پێویستییەکانی سەردەمەکە[٢]، بەڵام لەبەرئەوەی ڕژێمی بەعس بەشێوەی ناناوەندییانەی لاواز دامەزراوەکانی بەڕێوەدەبرد، هەربۆیە دوای بڕیاری ئاماژبۆکراو سەبارەت بە کشانەوەی دەزگاکانی، ئیتر پشتگیری و بەڕێوەبردنی ئەو دەزگایانە لە هەرێم، بووە ئەرکی سەرەکی و بنچینەیی پەرلەمانی کوردستان، کە چارەسەری بۆشایی و کەلێنەکانی سیستەمی بەڕێوەبردن بکات، یەك لەو هەنگاوانەش بریتی بوو لە دامەزراندنی دیوانی چاودێری دارایی بە یاسای ژمارە(١٤)ی ساڵی (٢٠٠٠)، لە ماددەی دووەمیدا هاتووە، دەسەڵاتدارییەك بۆ چاودێری دارایی لە هەرێمدا بەناوی (دیوانی چاودێری دارایی هەرێمی کوردستانی عێراق) دادەمەزرێ، کە کەسێتی مەعنەوی و سەربەخۆیی دارایی و کارگێڕیی خۆی هەبێ، بۆیشی هەبێ هەموو ڕەفتارێکی یاسایی بۆ بە ئاکام گەیاندنی ئەرکی سەرشانی خۆی پیادە بکات، نوێنەری ئەم دەسەڵاتە داراییەش سەرۆکەکەیەتی، یان ئەو کەسەیە کە سەرۆك ئەم دەسەڵاتەی پێدەدا"[٣].

کەلێنێکی تری سیستەمی بەڕێوەبردن لە هەرێمی کوردستان کە پێویستی بەپڕکردنەوەو چارەسەرهەبوو، بریتی بوو لە نەبوونی دەزگا تایبەتەکانی چاودێری و بەدواداچوون لە بەڕێوەچوونی کارو فەرمانەکانی دەزگاو دامەزراوەکانی ئەم سیستەمە، چونکە کاری " بەڕێوەبردن بەبێ چاودێری وبەدواداچوون و لێپرسینەوە و سزادان، تووشی ئیفلیجی و ئاژاوە و پوکانەوە دەبێت، بە فراوانکردنی دەسەڵاتی دیوانی چاودێری دارایی یان هەر دەزگایەکی تری هاوشێوە و هاوکار، دابهێنرێت یان فراوانتر بکرێت و ڕادەی بەدواداچوون و چاودێری و لێپرسینەوە وردتر و خێراتر بکرێت، بەوەش ئیدارەی بیرۆکراسی گورج و گۆڵتر دەبێتەوە، هەروەها دیاردەی گەندەڵیش بە بوونی ئەم دەزگایە بنەبڕ دەبێت و نامێنێت"[٤] هەنگاوێکیش دەبێت بۆ کاری دامەزراوەیی، لەبەرئەوەی گرنگی ئەم دەزگایەش لەوەدایە، کە دەتوانێت چاودێری و وردبینی بۆ هەموو دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێم بکات.

---

١ ) ماڵپەڕی پەرلەمانی کوردستان، یاسانی ٢٠١١، لەسەر ئەم بەستەرە بەردەستە، سەرچاوەی پێشوو، مێژووی سەردانیکردن ٢٠٢١/٤/١٣، لا ١.

٢ ) د.دلاوەر عەبدولعەزیز عەلائەددین، چاوپێکەوتن، سەرچاوەی پێشوو.

٣ ) مجموعة القوانين والقرارات الصادرة عن المجلس الوطني لكوردستان العراق،٢٠٠٠/١/١ لغاية ٢٠٠٠/١٢/٣١، سەرچاوەی پێشوو، لا ١٥١.

٤ )مامۆستا جەعفەر، ئیدارەی کوردی ئاستەنگ و ئاسۆی گەشەکردن، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی/سلێمانی، ٢٠٠٩، لا١٧٨.

یەك لەو هەنگاو وپلانانەی، کە دەکرێت وەك هێمای بایەخداری حکومەتی هەرێم بە پەرەپێدان و پێشخستنی دامەزراوەکانی سیستەمی بەڕێوەبردن ئەژماربکرێت، بریتییە لەوەی کە" لە کارنامەی نۆهەمین کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان و لە خاڵی چواردەیەمدا جێگیرکراوە بەوەی، کە بە ئەلیکترۆنی کردنی کاروبارەکانی حکومەت، چ لە ئاست کاروباری ناوخۆی حکومەت و چ لەئاست پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە ئەلیکترۆنیەکان بۆ هاووڵاتیان، لە ئەرکە لەپێشینەکانمان دەبێت و بەم هۆیەوە ڕێگە لەڕۆتین و بەهەدەردانی سامانی گشتی و کاتی هاووڵاتیان و دامەزراوەکان دەگیرێت و کوالیتی خزمەتگوزارییەکان بەرز دەکرێنەوە[١]، هەروەها ئەم هەنگاوە تێچووی خزمەتگوزارییەکان و هاتووچۆی نێوان شارەکانیش کەمدەکاتەوە.

لێرەوەو بەوردبونەوە لەو خاڵە ئاماژە بۆکراوانەی سەرەوە، ئەوە دەردەکەوێت، کە سیستەمی فەرمانڕەوایی هەرێمی کوردستان لە میانەی کابینەکانی حکومەتی هەرێم، ئەو هەنگاوانەی، کە ناویانە بۆ دارشتەبوون و گەشەکردنی پتەوی و بەهێزی سیستەمی بەڕێوەبردن تیایدا لە ئاستی پێویستدانەبون ئەوەش بەدەلیلی ئەوەی، کە بۆ نموونە" بۆ ئەم مەبەستە و بۆ تۆکمە کردن ئەم دەزگایە، لە خاڵی پێنجەمی کارنامەی نۆیەمین کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا هاتووە، کە دەڵێت،"بەهەموو توانامانەوە ڕووبەڕووی هەموو جۆرە گەندەڵیەکی دارایی و کارگێریی دەبینەوە و ڕێگر دەبین لە بەهەدەردانی سامانی گشتی و زێدەڕۆیی بۆ سەر موڵك و مومتەلەکاتی هەرێم، ئەمەش لە ڕێگەی کاراکردن و پشتیوانیکردنی دامەزراوە فەرمی و یاساییەکانی هەرێمی کوردستان بە تایبەتی پەرلەمان و دیوانی چاودێری دارایی و دەستەی دەستپاکی و داواکاری گشتی".[٢]

ئەمەش بە واتای ئەوەدێت، کە لەماوەی سێ دەیەی ڕابردوودا هەنگاوی جدی نەنراوە بۆ بنەبڕکردنی ئەم دیاردەیە و نەتوانراوە کۆنترۆڵ بکرێت لەلایەن سیستەمی فەرمانڕەواییەوە، دیارە ئەوەش بەهۆکاری نەبوونی دەسەڵاتی دامەزراوەکان و لاوازی سەروەری یاساو دامەزراوەکانی سیستەمی داوەریی، بەمشێوەیەو بە وەستان لەسەرئەوەی لەسەرەوە توێژینەوەی لەسەرکراوە، دەتوانین بڵێین کە هەرچەندە بەدرێژایی سیساڵی ڕابردووی حوکمڕانی کوردیی، هەنگاوی کرداری نراوە بۆ بەدامەزراوەکردنی دەزگاکانی هەرێمی کوردستان، لەو پێناوەشدا چەندین ڕێکارو یاسا لە پەرلەمانی کوردستان دەرچوون، ئەو دەزگایانەش وەك میکانیزمێك بۆ بابەتی لێپرسینەوە و چاودێری و پشکنین و هەڵسەنگانی دەزگاکان و کارمەندەکان بەگەڕ خراون، بەڵام لەڕاستییدا نەیانتوانیوە بنەمای شەفافیەت و بنەبڕکردن و نەهێشتنی گەندەڵی و کەمکردنەوەی ڕۆتینات و کەمکردنەوە و بەفیڕۆدانی سامانی گشتی بەدیبهێنن، کە ئەمەش بووەتە هۆی چەقبەستوویی دەزگاکان و گەشەنەکردنی سیستەمی بەڕێوەبردنی هەرێم وەك بەشێکی سەرەکی سیستەمی فەرمانڕەوایی لە هەرێمی کوردستاندا.

[١] ) سامان ساڵح فەرەج، نۆهەمین کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٤.
[٢] ) هەمان سەرچاوە، ل٤٠.

## تویژینچەی دووەم: بونیادنانی سیستەمی بەڕێوەبردن لە هەرێمی کوردستان و پێودانگە نێودەوڵەتییەکان

بونیادنانی سیستەمی بەڕێوەبردن پرۆسەیەکی وردوو ئاڵۆزە و بە چەند هەنگاوێکی هەستیارو گرنگدا تێدەپەڕێت، هەموو سیستەمێکی بەڕێوەبردنیش بەپێی میکانیزمی پێکهاتن و بونیادەکەی دەگۆڕێت، بەپێی ئەم بنیادەی توانای سیستەمەکە بۆ خزمەتکردنی کۆمەڵگا و بەجێگەیاندنی ئامانجەکانی دەوڵەت یان قەوارە ڕامیارییەکە دەگۆڕێت، کەواتە هەر ئەم لۆژیکەیە دەبێتەهۆی گۆڕانی سیستەمەکانی بەڕێوەبردن لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر، بەڵام پێوەرە گشتییەکانی بنیادنانی سیستەمی بەڕێوەبردن لەسەر ئاستی جیهان تاڕادەیەکی باش بەرچاوڕوونی پێشکەش دەکەن، بۆ ناسینەوە و جیاکردنەوەی سیستەمەکان، سیستەمەکانی ناو سیستەمی ڕامیاریی، لێرەوە و لەسەرئەوە زانینی سروشتی سیستەمی بەڕێوەبردن و ئەو بونیادو ئەو بنەمایانەی کەلەسەری وەستاوە و هاتۆتە پێکهاتن گرنگی و بایەخی زۆری هەیە، هەربۆیە توێژینەوەکردن لەمبارەوەو توێژینەوەکردن لەوەی تاچەند سیستەمی بەڕێوەبردن لە هەرێمی کوردستان بەپێی پێودانگ و پێوەرە نێودەوڵەتییەکان ڕێکخراوە، پێویستییەکی بایەخدارو سەرەکی ئەم توێژینەوەیە پێکدەهێنێت.

سەرەتا وا بەچاکدەزانرێت ئاماژە بەگرنگترین و سەرەکیترین ئەو پێوەرانە بکرێت، کە لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی لە بونیادنانی سیستەمی بەڕێوەبردن و دامەزراوەکانیدا کاریان پێدەکرێت، بریتین لەمانەی خوارەوە[1]:-

**یەکەم: چاودێری و لێپرسینەوە لە ڕووی پاداشت و سزاوە:-** ئەم پێوەرە ئەوە لەخۆدەگرێت کە "تاچەند دڵنیایی هەیە لەوەی کە پرۆسەی جێبەجێکردن بەپێی پلانە بڕیارلێدراوەکان و ڕێنماییە دەرچووەکان و بنەما کارپێکراوەکان بەڕێوەدەچێت، چونکە لێپرسینەوە پرۆسەیەکە بۆ ئاشکراکردنی ئەوەی کە ئاخۆ کارەکان بە گوێرەی پلانە دانراوەکان بەڕێوەدەچن، ئەوەش بە مەبەستی ئاشکراکردنی ئەو خاڵە لاوازانەی کە هەن، لە هەمانکاتیشدا خۆپاراستن لە دووبارەبوونەوەیان، هەروەها میکانیزمی چاودێریش بکرێتە یەکێك لە ڕەگەزەکانی کارگێریی یان یەکێك لە ئەرکەکانی پلاندانان و ڕێکخستن و دەرکردنی ڕێنماییەکان و هەماهەنگی و چاودێری، کە نەك هەر تەنها بۆ خزمەتگوزارییە گشتییەکان و پرۆژەکان گرنگە، بەڵکو بۆ هەر کۆششێکی بەکۆمەڵیش پێویستە، جا هەرمەبەستێکی لەپشتەوە بێت، هەروەها بۆ دڵنیابوونە لە جێبەجێکردنی پلانەکە بەپێی ئەو پێودانگە کارگێڕییانەی کە دانراون".

ئەوەی سەرەوە ئەوە دەخوازێت، کە "پێویستە هەڵسەنگاندنی ئاستی کاربەجێگەیاندن لە دامەزراوەکاندا پێشینەیی(پلەی یەکەمی) گەورەی پێبدرێت و پشتگیری لوتکەی دەسەڵاتی لە پشتبێت، هەروەها پێویستە هەموو دامەزراوەیەك و کارمەندێکی حکومەت ساڵانە بەپێی پلانێك و کۆمەڵێك پێوەر هەڵسەنگاندنی

---

[1] ) د. أمین فەرەج شەریف، سەرچاوەی پێشوو، لا٤٤.

کاربەجێگەیاندنیان بۆ بکرێت و بەپێی تایبەتمەندی دامودەزگاکان و پێکهاتەکانیان وردبکرێتەوە"[١].
لە بەرامبەریشدا دەبێت ئەوە بزانرێت، کە ئەگەری شکستهێنانی لێپرسینەوەش زیاد دەکات بەنەبوونی سیستەمی پاداشت و سزاخوازی، یاخود لاوازی ڕێکخستن و ڕاهێنان، یان چالاکنەبوونی دامەزراوەکانی چاودێری و لێپرسینەوە، یا پشتگوێخستنی جیاوازی لەنێوان فەرمانبەراندا، هەربۆیە پشتگوێخستنی ئەم دووپرەنسیپە (چاودێریی و نرخاندن)، ئەگەری شکستهێنانی سیستەمی بەڕێوەبردن زیاتردەکات[٢]، لێرەوە دەردەکەوێت، کە هەموو سیستەمێکی سەرکەوتوو پێویستی بە هێزی مرۆیی و کارمەندی سەرکەوتوو باشە و دواتریش لێپرسینەوەو چاودێریکردنی ئەرکێکی پێویستە.

**دووەم: پلەبەندی هەرەمی:-** سەبارەت بەم پێوەرەش ئەوا مەبەست لێی بریتیە لە "ڕیزبەندی ئاستە جیاجیاکانی بەڕێوەبردن کە پرۆسەی بەڕێوەبردن ئەنجامدەدەن و هەریەکەیان بەرپرسە لە جێبەجێکردنی بەشێك لە کۆی پرۆسەکە، ئەم ئاستانەش بەپێی دەسەڵات و گرنگی پێگەیان ڕیزبەندیکراون"[٣] لە لوتکەی دەسەڵاتەوە تا دەگاتە نزمترین پلەی دەسەڵاتداری بەڕێوەبردن. هەروەها ئەو ئاستانە "پەیوەندییەکی ستونی لەنێوانیاندا هەیە، زانیارییەکان لە خوارەوە بۆ سەرەوە و فەرمانەکانیش لە سەرەوە بۆ خوارەوە دێن، ئەمەش بە چەند پاساوێك بەڕێوەدەچێت، لە پێشیانەوە پاساوی هونەرییە، کە دەبێت هەموو یەکە کارگێڕییەکان لەگەڵ بنەمای یەکایەتی فەرمانداری و یەکانگیری پێکەوەبن، سەبارەت بەم پاساوەش (ماکس ڤیبەر) وای دەبینێت، کە ئەم کارە دەبێتەهۆی وردبینی و خێرایی لە ڕاپەڕاندنی کارەکاندا، دوای هونەریی پاساوی یاسایی دێت، کە بریتییە لەوەی هەموو دەزگایەکی بەڕێوەبردن لە بنەڕەتدا ملکەچی سیستەمێکی یاسایی بێت ئەویش دیسان سیستەمێکی هەرەمییە، جگەلەمەش یەکەیەکی دروستکردنی بڕیاری ناوەندیی کە لەسەر دوو ئاراستە کاردەکات کە بریتییە لە ئاراستەی ستوونی نێوان بەڕێوەبەرەکان و فەرمانبەران، ئاراستەیەکی ئاسۆیی لە نێوان فەرمانبەر و فەرمانبەرێکی تردا[٤]پاراستنی ئەم پەیوەندییانە سیستەمی بەڕێوەبردن لە ئاڵۆزیی و تێکەڵاوی دەپارێزێت.

**سێیەم: دانانی کەسی شیاو لە شوێنی شیاو:-** ئەم پێوەرەیان ئەوە دەگەیەنێت، کە بۆئەوەی باشترین بڕیاری هەڵبژاردن و دامەزراندن بدرێت ئەوا پێویستە شیکردنەوە بۆ ناساندنی کار و دانانی پلان بۆ سامانی مرۆیی و گەڕان و ڕاکێشانی سامانی مرۆیی(کارمەند) بکرێت، تاوەکو دەگەینە کۆتا هەنگاو، کە بریتیە لە بڕیاری دامەزراندن، ئەمەش لەپێناو ئەو بنەمایەی، کە دەڵێت(کەسی شیاو لەشوێنی شیاو)، بە تایبەتی ئەم حاڵەتە

---

[١]) د.دلاوەر عەبدولعەزیز عەلائەدین، دەوڵەتسازی، سەرچاوەی پێشوو، لا ١٢٢.
[٢]) د. كاوه محمد فرج قرداغي، العلاقة بين الشفافية والمساءلة ودورها في(الأصلاح الأداري)، مجلة (زانكۆی سلێماني)، العدد٣٧، تشرين الأول٢٠١٢، قسم الدراسات الأنسانيةB، ص٢١٤.
[٣])پشتيوان فاضل صديق، مبادئ الإدارة، كلية الإدارة العامة و الموارد الطبيعية/ قسم الأدارة والمحاسبة، ورقة بحثية/جامعة چەرموو، ٢٠١٨، ص٦.
[٤]) نقلا عن:عبدالستار ابراهيم دهام، التنظيم البيروقراطي أزاء الفكر الإداري المعاصر، مجلة الأنبار للعلوم الأقتصادية والأدارية، العدد الثاني، ٢٠٠٨، ص٧.

لە فەرمانگەو وەزارەتەکان و دامەزراوەکانی حکومەتدا دەبێت جێبەجێبکرێت، ئەگەرنا ئەوا نابێتەهۆی خزمەتکردنی باشتری هاووڵاتیان و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریەکان بە ڕازیکردنی هەردوولا هاووڵاتی و کارمەند[١].

ئەوەی کە لێرەدا شیاوی ئاماژەپێکردنە بریتیە لەوەی "هەمووکات ئەم ڕاستییەمان گوێ لێدەبێت، (کەسی شیاو لە شوێنی شیاو)، بوونی کەسێك کە خاوەنی توانای دیاریکراوە بۆ چارەسەری کێشەیەکی دیاریکراو، ڕەنگە جەختکردنەوە بێت لەم بابەتە ئەم تواناو لێهاتووییە پەیوەندی بە کارێکەوە یا بەرپرسیارێتیەکەوە هەبێت، کەسی شیاو کاریگەری لەسەرئەوانی تریش دەبێت بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی ئەو دەزگایەی کە کاری تیادادەکات، پێویستە کارکردن بەم میتۆدە لەسەر هەموو ئاستەکان و کەسەکان جێبەجێبکرێت، لە ئاستی هەرە بەرزەوە تا ئاستی خوارەوە"[٢]، لەبەرئەوەی کارکردن بەم بنەمایە سیستەمی بەڕێوەبردن پتەوتر دەکات و دەیگەیەنێتە ئاستی پێویست.

**چوارەم: تواناو شارەزایی فەرمانبەران:-** ئەم پێوەرە ئەوە دەخوازێت، کە "وەگەڕخستنی فەرمانبەران لەڕێکخستنی بیرۆکراسیدا لەسەر بنەما یان پشتدەبەستێت بەتوانا زانستیی و هونەرییەکان لە کاتی پێدانی هەر ئەرك و بەرپرسیارێتییەکی دیاریکراودا، ئەمەش لە پاش ئەنجامدانی چەند ڕێکارێك دەکرێت، بەنموونە تاقیکردنەوە، بەمپێیەش کارەکان دابەشدەکرێت و ڕێگاو کەرەستەکان دیاریدەکرێن، کەواتە دامەزراندنی کەسەکان لەسەر بنەمای توانا، لێهاتوویی هونەریی، زانیاری فەرمییانە دەکرێت، ئەم کارەش دەبێتەهۆی گەیشتن بە ئامانجەکان و ڕاسپاردەکان بەڕێگایەکی دیاریکراو، جگە لەمە ئەزموونی کار و چوستو و چالاکی لە بەجێگەیاندنی کاردا بە شێوەیەکی ئەقڵانی و لێهاتووئامێزانە دەمانگەیەنێتە ئەو ئامانجەی کە دیاریکراوە"[٣].

لێرەوە ئەوە دەردەکەوێت، کە کارکردن بەپێوەری تواناو شارەزایی فەرمانبەران، وا دەخوازێت، کە " هەر کارمەندێك لە پلە تایبەتەکانەوە تا پلەکانی خوارەوە، وەك ئەرکێکی چاوەڕوانکراو و لە چوارچێوەی تایبەتمەندیی دامەزراوەکەی بەشداری لە پرۆسەی نوێکردنەوەی زانیاری بەردەوامدا بکات، بۆئەوەی لە دوایین پێشهات و زانست و هونەر و تەکنەلۆجیا و یاسا و ڕێسا و ڕێنماییەکان ئاگاداربێت[٤]، چونکە گۆڕانکاری لەم بوارانەی کە باسکران بەردەوامن و دەبێت توانا مرۆییەکانیش لەگەڵیدا گەشەبکەن و گۆڕانیان بەسەردابێت. بۆیە بەپێی پێوەرە نێودەوڵەتییەکانی سیستەمی بەڕێوەبردن، و ئاستی بەرجەرستە بونیان لە سیستەمی بەڕێوەبردن هەرێمی کوردستاندا "بواری وەزیفی لەهەرێمدا کەموکوڕی زۆری تێدایە، وەك

[١] ) عومەر گوڵپی، دامەزراندن بەپێی سیستەم گەورەترین سەرمایەگوزاریە لە مرۆڤدا، ٢٠٢٠/٨/١٥، بەرواری سەردانیکردن/٢٠٢١/٤/١٠ لەسەر ئەم لینکە بەردەستە https://bit.ly/3mLEhgo .

[٢] ) خلفان العاصمي، الشخص المناسب في المكان المناسب، نشر في الموقع الرؤية، ١٧أغسطس٢٠١٥، تأريخ الزيارة/٢٠٢١/٤/١٠، رابط ب https://bit.ly/3pFPeCe .

[٣] ) وفاء لعريط، التنظيم البيروقراطي والفعالية التنظيمية، كلية العلوم الأجتماعية والعلوم الأنسانية/ جامعة٢٠ أوت ١٩٥٥سكيكدة، ٢٠١٤، ص٣٧.

[٤] )د.دلاوەر عەبدولعەزیز عەلائەددین، دەوڵەتسازی، سەرچاوەی پێشوو، لا١٢١.

هەڵسەنگاندنی پێویستییەکانی حکومەت لەڕووی توانا پسپۆڕی و مرۆییەکان و پرۆسەی دامەزراندنی توانا‌کان بەپێی پلانێکی ڕوون و زانستیانە نەبووە، ڕێژەیەکی زۆری خەڵك بەبێ ڕەچاوکردنی پلە وەزیفیە پسپۆرییەکان دامەزراون، زۆرێکی تریش بە پلەی بەرزو بەبێ گوێدانە ڕێنماییەکان خانەنشین کراون، دیاردەی (کارمەندو موچەخۆری بندیوار)* زۆربووە و قورسایی بۆ بودجەی هەرێم دروستکردووە، بەرپرسانی یەکەکارگێرییەکان بۆ ماوەیەکی زۆر لە پۆستەکانیان دەمێننەوە و ئاڵوگۆڕییان پێناکرێت"[١] جگەلەوەش ئەم جۆرە لە بەرنامەی دامەزراندن لەلای حکومەتی هەرێمی کوردستان، کلتورێکی دروستکردووە، کە دەبێت حکومەت کار بۆهەمووان بدۆزێتەوە و دایانمەزرێنێت، بێگوێدانە پێویستی دامەزراوەکان لەڕووی پسپۆڕیی و تواناو لێهاتوویی کەسەکانەوە .

**پێنجەم: جیاکردنەوەی دەسەڵات و ژیانی کەسی خاوەن دەسەڵات:-** ئەم پێوەرە هێما بۆ ئەو ڕاستییە دەکات، کە "بەپێی ئەو پێوەرانەی لە ڕێکخستنی بیرۆکراسیدا بۆ فەرمانبەران هاتووە، بریتین لە دانانی ڕێکارو یاسا و ڕێسایەکی دیاریکراو بۆ ڕەفتاری تاك (فەرمانبەران)، بۆ گەیشتن بە دەستکەوتێکی دیاریکراوی وەزیفی، کە بێگومان هەریەکە لە دامەزراوەکان خاوەنی ڕێکارو ڕێساو یاسای تایبەت بەخۆیانن بۆ پێکەوە کارکردن و کۆنترۆڵکردن و ڕێکخستنی کارەکان و گەیشتن بە ئامانجەکانیان، چونکە بیرۆکراسی بریتییە لە بنیادێکی ڕێکخستن و بۆ گەیشتن بە ئامانجی بەرزو باڵا جێبەجێدەکرێت، کە بەپێی پسپۆڕی و فەرمی بوون کاردەکات، ئەم پەیوەندیانەش لەژێر چاودێری و فەرمانداری ستونی و بڕیاربەدەستان دەکرێت"[٢]، هەروەها سەبارەت بەم پێوەرە پێویستە ئەوە بوترێت لە "ڕێکخستنی بیرۆکراسیدا دەبێت فەرمانبەران خۆیان بە گوێرەی ئەم شێوازە ڕابهێنن، ئەوە بزانێ، کە سامانی گشتی جیاوازە لە سامانی تایبەتی، سامانی گشتی هیچ پەیوەندییەکی بە فەرمانبەرەوە نییە، دەبێت فەرمانبەران خۆیان بەدوور بگرن لە هەموو پەیوەندییەکی کەسی لە کاردا، هەرچەندە تاك ئازادی کەسی هەیە، بەڵام دەبێت ڕێز لەیاساکان بگرێت، پلە وەزیفیەکانیش دەبێت ڕەنگدانەوەی لە ژیانی ئاسایی فەرمانبەردا هەبێت"[٣] کارکردن بەمپێوەرە پۆستهەڵگرەکان دووردەخاتەوە لە دەستبردن بۆ سامانی گشتی و هەروەها دیاردەی واستەو واستەکاریش بنەبڕدەکات.

بەمشێوەیە و بە وەستان لەسەرئەو پێودانگ و پێوەرە نێودەوڵەتییانەی سیستەمی بەڕێوەبردن لە پەیوەند بە سیستەمی بەڕێوەبردن لە هەرێمی کوردستاندا، ئەوا (د.دلاوەر عەلائەددین) وای بۆ دەچێت، کە ئەم سیستەمە لە هەرێمدا" پەیڕەوی پەیکەرێکی هەرەمی دەکات کە تیایدا دەسەڵاتی بیرۆکراسی بە ڕەهایی لە ئاستی لوتکەدا چڕکردۆتەوە، سیستەمەکە لە ڕادەبەدەر ناوەندییانەیە و میکانیزمەکانی پاداشت و سزا، هاندان و لێپرسینەوە

---

*بەپێی لێدوانێکی جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان(قوباد تاڵەبانی)، تا ئێستا (٥٠)هەزار مووچەخۆری بندیوار لە هەرێمی کوردستان ئاشکرابووە .بەرواری سەردانیکردن/٢٠٢١/١٠٩، (شارپرێس، ٢٠١٨/٢/٢٨. (https://bit.ly/3sNSsVZ/).

[١] ) ئەکرەم ئیسماعیل فەقێ، سەرچوەی پێشوو، لا٧٧.

[٢] ) عبدالستار أبراهیم دهام، سەرچاوەی پێشوو، لا٦٦.

[٣] ) صباح أسابع،التنظیم البیروقراطي والكفاءة الاداریة، كلیة العلوم الأنسانیة والعلوم الأجتماعیة/ جامعة منتوري قسنطینیة، ٢٠٠٧، ص٢٩.

بەلاوازی دەبینرێن، نەبووەتە هۆكارێك بۆ كاراكردنی سیستەمەكە و گورجكردنی كاربەجێگەیاندن و باشتركردنی كوالیتی بەرهەم و خزمەتگوزارییەكان، بۆیەش سیستەمەكە نەبووەتە هۆكارێك یان ئامرازێك بۆ ئەوەی بە باشترین شێوە سامان و داهاتەكان بۆ گەشەی وڵات و كۆمەڵانی خەڵك بەكاربهێنرێت"[1].

پرسێكی تری پێوەرەكانی سیستەمی بەڕێوەبردن لە هەرێمی كوردستاندا بریتیە لەوەی، كە"خۆهەڵسەنگاندنی بابەتییانە بۆ كاربەجێگەیاندنی وەزیر و خاوەن پلە تایبەتەكان و پیشەمەندە بەرچاوەكانی وەك دادوەران و پزیشكان و پرۆفیسۆرەكانی زانكۆ و بەرپرسانی هاوشێوە زۆر زەحمەتە ئەنجامبدرێت، بەتایبەتی ئەوانەی ئەندامی پێشكەوتووی حیزبە دەسەڵاتدارەكانن و تۆڕی واستە و پەیوەندییەكانیان بەربڵاوە، ئەوانە لەسەرووی لێپرسینەوەن و پابەندنابن بە ڕێنماییەكانی كواڵیتی و نایەنە ژێرباڵی پرۆسەی دڵنیایی جۆری یان گەشەپێدانی توانا پیشەییەكانیان"[2] لێرەشەوە بەرهەمداری لە دامەزراوەكاندا كەمبۆتەوەو سستی و لاوازی لەكاربەڕێكردن زۆرە، بەو پێیەی كە فەرمانبەران ترسیان لە سزادان و لێپێچینەوەی سەرووی خۆیان نییە.

لەسەربنەمای خستنەڕووەكانی سەرەوەو بەمجۆرە دەتوانرێت بوترێت كە، ئەو پێوەرە نێودەوڵەتییانەی ئاماژەی بۆكرا لایەنی بەهێزی هەموو سیستەمێكی بەڕێوەبردن بە شێوەیەكی ڕوون و ئاشكرا دەردەخات، هاوكات یارمەتیدەری هەموو سیستەمێكی بەڕێوەبردنیش دەبێت لەسەرخستنی كارەكانی و گەیشتن بە ئامانجەكانی، بەڵام بەداخەوە ئەوەی دەیبینین لە هەرێمی كوردستاندا سەبارەت بە واقیعی سیستەمی بەڕێوەبردن، بریتییە لەوەی كە لانی كەمی ئەم پێوەرانە كاری لەسەر نەكراوە و نەخراوەتە نێو پلانی هەڵسورانی دەزگاو دامەزراوە سەرەكییەكانی ئەم سیستەمەو بە تایبەتیش كاری كابینە یەك لەدوای یەكەكانی حكومەتی هەرێمی كوردستانەوە، هەرچەندە بە دروشم و لێدوان و گوتار دێنە بیستن و دەربڕینەوە، بەڵام لە واقیعدا نابینرێن و جێبەجێناكرێن، ئەمەش لاوازی و پاشكەوتنی گەورەی دامودەزگاكان و كۆی پرۆسەی بەڕێوەبردنی هەرێمی كوردستانی لێكەوتۆتەوە.

[1] ) د.دلاوەر عەبدولعەزیز عەلائەدین، چاوپێكەوتن، سەرچاوەی پێشوو.
[2] ) د.دلاوەر عەبدولعەزیز عەلائەددین، دەوڵەتسازی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٤.

## توێژینچەی سێیەم: مۆرك و سروشتی پەرەسەندنەكانی سیستەمی بەڕێوەبردن لە هەرێمی كوردستان

سروشتی سیستەمەكانی بەڕێوەبردن لە جیهان بەپێی گۆڕانكارییە سەرەكییەكان و پەرەسەندنە گەورەكانی كۆمەڵگاكانیان هەوڵی گونجاویان داوە تاوەكو دوانەكەون و بەپێی سروشتی جیهانی هاوچەرخ، ئەو گۆڕانكاری و پەرەسەندنە نوێیانەی، كە دێنەئاراوە، ئەمانیش گۆڕانكاری بەسەر خۆیاندا بهێنن، بەمشێوەیە كاتێك گۆڕانكاری و پەرەسەندنەكان ئەرێنیانە ئەبن، ئەوا پێویستە سیستەمی بەڕێوەبردنیش لەسەرئەو بنەمایانە گۆڕانكاری بەسەرخۆیدا بهێنێت، بەشێوەیەك كە ئەو پەرەسەندنە ئەرێنیانە لە بەرژەوەندی خۆی و كۆمەڵگاكەی بەرقەراربكات، بەوەش ئەم پەرەسەندنانە دەبنەهۆی خێراتر بەڕێوەبردنی كارەكان و نوێكردنەوەی سیستەمەكەو كەمكردنەوەی ڕۆتینات و بچووككردنەوەی هەیكەلی دەزگاكان و كەمكردنەوەی تێچووەكان، لە مبارەوە لە هەرێمی كوردستانیش لەسەر ئاستی سیستەمی بەڕێوەبردن هەوڵی سوود وەرگرتن لە پەرەسەندن و پێشكەوتنە ئەرێنییەكان دراوە ، بەڵام بەردەوام كلتورو عەقڵییەتی نێوەندی بڕیار لە هەرێمی كوردستاندا ڕۆڵی سەرەكی بینیوە لە چەند بەرەوپێشچوونی سیستەمی فەرمانڕەوایی بە گشتی و سیستەمی بەڕێوەبردن بە تایبەتی، لەسەرئەوە و لەبەرگرنگی ئەم پرسە بەپێویستزانرا توێژینەوەی لەسەر بكرێت.

سەرەتا و لە پەیوەند بە توێژینەوە لە پرسی سروشتی پەرەسەندنەكانی سیستەمی بەڕێوەبردن لە هەرێمی كوردستاندا، دەكرێت بوترێت، كە چەند هەنگاوگەلێك بۆ پێشخستنی ئەم سیستەمە نراوە، وەك هەنگاوێك جێگەی خۆیەتی ئاماژە بەوەبدرێت كە لە (دەستوری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥)دا دان بە هەرێمی كوردستاندا نراوە وەك هەرێمێكی فیدراڵی لە عێراقدا[١]، بەمەش مافی پێدراوە كە دەسەڵاتەكانی(یاسادانان و جێبەجێكردن و دادوەری) پیادە بكات، هەروەها بۆ بەڕێوەبردنی كاروبارەكانی لەو داهاتانەی لە حكومەتی فیدڕاڵیدا بەدەست دەهێنرێت پشكێكی گونجاوی بەپێی پێویستیەكانی و ڕێژەی دانیشتوانی بۆ تەرخانبكرێت و دەسەڵاتی پێكهێنان و ڕێكخستنی هێزەكانی ئاسایشی ناوخۆشی وەك (پۆلیس و ئاسایش و پاسەوانی هەرێم) خراوەتە ئەستۆی[٢].

هەر لەو دەستورەشدا هاتووە كە هەرێم دەستورێك بۆخۆی دابڕێژێت و هەرەمی دەسەڵاتەكانی و میكانیزمەكانی بەكارهێنانی ئەو دەسەڵاتانە دیاریبكات[٣]. لەم پێناوەشدا وەك هەنگاوێكی پەرەسەندنی دەسەڵاتی كوردی هەرێم لە ساڵی (٢٠٠٩)دا ڕەشنوسێكی بۆ دەستوری هەرێم ئامادەكرد، كە تیایدا سیستەمی ڕامیاریی هەرێم بە (كۆماری دیموكراسی پەرلەمانی)دیاریكرا[٤]، و ئاماژەش بۆ ئەوەكرا كە بەڕێوەبردنی

[١] )ماددەی(١١٧) لە دەستوری عێراق٢٠٠٥.
[٢] ) ماددەی (١٢١) لە دەستوری عێراق٢٠٠٥.
[٣] ) ماددەی (١٢٠) لە دەستوری عێراق٢٠٠٥.
[٤] ) ماددەی (١) لە دەستوری عێراق٢٠٠٥.

یەکە کارگێڕییەکان پشت بە (ناناوەندێتی بەڕێوەبردن) دەبەستریێت[١]. بەڵام ئاشکرایە کە ئەم ڕەشنووسە پەسەند نەکراو لە کرداردا هیچ کاریگەرییەکی جێبەجێکردنی نەبوو.

هەروەها وەك هەنگاوێکی تر پەرلەمانی کوردستان لە پێناوی پەرەسەندنی سیستەمی بەڕێوەبردنەکەیدا "یاسای ژمارە(١)ی ساڵی ٢٠٠٥ی دەرکرد، بەپێی ئەم یاسایە هەرێمی کوردستان خاوەنی سەرۆکێکە بۆ ماوەی (٤) ساڵ و دەتوانێت بۆ جاری دووەم و بۆ (٤) ساڵی تریش خۆی کاندید بکاتەوە"[٢]. هەروەها" سەرۆکایەتی هەرێم لەگەڵ دامەزراوەکانی دیکە پەیوەندییەکی باڵایە، سەرۆك ڕۆڵی گەورە دەگێڕێت بۆ هەماهەنگی نێوان دامەزراوەو دەستە ڕامیارییەکان، کە ڕۆڵێکی دەستورییە، هاوسەنگی ستونی و ئاسۆیی بەدیدێنێت، کەواتە گرنگ ئەوەیە بزانین، دووانەیی لە دەسەڵاتی جێبەجێکردن لە هەرێمی کوردستاندا هەیە، کە بریتییە لە سەرۆکایەتی هەرێم و سەرۆکایەتی حکومەت، تیایدا سەرۆکایەتی هەرێم ڕۆڵێکی گرنگ و گەورە دەگێڕێت و دامەزراوەیەکی کاریگەر و کارتێکەرە بەسەر هەموو دامەزراوەکانی دیکەوە"[٣] ئەمجۆرە لە سیستەمی دووانەیی دەسەڵاتی جێبەجێکردن ڕێگریش دەکات لە کۆکردنەوەی دەسەڵاتەکان لەلای یەك دەست و پرەنسیپی دابەشکردنی دەسەڵاتەکانیش تۆختردەکاتەوە.

لەوێوە کە یەکێك لە کۆڵەکەکانی سیستەمی بەڕێوەبردن بریتییە لە (پلان) یان پرۆسەی پلاندانان بۆ بەڕێوەچوونی کاروبارەکان و فەرمانەکانی دامودەزگاو دامەزراوەکانی کۆمەڵگە، ئەوا سیستەمی بەڕێوەبردن لە هەرێمی کوردستانیش لەو بارەوە هەنگاوی ناوەو پەرەسەندنی شیاوی خۆی بەسەرهاتووە، کە دەرکردنی یاسایەکی تایبەت بەم بوارەیە، ئەو یاسایەش بریتییە لە"یاسای ژمارە (٧)ی ساڵی ٢٠٠٦ یاسای وەزارەتی پلاندانانی هەرێمی کوردستان"[٤]، لێرەوە دەکرێت بوترێت، کە دەرکردنی ئەم یاسایە بە یەکێك لە پەرەسەندنەکانی پرۆسەی فەرمانڕەوایی لە هەرێمی کوردستان ئەژماربکرێت، کە کاریگەری گەورەی لەسەر سیستەمی بەڕێوەبردنەکەی داناوە، لەڕاستییدا ئامانج لە دەرچوواندنی ئەم یاسایە بریتیە لە"دانانی پلانی گەشەپێدانی هەرێم و بەرەوپێشبردنی لە ڕووی ئابووری و کۆمەڵایەتی و مرۆیی و ڕۆشنبیرییەوە لەژێر ڕۆشنایی پێداویستییە هەنووکەییەکانی کۆمەڵگای کوردستانی و ئەوەی پێشبینی دەکرێن، هەروەها هاوکاریکردنی دامودەزگاکانی حکومەت لە ئامادەکردنی لێکۆڵینەوەی پێویست بۆ بەرەوپێشبردنی و نوێکردنەوەی و بەڕێوەبردنی ستراتیجییەتی پەرەپێدانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و چارەسەرکردنی

---

[١] ) ماددەی (١٠٣) لە دەستوری عێراق٢٠٠٥.
[٢] )(یاسای ژمارە(١)ی ساڵی ٢٠٠٥ یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان-عێراق)،یاساکانی ٢٠٠٥، سایتی پەرلەمانی کوردستان، سەرچاوەی پێشوو.
[٣] ) د.ئیبراهیم شەرەفانی، ئەرك و ئامانجەکانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان لە قۆناغی نوێدا، پێگەی ئەنیستیتۆی توێژینەوە و گەشەپێدان-کوردستان، ٢٨ی دیسەمبەر٢٠١٨، لەسەر ئەم لینکە بەردەستە، https://bit.ly/32VykXq / ، بەرواری سەردانیکردن/٢٠٢١/٤/٢٢.
[٤] ) ماڵپەڕی پەرلەمانی کوردستان، یاساکانی٢٠٠٦، سەرچاوەی پێشوو.

کێشە کۆمەڵایەتییە جۆراوجۆرەکان و سازکردنی هێزی مرۆیی"[١] گرنگی ئەم هەنگاوەش لەوەدایە، کە هیچ پرۆسەیەکی سەرکەوتوو بەبێ پلاندانان نایەتە بوون و ئەنجامدان.

پەرەسەندنێکی تری بواری سیستەمی بەڕێوەبردن لە هەرێمی کوردستان، کە جێگەی لەسەروەستان بێت، بریتییە لە دەرکردنی یاسای تایبەت بە خزمەتکردنی کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوانی هەرێمی کوردستان و ڕاییکردن و بەدۆکۆمێنتکردنی دۆسییەکانی پەیوەست بەم بابەتە، بە تایبەتیش کارکردن بۆ زیاتر خزمەتکردنی کەیسی ئەنفالکراوانی هەرێمی کوردستان، ئەوەش بریتییە لەو یاسایەی، کە لە پەرلەمانی کوردستانەوە دەرچوێنراوە بۆ پێکهێنانی وەزارەتێك بۆ خزمەتکردنی ئەو پرسە، ئەو یاسایەش"یاسای ژمارە(٨)ی ساڵی ٢٠٠٦، یاسای (وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانی هەرێمی کوردستان)*"[٢].

هەنگاوێکی ئەرێنییانەی تری سیستەمی فەرمانڕەوایی هەرێمی کوردستان، کە دەکرێت وەك پەرەسەندنێکی ئەرێنی سەبارەت بە سیستەمی بەڕێوەبردنی هەرێم لێیبڕوانرێت، بریتییە لە"(یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٠٩)*، یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان و قەزاو ناحییەکان لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا، بە مەبەستی پتەوکردنی ڕێبازی دیموکراسی لە هەرێمی کوردستان و چەسپاندنی یەکێك لە گرنگترین بنچینەکانی، کە ئەویش دەستاودەستکردنی ئاشتییانەی دەسەڵاتەو بە مەبەستی ڕێگەگرتن لە چڕکردنەوەی دەسەڵاتەکان، لە ڕێگەی دابەشکردنیان لەسەر بنچینەی ناناوەندێتی بەڕێوەبردن، تاوەکو هاووڵاتی بتوانێت ئازادی و مافەکانی پیادەبکات و لەپێناو گەیاندنی خزمەتگوزارییەکان بۆی بەشێوەیەکی باشتر، بۆ فەراهەمکردنی ژیانێکی ئازادانەی شکۆمەندانە بۆی لەڕێگەی ئەنجامدانی هەڵبژاردنە ئازاد و پاك و دادپەروەرییەکان بۆ هەموو پارێزگا و قەزاو ناحیەکان، ئەم یاسایە دەرچوێنرا"[٣]. بەمشێوەیە ئەوەی کە لەمپێوەندەدا جێگای ئاماژە بۆکردنە بریتییەلەوەی کە یەکێك لە دەستکەوتە جێبایەخەکانی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاو قەزاو ناحییەکان لە پەیوەند بە سیستەمی بەڕێوەبردنی هەرێمەوە ئەوەیە، کە بەپێی ئەم یاسایە" سنورە کارگێڕییەکەی هەموو پارێزگایەك خاوەنی بازنەیەکی هەڵبژاردنە لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان، بەهەمانشێوەش قەزاکانیش بەپێی سنوری کارگێڕیی خۆیان و ناحیەکانیش بە هەمانشێوە ، یەك بازنەی هەڵبژاردنیان هەیە"[٤].

---

[١] ) ماڵپەڕی پەرلەمانی کوردستان، یاساکانی٢٠٠٦، سەرچاوەی پێشوو.
*بۆ زانیاری لەسەر خزمەت و ئامانجەکانەکانمی وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانی هەرێمی کوردستان، بچۆرە سەر پاشکۆی ژمارە(٣)، لا١٧٣.
[٢] ) ماڵپەڕی پەرلەمانی کوردستان، یاساکانی٢٠٠٦، سەرچاوەی پێشوو.
*ئەم یاسایە جگەلەوەی کەلە قەزاو ناحیەکاندا جێبەجێنەکراوە، ئەوا لەشارەکانیشدا لە ساڵی (٢٠١٣) کارپێکراوە، ئەویش لەسەر بنەمای (٥٠بە٥٠)، هەروەك ئەوەی یەکێتی و گۆڕان لە پارێزگای سلێمانی.
[٣] ) یاساکانی ٢٠٠٩، سەرچاوەی پێشوو، لا١٠.
[٤] ) شهلا محمد عبدالكريم، دور النخبة السياسية في التحول الديمقراطي، رسالة ماجستير، كلية علم الأجتماع/جامعة السليمانية،٢٠١٠، ص ٧٦.

سەرباری ئەوەی کە لەسەرەوە توێژینەوەی لێکراوە، گوزارشت لە پەرەسەندنی ئەرێنی دەکەن بۆ سیستەمە بەڕێوەبردنەکەی هەرێمی کوردستان، لێرەدا پێویستە ئەوەش بزانرێت، کە "سیستەمی بەڕێوەبردنی هەرێمی کوردستان مۆدێلێکی ئاڵۆزەو لە مەودای ٣٠ ساڵدا لە بارودۆخێکی تایبەت و بەڕێگەیەکی ناسروشتی گەشەی کردووە، بۆیە سیستەمەکە نەبۆتە هۆکارێك یان ئامرازێك بۆئەوەی تا بە باشترین شێوە سامان و داهاتەکان بۆ گەشەی وڵات و کۆمەڵانی خەڵك بەکاربهێنرێت، هاوکات سیما کارگێڕییەکەی سیستەم دیاردەی بەڕێوەبردنی بەسەردازاڵە نەك پێشڕەویکردن، هەروەها بەڕێوەبەران بە ژمارە زۆرن، بەڵام سەرکردەی پێشڕەو لە بواری بەڕێوەبردن بەو ئاستە بەرهەم ناهێنێ، کە توانای پێشڕەوایەتی پیشەیی و سەرکردایەتی بەڕێوەبردنی گەشە پێبدات[١]، هەر ئەمەشە وایکردووە حکومەتێکی گەورەو فراوان و خاوەن ژمارەیەکی زۆری فەرمانبەرە، بەڵام بەرهەمێکی کەمی لێکەوتۆتەوە.

هەر لەم چوارچێوەیەدا و سەبارەت بە خەسڵەت و لایەنە نەرێنییەکانی سیستەمی بەڕێوەبردن لە هەرێمی کوردستان، جێگای خۆیەتی هێما بۆ ئەوەش بکرێت، کە"سیستەمی بەڕێوەبردنی هەموو کۆمەڵگا دواکەوتووەکان بە هەرێمی کوردستانیشەوە، دوو مۆرکیان هەیە، یەکەم، پەیڕەوکردنی بیرۆکراتیەکی دواکەوتوو، دووەمیش، پەیڕەونەکردنی پرەنسیپەکانی مافی هاووڵاتی لە هەڵسوکەوت لەگەڵ هاووڵاتیان و مافەکانیان" بەڵام سەرباری ئەوەش دەکرێ "سیستەمی بەڕێوەبردنی هەرێم پەرەپێبدرێت لە ڕێگای بەکارهێنانی سیستەمی هاوچەرخ و بەشێوەی هەنگاو بە هەنگاو لە ڕێگەی سودمەندبوون لە پێشکەوتنی تەکنەلۆجیا، بەڵام ناکرێت بەتەواوی سیستەمی هاوچەرخی وڵاتان هاوردە بکرێت، ئەمەش بەهۆی ئەو جیاوازییەی کە لەئاستی پێشکەوتنی کۆمەڵگاو جیهازی کارگێڕیدا هەیە"[٢]، کەواتە دەکرێت بوترێت بۆ پێشخستنی سیستەمی بەڕێوەبردنی هەرێمی کوردستان، یەکێك لە میکانیزمەکانی گۆڕینی، بریتییە لە سوودوەرگرتن لە ئەزموونی وڵاتان بە مەرجێك لەگەڵ سیستەمی فەرمانڕەوایی هەرێمدا بگونجێت.

لێرەوە بەوەستان لەسەرئەوەی کە لەسەرەوە پێشکەشکراوە، دەکرێت بگەینە چەند ئەنجامێکی سەرەکی، لەوانەش لە هەموویان گرنگتر ئەوەیە کە سەرباری ئەوەی سیستەمی بەڕێوەبردن لە هەرێمی کوردستان، پەرەسەندنی بەخۆوە بینیوە، بەڵام ئەو هەنگاوانەی لەلایەن دەزگاکانی سیستەمی فەرمانڕەوایی هەرێمەوە نراوە بۆ بەهێزکردن و پێشکەوتنی ئەم سیستەمی بەڕێوەبردنە، هەوڵی شێوەیی و لاوازن، چونکە هەوڵەکان زۆرتر لە پێناوی بە دەستهێنانی پۆستی حیزبی و بەدەستهێنانی پۆستی تاکەکەسی و زاڵبوونی دەسەڵاتی پارتە دەسەڵاتدارەکان و هەژموونکردنیان لە ناو دەمەزراوەکاندا بەجۆرێك کە ئاستی کاریگەری یاساکانی کەمکردۆتەوە، هەروەها ئەوەی، کە تێبینی دەکرێت ئەوەیە مۆرك و سروشتی سیستەمەکە بریتییە لە سیستەمێکی ناوەندییانەی دواکەوتووی لاواز، کە تیایدا دەسەڵاتەکان لە سەرەوەن و شۆڕنەکراونەتەوە بۆ

---

[١] )د.دلاوەر عەبدولعەزیز عەلائەددین، چاوپێکەوتن، سەرچاوەی پێشوو.
[٢] )د.شێرزاد نەجار،چاوپێکەوتن، سەرچاوەی پێشوو.

ئاستی خوارەوە، ئەمەش بەشێکە لە قۆرغکردنی دەسەڵات لەلایەن پلە باڵاکان لە ئاستی کارگێڕیی بەرزدا دەبینرێت و هەستی پێدەکرێت.

بە تێگەیشتن لەوەی لەم توێژراوەیەدا توێژینەوەی لێکراوە، دەتوانرێت بوترێت سیستەمی بەڕێوەبردن لە هەرێمی کوردستاندا بنەمای سەرەکی سیستەمی فەرمانڕەوایی پێکدەهێنێت، بەڵام ئەوەی، کە جێگای سەرنجە ئەوەیە کە هەر لەسەرەتای دروستبوونی پرۆسەکەوە کارنەکرا بۆ پتەوکردنی سیستەمەکەو پێگەیاندنی قۆناغ بەقۆناغ و بەپێی سەردەمەکە، بەڵکو لە قاڵبێکدا چەقیبەست و بەشێوەیەکی ناوەندییانە بەردەوام بوو، کە ئەمەش لە سیستەمی بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراقەوە مابۆوەو هیچ گۆڕانێکی بەسەردا نەهاتبوو، جگەلەوەش کارنەکردنی دەسەڵاتدارانی هەرێم بەپێی پێودانگە نێودەوڵەتییەکان وایکرد، کە سیستەمەکە هیچ پەرەسەندنێکی بەخۆیەوە نەبینێت، هەرچەندە چەند یاساو ڕێنماییەك دەرچوون، کە دەکرێت لە چوارچێوەی هەوڵدان بۆ بەرەوپێشبردنی سیستەمەکە سەیر بکرێت، بەڵام ئەم هەوڵانە هەوڵی لاوازو کەموکورتی زۆریان تێداهەبوو.

هەروەها ئەوەی، کە لەم بەشەدا توێژینەوەی لەبارەوەکراوە، دەگەینە چەند دەرەنجامێکی سەرەکی، لەپێش هەموویانەوە دەکرێت بوترێت، پێکهاتن و هاتنەئارای هەرێمی کوردستان لە ئەنجامی کۆمەڵێك ڕووداوی ناوخۆیی و هەرێمی و نێودەوڵەتی درووست بووە، ئەمەش بووە هۆی پێکهێنانی قەوارەیەکی خۆبەڕێوەبردنی کوردی و بەرەی کوردستانی سەرکردایەتی ئەم قەوارەیەی دەکرد، کە هەلومەرجێکی تایبەت هاوکاری بەرەی کرد، هەروەها بەهۆی ئەوەی کە گەلی کوردستان بەدرێژایی مێژووی خەباتی خۆی لەژێر چەوساندنەوە و حوکمی دیکتاتۆریدا ناڵاندوویەتی و هاوولاتیەکانی بێبەشبوون لە مافە یاسایی و ڕامیارییەکانی، بۆیە لەسەرەتای دروستبوونی قەوارەکەوە هەوڵدرا بنەماکانی دیموکراسی و بەشداری گەل لە کایە گرنکەکاندا بەشداربن و دامودەزگاکانی هەرێمی کوردستان لەلایەن خەڵکی کوردستانەوە بەڕێوەببرێت، بەڵام لەواقیعدا زۆرینەی ئەوانەی کەبەشداری بەڕێوەبردنی کایە کارگێڕیی و ڕامیارییەکان بوون، لایەنگرانی پارتە فەرمانڕەواکانی کوردستان بوون، جگەلەوەش لەڕووی چەسپاندنی بنەماکانی دیموکراسی شۆڕکردنەوەی دەسەڵاتەوە گۆڕانکارییەکی ئەوتۆ ڕووی نەدا و نەیانتوانی دیموکراسی ڕاستەقینە بچەسپێنن و ناناوەندی بەڕێوەبردن جێبەجێبکەن، بەڵکو دیموکراسی بە ناکامڵی مایەوەو ناناوەندیی کارگێڕیش بە لاوازی.

## بەشی سێیەم: تەنگژەکانی سیستەمی بەڕێوەبردنی هەرێمی کوردستان و ڕێگاکانی بەڕێوەبردنیان

تەنگژەکانی سیستەمی بەڕێوەبردن لە هەموو سیستەمێکی ڕامیاریی و لە هەموو کۆمەڵگەیەکی ڕامیارییدا ئاستەنگی گەورە بۆ سیستەمی فەرمانڕەوایی و کۆی پرۆسەی ڕامیاریی دروست دەکات، دەبێتە لەمپەر لەبەردەم بەرەوپێشچوون و پەرەسەندنیدا، هەربۆیە ئەرکی بڕیاربەدەستانی ئەو سیستەمە ڕامیارییەیە، کە هەموو ئامرازو کەرەستەیەك بەکاربهێنن هەم لە پێناو تۆکمەکردنی و هەم ئەرکی پاراستنی ئەو سیستەمەش بگرنە ئەستۆ، هاوکات کار بۆ پێشکەوتن و پەرەسەندنیشی بکرێت، بۆ خۆگونجاندنی لەگەڵ سەردەم و کات و شوێنیدا، هەروەها پێودانگ و بنەما نێودەوڵەتی و دەستووری و یاسا نێوخۆییەکان بکەنە قەڵغانی پاراستن وگەشەپێدانی و بەدووری بخەن لەهەموو بیروبۆچوونێکی نەرێنی و دەستێوەردانێك، کە بەپێی میزاج و بیروبۆچوونی کەسی و تاککڕەوییانە دەدرێت، ئەمەش سەرەنجام سەرلێشێواوی و دوورکەوتنەوەی سیستەمەکەی لێدەکەوێتەوە لە ئامانجی دیاریکراو، کە بریتییە لە خزمەتکردنی کۆمەڵگە و دەوڵەت.

بەوەستان لەسەرئەوەی لە سەرەوە باسکران، توێژینەوەکردن لەمپرسە بە ئامانجی دیاریکرن و زانینی تەنگژەکانی سیستەمی بەڕێوەبردن لە هەرێمی کوردستان، هەروەها دیاریکردنی کاریگەرییەکانی ئەم تەنگژانە لەسەر لاوازی و گەشەنەکردنی ئەم سیستەمەو دۆزینەوەی ڕێگەچارەی پێویست بۆ ئەو لاوازی و بنبەستانەو دانانی پلان و بەرنامەی ڕووبەڕووبوونەوەی تەنگژەکانی بدرێت، لەو پێناوەداو بۆ ئەم مەبەستەش لەم بەشەدا و لە چوارچێوەی ئەم سێ توێژراوەیەی خوارەوەدا توێژینەوە لەم پرسە دەکرێت:

توێژراوەی یەکەم: سروشتی تەنگژەکانی بەڕێوەبردن لە هەرێم و هۆکارەکانی سەرهەڵدان و بەردەوام بوونی

توێژراوەی دووەم: هەنگاوەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی تەنگژەکانی سیستەمی بەڕێوەبردن لە هەرێمی کوردستان

توێژراوەی سێیەم: میکانیزمە پێشنیارکراوەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی تەنگژەکانی سیستەمی بەڕێوەبردن لە هەرێمی کوردستان

## توێژراوەی یەکەم: سروشتی تەنگژەکانی بەڕێوەبردن لە هەرێم و هۆکارەکانی سەرهەڵدان و بەردەوامبوونی

هەر لە سەرەتای دروستبوونی دامەزراوەکانی سیستەمی فەرمانڕەوایی لە هەرێمی کوردستان و بەرهەڵدابوونیەوە تاوەکو ئەمڕۆ تەنگژەی بەڕێوەبردنیش بوونی هەبووە و بەشێکی سەرەکی بوون لەو تەنگژانەی کە بەرۆکی پرۆسەی ڕامیاریی هەرێمی کوردستانیان گرتووە، ئەمەش ڕەنگە بەشێکی پەیوەست بێت بەجۆری ئەو سیستەمی بەڕێوەبردنەی، کە پەیڕەوی لێکراوە و بەشێکی تریشی پەیوەندی بە خودی سیستەمە فەرمانڕەواییەکەی هەرێمی کوردستانەوە هەیە، هەربۆیە توێژینەوەکردن لەسەر دیاریکردن و ناسینەوەی سروشتی تەنگژەکانی بەڕێوەبردن بۆ خۆی هەنگاوێکی گرنگ و پێویستە، لەبەرئەوەی ئەم کارو پرۆسە زانستییە هەنگاوی بنچینەیی و سەرەتایی چارەسەرکردنی ئەو تەنگژانەیە ئەوەش لە ڕێگەی هاوکاریکردنی لە پێدانی زانیاریی دروست لە دیاریکردنی ئەوڕێگاو میکانیزمە پێویستانەی بەرەنگاربونەوەی ئەم تەنگژانەی سیستەمی بەڕێوەبردنی هەرێمی کوردستان.

لێرەدا پێویستە ئەوەشبوترێت، کە ئەو پێدراوە زانستییانەی پرۆسەی توێژینەوەیەکی لەمجۆرە دەدەنەدەست، هاوکاری گەورەو گرنگ دەکەن بە بەرپرسانی سیستەمی فەرمانڕەوایی و دەستەبژێری هەرێمی کوردستان، کە ڕێگاچارەی پێویست بگرنەبەر بۆ ڕووبەڕووبوونەوەو بنەبڕکردنی هۆکارەکان و سەرچاوەکانی دروستبوونی، ڕێگری بکەن لەبەردەوامبوونیان، ئەگەرنا ئەوا لە داهاتوودا ئەم تەنگژانە قوڵترو ئاڵۆزتر دەبن و ئەمەش ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر سیستەمی فەرمانڕەوایی هەرێم و کۆی پرۆسەکە بەجێدەهێڵێت، لەو پێناوەداو لەم توێژراوەیەدا توێژینەوە لەسەر ئەم پرسە دەکرێت لە میانەی ئەم سێ توێژینچەیەی خوارەوەدا:

توێژینچەی یەکەم: هۆکارە سەرەکییەکانی تەنگژەی سیستەمی بەڕێوەبردن لە هەرێمی کوردستان

توێژینچەی دووەم: ئاستی پەیوەندی سیستەمی بەڕێوەبردن و سیستەمی فەرمانڕەوایی و کاریگەرییان لەسەر تەنگژەکانی هەرێم

توێژینچەی سێیەم: گرنگترین جۆرەکانی تەنگژەی سیستەمی فەرمانڕەوایی هەرێمی کوردستان

## توێژینچەی یەکەم: هۆکارە سەرەکییەکانی تەنگژەی سیستەمی بەڕێوەبردن لە هەرێمی کوردستان

سیستەمی بەڕێوەبردن لە هەرێمی کوردستاندا بناغەی دروستبوونی ئەو سیستەمە فەرمانڕەواییەیە کە تیایدا لە دوای ڕاپەڕینی (١٩٩١)وە هاتۆتەئاراوەو دروستبوونەوە لێرەوەیە، کە پرسی توێژینەوە لەم سیستەمی بەڕێوەبردنەو قوڵبوونەوە تیایدا دەمانخاتەبەردەم پرسێکی گرنگ، ئەویش بریتییە لەو هۆکارانەی لەپشت لاوازبوون و گەشەنەکردنی دامەزراوەکانی فەرمانڕەوایی بەگشتی و دەزگاو دامەزراوەکانی سیستەمی بەڕێوەبردن بەتایبەتی وەستاون، لێرەوە و لەبەرئەوەی زانین و دیاریکردنی ئەم هۆکارانە ڕۆڵی گەورە و جێبایەخ دەبینن لە ڕووبەڕووبوونەوەو زاڵبوون بەسەر تەنگژەکانی سیستەمی بەڕێوەبردندا، لەسەرئەوە بەپێویستزانرا، کە ئەم توێژینچەیە تەرخانبکرێت بۆ توێژینەوە لەسەر ئەمپرسە.

قسەکردن لە هۆکارە سەرەکییەکانی تەنگژەی سیستەمی بەڕێوەبردن لە هەرێمی کوردستاندا، ئەوە دەخوازێت ئاماژە بەوە بکرێت "لەو کاتەی سەرکردەکانی بزوتنەوەی کورد بەناوی دیموکراسییەوە داوای ڕووخانی دیکتاتۆریەتیان دەکرد، کەچی لە ڕەفتار و پراکتیکدا هیچکام لەپارتەکان، بە تایبەتیش پارتە سەرەکییەکان پەیڕەوییان لە دیموکراسی نەکردوە، کاتێکیش لەدوای (کۆڕەو)*و کشانەوەی یەکە کارگێڕییەکانی ڕژێمی دیکتاتۆری لە ناوچەکانی هەرێمدا، دوو پارتی سەرەکی کوردستان، دەسەڵاتی بەڕێوەبردنیان گرتەدەست، بەڵام لەسەرەتاوە هەوڵی ئەوەیان نەدا، کە فەرمانڕەوایەتیان بکەنە بنەمای دواڕۆژی پرۆسە ڕامیارییەکەو دەسەڵات و شەرعیەتی حوکمڕانی بخەنە ناودەست، بەدرێژایی ماوەکە چەقی دەسەڵاتی ڕاستەقینە (بڕیاردەری ڕامیاریی و دارایی و کارگێڕیی) ئەو دوو پارتە لە دەرەوەی هەیکەلی حوکمڕانی مایەوە و نەهاتنە ناو پرۆسەی حوکمی شەرعییەوە، بۆیە حکومەتە ئیئتلافییە(٥٠بە٥٠)ەکەی یەکەم و دووەم هەر بەلاوازی مایەوە"[١]، لێرەوە بڕوانەبوونی سەرکردەکان بە بنەماکانی دیموکراسی بەئاشکرا بەرجەستەبوو، کە هۆکارن بۆ دروستبوونی تەنگژەکانی سیستەمی بەڕێوەبردن لە هەرێمی کوردستاندا.

هەر پەیوەست بەم بابەتەو بە تایبەتیش پرسی لاوازی لە بەدامەزراوەنەکردنی سیستەمی حوکمڕانی و دەستێوەردانی پارتە دەسەڵاتدارەکان لە کاری دامەزراوەکان، هۆکارێکی سەرەکییە بۆ تەنگژەکانی سیستەمی بەڕێوەبردنی هەرێمی کوردستان، دەکرێت ئاماژە بەوە بکرێت، کە ئەو دوو پارتە دەسەڵاتدارە جگەلەوەی "بە یەکسانی کورسییەکانی پەرلەمانیان بەشکرد، ئەم دابەشکردنە لە دامەزراندنی حکومەتیشدا بەکارهێنرا، نەك هەر وەزارەتەکان بەسەر دوو پارتە گەورەکەدا دابەشکران، بەڵکو بڕیاردرا، هەروەك دەریش دەکەوێت لەلایەن (بیرۆی ڕامیاریی)، هەردوولاوە، کە ئەو وەزیرەی سەربە پارتێکە ئەبێ جێگرەکەی لە پارتەکەی تربێت، سەرەڕای ئەمەش هەرچی دەسەڵاتێك، کە وەزیر هەیەتی بە جێگرەکەشی بەخشرا، ئەو هێزکێشییەی

---

*مەبەست لە کۆڕەوە گەورەکەی بەهاری ١٩٩١ی گەلی کوردە بۆ سنوورەکانی تورکیاو ئێران.

[١] ) د.دلاوەر عەبدولعەزیز عەلائەددین، لۆبی کردن بۆ نەتەوەیەکی بێ دەوڵەت، سەرچاوەی پێشوو، لا٣٦٠.

لە ئەنجامی ئەمەدا سەریهەڵدا سەرەنجام حکومەتەکەی لە کاری دروست و بەجێ دوورخسۆتەوەو بووەتەهۆی ئەوەی زیاتر بەرەو ئیفلیجی ببات و وایلێبکات هێندەی تر پابەندی ڕامیاریی پارتایەتیانە بێت و بکەوێتە ژێر ڕکێفی بیرۆی ڕامیاریی هەردوو پارتە دەسەڵاتدارەکەوە، بگرە لەمەش خراپتر ئەم شێوەی پەنجا بە پەنجای دابەشکردنە لە دامەزراندنی کارمەندە نوێیەکانیشدا وەك هێزی پۆلیس و مامۆستایان پەیڕەو کرا"[١] لەوێوە دەردەکەوێت، کە پرسی دابەشکردنی ئەم پۆستانە ئامانجن، نەك کارکردن و خزمەتکردنی هاووڵاتیان لە ڕێگەی سیستەمێکی بەڕێوەبردنی بەهێزەوە.

هەرچەندە پێکهێنانی حکومەت لە ئەرکی سەرۆك وەزیرانی ڕاسپێراوە بەوکارە، بەڵام لە"هەرێمی کوردستاندا دانانی وەزیر، لەلایەن سەرکردەی لایەنە حیزبیە بەشدارەکان، لەسەر بنەمای لێهاتوویی و پێشرەوایەتی و ئەزموونی بەڕێوەبردن و تەکنۆکراتی نەبووە، بەڵکو لەسەر چەندین لێکدانەوەی لاوەکی ڕامیاریی و کۆمەڵایەتی بووە، هەموو ئەوانەش لە تێکەڵی جۆراوجۆری ئەزموون و کەسێتی وەزیرەکان، بەڕێوبەرە گشتی و پۆستهەڵگرە کارگێڕییەکانی ئاستە نزمەکانیش بەهەمان ئاست و لەسەرهەمان بنەمادا کە بەسەر وەزیرەکاندا سەپێندراون ڕەنگیانداوەتەوە"[٢]، هەربۆیە نەتوانراوە کەسی پسپۆڕو بەئەزموون بهێنرێتە پێشەوە و پۆستە کارگێڕییەکانیان پێ بسپێرێت، بەڵکو لەبری ئەوە کارلەسەر لایەنگیری و خزمایەتی و نزیکایەتی کراوەتەوە.

جگە لە دەستێوەردان و دابەشکردنی پۆستە کارگێڕییەکان لەلایەن دوو پارتی فەرمانڕەواوە، کە هۆکارێکی سەرەکی تەنگژەکانی سیستەمی بەڕێوەبردنە لە هەرێمی کوردستاندا، یەکێکی تر لە هۆکارە سەرەکییەکانی تەنگژەکانی سیستەمی بەڕێوەبردن لەم هەرێمەدا بریتییە لە "بوونی دیاردەی گەندەڵی(ڕامیاریی و کارگێڕیی و دارایی)، کە بووەتەهۆی پەکخستنی دامەزراوەکانی کارگێڕیی تیایدا و ئەوەش بەجۆرێکە ئەم قەوارەیەی گەیاندۆتە بارێك کە نموونەیەکی زۆر ناجۆر پیشان بدات، چونکە بەڵگەنەویستە دیاردەی گەندەڵی بە هەموو جۆرو شێوەکانیەوە تەنگی بە کوردستان هەڵچنیوەو برستی لێبڕیوە و، بەپێی ئامارەکانی دەستەی دەستپاکی لە ساڵی ٢٠١٨دا بڕی ٢٧ملیارو ٨٠٣ملیۆن دینار لە هەرێم دیارنەماوە"[٣] لەوەش ترسناکتر ئەوەیە، کە ناتوانرێت لیپێچینەوە بکرێت لەوەی کە کێ و بۆچی ئەم پارەیە دیارنەماوە.

هەرسەبارەت بە پرسی گەندەڵی و جۆرەکانی بە تایبەتی ڕامیاریی و ئابووریی وەك هۆکارێکی گرنگ و سەرەکی تەنگژەی سیستەمی بەڕێوەبردنی هەرێمی کوردستان جێگای خۆیەتی بوترێت "ئەوەی ئەمڕۆ لە هەرێمی کوردستان و لە پرۆسە ڕامیارییەکەیدا ئاشکرایەو جێی مشتومڕ نییە، بریتییە لەو ڕاستییەی کە ژمارەیەك(سیاسەتمەدار) دەستیان بەسەر سەروەت و سامانی وڵاتدا گرتووەو بە پلەیەك کە سەدان کۆمپانیایان

---

[١]) ڕوود هۆف و ئەوانی تر، هەڵبژاردنەکانی کوردستانی عێراق ١٩ی مایسی ١٩٩٢ ئەزموونێکی دیموکراسیانە، و/ صفوەت ڕشید صدقی، چاپخانەی ئەزمەر/سلێمانی، چ٢، ٢٠١٣، لا٥٧.

[٢]) د.دلاوەر عەبدولعەزیز عەلائەددین، لۆبی کردن بۆ نەتەوەیەکی بێ دەوڵەت، سەرچاوەی پێشوو، لا ٣٧١.

[٣]) ساری ئەبوبەکر زەڵمی، چوارچێوەیەکی زانستی بۆ گەندەڵی ئابووری لە عێراق و هەرێمی کوردستان، ناوەندی سارا/سلێمانی، ٢٠٢٠، لا١٠٤-١٠٥.

هەیە، زەوی وزاری وڵاتیان لەسەرخۆیان تاپۆکردووە، کە وێنەی لە مێژووی جیهاندا زۆرزۆر کەمە و مەگەر لە ڕژێمە ستەمکارییەکاندا هەبێت، ئەم سیاسەتمەدارانە ئەو سەرچاوە هەرە مەزنە ئابوورییە بەکاردەهێنن بۆ کڕینی وەلائی ڕامیاریی، خەڵکێکی زۆریان کردووە بە موچەخۆر و پارەیەکی بێ شوماریان خستۆتەگەڕ بۆ کڕینی دەنگ و بە تایبەتی وەلائی ڕامیاریی خەڵك کە لە ئەنجامدا ئەمە بۆتەهۆی ئەوەی هیچ بوارێك بۆ سیاسەتکردن نەمێنێتەوە" [1]، سەبارەت بەم پرسە (عەلی حەمەصالح) سەرۆکی فراکسیۆنی بزوتنەوەی گۆڕان بۆ (خولی پێنجەم) لە پەرلەمانی کوردستان، دەڵێت" ئەو دزی و تاڵانی و قاچاخچێتیەی کە ئێستا لەژێر دەسەڵاتی حکومەتدا دەکرێت، زۆر گەورەیە و بەهۆی ئەوەی زۆر خۆراك بەبێ پشکنین دێتە هەرێمی کوردستانەوە، ژیانی هاووڵاتییانی هەرێمی کوردستان لە مەترسیدایە، کە دەسەڵاتدارانی هەرێم لەپشت ئەم دیاردەیەوەن، هەروەها تەواوی بەڵگەکانی تاڵانی دەروازە سنوورییەکانم داوەتە حکومەت، کە تەنها بە دوو بڕیار دەتوانێت مانگانە (٦٠بۆ٧٠) ملیۆن دۆلار بگەڕێنێتەوە بۆ خەزێنەی حکومەت، کە بریتین لە لێسەندنەوەی لایەنی ئەمنی لە کۆمپانیاکان و جێگرتنەوەیان بەهێزەکانی ئاسایشی هەرێم، بەڵام حکومەت ئەم کارە ناکات، دەشڵێت ئەو دزی و تاڵانییەی ئێستا لە هەرێمی کوردستان دەکرێت لە ساڵی ١٩٩١نەکراوە، کە قەبارەکەی ٣٥٠ملیۆن دۆلارە لە مانگێکدا بە داهاتی نەوتیشەوە"[2].

لەم پێناوەداو بۆ چارەسەرکردن و بنەبڕکردنی دیاردەی گەندەڵی، (ڕێواس فایەق) سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان بۆ(خولی پێنجەم)، دەڵێت" چاکسازی لە خەرجی و داهات، دوو شتی حەتمین کە دەبێت بکرێت، نەك لەم حکومەتەی خۆی دانیناوە بەبوونی ڕێژەیەکی بەرزی گەندەڵیدا، بگرە بۆ حکومەتێکیش پێویستە، کە گەندەڵیشی تێدا نەبێت، بۆیە ئەگەر داهاتی هەرێمی کوردستان بە شەفافی کۆبکرێتەوە و دوور بخرێتەوە لە دەستی هێزە ڕامیارییەکان و کەسایەتییەکان، کە دەست دەبەن بۆ موڵکی گشتی و دەستیان هەیە لە بردنی داهاتی نەوت و خاڵە سنوورییەکان و دەستیان خستۆتە بیناقاقای ئابووری کوردستان، ئەوا داهاتی کوردستان بەشی پێداویستییەکانمان دەکات"[3].

بابەتێکی تری پەیوەست بەم پرسە، بریتییە لە فەرامۆشکردنی (پێودانگە نێودەوڵەتییەکان)*، کە پێشتر توێژینەوەی لەسەرکراوە، بەڵام لە کاتێکدا دانانی کەسی شیاو لە پۆستە کارگێرییەکاندا سودێکی زۆری هەیە و زۆر پێویستە بۆ دەزگاکانی سیستەمی بەڕێوەبردن، لەوێوە کە "خەڵکیی نوێنەر لەبەرئەوە هەڵدەبژێرێت، کە متمانەی پێیەتی لە ئەنجامدانی ئەرکەکانیدا، نەك بەهۆی ئەوەی، کە لە بوارێکدا پسپۆڕبێت، ئەو ئەرکانەی چاوەڕێ دەکرێت نوێنەرەکان ئەنجامیانبدەن، بریتین لە داکۆکردنی شەرافەتمەندانە لە بەرژەوەندییەکانی

---

[1] )کۆمەڵێك نووسەر، پاڵپشتیەك بۆ ئازادی لە هەرێمی کوردستاندا، چاپخانەی شڤان/ سلێمانی، ٢٠١١، ل٣٨-٣٩.

[2] ) چاوپێکەوتن/ عەلی حەمەصالح/ سەرۆکی فراکسیۆنی بزوتنەوەی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان، تەلەفیزۆنی ڕووداو، ٢٠٢٠/٨/٩.

[3] )چاوپێکەوتن/ ڕێواس فایەق، سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، سایتی سبەی، ٢٠٢١/١/١٩.

* بۆ زیاتر زانیاری لەسەر (پێودانگە نێودەوڵەتیەکان) بگەڕێرەوە بۆ بەشی دووەم/توێژراوەی سێیەم/ توێژینچەی دووەم ، ل٨٩-٩٣.

دەنگدەران، چاودێری ورد بەسەر کارکردو پرۆژەکانی حکومەتەوە، هەروەها بەسەر چۆنێتی ڕاپەڕاندنی ئەو بەرنامانەی، کە حکومەت لە بەرژەوەندییان هەڵبژێراون"[1]، بەڵام تاکی کورد بە تەنها مافی هەڵبژاردنی هەیە، بێبەشکراوە لە لێسەندنەوەی متمانە لەکاتێکدا کە نوێنەرەکان ئامانجەکانیان نەپێکن، لەبەرئەوەی هەر لەسەرەتای دروستبوون و پەیدابوونی سیستەمی فەرمانڕەوایی لە هەرێمی کوردستاندا دامەزراندنی دامەزراوەکانی حکومەت تیایدا، کار لەسەر ئەمپرسە گرنگە نەکراوە و لەلایەن هەردوو پارتە دەسەڵاتدارەکەی هەرێمەوە پشگوێخراوە، ئەوەبوو کە "لە نیسانی ساڵی ١٩٩٣دا گۆڕانکارییەکی گەورە لە ئەنجوومەنی وەزیراندا ڕوویدا، (د.فواد مەعصوم)ی سەرۆك وەزیران گۆڕدرا بە (کۆسرەت ڕەسول عەلی)*، هەروەها لە کۆی( ١٦ )وەزیر، (٥) وەزیریان لێگۆڕدرا، کە گۆڕینی ئەم وەزیرانە کەمتر پەیوەندی بە شارەزایی و تواناییانەوە هەبوو، بەڵکو زیاتر لەبەرئەوەبوو، کە ئەمانە کەسانی مەدەنی بوون و پشگیری بەهێزی سەربازی پارتەکانیان نەبووە، بەهۆیەشەوە نەیانتوانیوە تەواوی بڕیارە ڕامیارییەکانیان بە ئەنجام بگەیەنن، ئەم گۆڕانکارییانە لە ئەنجومەنی وەزیراندا بڕیاری بیرۆ سیاسیەکان بوو، پتر لەوەی بڕیاری خودی پەرلەمانی کوردستان بێت"[2]، ئەمەش هۆکارێکی تری تەنگژەکانی سیستەمی بەڕێوەبردنی هەرێمی کوردستانمان پێ ئاشناو بەیان دەکات.

بەمشێوەیە دەردەکەوێت "پارتە ڕامیارییە باڵادەستەکانی هەرێمی کوردستان لە کاتی پێکهێنانی کابینەکانی حکومەتی هەرێم و پێدانی پۆستەکان زۆرتر لایەنی پارتایەتی کارەکان ڕەچاودەکەن، گرنگی بە لێهاتوویی و بڕوانامەو شارەزایی نادەن"[3]، هەربۆیە گەورەترین مەترسی لەسەر دروستبوونی تەنگژەکانی بەڕێوەبردن و مەترسی بۆ سەر دامەزراوە کارگێرییەکان بریتییە لە "گەندەڵی بەڕێوەبردن و دارایی لە دامودەزگاکانی هەرێم لە سایەی بوونی کەسانی لێنەوەشاوە، واتە بێ کەفائەت و ناپاك لە پلەو پایەی بەرزی کارگێڕییدا، ئەم دیاردە ناپەسەندە هۆی سەرەکی نیگەرانی خەڵکی خەباتگێڕو خۆڕاگری کوردستانە"[4]، هەروەها باوەڕێکی لای خەڵك دروستکردووە، کە ناکرێت چاوەڕوانی زۆر لەم سیستەمی بەڕێوەبردنە بکرێت.

جگە لەو هۆکارانەی ئاماژەیان پێدرا، پرسی مانەوەو بەردەوامبوونی دیاردەی دوو ئیدارەیی بەسەر دامەزراوەکانی سیستەمی فەرمانڕەوایی لە هەرێمی کوردستاندا هەربوونی هەیەو ئەکتیڤ و کارتێکەریشە، لەو بارەیەوە (د.شێرکۆ حەمەئەمین) ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لە لیستی گۆڕان بۆ (خولی چوارەم)، دەڵێت " بوونی دوو بانکی ناوەندی و دوو سیاسەتی دارایی لە هەولێرو سلێمانیدا" هەروەها نەمانی پارەو تەنگژەکانی سوتەمەنی و ئاسایش لە سلێمانی بە شکستی ئیدارەی سلێمانی لێکدەداتەوە و بە دووری دەزانێت

[1] ) دێڤید بیتهام – کۆین بۆیڵ، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٨.
* کۆسرەت ڕەسول عەلی،(٢٠٠٦-٢٠١٤)جێگری سەرۆکی هەرێم و ئێستاش ئەندامی بیرۆی ڕامیاریی یەکێتی نیشتمانی کوردستانە.
[2] )ڕوود هۆف و ئەوانی تر، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٧.
[3] ) سامان صالح فرج، سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٧.
[4] )د. ئازاد عوسمان، چاکسازی سیاسی و ئابووری، چاپخانەی موکریانی/ هەولێر، ٢٠١٣، ل١٨-١٩.

پەیوەندی بە هەولێرەوە هەبێت"[1]. هەرلەمبارەیەوەو سەبارەت بە مانەوەی ئاسەواری دووئیدارەیی کاریگەری لەسەر سیستەمی بەڕێوەبردنی هەرێمی کوردستان، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە وەڵامی پرسیاری پەرلەمانتاراندا لە دانیشتنی ڕۆژی ٥ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢٠ لە پەرلەمانی کوردستان، دەڵێت وەکو حکومەت" ئەوەی پێویست بێت دەیکەین بۆئەوەی ئەو شوێنەواری دوو ئیدارەییە نەمێنێت، هەروەها دەڵێت"دەبێت هەموو فەرمانگەکان لەهەر شارێکی کوردستان پابەندی بڕیارەکانی حکومەت بن، نابێت شوێنەواری دووئیدارەیی لە هیچ فەرمانگەیەکی حکومەتدا بمێنێت، بڕیارەکان بە کۆدەنگی دەدرێن و لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران بەیەکەوە بڕیاردەدەین و هەموو پارێزگاکانیش پێوەی پابەنددەبن"[2]، ئەمە پێمان دەڵێت، کە سەرەڕای ئەوەی شوێنەواری دووئیدارەیی هێشتا ماوە، جگەلەوەش بڕیارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان وەك یەك لەهەموو هەرێمی کوردستان جێبەجێناکرێت، بۆیە سیستەمی بەڕێوەبردنی هەرێمی کوردستان ناتوانێت وەك پێویست کارەکانی خۆی ئەنجامبدات.

ئەوەی لە سەرەوە ئاماژەی پێدرا، لە گرنگترین ئەو هۆکارانەن، کە لە پشت تەنگژەکانی سیستەمی بەڕێوەبردنی هەرێمی کوردستانەوەن و ناهێڵن دامەزراوەکانی حکومەت و دەزگاکانی، بەکاری پیشەیی و دەزگایی خۆیان هەستن، هەر ئەمەش وایکردووە سیستەمەکە دەستەوەستان بێت لە ئاستی تەنگژەکانیدا، بە درێژایی بیست و نۆ ساڵی ڕابردوو بە چەقبەستوویی بمێنێتەوە، نەتوانێت هەنگاوی جدی بنێت بۆ پێشخستن و گەشەکردنی، هەروەها لەڕووی چۆنایەتییەوە کاری دامەزراوەکان هیچ گۆڕانێکی بەسەردا نەیات و لەگەڵ پێشکەوتنەکانی سەردەمدا یەکنەگرێتەوەو کۆمەڵگەی کوردی و هاووڵاتیان بەدەست ڕۆتیناتی زۆر و جێبەجێنەکردنی کارەکانیان لە دامەزراوەکاندا هەر بناڵێنن.

---

[1] )سایتی کوردستان نێت، ٢٠١٤/١/٤، بەرواری سەردانیکردن/٢٠٢١/٨/٢٣، لەسەر ئەم لینکە بەردەستە https://bit.ly/3JAt5gG /.

[2] )سایتی ڕۆژنامەی خەبات، ٢٠٢٠/١٠/٥، بەرواری سەردانیکردن/٢٠٢١/٨/٢٣، لەسەر ئەم لینکە بەردەستە https://bit.ly/3zem3cw.

## توێژینچەی دووەم: ئاستی پەیوەندی سیستەمی بەڕێوەبردن و سیستەمی فەرمانڕەوایی وکاریگەرییان لەسەر تەنگژەکانی هەرێم

هەر دەوڵەت و قەوارەیەکی ڕامیاریی بە کۆمەڵێك سیستەم پێکەوەگرێدراوەو کاروبارەکانی خۆی ڕاییدەکات و ئامانجەکانی بەدەست دەهێنێت، هەربۆیە دەبێت پەیوەندی نێوان ئەم سیستەمانەش پەیوەندییەکی توندوتۆڵ و لێکدانەبڕاوبێت و ئامانجی هاوبەشیان هەبێت، ئەمە بۆ هەرێمی کوردستانیش وەك قەوارەیەکی ڕامیاریی ڕاستە، بۆیە هەرچەندە پەیوەندی نێوان سیستەمەکانی بەهێزتربێت سیستەمەکە بەگشتی تۆکمەتر و بەهێزتر دەبێت، بەڵام لەوێوە سیستەمی بەڕێوەبردن کە بە دەسپێك و بەدڵی سیستەمی فەرمانڕەوایی دادەنرێت لە هەرێمی کوردستاندا، جیاواز لە سیستەمەکانی تر، لەبەرئەوە کاتێك کە ئاستی پەیوەندی لەگەڵ سیستەمی فەرمانڕەوایی بەهیزتر دەبێت، ئەوا ئاستی کاربەجێگەیانی باشتردەبێت، گیروگرفت و تەنگژەکانی هەرێمی کوردستانیش ڕوو لە نشێوو و کەمتر دەبنەوە، لەو پێناوەدا لەم توێژینچەدا توێژینەوە لەسەر ئەمپرسە دەکرێت.

هەروەك پێشترو لە پێناسەی چەمکی (سیستەم)*دا توێژینەوەی لێکراوە، سیستەم بریتییە لە چەند یەکەیەکی پێکەوەگرێدراو، کە ئامانجی هاوبەش پێکەوەی بەستوون، بەهەموو ئەم یەکانە دەتوانن کۆی کارەکانی سیستەمی گشتی(دەوڵەت) هەڵسوڕێنن، لەو پێناوەشدا دەبێت پەیوەندییەکی توند و بەهێز لەنێوان ئەم یەکانەدا هەبێت، بۆیە لە پەیوەست بە پرسی پەیوەندی نێوان سیستەمی بەڕێوەبردن و سیستەمی فەرمانڕەوایی لە هەرێمی کوردستاندا، دەتوانرێت بوترێت بۆ پتەوکردنی ئەم پەیوەندییە، پێویستە کە پەرلەمانی کوردستان "پرۆسەی یاسادانان و پەسەندکردنی یاساکان خێراتر بکات وەك لەوەیکراوەو هەیە، بۆئەوەی بەزووترین کات پەیکەرو پرۆسەی بڕیاردان لە سیستەمی فەرمانڕەوایەتی هەرێمدا تۆکمەتر بکات، یاساکان بە شیوازێکی سەردەمیانە دابڕێژرێ و هەوڵدات مەودای کاریگەرێتیان درێژخایەن بێت، پێویستە پەرلەمانی کوردستان هاوکاری حکومەت بکات بۆ داڕێژتنی ڕێساکان و پڕکردنەوەی کەلێنە وردەکانی پەیکەرو پرۆسەی بڕیاردان و بۆ ڕێکخستنەوەی شێوازی(تمویل) پارەدارکردنی فەرمانگە و دامەزراوە نیمچە سەربەخۆکان، بۆ پێناسەکردنی ئیتیکی پیشەیی پرۆفیشناڵانە و ناسینەی فەرمانی فەرمانبەران(الوصف الوظيفي للموظفين)، بۆ داهێنانی میکانیزمی چاودێریکردنی پۆستهەڵگرەکان بۆ پابەندبوون بە یاسا و ڕێساو ڕێنماییەکانەوە، بۆ زیادکردنی شەفافییەت و کەمکردنەوەی دەرفەتەکانی گەندەڵی"[1].

هەر لەمپێوەندەدا، پێویستە ئەوەشبوترێت، کە ئاستی پەیوەندی نێوان هەردوو سیستەمەکە (بەڕێوەبردن و فەرمانڕەوایی) لە هەرێمی کوردستاندا، لە ماوەی ڕابردوودا و لە سەرەتای سەرهەڵدان و دروستبوونی ئەم

*بۆ زانیاری زیاتر لەسەر پێناسەو چەمکی سیستەم بگەڕێوە بۆ/ بەشی یەکەم/ توێژراوەی یەکەم/ توێژینچەی یەکەم، لا٧-١٠.

[1] ) د.دلاوەر عەبدلعەزیز عەلائەددین، نیشتیمانسازی و سیستەمی فەرمانڕەوایەتی خۆماڵی لە هەرێمی کوردستان،چاپخانەی ئاراس، ٢٠١٣، لا٢٦٠.

هەرێمەوە و تاوەکو ئێستا بەرزونزمی زۆری بەخۆوە بینیوە، بۆنموونە لە یەکەم خولی پەرلەمان و لە یەکەم دانیشتنی خۆیدا لە١٩٩٢/٦/٤ پەرلەمانی هەرێم چەند یاساو بریارو ڕێنماییەکی دەرکردووە لە ١٩٩٢/٧/٥ متمانەی بە کابینەی یەکەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەخشی، هەروەها پاش "ڕاپەڕاندنی کۆمەڵێ ئەرکی کارگێریی و هەوڵدان بۆ ڕێکخستنەوەی باردۆخەکە و دامەزراندنی کارمەندی نوێ لە دامودەزگا حکومییەکان، کە لەو کاتەدا گرفتی گەورە هاتبووە بەردەم حکومەت، بۆ پرکردنەوەی ئەو پۆستانەی پێویستی بە پسپۆڕی بوو، بۆیە پاش ماوەیەك هەوڵیاندا هەندێك لەو کارمەندانەی پێشتر لە سەردەمی حیزبی بەعسدا کاریان کردبوو، بیانگێڕنەوە بۆ کارەکانی خۆیان"[١] ئەم خەمخۆری کاربۆکردنە پێمان دەڵێت، کە ئاستی پەیوەندییەکە لەم قۆناغەدا لە ئاستێکی باشدابووە.

بەڵام لەدوای ماوەیەکی کەم لە فەرمانڕەوایەتی کوردی لە هەرێمی کوردستاندا، بەهۆی ناکۆکی نێوان (پدك و ینك)، هەروەها هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆ لە ساڵی ١٩٩٤، حکومەتی هەرێم دابەشبوو بۆ دوو ئیدارەی ئەو دوو پارتە، پەرلەمانی کوردستانیش هیچ کاریگەرییەکی بە تایبەتی لەسەر ئیدارەی (سلێمانی)نەما، بۆیە بابەتی ڕەوایەتی کابینەکانی (پدك و ینك ) "مشتومڕی زۆری بەدوای خۆیدا هێنا، هەرلایە و پەنای بۆ بەروارێکی زووترو زووتر دەبرد تا پاساو بۆ سەردانەوەاندنی خۆیان بۆ یاساکان بێننەوە، (پدك) ئیدیعای ئەوەی دەکرد کە دامەزراندنی کابینەی نوێ لەلایەن ئەوانەوە کارێکی ڕەوایە، بە تایبەتی بڕوایان وابوو کارەکانی ئەندامانی (ینك) لە(دووەمین کابینەدا)* ناشەرعی بووە، هەروەك دواتر دەرکردنی پارتیش لە هەولێر لەساڵی ١٩٩٤، پەرلەمانی هەرێم تەنانەت لەدوای دابڕانەکەشیدا، هێشتا بە گوێرەی (یاسای ژمارە(١))** خاوەنی لانی کەمی ژمارەی ئەندامەکانی بوو، هەربۆیە دەسەڵاتی گۆڕینی کابینەکەی حکومەتی هەبوو، لە ئەنجامی ئەوەشدا (د.ڕۆژ نوری شاوەیس)وەك سەرۆك وەزیرانی نوێ دانا"[٢]. هەرلەم چوارچێوەیەداو بەهەمانشێوە "یەکێتی ڕایگەیاند کە (کابینەی حکومەت)ەکەی لە سلێمانی حکومەتێکی شەرعییە، بە تایبەت کۆسرەت ڕەسوڵ لەلایەن دوادانیشتنی پەرلەمان بەشێوەیەکی شەرعی و بەکۆی دەنگ وەك سەرۆك وەزیران هەڵبژێراوە"[٣] لێرەوەو لە نەبوونی یەك حکومەتی یەکگرتوودا ئاستی پەیوەندی هەردوو سیستەمی فەرمانڕەوایی و بەڕێوەبردن دەپچڕێت بە تایبەتی لەگەڵ حکومەتەکەی سلێمانیدا.

هەموو ئەوانە دەرخەری ئەو ڕاستییەیە، کە ئاستی پەیوەندی نێوان سیستەمی بەڕێوەبردن و سیستەمی فەرمانڕەوایی لەم ماوەیەدا لە بارێکی خراپ و لە نزمترین ئاستدا بووە، ئەم بارودۆخە بەردەوامیی هەبووە، تا دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس لە ساڵی٢٠٠٣، بەڵام لە خولی دووەمی پەرلەمانی کوردستان لە٢٠٠٥/٦/٤ ، گڕوتینێکی زیاتر بە کارەکانی پەرلەمانەوە دیارە، ئەوەبوو کابینەی یەکگرتووی هەرێمی کوردستان

---

[١] )د.ئاکۆحمەکریم و ئەوانی تر، سەرچاوەی پێشوو، لا٣٠.
*کابینەی دووەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە١٩٩٣/٤/٢٥، پێکهێنرا(هەمان سەرچاوە، لا٣٠).
**یاسای ژمارە(١)ی ساڵی ١٩٩٢ی بەرەی کوردستانی، یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستانی عێراق.
[٢] )گەراس ئار-ڤی- ستانفێلد، سەرچاوەی پێشوو،لا٣٥٠.
[٣] ) هەمان سەرچاوە،لا٣٥٠.

درووستبوو، هەروەها "تا کۆتایی خولی هەڵبژاردنی دواتر لە٧/٩/ ٢٠٠٩ ، کە دانیشتی نائاسایی ئەنجامدا، لەم ماوەیەدا(٢٣٩)دانیشتن ئەنجامدراوە، لەو نێوانەشدا (٢٦)دانیشتنی نائاسایش ئەنجامدراوە، کە دانیشتنەکان دابەشبوون بەسەر وەرزەکاندا" هەروەها لەم خولەی پەرلەماندا"(٨٩) یاسا و (٣٢)بڕیار دەرچوون، هەر لەم خولەدا و لە یەکەم دانیشتنی پەرلەماندا، خوێندنەوە بۆ گرنگترین پرۆژە یاسای سەرۆکایەتی هەرێم کراوە، لە پاش دوو ڕۆژو لە دەستپێکی دانیشتنی کردنەوەی خولەکەو لە٢٠٠٥/٦/٧، یاساکە پەسەندکراوە، وەك یەکەم دەستکەوتی یاسایی ڕاگەیەندرا"[١].

پاش کۆتایی هاتنی خولی دووەم و هەڵبژاردنی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان لە٢٠٠٩/٧/٢٥، ئەم خولەی پەرلەمان قۆناغێکی نوێی هێنایەکایەوە، کە بەقۆناغی ململانێی توندی پەرلەمانیی دەناسرێت، ئەویش بەهۆی هاتنەئاراو دروستبوونی ئۆپۆزسیۆنی ڕامیاریی بوو لە پەرلەمانی کوردستاندا، بەڵام پێکهێنانی کابینەی حکومەت، هاوشێوەی کابینەی پێشوو، کە "پێکهێنانی ساڵێك و حەوت ڕۆژی خایاند، لەدوای هەڵبژاردنی ٢٠٠٩، پێکهێنانی کابینەی شەشەمیش، سێ مانگ و سێ ڕۆژی خایاند"[٢] ئەوەش کاریگەری نەرێنیانەی بۆسەر دۆخی بەڕێوەچوونی دامەزراوەکانی سیستەمی فەرمانڕەوایی بەگشتی و سیستەمی بەڕێوەبردن بەتایبەتی هەبوو.

سەرەڕای نەبوونی ئەزموونی زۆر لە کاری ئۆپۆزسیۆنیی لە هەرێمی کوردستاندا، بەڵام بە سەرهەڵدانی ئۆپۆزسیۆنی ڕامیاریی ئاستی پەیوەندی نێوان هەردوو سیستەمی بەڕێوەبردن و فەرمانڕەوایی زیاتر بوو، ئەویش بەوەی لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆن، توانیان فشاردروست بکەن کە"لیژنە جیاوازەکانی پەرلەمان بەمەبەستی چاودێریکردنی چۆنێتی کارکردنی حکومەت و فەرمانگە جیاوازەکان و دامەزراوە گشتییەکان، سەردانی مەیدانی بکەن، سەرەڕای ئەوەی کە پرۆژەی بودجەی هەرێم گفتوگۆیەکی وردی لەسەر کرا[٣]، ئەمە لە کاتێکدایە کە تا ئەوکاتەی، کە (ئۆپۆزسیۆنی چالاك)* لە پەرلەمانی کوردستان نەبوو، هیچ ئەندام پەرلەمانێك هەڵنەستاوە لەکاتی خوێندنەوەی پرۆژەکاندا دەستی بەرزبکاتەوە و بە ژمارە تێبینییەکانی خۆی بڵێت و باس لە کەموکوڕی ئەو پرۆژانە بکات، کە پێشکەشکراون لەسەر بابەتی بودجە"[٤]، بە تێگەیشتن لەو ڕاستییەی ئاماژەی پێدرا دەتوانرێت بوترێت بوونی ئۆپۆزسیۆن لەم قۆناغەدا ئاستی پەیوەندی نێوان هەردوو سیستەمەکەی بەهێزو توندترکردۆتەوە.

لە پەیوەند بەم پرسەو تایبەت بە خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان و ئاستی پەیوەندییەکانی لەگەڵ سیستەمی بەڕێوەبردندا، دەبێت ئەوە بوترێت کە کاریگەری نەرێنی پارتە باڵادەستەکان بە تایبەتی (پدك وینك)ی، پێوەدیاربووە، بۆنموونە پەیوەست بە پرسی درێژکردنەوەی ماوەی سەرۆکایەتی سەرۆکی هەرێم،

---

[١] ) أيوب محمد طيب محمدصالح، المرجع السابق، ص١٠٤-١٠٥.
[٢] )د.عابد خالید ڕەسول، گۆڤاری جۆرناڵ،سەرچاوەی پێشوو، لا١٠.
[٣] )د.یوسف محەمەدو ئەوانی تر، سەرچاوەی پێشوو، لا١٣٢.
*سەرەتای دروستبوونی ئۆپۆزسیۆنێکی چالاك لەهەرێمی کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ دوای هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠٠٩.
[٤] ) محمد صابر كريم، آفاق السلطة الشريعية في أقليم كوردستان، سەرچاوەی پێشوو، لا٢١٠.

(د.یوسف محەمەد)، سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان بۆ (خولی چوارەم)، دەڵێت "هەژموونی دوو پارتە باڵادەستەکە بەسەر کاری پەرلەمانەوە ئەبینین، سەرکردەکانیان ڕێککەوتون لەسەر خشتەی کارەکان و بەرنامەڕێژییان بۆکردووە، هەروەها زۆرجار سەرپێچی پەیڕەوی ناوخۆیش لە سوودی هەردوو پارتەکە کراوە، بۆ نموونە لە پرسی درێژکردنەوەی ماوەی سەرۆکایەتی سەرۆکی هەرێم بەپێی ئەم ڕێککەوتنە پێشوەختە ولە دەرەوەی پەرلەمانی کوردستان، ماوەکەیان درێژکردەوەو سەپاندیان بەسەر پەرلەماندا"[١].

هەر لە ماوەی خولی چوارەمی پەرلەمانی هەرێمداو بەهۆی ڕێگریکردن لە سەرۆکی پەرلەمان لەلایەن (پدك)ەوە، لە٢٠١٥/١٠/١٢و لەلایەکی تریشەوە تەواوبوونی ماوەی درێژکراوەی سەرۆکی هەرێم "گرفتێکی یاسایی و بۆشاییەکی گەورە بۆ کاری پەرلەمان دروستدەبێت و لەدوای ئەو مێژووەوە ئیتر پەرلەمان ناتوانێت یاسا دەربکات، کەواتە پەرلەمان لەڕووی کردارییەوە لە٢٠١٥/٨/٢٠ەوە، پەکی کەوت، بەتایبەتی تر کە خولی پایزەی لە ٢٠١٥/٩/١ەوە دەستی پێکردەوە تاوەکو ٢٠١٨/١/٣٠، چونکە پەرلەمان لەو کاتەوە نەهیچ یاسایەکی پەسەندکردووەو نە لەدەسەڵاتی جێبەجێکردنیشی پێچاوەتەوە نەپرساندنیشی بۆ هیچ وەزیرێکیشیکردووە و نە بەدواداچوونیشی بۆ هیچ کەیسێك کردووە"[٢]. بەمشێوەیەو وێڕای ئەوەی بەهۆی ئەم ڕووداوانەوە لەساڵی ٢٠١٦دا هیچ یاسایەك دەرنەچووە، پاشانیش ئەنجامدانی ڕیفراندۆم و لێکەوتەکانی بووە هۆی دووبارە پەکخستنەوەی پرۆسەی فەرمانڕەوایی لە هەرێمی کوردستان، بە تایبەتی تر ڕووداوەکانی دوای١٦ئۆکتۆبەری٢٠١٧، دەستلەکارکێشانەوەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، بۆیە پەرلەمانی کوردستان بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە یاساییە، لە دەسەڵاتی جێبەجێکردندا، بۆئەوەی کەموکوڕی بۆ کارەکانی سیستەمی بەڕێوەبردن، دروست نەبێت، بڕیاریدا "دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێم تا هەڵبژاردنەکانی سەرۆکی هەرێم و خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان، بەسەر دامەزراوە دەستوورییەکانی هەرێم دابەشبکرێت"، ئەوەش بەپێی (یاسای ژمارە(٢)ی ساڵی ٢٠١٧)"[٣].

سەبارەت بە خولی پێنجەمی پەرلەمانی هەرێمیش، ئەوا پێویستە بوترێت، کە لەدوای هەڵبژاردنەکانی ٢٠١٨خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان و دروستبوونی کابینەی نۆیەمی پەرلەمانی کوردستان ئاستی پەیوەندییەکانی نێوان سیستەمی فەرمانڕەوایی و سیستەمی بەڕێوەبردن هەر بەلاوازی ماونەتەوە، لەمبارەشەوە(ئەبو بکر هەڵەدنی)، ئەندامی فراکسیۆنی یەکگرتووی ئیسلامیی بۆ (خولی پێنجەم)، لە هەژماری تایبەتی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوك، دەڵێت "پێموایە ئەم خولەی پەرلەمانی کوردستان خراپترین خولی پەرلەمانی کوردستانە بەو پێیەی کە نەیتوانیوە بە ئەرکە گرنگەکانی خۆی هەڵبسێت کە خۆی دەبینێتەوە لە(دەرکردنی یاسا و بڕیارەکان، چاودێریکردنی کارەکانی حکومەت، پەسەندکردنی بودجە)، لەبەرئەوەی

---

[١] ) وەرگیراوە لە: أیوب محمد طیب محمدصالح، سەرچاوەی پێشوو، لا١٦٩.

[٢] )ئینستیوتی پەی، چاودێری و هەڵسەنگاندنی کارەکانی پەرلەمانی کوردستان، ڕاپۆرتی پێنجەم، مافی بڵاوکردنەوەی ئە ڕاپۆرتە پارێزراوە بۆ ئینستیوتی پەی/سلێمانی،٢٠١٦،لا٧٧.

[٣] )سایتی پەرلەمانی کوردستان، یاساکانی٢٠١٧، سەرچاوەی پێشوو.

پەرلەمان لەم خولەدا کەمترین یاسا وبڕیاری دەرکردووە، نەیتوانیوە لێپرسینەوەی جدی لە وەزیرو بەپرسەکانی حکومەت بکات، ئەوە بۆماوەی حەوت ساڵیشە بوودجە نەهاتۆتە پەرلەمانی کوردستان"[١].

هەروەها لەم خولی پێنجەمەدا و سەبارەت بە ئاستی پەیوەندی نێوان هەردوو سیستەمەکە (بەڕێوەبردن و فەرمانڕەوایی)، پەرلەمانی هەرێم بۆ چارەسەرکردنی کێشەی مووچە و تەنگژەی دارایی پەنای بردۆتەبەر بەر دەرکردنی یاسای چاکسازیی " یاسای ژمارە(٢)ی ساڵی ٢٠٢٠، یاسای چاکسازیی لە مووچەو دەرماڵە و بەخشین و ئیمتیازاتەکان و خانەنشینی" کە لە ماددەی یەکەمی یاساکەدا هاتووە، ئەم یاسایە دەبێتەهۆی بەرجەستەکردنی بنەماکانی دادپەروەری و شایستەبوون، لە خەرجکردنی مووچەو دەرماڵەو بەخشین و ئیمتیازاتەکانی دیکە لە هەرێمی کوردستان، نەهێشتنی سوودمەندبوونی ناشایستە و ڕێگرتن لە بەهەردانی بوودجەی گشتی"[٢]، پەیوەست بەم پرسە و لەمبارەیەوە عەلی حمەصالح ئەندامی پەرلەمانی کوردستان و سەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕان، ڕایگەیاند"لەدوای (١٠) مانگ لە بەرواری دەرچوونییەوە بەندەکانی ئەم یاسایە هیچی جێبەجێنەکراوە، کە ڕوحی ئەم یاسایە بڕینی مووچەی (٦٣)هەزار خانەنشینی سەربازی و (١١٦٩)کەس، کە بەپلەی وەزیر و بریکاری وەزیرو بەڕێوەبەری گشتی، تا خوارتریش بە نایاسایی خانەنشین کراون، ئەمە جگەلەوەی تا ئێستاش هیچ کارێکنەکراوە لەسەر خانەنشینی مەدەنی"[٣]. هەر سەبارەت بە بێدەسەڵاتی پەرلەمانی کوردستان بەرامبەر بە پارتە دەسەڵاتدارەکان و حکومەت، سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان (ڕێواس فایەق)، دەڵێت"کۆی داهاتی نەوتی فرۆشراوی هەرێم بەتێکڕایی ساڵی ٢٠٢١، (٩٥٠) ملیۆن دۆلار بووە، بەڵام تەنها (٣٥٠) ملیۆن دۆلار مانگانە دێتە خەزێنەی حکومەتی هەرێمەوە، هەروەها دەشڵێت، لە کوێی دنیادا بووە کە حکومەت بودجە بۆ پەرلەمان نەنێرێت"[٤]. کەواتە لەسەر ئەرزی واقیع پەیوەندی نێوان حکومەت و پەرلەمان لاوازەو پەرلەمانی کوردستان توانای لێپێچینەوەو سزادانی هیچ پۆستهەڵگرێکی حکومەتی نییە، کە ئەمەش یەکێکە لە هۆکارەکانی دروستبوونی تەنگژەکانی سیستەمی بەڕێوەبردن لە هەرێمی کوردستان.

لە ئەنجامی ئەوەی لەسەرەوە توێژینەوەی لێکراوە، دەکرێت بوترێت پەیوەندی نێوان سیستەمی بەڕێوەبردن و سیستەمی فەرمانڕەوایی لە هەرێمی کوردستاندا لە ئاستێکی زۆر نزمدایە، بە تایبەتی سیستەمی فەرمانڕەوایی نەیتوانیوە دەسەڵاتی یاسایی خۆی بەکاربهێنێت، وەك هۆکارێك بۆ پێشخستنی سیستەمی بەڕێوەبردن و دامەزراوەو کارەکتەرەکانی، هەروەها نەیتوانیوە ببێتە هۆکارێك بۆ کەمکردنەوەی تەنگژەکانی سیستەمی بەڕێوەبردن، کە یەکێکە لە سەرچاوەکانی تەنگژەکانی هەرێمی کوردستان، ئەمەش لە ئەنجامی

---

١) ئەبوبکر هەڵەدنی، ئەندامی پەرلمانی کوردستان، تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووك، ٢٠٢٠/٩/٢٣.
٢) سایتی پەرلەمانی کوردستان، یاساکانی٢٠٢٠، سەرچاوەی پێشوو.
٣)پەیامTV، کۆنگرەی ڕۆژنامەوانی/ عەلی حمەصالح ئەندامی پەرلەمانی کوردستان/لیستی گۆڕان، ٢٠٢١/٤/٢٧، بەرواری سەردانیکردن٢٠٢١/٨/٤، لەسەر ئەم لینکە بەردەستە: https://bit.ly/3pHCP0v / .
٤)NRT.TV، هەواڵەکانی کاتژمێر(٨) ٢٠٢١/١٢/٥، بەرواری سەردانیکردن/ ٢٠٢١/١٢/٢٨، لەسەر ئەم لینکە بەردەستە: https://bit.ly/3EIDenJ .

ئەوەوە دێت کە پەرلەمانی کوردستان لە سەردەمانێکدا بەهۆی باردۆخی ناوخۆیی و پەیوەندی نێوان پارتە ڕامیارییەکانەوە بەتایبەتی (ینك و پدك) پەکی کارەکانی خراوە و لە هەندێك کاتیشدا ئەو یاسایانەی کە دەرچوون، لەلایەن دەسەڵاتی جێبەجێکردنەوە جێبەجێنەکراوە، کە خزمەت بە سیستەمی بەڕێوەبردن و دامودەزگاکانی بکات، هەربۆیە تەنگژەکانی هەرێم لە ماوەی بیست و نۆ ساڵی فەرمانڕەوایی کوردییدا بە چارەسەرنەکراوی ماوەنەتەوە.

## توێژینچەی سێیەم: گرنگترین جۆرەکانی تەنگژەی سیستەمی فەرمانڕەوایی هەرێمی کوردستان

سیستەمی فەرمانڕەوایی لەهەرێمی کوردستان ڕووبەڕووی چەندین تەنگژەی قووڵ بۆتەوە کە، هۆکاری لاوازی و چەقبەستووی و بەرەوپێشنەچوونی سیستەمەکەن و ئاسەواری نەرێنی زۆریشی لەسەر کۆی کایە گرنگەکانی تری فەرمانڕەوایی لە هەرێمی کوردستان خستۆتەوە و دامودەزگانیشی لە دەسەڵاتی ڕاستەقینە بێبەش و دوورخستۆتەوە، بەجۆرێك کە لەکاتی دروستبوونی هەر تەنگژەیەکدا دامەزراوەکانی سیستەمی فەرمانڕەوایی نەتوانن بە ئەرکی یاسایی و ئاسایی خۆیان هەڵبسن. هەربۆیە بۆ قسەکردن لەم پرسانە لەمیانەی چەند تەوەرەیەکەوە توێژینەوەیان لێدەکەین.

**یەکەم: کلتوری دیموکراسی**: سەرەتا پێویستە ئاماژە بەیەکێك لەو پێناسە گرنگانە بدرێت کە(لاری دایمۆند) کردوویەتی پێیوایە دیموکراسی "لەسەر بنەمای بارودۆخە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی وڵاتێك و هەروەها ستراکتۆرەکانی دەوڵەت لە مومارەسەکردنی ڕامیاریدا پشتپێدەبەستێت کردویەتی بەوەی دیموکراسی ڕامیاریی نوێ بریتیە لەو سیستەمە فەرمانڕەواییەی کە یاساکانی لەسەر لێپرسینەوەی ئاشکرای هاوڵاتیانی بۆ بەرپرسەکان لەسەر کاروبار و هەڵسوکەوتەکانیان ڕادەوەستێت، ئەمەش بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دەبێت لە میانەی کێبرکێ و یارمەتیدانی نوێنەرە هەڵبژێراوەکان لەنێوان خۆیاندا"[1]. هەروەها دیموکراسی بریتیە لەو "کارکردە(الإجراءات) دامەزراوەییانەی کەلەمیانەیدا تاکەکان دەتوانن بەشداربن لە پرۆسەی دروستکردنی بڕیارە ڕامیارییەکاندا لەڕێگەی کێبرکێکردن لە هەڵبژاردنە ئازادەکاندا بۆ بەدەستهێنانی دەنگەکانی گەل"[2].

سەبارەت بەمپرسە و جێبەجێکردنی لە هەرێمی کوردستان و لەلایەن دەسەڵاتدارانی هەرێم و تێڕوانینیان بۆ مافی هاووڵاتیبوون، وەك یەکێك لە مافەکانی مرۆڤ لە سیستەمی دیموکراسیدا، هەروەها بڕوابوون بە پرەنسیپەکانی دیموکراسیی، (د.فاروق رفیق)توێژەری بواری فەلسەفە دەڵێت"بڕیارەکان لە دەستی چەند کەسێکدان، لە دەستی چەند سەرکردەیەکدا، کە بەهیچ شێوەیەك لە کاتی بڕیارداندا نە پرس بە هاونیشتمانیان دەکەن و نەمەشروعییەت لە پرۆسەیەکی عەقڵانی دیموکراسیەوە وەردەگرن"[3]. هەربۆیە لەم ڕوانگەیەوە

---

[1] )لاری دایموند و مارك. ف. بلاتنر، الديمقراطية/أبحاث مختارة، شركة المطبوعات للتوزيع والنشر/ بيروت،٢٠١٦، ص٤٧.
[2] ) هەما سەرچاوە، لا٤٧.
[3] ) فاروق رفیق، یەك کاتژمێری ماوە بۆ نیوەشەو، چاپخانەی شڤان/ سلێمانی، ٢٠٠٩، لا١٣.

دەكرێت بوترێت سوود لە بنەماكانی دیموكراسی وەرنەگیراوە بۆ تۆكمەكردن و بەهێزكردنی قەوارەكە و بەهێزكردنی دەسەڵاتە گرنگەكانی. لەبەرئەوەی"لە سیستەمە دیموكراسییەكاندا، حكومەت و دەسەڵاتداران لە ڕێگەی مینبەرەكانی ڕاگەیاندن و نوێنەرەكانی خەڵك لە پەرلەمان، هەروەها لە ڕێگەی كەمپەینی ئۆپۆزسیۆن و چالاكییەكانی كۆمەڵگای مەدەنییەوە بەردەوام لەژێر فشارو چاودێری خەڵكدان، بەڵام لە هەرێمی كوردستاندا، هیچ كام لەو پێكهاتانە گەشەی بەو ئاستەنەكردووە، كە فشاری پێویست بخاتەسەر دەسەڵاتی فەرمانڕەوایەتی ناچاریبكات بكات، كە چاكسازی لێ بەدەربكەوێت[1]، هەربۆیە سیستەمی فەرمانڕەوایی وەك خۆیی و بە چەقبەستوویی ماوەتەوە.

بەمشێوەیە پرۆسەی چاودێریكردنی سیستەمێكی ڕامیاریی بیناكراو لەسەر دیموكراسیی ناتوانێت ئامانجەكانی خۆی بپێكێت بەبێ ئامادەبوونی بەهێزی هاووڵاتیەكی وریا و ڕەخنەگر، هەربۆیە لە "دیموكراسیی كوردیدا دەبێت هاووڵاتیان هەلومەرجی بابەتییانەی نمرەبەخشین ئامادەبكەن، بەومانایەی كە لە ڕێگای هەڵبژاردنە جیاوازەكانەوەو، لە ڕێگای ڕاپرسییە هەمەجۆرەكانەوە و، لەڕێگای میدیاكانەوە، لەڕێگای تۆڕە كۆمەڵایەتیەكانی سەرئینتەرنێتەوە، لەڕێگای دیبەیتی ڕۆژانەی نێو قاوەخانەكانەوە، لەڕێگای كۆڕەكانەوە و لەڕێگای خۆپیشاندانەكانەوە...هتد، بتوانن ئاستی سەركەوتن یان شكستی ئەو نوخبەیە دەستنیشان بكەن كەلە دەسەڵاتدان، سزایان بدەن و لە بۆهیچ هەڵبژاردنێكی تر متمانەیان پێنەبەخشن"[2] لێرەوەیە كە دیموكراسی دەتوانرێت بكرێتە میكانیزمی چارەسەری تەنگژەكانی سیستەمی فەرمانڕەوایی و دواتریش سیستەمی كارگێریی. هەربۆیە پشتگوێخستنی بنەمای هاووڵاتیبوون لە هەرێمی كوردستان وایكردوە "سیستەمی فەرمانڕەواییەكەی هەمیشە بە لاوازی بمێنێتەوە و تەنگژەكانشی قوڵترو سەختتربن، بڕیاربەدەستانیش بێمنەت بن لە سزادانیان لەلایەن گەلەوە"[3]، جگەلەوەش لە ئامادەنەبوونی ئەم پراكتیكەدا، گەڕانەوە بۆ دیكتاتۆرییەت، تۆتالیتاریزم، ستەمكاریی گریمانەیەكی هەمیشە ئامادەدەبێت.

**دووەم: پرسی گەندەڵی و چەسپاندنی یاسا:** سەبارەت بە پرسی گەندەڵی، دەتوانرێت بوترێت لە هەرێمی كوردستان، گەندەڵی ڕامیاریی، سەرچاوەی بوونی جۆرەكانی تری گەندەڵییە، جۆرێكیشە لە تەنگژە قورسەكانی سیستەمی فەرمانڕەوایی ئەوەش لەوێوە كە"(پارتە ڕامیارییەكانی كوردستان) دەستیان بەسەر جومگەكانی فەرمانڕەواییدا گرتووە و حكومەت ئامرازێكە بەدەست پارتەكانەوە، پارتیش ئامرازێكە بەدەست دەستەبژێكی ڕامیارییەوە، كە ئەم دەستەبژێرە( ڕامیاریی و ئابووریی)ە، دەبێتە خاوەنی گشت سەروەت و سامانی وڵات، سامانی سەرزەوی و ژێرزەوی بە موڵكی خۆی دەزانێت"[4]، بۆیە هاووڵاتیانی كوردستان كەمترین سوودیان لە سامانی سەرزەوی و ژێر زەوی كوردستان بینیوە، لەبەرامبەردا دەسەڵاتدارانی هەرێم

[1] )د.دلاوەر عەبدلعەزیز عەلائەددین، نیشتیمانسازی، سەرچاوەی پێشوو، لا٢٢٩.
[2] )د.عادل باخەوان، كۆمەڵگەی ڕەش، چاپخانەی كارۆ /سلێمانی، ٢٠١٣، لالا١١٧-١١٩.
[3] )هەمان سەرچاوە، لا١٢٢.
[4] ) فاروق رفیق، سەرچاوەی پێشوو، لا٣٤.

ڕۆژ لە دوای ڕۆژ سامان و داهاتەکانیان ڕوو لە زیادبوونە. ئەوەش وایکردووە سامانی سروشتی هەرێمی کوردستان بۆ سوودی چەند گروپێك بەکاردەهێنرێت و پارتە ڕامیارییە دەسەڵاتدارەکان بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان "پەیڕەوی لە ئابوورییەکی ناڕوون و دوور لە شەففافییەت دەکەن، چەندینجار ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان بێئاگایی خۆیان لە داهات و خەرجیی هەرێم دەربڕیوە، لەگەڵێشیدا کۆمەڵێك ڕەخنەو ناڕەزاییان هەیە لەسەر نەبوونی شەففافییەت و لێپرسینەوە لە گرێبەست و داهاتی نەوت، ئەمەش پێمان دەڵێت، کە دیاردەی گەندەڵی بووەتە بەشێکی دانەبڕاو لە سیستەمی کارگێڕیی و فەرمانڕەوایی و دەزگاکانیش بێتوانایی خۆیان لەچارەسەرکردنیدا ئاشکراکردووە"[1]، هەربۆیە تەنگژەکانی نەبوونی مووچەو کەمیی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی بەردەوامن و حکومەتی هەرێم ناتوانێت چارەسەریان بکات.

گەندەڵی بەڕێوەبردنیش سەرچاوەیەکی تری سەرەکی تەنگژەی سیستەمی فەرمانڕەوایی هەرێمی کوردستان پێکدەهێنێت و ئەمجۆرە لە گەندەڵیش بریتییە لە زیادبوونی دیاردەی (بەرتیل)وەرگرتن، لە دامودەزگا کارگێڕییەکانی هەرێمی کوردستاندا، (محەمەد ڕێکانی) ئەندامی داواکاری گشتی و ئەندامی دەستەی مافی گشتی، لەمبارەیەوە دەڵێت"بەرتیلخۆری لە دامودەزگاکانی حکومەتدا زیادی کردووە، یەکێك لە هۆکارەکانی دەرکەوتن و زیادبوونی بەرتیل، ناهەمواری باری ئابوورییە، چونکە کوردستانیش چەند ساڵێکە لە تەنگژەی داراییدایە، حاڵەتەکانی بەرتیل زیاتر لە وەزارەت و فەرمانگە خزمەتگوزاریانەدایە، کە خەڵکێکی زۆر بە هۆی مامەڵە ڕوویان تێدەکەن، هەروەها بەرتیل شتێکی نهێنیەو ئاشکراکردنی کارێکی ئاسان نییە، بۆیە ئامارێکیش لەبەردەستدانییە تا بزانین چۆنە، بەڵام زیادیکردووە"[2]، هەر پەیوەست بەمپرسە، دەتوانرێت ئەوەش بوترێت، کە "دیاردەی بەرتیلی مەعنەوی(چاکەو چاکەدانەوە، واستەو واستەکاری)، لە هەموو ئاستێکدا لەوپەڕەکەیەتی و وەك ئەژدیهایەك هەیمەنەی بەسەر هەموو دامەزراوەکانی حکومەتدا زاڵکردووە و، لەلای خەڵك و حکومەتەوە بووەتە واقعێك و لە کلتوردا دەمێکە چەقیوە، هیچ جۆرە هەوڵێکی جیدیش بۆ کەمکردنەوەی نەدراوە، نە لەلایەن پەرلەمانەوە و نەلەلایەن دامەزراوە جێبەجێکارییەکانی حکومەت و دادگاوە"[3] هەربۆیە هاوولاتیان لە کاتی بوونی هەرگرفتێك لە ڕاپەڕاندنی کارە یاساییەکانیاندا وەکو ڕێگاچارە پەنای بۆدەبەن.

**سێیەم: هەژموونی پارتەکانی دەسەڵات بەسەر سیستەمی فەرمانڕەواییەوە:** جۆرێکی تر لە تەنگژەکانی سیستەمی فەرمانڕەوایی هەرێمی کوردستان، کە دەکرێت بوترێت سەرچاوەی زۆربەی تەنگژەکانی تری سیستەمی فەرمانڕەوایی لەم هەرێمەدا پێکدەهێنێت، بریتییە لە سەروەر نەبوونی یاسا کە دیارترین بەرجەستەبونی لە کارنەکردنی دەسەڵاتدارانی هەرێم بە دامەزراوەکردنی دامەزراوەکانی سیستەمی فەرمانڕەوایی لە هەرێمی کوردستاندا خۆیدەبینێتەوە، سەبارەت بەوەش پێویستە بوترێت "نهێنی پێشکەوتنی

---

[1]) کۆمەڵێك نووسەر، هەرێمی کوردستان ئاڵنگاری سیاسی و ئابووری، چاپخانەی ژین/ سلێمانی، ٢٠١٨، ل١٥٨.
[2])وەرگیراوە لە: ساری ئەبوبەکر زەڵمی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٦-١٠٧.
[3])د.دلاوەر عەبدولعەزیز عەلائەدین، نیشتیمانسازی، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠٨.

سیستەمی فەرمانڕەوایی و گەشەکردنی دیموکراسی پەیوەستە بە گواستنەوەی دەسەڵات لە حیزب و ڕێکخراو و عەشیرەت و تۆڕەکانی بەرژەوەندی و هێزە چەکدارەکانەوە بۆ ناوەوەی دامەزراوەکانی پەرلەمان و حکومەت و دەسەڵاتی دادوەریی، بە ملکەچکردنیان بۆ یاساو ڕێساو ڕێنماییەکان، بێگومان ئەوە لە هەرێمی کوردستاندا کارێکی ئاڵۆزەو پێویستی بە ڕابەرایەتی دووربینانەیە، لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێ لە ئێستاوە ئاڕاستەی ئەو سێ دامەزراوەیە بەرەو ئەو ئامانجە ببرێ کە دەسەڵاتی بڕیاردانی حوکمڕانی بەتەواوی بگوازرێتەوە ناو حکومەت و دامەزراوە شەرعییەکانی حوکمڕانی"[1]هەر لەپەیوەند بە کاریگەری ئەم دیاردەیە، دەکەن لەسەر دامەزراوە دادوەرییەکان و دەڵێن "بەهۆی دابەشکردنی ئەنجوومەنی دادوەری بەشێوەی (٥٠بە٥٠) لەلایەن دوو حیزبی دەسەڵاتداری هەرێمەوە، دادگاکان هیچیان پێناکرێت، بە تایبەتی ئەگەر کەیسەکان پەیوەندییان بە دەسەڵاتدارانەوە هەبێت، بۆیە بێئومێدین لەوەی کە دادگا بتوانێت ڕۆڵی خۆی ببینێت، چونکە بەرپرسانی دەسەڵاتی دادوەریی، پارتە دەسەڵاتدارەکان دایانمەزراندوون، بۆیە ناتوانن هەڵوێستیان بەرامبەر بە دەسەڵاتداران هەبێت"[2].

بۆیە جێگای خۆیەتی بوترێت، کە نەبوونی سەروەریی یاسا وەك دیاردەیەك، کە خۆی لە پرەنسیپی(یاسا لە سەروویی هەمووانەوە)دا بەرجەستەو خشتبەندە، لێرەوە دەبینرێت کە "ئەم پرەنسیپە لە هەرێمی کوردستان تەنها وەکو دروشم ماوەتەوە و کردەنی نەکراوە، بە تایبەتیش گەربزانین سەروەریی یاسا ئەوە دەگەیەنێت، کە یاسا بێ هیچ بەدەرکردنێك بەسەر هەمووواندا دەسەپێنرێت، ئەو چوارچێوەیەشە، کە لەلایەك پەیوەندی نێوان خودی هاووڵاتیان و لەلایەکی دیکەشەوە پەیوەندی نێوان دەوڵەت و هاووڵاتیان ڕێکدەخات، ڕێکخەری پەیوەندی نێوان دامەزراوەکانی دەوڵەتیشە و ڕێزیش لە جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان و سەربەخۆیی دادوەریی دەگرێت، هەروەها ئەم ڕێساو یاسایانەش دادپەروەریی و یەکسانی لە نێوان هاووڵاتیاندا دابین دەکەن"[3] کەواتە هەژموونی پارتە فەرمانڕەواکانی هەرێمی کوردستان بووەتە هۆکاری ئەوەی کە دامودەزگا یاساییەکان نەتوانن بەکاری ئاسایی خۆیان هەستن و بەپێی ئەرك و لێپرسراوێتیان کاربکەن.

**چوارەم: بەکارهێنانی هێزی چەکدار بۆمەرامی تایبەت:** بە وەستان لەسەرئەو گرنگی و بایەخە ئاماژەپێدراوەی سەرەوە، کە پرەنسیپی (سەروەریی یاسا) بۆ سیستەمی فەرمانڕەوایی پێکیدەهێنێت، گرنگە ئەوە بزانرێت کە"یاسا لەسەروو فەرمانڕەوا یاخود فەرمانڕەواییکردنەوە بێت، پێویستە دەسەڵات یاساکان جێبەجێبکات و شەونخونی بکات بەدیار کارپێکردنی یاساکانەوە، هەتا دادپەروەریی مسۆگەر بکرێت و ڕێگە لەوە بگیرێت بەرژەوەندییەکانی دەوڵەت و دامەزراوە پەیوەندیدارەکان تووشی زیان بن، هەروەها پێویستە خەڵك بەگشتی لە ڕەفتارو مامەڵەکردندا ملکەچی یاسابن، چونکە بەبێ ئەوانە فەرمانڕەوایی دەگۆڕێت بۆ دەسەڵاتخوازی و چەوسانەوەو زۆرداریی، هێزی دەسەڵات و پارە جڵەوی بەرژەوەندییەکانی خەڵك

[1] ) د.دلاوەر عەبدولعەزیز عەلائەدین، دەوڵەتسازی، سەرچاوەی پێشوو، لا٢٨-٢٩.
[2] ) چاوپێکەوتن/ حاکم شێخ لەتیف، لڤین پرێس، لەسەر ئەم لینکەبەردەس https://bit.ly/32LSYci/ ، ٢٠٢١/٣/١٧، بەرواری سەردانیکردن، ٢٠٢١/٦/١٠.
[3] ) د.ئەمین فەرەج شەریف، سەرچاوەی پێشوو، لا٤٠.

دەکەن"[١]، هەر سەبارەت بەم پرسەو گرنگی بۆ سیستەمی فەرمانڕەوایی  لە هەرێمی کوردستاندا، لەبەرئەوەی، کە "لەم هەرێمەدا یاسا سەروەرنییە، ئەوا بۆ پڕکردنەوەی ئەم کەلێنە گەورەیە پێویستە دامەزراوەکانی پۆلیس و ئاسایش، هێزی حکومەت بن و تاکە لایەن بن کە شەرعیەتی زەبرو لێپرسینەوەی خەڵکیان هەبێت"[٢]. بەڵام بەهۆی ئەوەی کە "(پدك و ینك)، خاوەنی هێزی چەکداربوون، بۆیە پێکهاتەی سەرەکی هێزی پێشمەرگەو هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆی هەرێمی کوردستان، لەو دوو پارتە پێکدێت، بۆیە کاریگەری ئەو دوو پارتە بەسەر هێزەکانی چەکدارو ئاسایشەوە دیار و ڕوونە، بۆیە ئەم دوو پارتە لە هەرکات و شوێنێکدا بیانەوێت دەتوانن ئەم هێزانە لە بەرژەوەندی خۆیان بەکاربهێنن"[٣]، ئەمەش دەبێتەهۆی تێکدانی بارودۆخی هەرێمی کوردستان، دروستبوونی تەنگژە بۆ سیستەمی فەرمانڕەواییەکەی، ئەمەش نیشانەی لاوازی پرەنسیپی سەروەریی یاسا ڕوون و ئاشکرا دەکات.

**پێنجەم: نەبوونی سیستەمی هەڵبژاردنی دیموکراسیانە:** لەوێوە کە هەڵبژاردن یەکێك لە بنەماو میکانیزمە گرنگەکانی دیموکراسیی پێکدەهێنێت، ئەوا جێگەی خۆیەتی کە سروشتی هەبوون و پیادەبوونی ئەم میکانیزمە گرنگە لە واقیعی سیستەمی فەرمانڕەوایی هەرێمی کوردستاندا بزانرێت، بە تایبەتیش ئەم میکانیزمە وەك هۆکارێکی گرنگی ئەو تەنگژەیەی سیستەمی فەرمانڕەوایی هەرێم ڕۆڵی خۆی دەبینێت، بەمشێوەیە و لەوێوە کە لە هەرێمی کوردستان، "هەڵبژاردنەکان وەکو خاڵی سەرەکی دەبینرێن بۆ سیاسەتی کێبڕکێکاری و گەرەنتی بەشداری و کێبڕکێی ڕامیاریی دەکەن، کە ڕۆڵی سەرەکیان لە گواستنەوەو چەسپاندنی دیموکراسیدا هەیە، هەڵبژاردن پاڵپشتی جەماوەریی بە دەسەڵاتدارە نوێیەکان دەبەخشێت، هەروەها بۆ بە دامەزراوەییکردنی بەشداری جەماوەرو کێبڕکێ و ڕەوایەتی گرنگن، کە سێ بنەمای بنەڕەتی دیموکراسیین، چەسپاندنی دیموکراسیی قبوڵکردنی فراوانی ڕێساکان لەخۆدەگرێت بۆ گەرەنتیکردنی بەشداری ڕامیاریی، هەڵبژاردن دەسەڵات بە هاووڵاتیان دەدات بۆ دیاریکردنی یەکێك لەنێوان کێبڕکێکارەکان بۆ پۆستە باڵاکان[٤]ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە تاك سەرچاوەی دەسەڵات و متمانە بەخشینە بە دەسەڵاتداران.

هەر سەبارەت بە بەڕێوەچوونی ئەم بنەما گرنگەی دیموکراسی لە هەرێمی کوردستاندا دەتوانرێت ئەوەبوترێت کە لەبارو ئاستێکی باشدا نییە و ڕەخنەی زۆری لەسەرە، بە تایبەتیش "سەرپێچی و پێشێلکاری زۆر لە هەڵبژاردنەکانی هەرێمدا هەیە، بۆ نموونە هیچکام لە هەڵبژاردنە گشتی و ناوخۆییەکان لە وادەی دیاریکراوی خۆیاندا بەڕیوە نەچوون، جگە لەوانە چەندین پێشێلکاریی لەو هەڵبژاردنانەدا، کەلە هەرێم بەڕێوەچوون ڕوویانداوە، لە بانگەشەی هەڵبژاردن و لە ڕۆژی دەنگدانیشدا چەندین سەرپێچی و ساختەکاری

---

[١] ) د. ناسر عوبەید ئەلناسر، دیاردەی گەندەڵی، و/هەڵکەوت عەبدوڵڵا، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم/ سلێمانی، ٢٠٠٣، لا٥٦.

[٢] )د.دلاوەر عەبدولعەزیز عەلائەددین، نیشتیمانسازی، سەرچاوەی پێشوو، لا٢٥٦.

[٣] ) ئاشتی مجید پیرۆ، سەرچاوەی پێشوو، لا٩٧.

[٤] ) مەرزن جمال حسن، پەرەسەندنی بەڕێوەبردنی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن لە قۆناغی گواستنەوەی دیموکراسیی(هەرێمی کوردستان بەنموونە)، ماستەرنامە، کۆلێژی زانستە سیاسیەکان/ زانکۆی سەلاحەدین، ٢٠١٩، لا١٨.

هەن، وەك دەرکردن لەسەرکار و گواستنەوەی زۆرەملێی هاووڵاتیان بەشێوەیەکی پلان بۆداڕێژراو و بەهۆی وابەستەیی ڕامیارییانەوە[1]، ئەمەش وایکردووە، کە پرۆسەی هەڵبژاردن لەم هەرێمەدا جێگای خۆی نەگرێت و ئامانجەکانی نەپێکێت.

**شەشەم: فەرامۆشکردنی گەشەپێدانی ڕامیاریی:** کارنەکردن لەسەر پەرەسەندن و گەشەکردنی توانامرۆییەکان لە هەرێمی کوردستاندا، هۆکارێکی تری تەنگژەکانی سیستەمی فەرمانڕەوایی لە هەرێمی کوردستان پێکدەهێنێت "کە دەبوو لەسەرەتای دروستبوونی قەوارەی هەرێمی کوردستان کاری لەسەربکرایە، بەڵام لە ساڵانی نەوەدەکاندا، لە سەردەمی شەڕی ناوخۆ هیچ کام لە ئیدارەی سلێمانی و هەولێر بۆیان نەکرا تەرکیز بخەنەسەر وەبەرهێنان لەتوانا مرۆییەکان، لە ساڵانی دواتریشدا، سەرباری پەیدابوونی ئارامیی ڕامیاریی و زیادبوونی داهاتی هەرێم، کەچی هێشتا سیاسەتێك بۆئەو جۆرە پرۆژەیە لەئارادانەبوو، هەربۆیە ئەو توانا مرۆییەی، کە هەبوو هەر ئەوکەسانەبون کە پێشترو لەسەردەمی بەعس کاریانکردبوو لە فەرمانگەو دامەزراوەکانی"[2]، کەواتە هیچ گۆڕانکارییەکی نوێ نەهاتبووە ئاراوە، بۆیە ئەگەر لەم بوارەدا هەنگاوێك نرابێت ئەوا دەگەڕێتەوە بۆ کابینەی شەشەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، کە هەنگاوێکی جدیی نرا بۆ کارکردن لەسەر گەشەکردنی توانا مرۆییەکان دروستکردنی کادری پیشەیی و خاوەن ئەزموون بۆ بەڕێوەبردنی دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان، ئەوەش "لەڕێگەی وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی جێبەجێکردنی (بەرنامەی تواناسازیی)* بوو، کە خولی یەکەمی بەرنامەکە لە مانگی ئابی ٢٠١٠ دەستپێیکردو بەپێی بەرنامەکە ساڵانە (١٠٠)ملیۆن دۆلار لە بودجەی هەرێمی کوردستان، تەرخان بکات بۆ پەرەپێدانی تواناسازیی مرۆیی لە بواری خوێندنی باڵادا"[3]، کە ئامانج لێی بریتی بوو لە "چارەسەرکردنی قەیرانی پێشڕەوایەتی پیشەیی لە هەرێم و هەروەها ئەو بڕیارە شۆڕشێك بوو لە بیرکردنەوەی سەرکردایەتی کوردی و هەنگاوێکی مێژوویی بوو بۆ وەبەرهێنان لە ئایندەی وڵاتەکەدا"[4]. هەرلەمبارەیەوە، د.گۆڤەند حسێن شێروانی بەڕێوەبەری گشتی پێشووی، ناردن و پەیوەندی ڕۆشنبیریی لە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستیی، دەڵێت"بەرنامەی تواناسازیی لاوان بەشێك بوو لە پلان و ستراتیژییەتی حکومەتی هەرێم و بەردەوام دەبێت"، هەروەها دەڵێت"دوای گەڕانەوەیان لە زانکۆ و دامودەزگاکانی حکومەت دادەمەزرێن، "[5].

---

[1] ) د. یوسف محەمەد و ئەوانی تر، سەرچاوەی پێشوو، لا ٤١-٤٢.
[2] ) د.ئازاد عوسمان، سەرچاوەی پێشوو، لا١٨٧.
*بەرنامەی توانسازی یەکێك بوو لەپلانەکانی کابینەی شەشەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان و وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی، کە ئامانج لێی ناردنەدەرەوەی خوێندکارانی کورد بوو بۆ دەرەوەی وڵات بۆ بەدەستهێنانی بروانامەی ماستەرو دکتۆراو دروستکردنی کادری پیشەیی.

[3] )سایتی خەندان، ٢٠١٦/٩/٦، بەرواری سەردانیکردن/٢٠٢١/٨/٢٥، لەسەر ئەم لینکە بەردەستە، https://bit.ly/32LTabw .

[4] )د.دلاوەر عەبدولعەزیز عەلائەددین، نیشتیمانسازی، سەرچاوەی پێشوو، لا٢٩١.
[5] )سایتی PUKMEDIA، ٢٠١٣/١/٤، بەرواری سەردانیکردن٢٠٢١/٨/٢٥، لەسەر ئەم لینکە بەردەستە، https://bit.ly/3FN7nDy /.

بەمشێوەیە، دەتوانرێت بوترێت "ڕاستە کە هەموو کاندیدێکی نێردراو نابێتە پێشڕەوێکی پیشەیی و ڕەنگە کەمینەیەکیشیان بەبێ بڕوانامە بگەڕێنەوە، بەڵام زۆربەی هەرەزۆریان ئەزموونی دەرەکی و نوێترین زانست و هونەری ئەکادیمی و پیشەیی لە جیهانی پێشکەوتوو دەهێننێتەوە هەرێم، ئەوەش بێجگە لە هاوردنی بەهای شارستانی و تێگەیشتن و ڕوانگەی جیهانی و ئەزموونی سیستەمی دیموکراسی[١]، بۆیە دەکرێت بەم هەنگاوە لەلایەك سوود لەئەزموونی نوێو عەقڵی نوێ وەربگیرێت، وەك فەرمانبەر لەلایەکی تریشەوە ببێتەهۆی گەشەسەندنی خودی سیستەمی فەرمانڕەوایش.

بە تێگەیشتن لەو پرسانەی لە سەرەوە ئاماژەی پێدرا، دەردەکەوێت، کە سیستەمی فەرمانڕەوایی لە هەرێمی کوردستاندا گیرۆدەی چەندین تەنگژەی قورسە، کە هۆکاری سەرەکی دواکەوتوویی و ئیفلیجبوونی سیستەمەکەن، هەروەها هۆکارن بۆئەوەی دامەزراوەکانی سیستەمی فەرمانڕەوایی لە هەرێمی کوردستاندا نەتوانن بە ئەرکی دیاریکراوی خۆیان هەڵسن لە پیادەکردنی دەسەڵات، هەروەها سەرنەکەوتنی دامەزراوەکانی سیستەمی فەرمانڕەوایی لە کاری چاودێریکردن و لێپرسینەوە و هەڵسەنگاندنی لێپرسراوانی دەزگاکان و کارمەندانی کەرتی گشتی و هەڵسەنگاندنی توانا و لێهاتوویی کەسەکان و جێبەجێکردنی سیستەمی پاداشت و سزا و بە دامەزراوەکردنی کۆی دەزگاکان، تاوەکو کۆمەڵگە لە سایەی ئەم سیستەمەدا بگاتە ئەوپەڕی لوتکەی خۆشگوزەرانی.

لە ئەنجامی ئەوەی کە لەم توێژراوەیەدا توێژینەوەی لە بارەوە ئەنجامدرا، دەکرێت بوترێت سیستەمی فەرمانڕەوایی لە هەرێمی کوردستاندا، یەکێك لە تەنگژەکانی نەبوونی پەیوەندییەکی پتەوە لەنێوان سیستەمی فەرمانڕەوایی و سیستەمی بەڕێوەبردن و هۆکارێکی سەرەکی تەنگژەکانی هەم سیستەمی بەڕێوەبردن و هەم سیستەمی فەرمانڕەوایشە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ لاوازی سیستەمی فەرمانڕەوایی هەرێمی کوردستان، بەهۆی ئەو تەنگژە جۆراوجۆرانەی کە ڕووبەڕووی سیستەمی فەرمانڕەوایی بۆتەوە، لە پشتگوێخستنی بنەماو پرەنسیپەکانی دیموکراسیی و بوونی ڕێژەیەکی بەرزو هەمەجۆر لە گەندەڵی و بە دامەزاوەنەکردنی دامودەزگاکانی سیستەمی فەرمانڕەوایی و سەروەرنەبوونی یاساو پشتگوێخستنی ئەم بنەمایە، هەروەها ئەوەی کە زۆرگرنگەو لەسەرووی هەموویانەوەیە ئەوەیە، کە سەرچاوەی سەرەکی زۆربەی تەنگژەکانی تریشە، چونکە لە سیستەمێکی دیموکراسیی بەهێزو پتەودا هەڵبژاردنە خولاوخولەکان ڕێگە واڵا دەکەن بۆ هەمووان و ڕێگەنادات، کەسێك لە پۆستێك و بۆماوەیەکی زۆر لەو پۆستەدا بمێنێتەوە، بەڵام لە هەرێمی کوردستاندا ئەم بنەمایە فەرامۆش کراوە، بە شێوەیەکی ڕاستەقینەوە لە ڕوکەشدا ماوەتەوە، هەروەها دادگاکان زۆربێهێزترن لەوەی کە ڕێگە بگرن لە دیاردەی گەندەڵی و بەیاسا بنەبڕی ئەم دیاردەیە بکەن، واتە لە هەرێم سەروەریی یاسا لە ئاستێکی زۆرنزمدایە، هەروەها دامەرزاوەکان لە ژێرهەژموون و کاریگەری پۆست هەڵگرەکاندان بە تایبەتی ئەوانەیان کە سەر بە پارتە دەسەڵاتدارەکانن.

---

[١] ) د.دلاوەر عەبدولعەزیز عەلائەددین، نیشتیمانسازی، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٩١.

## تویژراوەی دووەم: هەنگاوەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی تەنگژەکانی سیستەمی بەڕێوەبردن لە هەرێمی کوردستان

هەموو سیستەمێکی بەڕێوەبردن لە جیهاندا بێ گرفت و کێشەو تەنگژە نییە، بۆیە لەو پێناوەدا زۆر دەزگای یاسایی تر هەن بۆ پاڵپشتی و بەهێزکرن وپاراستنی سیستەمەکە و دامەزراوەکانی دامەزراون، سیستەمی بەڕێوەبردن لە هەرێمی کوردستانیش دووچاری چەندین تەنگژەو کێشەو گیروگرفتی جۆراوجۆر بۆتەوە، هەروەك پێشتر ئاخاوتنیلێکرا، کە وایکردووە لە ماوەی ئەو سێ دەیەی ڕابردوودا نەتوانێت کاروبارەکانی خۆی بەباشی بەجێبگەیەنێت، لەمپێناوەشدا دەکرێت هەوڵ و کۆششی زۆر بکرێت بۆ دەربازبوونی سیستەمی بەڕێوەبردن هەرێم لەم دۆخە نەرێنییەی و هەموو میکانیزم و کەرەسە پێویستەکان بگیرێنەبەر بۆ بەهێزکردنی سیستەمەکەو بەدیهێنانی تواناو شکۆی کارگێڕیی بۆ کۆی دەزگاکانی سیستەمی بەڕێوەبردن، هەروەها کاری دەسەڵاتی یاسادانان و دادوەریشە، وەکو دوو دەزگای چاودێری و یاسایی، کە بە ئەرکی پێویستی خۆیان هەستن، هاوکات هاوکاری چارەسەرکردنی ئەم تەنگژانە بن و دەسەڵاتی خۆیان بە کاربخەن لە پێناو ڕووبەڕووبوونەوەیان و، ڕێگەنەدەن لەوە زیاتر دامەزراوەکانی سیستەمی بەڕێوەبردن لە هەرێمی کوردستان بەرەو لاوازی و پووکانەوە بڕۆن.

لەبەرئەوەی کە دەسەڵاتی یاسادانان و دادوەریی کۆڵەکەی بنەڕەتی پشتی هەموو سیستەمێکی فەرمانڕەوایی سەرکەوتوو پێکدێنن، لەپاڵ دەسەڵاتێکی جێبەجێکاریدا، کەدامەزراوەیی و پرۆفیشناڵ بێت، یاسا پشگیریان بێت، کەسانی شارەزاو لێهاتووی تایبەتمەند بەڕێوەبەریان بن، هەربۆیە ئەم دەسەڵاتانەو دامەزراوەکانیان دەتوانن ڕۆڵی گرنگ و کاریگەر ببینن لە ڕووبەڕووبوونەوەی تەنگژەکانی سیستەمی بەڕێوەبردن لە هەرێمی کوردستاندا، لەسەرئەوە ئەم تویژراوەیە تایبەت کرا بۆ تویژینەوە لەم پرسە لە میانەی ئەم تویژینچانەی خوارەوەدا:-

تویژینچەی یەکەم: ڕۆڵی دەسەڵاتی یاسادانەری هەرێم لە چارەسەرکردنی تەنگژەی سیستەمی بەڕێوەبردندا

تویژینچەی دووەم: سیستەمی دادوەریی هەرێم و ڕۆڵی لەچارەسەرکردنی تەنگژەکانی سیستەمی بەڕێوەبردنەکەیدا

تویژینچەی سێیەم: کاریگەری شێوازی دیموکراتی باو لە هەرێمی کوردستان لەسەر تەنگژەکانی بەڕێوەبردندا

## تویژینچەی یەکەم: ڕۆڵی دەسەڵاتی یاسادانەری هەرێم لە چارەسەرکردنی تەنگژەکانی سیستەمی بەڕێوەبردنەکەیدا

دەسەڵاتی یاسادانەری بە یەکێك لەگرنگترین دەزگاکانی دەوڵەت دادەنرێت، یەکێکە لەو دامەزراوانەی کە ڕۆڵی سەرەکی لە بەرەوپێشچوون و بەهێزکردنی سیستەمی بەڕێوەبردندا دەگێڕێت، چونکە دەسەڵاتی یاسادانەری یاساکان دەردەچێنێت و لێکۆڵینەوە و چاودێری جێبەجێکردنیشیان دەکات، هەر بەپێی ئەو یاسایانەی لەلایەن دەسەڵاتی یاسادانەرییەوە دەردەچێت، سروشت و کاری دامەزراوەکانی سیستەمی کارگێڕیی و فۆرمی سیستەمەکەش دیاریدەکرێت، بۆیە جێگای خۆیەتی تویژینەوە لە ڕۆڵ و کاریگەری و پێگەی دەسەڵاتی یاسادانەری لە هەرێمی کوردستان بکرێت، لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو تەنگژانەی کە بەرەوڕووی سیستەمی کارگێڕیی هەرێم بۆتەوە لە ماوەی دامەزراندنییەوە تاوەکو ئێستا، هەروەها تاچەند دەسەڵاتی یاسادانەری سەرکەوتوو بووە لەم ڕۆڵەیدا و ئەرکی یاسایی خۆیجێبەجێکردووە.

سەرەتا گرنگە ئاماژە بە دەستوالاییەکانی (دەسەڵاتی یاسادانەری)* بدرێت، کە ئامانج لێیان بریتیەلە (دانانی یاسا و چاودێریکردنی دەسەڵاتەکانی جێبەجێکردن و پەسەندکردنی بودجە و ڕێکخستنی کاروباری دارایی وڵات بەپێی یاسا) هەموو ئەمەش بۆ باشترکردن و بەهێزکردنی بەڕێوەبردنی کاروباری کارگێڕیی و دروستنەبوونی بۆشایی کارگێڕیی هاتۆتە پێکهاتن، هەروەك پێشتر بە فراوانی ئەم پرسە تویژینەوەی لێکراوە، لێرەدا دەکرێت ئاماژە بە نمونەیەکی دیار لەو بارەوە بکرێت، کە بریتییە لەوەی پەرلەمانی کوردستان، لە یەکەم خولیدا هەڵسا بە "داڕشتنی یاساکان و پەسەندکردنیان تا چاودێریکردنی دامودەزگاکانی حکومەت و دەزگا سەربەخۆکان، هەروەها دەسەڵاتی یاسادانەری کوردستان پەسەندی دامەزراندنی هەندێك لە بەرپرسانی وڵات دەکات، هەر لە سەرۆکی حکومەت و وەزیرەکان و سەرۆکی دەستە سەربەخۆکان، سەرباری ئەوەیش دەسەڵاتی یاسادانەری لە کوردستان و هەموو وڵاتان نوێنەرایەتی خەڵك دەکەن"[1] هەربۆیە ناکرێت ڕۆڵی لەبەرچاوی ئەم دەسەڵاتە پشتگوێبخرێت.

---

*دەستوالاییەکانی(صلاحیات) دەسەڵاتی یاسادانەری(پەرلەمان) بریتین لە: ١-دەستوالایی دیاریکردنی ئەو چوارچێوەیەی کە حکومەت لەناویدا مومارەسەی دەسەڵاتی خۆی دەکات، ئەم دەستوالاییەش دوو مۆرکی سەرەکی هەیە کە بریتین لە دەستوالایی یاسادانەریانە و دەستوالایی بودجە، یەکەمیان دەنگدانی یاساکان لەخۆدەگرێت، واتە ئەو ڕێسایانەی کە پێویستە لەسەر حکومەت لە مومارەسەی چالاکیەکانیدا ڕێزیان لێبگیرێت، دووەمیشیان(دەستوالایی بودجە)، ئەوا لەسەر دیاریکردنی خەرجیە ساڵانەییەکانی دەوڵەت و بڕیاردان لە ئامرازە ڕێپێدراوەکانی ڕووبەڕووبوونەوەیان دەوەستێت، بەتایبەتی لەڕێگەی سەپاندنی باجەوە.

٢-دەستوالایی چاودێری:بۆ ئەم مەبەستەش چەند ئامرازێك بەکاردەهێنێت، بۆ نموونە مشتومڕی بودجە دەکرێت دەروازەیەك بێت بۆ وردبینیکردنی کارەکانی حکومەت، ئەم وردبینیکردنەش کارگەلێکی تەکنیکی لەخۆدەگرێت، وەك(پرسیار، لیپرسینەوە، لیژنەکانی لێکۆڵینەوە). ٣-دەستوالایی داواکردن و پێشپێگرتن: ئەنجومەنە یاسادانەرییەکان فەرمانی داواکردن و پێشپێگرتن(إعتراض) مومارەسە دەکەن و، هەر ئەندام پەرلەمانێکیش ماف پێدراوە لە نێوان هاوڵاتیان و حکومەتدا. بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە(مۆریس دوفرجیە، سەرچاوەی پێشوو، لا١١٦-١١٨).

[1] ) د.بەختیار غفور باڵەکی، پەرلەمان و کاری پەرلەمانی، چاپخانەی شەهاب/ هەولیر، ٢٠١٣، لا١٢٣-١٢٤.

هەر لەم چوارچێوەیەدا و سەبارەت بە گرنگی و بایەخی دەسەڵاتی یاسادانەری پێویستە بوترێت، کە یەکێك لە ڕێگاکانی پتەوکردنی سیستەمی کارگێریی، بریتییە لە "چاودێریکردنی کارەکتەر و دامەزراوەکانی، بۆ ئەو مەبەستەش، دەسەڵاتی یاسادانەری باشترین لایەنە بۆ چاودێریکردنی سیاسەتی بەرپرسە دەسەڵاتدار و فەرمانڕەواکان و چاودێریکردنی پرۆسەی بڕیاردان لە ناو پەیکەری حکومەتدا، تاکە لایەنیشە دەتوانێ بەیاسا دانان و پێکهێنانی لیژنەی تایبەتمەند و پرۆسەی بە دواداچوونی بەردەوامەوە، قۆناغ بەقۆناغ سیستەمەکە بەرەو تۆکمەکردن ببات"[١]، بەڵام لە هەرێمی کوردستان، سەرەتای کاری دەسەڵاتی یاسادانەری بەوە دەستی پێکردوە، کە پارتە دەسەڵاتدارەکانی هەرێمی کوردستان (پدك و ینك)، لە یەکەم هەنگاودا، کورسییەکانی پەرلەمانیان بەشێوەی (٥٠به٥٠) لە نێوانیاندا دابەشکرد و، بەرژەوەندی حیزبی خۆیان خستەپێش بەرژەوەندی خەڵك و کارکردن لە تۆکمەکردنی دامەزراوەی پەرلەمان. لەوێوە کە یەکێك لە کارەکانی دەسەڵاتی یاسادانەری بریتیە لە "کۆمەڵێك ڕێوشوێنی (لێپرسینەوە- إستجواب)، بەپێی ئەم فۆرمە کارکردنەی، کە یاسا پێویستێتی و دەکرێت لەلایەن دەسەڵاتی یاسادانەرییەوە، ئامانج لێی گەڕان و دۆزینەوەی ئەو بەڵگەو ڕاستیانەیە، کە پێویستە ئاشکرابکرێن، هەروەها چەسپاندنی بەڵگەو دۆکۆمێنتەکان، سەبارەت بەو پرۆسە یاخود بە پێچەوانەوە، بێتاوانی لەو پرسەدا بخرێتەڕوو، بەم پێیەش لێکۆڵینەوەی پەرلەمانیی بریتییە لە قۆناغی سەرەتا و پێش سەپاندنی هیچ سزایەك بەسەر هیچ فەرمانبەرێکی حکومیدا"[٢].

لە پەیوەند بە پرسی بێتوانایی دەسەڵاتی یاسادانەری لە چاودێریکردن و لێپرسینەوە لە دەزگاکانی سیستەمی کارگێری لە هەرێمی کوردستان، عومەر گوڵپی (ئەندامی پەرلەمانی کوردستان/ لیستی کۆمەڵی دادگەریی)بۆ (خولی پێنجەم)، دەڵێت"سەرەڕای ئەو هەموو بە هەدەردانی پارە لە خاڵە گومرگییەکانی کوردستان، داوام لە دیوانی چاودێری دارایی کردووە، کە ڕاپۆرتمان بدەنێ لەسەر وردبینی لە خاڵە گومرگییەکانی کوردستان، پاش سێ مانگ، چاودێری دارایی وەڵامیان نەداوینەتەوە و هیچ وردبینییەکیشیان نەکردووە"[٣]، هەروەها (د.عزەت سابیر)یش (ئەندامی پەرلەمانی عێراق/یەکێتی)دەڵێت، "کاتێك دەسەڵاتی یاسادانەری لە هەرێمی کوردستان، دەتوانێت لێپرسینەوە و چاودێری حکومەت بکات، کە پەرلەمان داوای بودجە لە حکومەت بکات و یاسای بودجە پەسەند بکرێت، پاشان لەسەر ئەم ژمارەو داتایانە چاودێری حکومەت بکرێت"[٤]،ئەم ڕێککارانە پێشوەخت نەگیرابێتەبەر پەرلەمان ناتوانێت بەم کارە یاساییەی خۆی هەڵسێت، کە بریتیە لە چاودێریکردن.

---

[١] ) د.دلاوەر عەبدولعەزیز عەلائەددین، نیشتیمانسازی، ل٢٥٩.
[٢] )گلاوێژ علي أمین، التحقيق البرلماني وسيلة للرقابة على أعمال الحكومة، رسالة ماجستير/ كلية القانون والسياسة/جامعة صلاح الدين/أربيل، ٢٠١٤، ص٢٧.
[٣] )پەیامTV، کۆنگرەی ڕۆژنامەوانی (عومەر گوڵپی(ئەندامی پەرلەمانی کوردستان/ لیستی کۆمەڵی دادگەری)، لە هەواڵەکانی کاتژمێر(٨،٠٠)، ٢٠٢١/٦/١٣.
[٤] ) تەلەفیزۆنی K24، چاوپێکەوتن/د.عزەت سابیر، هەوڵەکانی حکومەت بۆ چاکسازی، ٢٠١٨/١/٢٥.
*(عومەر گوڵپی)، دەڵێت"من وەك ئەندامی لیژنەی دارایی لە پەرلەمانی کوردستان لە مانگی ٤ی ٢٠٢١ پرسیاری داهاتی فرۆشتنی نەوتی مانگی (٣)م لە وەزیری سامانە سروشتییەکان کردووە، کەچی پاش دوومانگ و لە ٢٠٢١/٦/١٦، وەڵامیان داوەتەوە و دەڵێن تا ئێستا بۆمان ڕوون نەبۆتەوە، کە داهاتمان چەند بووە، ئەمەش لای ئێمە وەك لیژنەی دارایی بڕوا پێکراو نییە، نیشانەی ئەوپەڕی بێڕێزییە بەرامبەر بەکاری چاودێری پەرلەمان، هەروەها بەپێی یاسای ژمارە٢ی ساڵی ٢٠٠٨ی پەرلەمانی کوردستان دەزگای چاودێری دارایی مافی وردبینیکردنی هەموو وەزارەتەکانی هەیە، کەچی ڕێگەنادرێت بەهیچ شێوەیەك وردبینی بۆ وەزارەتی سامانە سروشتییەکان بکات" پەیامTV، ٢٠٢١/٦/٢٨، بەرواری سەردانیکردن٢٠٢١/٨/٢٥، https://bit.ly/3pHCP0v/ .

پرسێکی گرنگی تری پەیوەست بە ڕۆڵی دەسەڵاتی یاسادانەری، کە بریتییە لە مافی پرساندن، ئەویش وەك میکانیزمێکی بەهێز لە چارەسەرکردنی تەنگژەکانی سیستەمی کارگێرییدا لێیدەڕوانرێت، ئەوەش بەشێوەیەکە، کە "ئەندام پەرلەمانەکان دەتوانن داوای ڕوونکردنەوە لە بەرپرسێکی جێبەجێکردن بکەن سەبارەت بە خاڵێکی دیاریکراو، واتە هەموو داوایەکی ڕوونکردنەوە دەگرێتەوە، کە تۆمەتبارکردنی تێدانییە، واتە پرسیارکردنە لە کارێکی شاراوە تاوەکو ئەندامانی پەرلەمان، لەڕێگەی دەستکەوتنی زانیارییەوە لەبارەی شتێکەوە، کە پێی ئاشنانییە بتوانێت بە دواداچون بۆ چالاکییەکانی کارگێریی گشتی بکات، پرسیاری پەرلەمانیی بە یەکێك لە بەربڵاوترین و باوترین هۆکارەکانی چاودێریی پەرلەمانیی دادەنرێت، بەو پێیەی جۆرێك لە چاودێریی بەسەر چالاکی حکومەتەوە دەستەبەر دەکات"[١].

کارێکی تری گرنگی دامەزراوەی پەرلەمان، کە دەتوانێت لێی بەهرەمەندبێت، بریتیە لە بەجێهێنانی تەواوەتییانەی فەرمانی لێسەندنەوەی متمانە لە وەزیرەکان و حکومەت، ئەمەش بە دوو جۆر دەبێت "یەکەم بەرپرسیارێتی بە کۆمەڵ ئەم جۆرەیان دروستدەبێت لەسەر بنەمای بەرپرسیارێتی کاری بەکۆمەڵی نێوان سەرجەم وەزیرەکانی حکومەت، بەهۆی بەرنامە و سیاسەتی گشتی بە کۆمەڵی حکومەتەکەیان، دووەم، بەرپرسیارێتی هەر وەزیرێك بەتەنیا بەبێ ئەوەی وەزیرەکانی دیکە بگرێتەوە، کە لە کابینەی حکومەتدا بەشدارن، ئەمەشیان دروستدەبێت لەسەر بنەمای هەرکارێك کە وەزیری تایبەت دەیگرێتەبەر لە بەڕێوەبردنی بوارەکەی خۆیدا، دەبێتەهۆی لەسەرکارلابردنی وەزیرەکە بێئەوەی زیان بەئەوانی دیکە بگەیەنێت"[٢] بەکارهێنانی ئەم دەسەڵات و مافە یاساییە لای پەرلەمانی کوردستان دەتوانێت ببێتە میکانیزمێکی بەهێز بۆ تۆکمەکردنی سیستەمی کارگێریی و هەموو دەزگاو دامەزراوەکانی، بە پێچەوانەشەوە سەرەڕۆیی و ناکارایی دامەزراوەکانی لێدەکەوێتەوە.

بەڵام سەرباری ئەو ڕاستییەی کە دەسەڵاتی یاسادانەری توانای لێسەندنەوەی متمانەی لە وەزیر و حکومەت هەیە، بەڵام تاوەکو ئێستا پەرلەمانی کوردستان نەیتوانیوە لەم مافەی خۆی بەهرەمەند بێت، ڕێکخراوی (ئینیستیوتی پەی کە ڕێکخراوێکە چاودێری کارەکانی پەرلەمان دەکات)، لەمبارەیەوە دەڵێت" لە ماوەی ئەم خولەدا وێڕای ئەو هەموو ناڕەزایی و کەموکوڕی و داوایەی هەبووە، متمانە لە هیچ وەزیرێك

---

[١] )د.ئەمین فەرەج شەریف، سەرچاوەی پێشوو، لا٩١.

*(عبدالستار مجید) سەرۆکی فراکسیۆنی کۆمەڵی دادگەری، (خولی پێنجەم) لەمبارەوە دەڵێت "لە دانیشتنی ڕۆژی ٢٠٢٠/٩/٤، هەریەکە لە فراکسیۆنەکانی کۆمەڵی دادگەریی و یەکگرتووی ئیسلامیی و فراکسیۆنی نەوەی نوێ و بەشێك لە پەرلەمانتارانی فرکسیۆنی گۆڕان و بەشێکی لە ئەندام پەرلەمانەکانی فراکسیۆنە جیاوازەکان لەسەر پرسی لێبڕینی ٢١%ی موچەی فەرمانبەرانی کوردستان بۆ جاری دووەم لەسەریەك یاداشتمان ئاڕاستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان کردووە، بە مەبەستی پرساندنی سەرۆکی حکومەت و جێگرەکەی و وەزیری دارایی، کەچی سەرۆکایەتی پەرلەمان بەمەبەست داواکاریەکەمان پشتگوێ دەخات" هەروەها (شیرین ئەمین) ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لە لیستی بزوتنەوەی گۆڕان دەڵێت "پشگوێخستنی ئەم داواکارییە لاوازی پەرلەمان و هەژموونی حیزب و حکومەت لەسەر پەرلەمان دەردەخات. .(تەلەفیزۆنی پەیام)، ٢٠٢٠/٩/٤، بەرواری سەردانیکردن٢٠٢١/٨/٢٥، لەسەر ئەم لینکە بەردەستە:https://bit.ly/3pHCP0v .

[٢] )پێشەوا حمید عبداللە، پەیوەندی نێوان دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردن لە دەوڵەتی فیدڕاڵیدا، ماستەرنامە، کۆلێژی یاسا/ زانکۆی کۆیە، ٢٠٠٨،لا٩٨.

نەسەندراوەتەوە، هەروەها لە ماوەی ئەم خولەدا لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانەوە (٢)جار، داوای پرساندنی حکومەت و جێگرەکەی و وەزیری دارایی کراوە، بەڵام هیچ کام لە سەرۆکی حکومەت و جێگرەکەی و وەزیری دارایی، کە بانگهێشتکرابوون بۆ لێپرسینەوە، ئامادەنەبوون بچنە بەردەم پەرلەمان، هەروەها لە ماوەی یەك ساڵدا (٩)جار داوا ئاراستەی ئەنجوومەنی وەزیران کراوە بەمەبەستی ئامادەبوونی ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران بۆ بەردەم پەرلەمان، بەڵام (٦) لەو ئەندامانە ئامادەی دانیشتنی پەرلەمان نەبوون"[١].

بە ئەنجامدانی خوێندنەوەیەکی ورد و بابەتییانە بۆ کاری خولەکانی پەرلەمان تا ئێستا، ئەوە بەڕوونی دەردەکەوێت ئەو خولەی تیایدا، کە ئەم دەزگایە ئۆپۆزسیۆنی پەرلەمانیی کارا تیایدا فراکسیۆنێکی سەرەکی پێکهێناوە، ئەوە چالاکترین و بەرهەمدارترین خولێك بووە کە دەسەڵاتی یاسادانەری هەرێم هەنگاوی باش و کاری لێبڕاوانەی هەڵناوە بۆ وەستانەوە بەڕووی تەنگژەکانی سیتەمی فەرمانڕەوایی هەرێم بەگشتی و سیستەمە کارگێڕییەکەی بە تایبەتی، بەڵگەی ئەوەش بریتییە لەوەی، کە دوای ڕووداوەکانی ١٧ی شوباتی ٢٠١١ی شاری سلێمانی و دەورووبەری "حکومەت و ئۆپۆزسیۆن لەسەر چارەسەرکردنی ئەو گرفتانە پێکەوە دانیشتن و پەرلەمانیش بڕیاریدا بە پێکهێنانی لیژنەیەك، کە نوێنەری هەموو فراکسیۆنەکانی تێدابێت، بە مەبەستی بەدواداچوون و گوێگرتن لە داخوازییە ڕەواکانی هاووڵاتیان، ئەم بزاڤە مەدەنییەی خەڵکی کوردستان، تایبەت بە داواکارییەکانیان توانی تاڕادەیەك ئامانجی خۆی بپێکێ، بەوەی کە چەند بڕیارو یاسا دەرچوون، وەك یاسای ژمارە (٧)ی ساڵی ٢٠١١، کە تایبەت بوو بە ڕێکخستن و پێداچوونەوە بە دامەزراندن لە ڕاژەی گشتی لەسەر بنەمای دەرفەتی یەکسان و مسۆگەرکردنی بنەمای یەکسانی بۆ کەسانی شیاو، ئەمە ئەنجامی ئەو خەباتە مەدەنییە بوو، کە کۆمەڵگای مەدەنی و ئۆپۆزسیۆن پێی هەڵسان"[٢] ئەمەش ڕووداوێکی بێوێنەبوو لە ئەزموونی حوکمڕانی لە هەرێمی کوردستاندا.

لێرەدا و سەبارەت بەو پرسە جێی خۆیەتی ئاماژەبەوەبدرێت، کە دەرکەوتنی ئۆپۆزسیۆنێکی پەرلەمانیی بەهێزو چالاك لەو خولە ئاماژەبۆکراوەی پەرلەمانی هەرێمی کوردستانداو کاریگەرییەکانی ئەم ئۆپۆزسیۆنە وایکرد کە دەسەڵاتی یاسادانەری لە هەرێمی کوردستان، بتوانێت "حکومەت ناچار بکات کە پرۆژەی یاسای بودجەی هەبێت ئەوەبوو کە بۆ یەکەمجار لە مێژووی ئەم هەرێمەدا پرۆژە بودجەی ساڵەکانی ٢٠١٠و٢٠١١ خرانە بەردەم ڕای گشتی، دیارترین بابەتەکانی نێو ئەم بودجەیەش بە بەراورد بە ساڵانی پێشوو، بریتی بوو

---

[١]) ڕاپۆرتی پەیام.TV، ٢٠٢١/١/١٢، بەرواری سەردانیکردن٢٠٢١/٦/١٥، لەسەر ئەم لینکە بەردەستە https://bit.ly/3pHCP0v ،.

*ئۆپۆزسیۆن لەساڵی ١٩٩٢تا ١٩٩٦، تەنها بزوتنەوەی ئیسلامی کوردستانی عێراق بوو کە بەشداری لە حکومەت ڕەتکردەوە و، لە ساڵی ١٩٩٦، هەروەها لەساڵی (٢٠٠٦)یش، تەنها گروپی (جوند ئیسلام) بە ڕابەرایەتی ئبوعەبدوڵلای شافعی و (بزوتنەوەی چاکسازی)، بەڕابەرایەتی (نەجمەدین فەرەج ئەحمد(مەلا کرێکار))، کەلە بزوتنەوەی ئیسلامی جیابووەوە بەشداری حکومەتیان ڕەتکردەوە. بۆزیاتر زانیاری بڕوانە(د.یوسف محەمەد و ئەوانی تر، لا٩٣-٩٥).

[٢] )نیهاد خضرحسن، کاریگەری فاکتەری سیاسی لەسەر گەشەسەندنی کۆمەڵگای مەدەنی لەهەرێمی کوردستان دوای٢٠٠٥، ماستەررنامە، کۆلێژی یاساو زانستە سیاسیەکان/زانکۆی سەلاحەددین،٢٠١٧،لا١١٢.

له دیاریکردنی بودجەی پارتەکان بە ٩٠ملیار دینار و بەستنەوەی بە دەرچوونی یاسایەك لە پەرلەمانی کوردستان"[١].

بە وەستان لەسەر ئەوەی لەسەرەوە توێژینەوەی لێکراوە دەگەینە ئەوەی، دەسەڵاتی یاسادانەری لە هەرێمی کوردستان بەهۆی ئەوەی کۆمەڵێك کەموکورتی و خاڵی لاواز لە پەیکەر، هەروەها لە توانا مرۆییەکانیدا هەیە، لەبەرئەوەی ئەندامانی پەرلەمان هەموو خاوەنی پسپۆڕی و خاوەن بڕوانامەی بەرز نین، بەهۆی لایەنگیری و پشتگیری پارتەکانەوە لەسەر بنەمای حیزبی کاندیدکراون، ئەوا ناتوانن بە ئەرکی سەرشانیان هەڵسن و کاری پەرلەمانی خۆیان بەجێبگەیەنن، ئەمە جگەلەوەی کە هەژموونی پارتە دەسەڵاتدارەکان بەسەر پەرلەمانەوە بەتەواوی دیارە، ئەمانە هەموو وایکردووە دەسەڵاتی یاسادانەری نەتوانێت ڕۆڵ و کاریگەری لەبەرچاوی لە چارەسەرکردنی تەنگژەکانی سیستەمی کارگێڕیی لەهەرێمی کوردستاندا هەبێت و، ڕۆڵی چاودێری و پرساندن و لێپرسینەوەی خۆی بەکاربهێنێت، بۆ پتەوترکردنی دامەزراوە و کارەکتەرەکانی سیستەمی کارگێڕیی.

---

[١] ) د.یوسف محەمەد و ئەوانی تر، سەرچاوەی پێشوو، ل١٣١.

## تویژینچەی دووەم: سیستەمی دادوەریی هەرێم و ڕۆڵی لەچارەسەرکردنی تەنگژەکانی سیستەمی بەڕێوەبردن تیایدا

سیستەمی دادوەریی بە بڕبڕە پشتی هەموو سیستەمێکی فەرمانڕەوایی دادەنرێت، چونکە دەبێتەهۆی بەهێزی و تۆکمەیی سیستەمەکە، هەروەها بەهێزی سیستەمی دادوەریی واتە سەروەربوونی یاسا و چەسپاندنی یاسا، بەمەش کۆڵەکەکانی سیستەمێکی بەڕێوەبردنی بەهێزو تۆکمە دێتە ئاراوە، وەکو پێکهێنەرێکی سەرەکی سیستەمی گشتی، پشتبەست بەم ڕاستییە سیستەمێکی دادوەری بەهێز لە هەرێمی کوردستان، دەبێتەهۆی بەدامەزراوەییکردنی دامەزراوەکان و کارکردن بە بنەمای کەسی شیاو لە شوێنی شیاو، دوورخستنەوەی کەسانی نەشیاو و هەروەها دادگاییکردنی کەسانی نابەرپرس و گەندەڵ، جگەلەوەش وادەکات هەموو کارو هەنگاوێکی سیستەمەکە بەپێی پێوەری یاسا بێت، کە ئەمانەش ڕاستەوخۆ دەبنەهۆی چەسپاندنی کۆڵەکەکانی سیستەمێکی بەڕێوەبردنی باش، لێرەوەیە کە دەکرێت بوترێت هەر سیستەمێکی بەڕێوەبردنی باش پێویستی بە سیستەمی دادوەریی بەهێزە بە مەرجێك سیستەمی داوەریی بۆخۆی بەهێز بێت، لەسەرئەوە لەم تویژینچەیەدا تویژینەوە لەم پرسە دەکرێت.

سەرەتا پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت، کە لەوێوە پرسی سەربەخۆیی سیستەمی دادوەریی، "بە یەکێك لە دیارترین نیشانەکانی سیستەمێکی دادوەریی باش و خاوەن دەسەڵات، دادەنرێت، ئەوا گومانی تێدا نییە مافی دادگاییکردنێکی دادپەروەرانەو سیستەمێکی دادوەریی سەربەخۆ یەکێکە لە مەرجە بنەڕەتییەکانی بەدیهێنان و زامنکردنی مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە بنەڕەتییەکان، بەو مانایەی سەربەخۆیی و پاك و بێگەردی سیستەمێکی دادوەریی، ڕاستەوخۆ دەمانگەیەنێتە سیستەمێکی دادپەروەرانە، بۆ پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و ئازادییەکانی"[١] بۆیە ئەگەر هەر سیستەمێکی دادوەریی سەربەخۆنەبێت ناتوانێت دەورو کاریگەری خۆی بنوێنێت.

هەربۆیە دەبێت ئەوەش بوترێت، کە بوونی دادوەریی سەربەخۆ و دوور لە دەستێوەردان لە کاروبارەکانیدا، ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر سیستەمی بەڕێوەبردنەکەی دروستدەکات، ئەمەش دەگوازرێتەوە وئەنجامی باشی دەبێت، بەجۆرێك کە "لەژێر سێبەری سیستەمێکی دادوەریی سەرکەوتوو و دادپەروەردا، خاوەندارێتی ڕێزی لێدەگیرێت و ماف و ئازادییەکان پارێزراو دەبن، ئەوەش ژینگەیەك دەرەخسێنێت، کە تیایدا پێشکەوتن و داهێنان و وەبەرهێنان بەرەو پێش دەچن، دواتریش بەهۆی ئەمانەوە کۆمەڵگا دەکەوێتە خۆشگوزەرانی و ئاسوودەییەوە، بەڵام لە بەرامبەردا لە کۆمەڵگایەکی نادادپەروەر و نایەکساندا و لە نەبوونی دادگای سەربەخۆ و پاك و سەرکەوتوودا، مافەکان پێشێلدەکرێن و مرۆڤەکان ئاسایشی گیان و سامانیان لەدەستدەدەن، لە ژینگەیەکی لەم جۆرەشدا، بە هیچ شێوەیێك ناکرێت باس لە پێشکەوتن و داهێنان بکرێت، بۆیە

[١] ) سردار ياسين حمدأمين، استقلال السلطة القضائية بين النظرية والتطبيق، رسالة ماجستير، كلية القانون والسياسة، جامعة صلاح الدين/أربيل، ٢٠٠١، ص٨١.

لە ئەنجامدا کۆمەڵگا بێبەش دەبێ لە بەدەستهێنانی خۆشگوزەرانی و ئاسودەیی"[١]. بەمشێوەیەو لەبەرئەوەی چەمکی سەربەخۆیی سیستەمی دادوەریی بریتییە لەو دەسەڵاتەی کە پاڵپشتی دیموکراسیی و سەروەریی یاسا دەکات لە کۆمەڵگادا، لەبەرئەمەیە، کە "دەبینرێت زۆربەی زۆری کۆمەڵگاکان و دەوڵەتان لەسەرانسەری جیهاندا لەو بڕوایەدان، کە هەبوونی ئاکتیڤانەی ئەم سیستەمە سەقامگیری بە کۆمەڵگا دەبەخشێت و دەبێتە پارێزەری ئاسایش، کەواتە بوونی سەقامگیری و ئاسایش پەیوەستە بە دابینکردنی ئەو مەرجە بنەڕەتیانەی، کە پەیوەستە بە سیستەمی فەرمانڕەوایی، لە پەیوەستبوونی سەرکردەکان بە حوکمی یاساو و بنەماکانی یەکسانی و دادپەروەریی، چونکە سەربەخۆیی دادوەریی وادەکات دەسەڵاتی گشتی بەجۆرێك کاربکات کە یاسا داوای دەکات"[٢].

سەبارەت بە (سیستەمی دادوەریی)، لە هەرێمی کوردستان، هەرچەندە لە دوای ڕاپەڕین و هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، وەك هەنگاوێك "یاسای ژمارە((١٤)ی ساڵی ١٩٩٢)* بۆ ڕێکخستنی ئەم سیستەمە دانرا، کە لە ماددەی یەکەمیدا هاتووە"دادگاکان سەربەخۆن"، بەڵام بە پێچەوانەی ئەم دەقە هەر بەپێی هەمان یاسا، سیستەمی دادوەری وەك بەشێك لە دەسەڵاتی جێبەجێکردن مامەڵەی لەگەڵدا کراوە، کە بەپێی یاساکە سەرجەم دەسەڵاتە دادوەرییەکان لە ڕێگەی وەزارەتی دادەوە بوون"[٣]. لەبەرئەمە ناکرێت لە هەرێمی کوردستاندا قسە لەبوونی دەسەڵاتێکی دادوەری سەربەخۆ بکەین تاساڵی (٢٠٠٧) کە لەم ساڵەدا یاسای ژمارە (٢٣)دانرا کە ناسراوە بە( یاسای دەسەڵاتی دادوەری هەرێمی کوردستان-عێراق) [٤].

لێرەدا جێی خۆیەتی بوترێت، کە ئەم یاسا ئاماژە بۆکراوە بە هەنگاوێکی گرنگی سیستەمی دادوەریی دادەنرێت لە هەرێمی کوردستاندا و پێویستە ئاماژەش بەو بنەمایانە بدرێت کە لەیاساکەدا چەسپێنران" یەکەم، سەربەخۆیی دادوەریی و جیابوونەوەی لە دەسەڵاتی جێبەجێکردن و بوونی بودجەیەکی تایبەت بە خۆی، دووەم، دادگاکان دەسەڵاتیان بەسەر هەموو کەسێکی سروشتی و مەعنەویدا هەیە تا دەگاتە حکومەتیش تایبەتمەندە بە یەکلاکردنەوەی هەموو کێشە و تاوانەکان، دیارە ئەوەش گەر لەبواری کردەییدا بە تەواوەتی و

[١] )عوسمان مستەفا عەبدوڵڵا، گرنگی سیستەمی دادوەری لەجێگیربوونی دەوڵەت، بەشی یاسای فاکەڵتی یاسا/ زانکۆی سۆران، ٤ی ئازاری ٢٠١٨، لەسەر ئەم لینکە بەردەستە، https://bit.ly/3mOdDUm ، بەرواری سەردانیکردن/٢٠٢١/٦/١١

[٢] )سردار یاسین حمدأمین، سەرچاوەی پێشوو، ل٨٢-٨٣.

*بەپێی یاسای ژمارە(١٤)ی ساڵی ١٩٩٢دەسەڵاتی دادوەری بەشێك بووە لە دەسەڵاتی جێبەجێکردن، لەماددەی سی و یەکدا هاتووە، کە ئەنجومەنی دادوەری بەسەرۆکایەتی سەرۆکی دادگای پێداچوونەوەی هەرێمی کوردستانی عێراق و ئەندامێتی پێشینترین دوو جێگر لە جێگرانی سەرۆك و ئەگەر لە کایەدا نەبوون پێشینترین دوو دادوەری دادگای پێداچوونەوە و سەرۆکی دەستەی پشکنینی داد(التفتيش العدلي)، و بەڕێوەبەری گشتی داد و یەکێك لە دادوەرانی دادگای پێداچوونەوەو سەرۆکی دیوانی تۆماری یاسایی و سەرۆکی داواکاری گشتی و بەڕێوەبەری گشتی تۆماری موڵکایەتی (التسجيل العقاري)، پێکدێت. هەروەها لە ماددەی سی و دووەمدا هاتووە، ئەنجومەنی دادوەری ئەم کارانە ئەنجام دەدات: ١-لێکۆڵینەوەی نەخشەی سەرەتایی وەزارەت و پێشکەشکردنی تێبینی لەبارەیەوە. ٢-لێکۆڵینەوە لەو کێشانەی وەزیر بۆیانی دەنێرێ.بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە(سایتی پەرلەمانی کوردستان، یاساکانی ١٩٩٢، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠١، https://bit.ly/3pGKjkd / )

[٣] ) د.عوسمان یاسین علی، سیستەمی داوەری لە هەرێمی کوردستانی عێراق، ل١٢-١٣، لەسەر ئەم لینکە بەردەستە https://drive.google.com/، بەرواری سەردانیکردن٢٠٢١/٦/١٥.

[٤] )یاساکانی ٢٠٠٧، سایتی پەرلەمانی کوردستان، لەسەر ئەم لینکە بەردەستە: https://bit.ly/3pGKjkd / ، بەرواری سەردانیکردن٢٠٢١/١٢/١١ .

به باشیی جێبەجێبکرێت"[١]ئەوا بەدڵنیاییەوە کاریگەری و ڕۆڵی لەبەرچاو و زۆر ئەرێنیی دەبێت لەسەر ئەکتیڤبوونی سیستەمی بەڕێوەبردنی هەرێم و پاشانیش وەستانەوەی بەهێزو لێبڕاوانەی بەڕووی کێشەو تەنگژەکانی ئەم سیتەمە بەڕێوەبردنەدا دەبێت.

بەڵام واقیعی بەڕێوەچوونی سیستەمی دادوەریی لە هەرێمی کوردستان، شتێکی تر دەخاتە بەرچاو کە دووورە لەوەی لەسەرەوە ئاماژەی بۆکراوە ، ئەویش ئەوەیە، کە (دادوەر شێخ لەتیف مصطفی)* سەبارەت بە ڕەوشی دادگاکان وەك دەزگای بنچینەیی سیستەمی دادوەریی ئاخاوتنی لێدەکات، کاتێك دەڵێت"ڕەوشی دادوەریی و سەربەخۆیی داداگا لە خراپترین دۆخدایە، سیستەمەکە ناسەربەخۆیە، چ لە دەستێوەردان و دانانی دادوەرانی دادگای تەمیز(تێهەڵچوونەوە) و سەرۆکایەتی دادگاکانی تێهەڵچوونەوە و دەستیوەردان لە پەیمانگای دادوەریی، ئەمانە وایکردووە دەسەڵاتی دادوەریی ببێتە پاشکۆو وابەستەی پارتەکان و حکومەت بن، هەروەها ئەمەش وایکردووە کە، سیستەمی دادوەریی بەسەربەخۆیی نەمێنێتەوە و بووەتە درێژکراوەی لق و مەڵبەندەکان، سەربەخۆنەبوونی دادگاکان و کاری دادوەریی لە هەرێمی کوردستان زۆرجا بووەتە جێگای ڕەخنەو نارەزایی"[٢].

لە کاتێکدا کە ڕێساو و پێودانگە جیهانییەکان لەسەرچەند ڕێگەیەکی سەرەکی لە هەڵبژاردنی دادوەرەکاندا دەوەستن و پەیڕەوی دەکەن، کە بریتین لە "ڕێگەی دەسەڵاتی یاسادانانەوە دەبێت، یاخود لەلایەن دەسەڵاتی جێبەجێکردنەوە دەبێت"[٣]، ئەوا سەبارەت بە واقیعی بەڕێوەچوونی ئەم پرسە (هەڵبژاردنی دادوەرەکان)، لە هەرێمی کوردستان پێچەوانەی ئەو ڕێساو پێودانگە زانراوە جیهانیانەیە، ئەوەش بەهۆی ئەوەی، کە لە هەرێمدا دەمێکە پرۆسەی دابەشکردنی پۆست و دەسەڵات لەناو سیستەمی دادوەرییدا هاوشیوەی زۆربەی دامەزراوەکانی دیکەی حکومەت ئەنجامدراوە، ئەویش بەبێ ڕەچاوکردن و پەیڕەوکردنی پێوەرە پیشەییە بنەڕەتییەکان، نهێنی نییە کە دادوەران لە هەرێمدا لە ڕێگەی فەرمیی و نافەرمیی جیاوازەوە بڕیاری دامەزراندنیان بۆ دەدرێت، کاتێك پۆستێکی دادوەریی یان کارگێریی چۆڵ ئەبێ، لە چەندین لایەنی دەرەکی حیزبی و کۆمەڵایەتییەوە کاندید بۆ ئەنجومەنی دادوەریی پێشکەش دەکرێن و لە زۆربەی حاڵەتەکاندا ئەوانەی پەیوەندییان بە پارتی دەسەڵاتەوە هەیە، چانسی دامەزراندنیان زیاترە، ئەمەش وایکردووە کە دادوەرەکان لەدوای دامەزراندنیان هەمیشە خۆیان بە قەرزاری ئەم دوو پارتە بزانن و هەمیشەش لەژێر کاریگەری هەژموونیاندا بمێننەوە"[٤]، هەربۆیە ئەگەر دادوەرەکان گوێڕایەڵ نەبن لادەبرێن و لە وەرگرتنی پۆست و پلە، بێبەشدەکرێن.

---

[١] ) د.عوسمان یاسین علی ، سەرچاوەی پێشوو، ل٨٧.
* دادوەر شێخ لەتیف: خاوەنی بڕوانامەی دکتۆرایە لەیاسای گشتی و مامۆستا و وانەبێژی کۆلێژی یاسایە لە زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی(سلێمانی).
[٢] )دادوەر شێخ لەتیف مستەفا، پەیوەندی(تەلەفۆنی)، سلێمانی، ٢٠٢١/١٢/١٣ .
[٣] ) د.سامي جمال الدين، النظم السياسية والقانون الدستوري، منشأة المعارف بالاسكندرية/مصر، ٢٠٠٥، ص٣٣٠.
[٤] )د.دلاوەر عەبدولعەزیز عەلائەددین، دەوڵەتسازی، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٥.

بەمشێوەیە پەیڕەوکردنی ئەو شێوازە نادروستە لەبواری پرسێکی گرنگی سیستەمی دادوەرییدا لە هەرێمی کوردستان، بووەتەهۆی ئەوەی کاریگەری خراپ و نەرێنی لەسەر کارگێرییەکەی دابنێت، بەڵگەی ئەوەش بریتییە لەوەی کە "بەسەدان خەڵکی سەر بە پارتە فەرمانڕەواکان هەن، کە تاوانی ڕامیاریی و بەڕێوەبردن و ئابووریی و کۆمەڵایەتییان ئەنجامداوە و لە دادگاشدا فەرمانی دەستگیرکردنیان بۆ دەرکراوە، کەچی بەبێ گیروگرفت بە ئازادی ژیانی ڕامیاریی و پیشەیی و بازرگانی و کۆمەڵایەتی بەسەرئەبەن، هەیانە پۆستی کارگێریی باڵای پڕکردۆتەوە و هەیانە بەرپرسەو واجیهەیەکی زەقی پارتی فەرمانڕەوایە، هەیانە بازرگانی ناودارو بەرچاوە، هەشیانە پاسەوانی بەرپرسە باڵاکانی پارتەکان و حکومەت و بازرگانەکانە، هەتا ئێستا لە هەرێمی کوردستاندا هیچ بەرپرسێکی باڵا لەسەر خیانەتی نیشتمانیی، گەندەڵی، دزی، پیاوکوژی، یان داوێن پیسی نەگیراوە و دادگایی نەکراوە و سزا نەدراوە"[1]، ئەمەش بەڵگەیەکی زەقە بۆ سەلماندنی لاوازیی سیستەمەکە لە ئاستی باڵادەستی دوو پارتی فەرمانڕەواو خەڵکانی دەسترۆیشتووی تر.

هەروەها هەر لەم چوارچێوەیەدا کاریگەرییەکی تری ئەو واقیعە نەرێنییەی بەڕێوەچوونی سیستەمی دادوەریی لە هەرێمی کوردستان بەسەر دامەزراوەکانی سیستەمی بەڕێوەبردندا پێویستە ئاماژەپێبدرێت ئەویش بریتییە لەوەی کە "کۆمەڵانێکی زۆری کارمەندو بەرپرسانی کەرتی گشتی وەك پەرلەمانتار، دادوەر، وەزیرو خاوەن پلە تایبەتەکان، پارێزبەندییان هەیە و بە ئاسانی ناهێندرێنە بەردەم دادگا، هەروەها پیشەمەندانی دیکەی وەك پارێزەر ڕۆژنامەنووس، پزیشك، هی دیکەش جۆرێك لە پارێزبەندییان هەیە بەوەی دادگا پێویستی بە ڕەزامەندی سەرکردەو وەزیرەکانیان هەیە، تا بانگهێشیان بکات، ئەوانیش بە ئاسانی نایاندەن بەدەستەوە، خۆ پارێزەران و ڕۆژنامەنووسان کارمەندی هیچ دامەزراوەیەکی حکومەت نین، لە جیاتیان دادگا پێویستی بەڕەزامەندی سەندیکاکان هەیە، کە ئەوان بەپێی سروشتی ڕێکخراوەکان لایەنی ڕامیاریی و حیزبی و خاوەن بەرژەوەندی تایبەتن"[2] ئەم هۆکارانە وایکردووە دادگاکان لە چەسپاندنی دادپەروەریدا دەستەوەستان بن. هەروەها لە پەیوەند بە دامەزراوەکانی حکومەتیش، کاتێك کێشەو گرفتێك لە دامەزراوەکانی حکومەتی هەرێمدا ڕوودەدات، کە لە بنەڕەتدا پێویستە "دەسەڵاتی دادوەریی یەکلایی بکاتەوە لە ڕێگەی دادگا ئاسییەکانەوە یان لەڕێگەی دادگای کارگێرییەوە"[3] بەڵام بەبێ گوێدانە دەسەڵاتی دادوەریی کەیسەکان یەکلادەکرێنەوەو کۆتاییان پێدەهێنرێت.

هەر لەمپێوەندەدا جێگەی خۆیەتی ئاخاوتن لە ڕاستیەکی تراژیدیی تری خودی سیستەمی دادوەریی بکرێت، کە بوەتە سەرچاوەیەکی سەرەکی تەنگژەی ئەم سیستەمە، ئەویش بریتییە لە "سزادانی دادوەرەکان لەلایەن پارتە دەسەڵاتدارەکان و حکومەتەوە، هەرچەندە دادوەرەکا لە بنەڕەتدا ئەندامی دەسەڵاتێکی سەربەخۆن، ناتوانرێت دادوەر لە شوێنەکەی لابدرێت یان پلەکەی دابەزێنرێت یان لە کارکردن ڕابگیرێت،

[1] )د.دلاوەر عەبدولعەزیز عەلائەددین، نیشتیمانسازی، سەرچاوەی پێشوو، لا٢٠٤.
[2] ) د.دلاوەر عەبدولعەزیز عەلائەددین، دەوڵەتسازی، سەرچاوەی پێشوو، لا٥٢.
[3] )بەرنامەی تاوتوێی NRT، لەگەڵ دادوەر(عەباس هەمزە)، ٢٠٢١/٩/٨.

یاخود بگوازرێتەوە، تەنانەت ئەم گواستنەوەیە بۆ ناوەندێکی یەکسان بەشوێنی خۆیشی بێت یان باڵاتر بێت، لەم کاتەشدا بەبێ ڕەزامەندی خۆی ڕێگەنادرێت، واتە هەموو ئەو بریارانەی کاردەکەنە سەر شوێن و پلەی دادوەر لە کارەکەیدا، لەڕاستییدا ئەم هەڵوێستە لە هیچ سیستەمێکی سەرکەوتوودا وێنەی نییە[١]، بەڵام لە هەرێمی کوردستان"چەندینجار بۆ یەکلاکردنەوەی کەیسێکی دیاریکراو گۆڕینی بڕیاری دادوەرێك، پەنابراوەتەبەر ئەوەی کە دادوەرەکە لە شوێنەکەی خۆی لابراوە و گواستراوەتەوە بۆ شوێنێکی تر"[٢]، بە تایبەتی ئەگەر کەیسەکە پەیوەندی بە بەرژەوەندی پارتێکی دەسەڵاتەوە هەبووبێت. هەر سەبارەت بەم پرسە، حاکم شێخ لەتیف، دەڵێت "دیارترین کەیسی سزادانی دادوەرەکان، کەیسی دادوەر (هاوژین حامد)ە، لەساڵی ٢٠١٥، کە دادوەر بوو لە قەزای کفری، لەسەر کەیسی سزادان و ڕاگرتنی دوو (مستەشار)ی بەشداری تاوانەکانی ئەنفال، لەلایەن دادگای تاوانەکانی(کەرکوك - گەرمیان)داوای لێکرا کە دوو مستەشارەکە ئازاد بکات، بەڵام بەهۆی سووربوونی دادوەری ناوبراوەوە لەسەر کارەکەی، گواسترایەوە بۆ داداگای ئامێدی، و دواتر دەستیلەکارکێشایەوە و بەهۆی هەڕەشەوە هەرێمی کوردستانی بەجێهێشت"[٣].

لەسەر بنەمای ئەوەی، کە پێشتر توێژینەوەی لێکراوە، دەکرێت بوترێت، سیستەمی دادوەریی لە هەرێمی کوردستان خاوەنی چەندین تەنگژەیە، کە وایکردووە سیستەمەکەی پەکخستووە، کە مەبەست لێیان نەبوونی دادگاو دادوەری سەربەخۆیە، هەروەها دەستێوەردانی نهێنی و ئاشکرای پارتە دەسەڵاتدارەکانی هەرێمی کوردستان لە کاروباری دادگاکان و سزادانی دادوەرەکان و جوڵاندیان و هەڕەشەلێکردنیان بە گواستنەوە و نانبڕاوکردنیان، ئەمانەش وایانکردووە، کە سیستەمی دادوەریی لە هەرێمی کوردستان نەتوانێت ڕۆڵ و کاریگەری خۆی بنوێنێت لە بەرامبەر ئەو تەنگژە کارگێڕییانەی، کە کۆی دامەزراوەکان و سیستەمی بەڕێوەبردنی هەرێمی کوردستانی گرتۆتەوە، هەروەها نەتوانێت یارمەتیدەرێکی باش بێت لە بنەبڕکردنی دیاردەکانی گەندەڵی کارگێڕیی و نادادپەروەری و دیاردەکانی واستە و واستەکاری و بەرتیلخۆری لە دامودەزگاکانی بەڕێوەبردنی هەرێمی کوردستان و نەتوانێت سزای سەرپێچیکاران و گەندەڵکاران بدات.

[١] )گۆران ئازاد محەمەد، دەسەڵاتی دادوەری لە دەوڵەتی فیدڕاڵیدا، ماستەرنامە، کۆلێژییاسا/زانکۆی کۆیە، ٢٠٠٦، لا٧٨.
[٢] ) بەرنامەی تاوتوێی NRT، لەگەڵ دادوەر(عەباس هەمزە)، سەرچاوەی پێشوو.
[٣] ) دادوەر شێخ لەتیف مستەفا، پەیوەندی(تەلەفۆنی)، سەرچاوەی پێشوو.

## توێژینچەی سێیەم: كاریگەری شێوازی دیموكراسیی باو لە هەرێمی كوردستان لەسەر تەنگژەكانی بەڕێوەبردندا

دیموكراسیی جۆرێكە لە جۆرەكانی سیستەمی فەرمانڕەوایی، كە تیایدا هاووڵاتی ڕۆڵی سەرەكی دەبینێت لەبەڕێوەبردنی كۆمەڵگادا، لەو پێناوەشدا یەكێك لە پرەنسیپە سەرەكییەكانی بریتییە لە (دابەشكردنی دەسەڵاتەكان)، كە ئامانج لێی ڕێگریكردنە لە كۆكردنەوەی دەسەڵاتەكان لە دەستی یەك دەستەو تاقمدا، هەروەك پێشتر توێژینەوەی لێكراوە، هەروەها دیموكراسیی كار بۆ چەسپاندنی سەروەریی یاساو مافی هاووڵاتیبوون و بەهێزكردنی دامەزراوەكانی فەرمانڕەوایی و سیستەمی بەڕێوەبردن دەكات، لەگەڵ ئەوانەشدا كار بۆ بەهێزكردنی هۆكارەكانی چاودێریكردنی خودی سیستەمەكە و دامەزراوەكانی لەپێناو نەهێشتنی كەموكوڕی و بنەبڕكردنی خاڵە لاوازەكانی دەكات، هەرێمی كوردستان بەو پێیەی كە هەر لە سەرەتای دروستبوون و پەیدابوونیەوە، وەك ئەزموونێكی دیموكراسیی دەركەوتووە و لە سنورێكدا كاریكردووە بۆ چەسپاندنی هەندێك لە بنەماكانی دیموكراسیی و دامەزراوەكانی، ئەوەش لە یەكەم پرۆسەی هەڵبژاردن و دروستكردنی پەرلەمان و حكومەتی هەرێم، تا دەگاتە دامەزراوەكانی چاودێری دارایی و دەستەی دەستپاكی، بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە ئەوەیە كە ئایا ئەو ئاستە لە هەبوونی دیموكراسیی لە هەرێمی كوردستان تاچەند ڕۆڵ و كاریگەری لەسەر ڕووبەڕوبوونەوەی تەنگژەكانی بەڕێوەبردن هەیە.

بەزانینی ئەوەی كە سیستەمی دیموكراسیی پەیوەندی بە"جۆری بریاردانی بەكۆمەڵەوە هەیە، ئەوا دیموكراسیی لە چەمكی خۆیدا دەربڕی ئەو ئامانجەیە، كە ئەو بڕیارانەی كاریگەری لەسەر كۆمەڵگایەك دادەنێ، دەبێ ڕای تەواوی تاكەكانی ئەو كۆمەڵگایە لەخۆ بگرێت، هەروەها تەواوی ئەندامەكانی دەبێ لەمافی یەكسان بۆ بەشداریكردن بەهرەمەند بن، بە واتایەكی تر بوونی دیموكراسیی پێویستی بە دوو پرەنسیپی سەرەكی هەیە، چاودێری گشتی بەسەر بڕیاردانی بەكۆمەڵ و هەبوونی مافی یەكسان لە بەكاربردنی ئەم چاودێرییەدا، هەر چەندە ئەم دوو پرەنسیپە لە پرۆسەی بڕیاردانی كۆمەڵگایەكدا زیاتر بێتەدی ئەوا ئەو كۆمەڵگایە دیموكراسیی تر دەبێت"[١] بە پێچەوانەشەوە هەر سیستەمێكیش ڕای گشتی پشتگوێخست و تاككرەویی تیایدا زاڵبوو، ئەوا ئەو سیستەمە دوورە لە دیموكراسییەوە، ئەوا دەكرێت لە واقیعی بەشداری تاك لە پرۆسەی بڕیاردانی كۆمەڵگەی كوردی، لەهەرێمی كوردستاندا، پێویستە ئەوە دیاریبكرێت كە سەرەڕای ئەوەی كە سیستەمی دیموكراسی بەركار لە هەرێمی كوردستاندا خۆی لە دیموكراسی نوێنەرایەتیدا دەبینێتەوە، بەڵام كەمترین دەركەوتەی ئەم چەشنە لە دیموكراسی بەدی دەكرێت، ئەمەش "بەهۆی هەستنەكردنی تاكی كورد بەوەی كە وەك هاووڵاتیەك، بەرپرسە لە كاروباری گشتییدا، ئەوەش بووەتەهۆی كشانەدواوەی ڕێژەیەكی بەرچاو لە هاووڵاتیانی ئەم هەرێمە لە كاروباری گشتی و بەشدارینەكردنی هاونیشتمانیان لەو بڕیارانەدا، كە پەیوەستن بە بواری گشتییەوە، بەشدارینەكردنی هاونیشتمانیان لەو بڕیارانەدا سیستەمێكی

[١] ) دێڤید بێتهام – كوین بۆیڵ، سەرچاوەی پێشوو، لا١٥-١٦.

ستەمکاری دەخوڵقێنێ، سیستەمێك كە لە جیاتی هەمووان بیردەکەنەوە و کێشەکان هەڵدەسەنگێنن و لە جیاتی هەموو انیش بڕیاردەردەکەن"[1]. هەروەها دەتوانرێت بوترێت کە"بەشداری گشتی و کاریگەری تاکەکان لە هەرێمی کوردستان لەسەر چارەنووسی حکومەت و کۆمەڵگە یان هەر نییە، یاخود زۆر لاوازە"[2]، هەربۆیە ئەم حکومەتە تووشی تەنگژەیەك دەبێتەوە ڕێگە بە ڕای گشتی نادرێت کە بەشداری لە چارەسەرکردنیدا بکات.

ئەوەی کە زۆرینەی تاکی ئەم کۆمەڵگەیە لەژیانی ڕامیاریی و کۆمەڵایەتی خۆیاندا لەبیریان دەچێت، بریتییە لەوەی "هەرچی بەرپرسیارێتی و ڕاسپاردەی ژیانیانە دەیدەنە دەست کەسانێك، کە پۆستێکی سەرکردایەتیان هەیەو لەژێر ناوی نوێنەرایەتیکردنیاندا پۆستێکی باڵایان گرتۆتەدەست، ڕاستە سپاردنی بەرپرسیارێتی بەسەرکردەو بەرپرس و کاربەدەستان، مەرجە بۆ ئەوەی ئەوان بتوانن بەشێوەیەکی ڕەوا کارەکانیان بکەن، بەڵام مانای ئەوە نییە ئێمە خۆمان لە بەرپرسیارێتی بدزینەوەو بیدەن بەکەسێکی تر، نەخێر لەدەنگداندا ئەو سپاردنی متمانە بە پاڵێوراوان مانای خۆلەبەرپرسیارێتی خستنی دەنگدەر نییە، بەڵکو مافی نوێنەرایەتیکردن دەسپێرێت بە کەمینەیەك، بۆ جێبەجێکردنی کاروباری گشتی"[3]، لەبەرئەوەی هەر "تاکێکی کۆمەڵگە دەتوانێت ببێت بە چاودێرێکی ڕۆژانە، لێرەوە دەسەڵاتی چاودێری بەنێو جەستەی تەواوی کۆمەڵگەی مەدەنیدا دەکشێت و لەهەر شوێنێکدا دەسەڵات هەبێت، دەسەڵاتی چاودێریکردنیش ئامادەدەبێت"[4]، بەڵام تاکی کورد نەڕێگەی پێدەدرێت چاودێریی دەسەڵات بکات و نە خۆیشی بەخاوەنی ئەو مافەدەزانێت.

کاتێك کە ڕۆڵی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی وەك میکانیزمێکی چالاکی چاودێریکردنی کۆمەڵگا بەسەر دامەزراوەکانی سیستەمی فەرمانڕەواییەوە وەردەگیرێت و دێتە هەژمارکردنەوە، ئەوەش لەوێوەیە کە "ئەم ڕێکخراوانە کۆمەڵێك ڕێکخراوی خۆبەخشی ئازادن، کە بواری گشتی پڕدەکەنەوە لە نێوان خێزان و دەوڵەتدا، یاخود بریتین لەو ڕێکخراوانەی بەرژەوەندی هاوبەشی ئەندامەکان پێکەوەی بەستوون، ئەم پەیوەندییە خۆبەخشانەیەو بەشێوەیەکی ئازاد پێکهێنراوە، ئامانج لێی بەدیهێنانی بەرژەوەندی تاکەکانی ڕێکخراوەکە و پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە بە هاووڵاتیان، یاخود کارو چالاکی جۆراوجۆری مرۆڤانەیە، هەروەها کۆمەڵی مەدەنی خاوەنی ئەم بەها بەرزانەیە، کە بریتین لە، لێبووردەیی، بەشداری، جۆراوجۆری، یەکتر قبوڵکردن و چارەسەری ئاشتییانەی گرفتەکان"[5]. ئەوا دەکرێت لە پەیوەند بەواقیعی بەڕێوەچوون و کارکردنی ئەم ڕێکخراوانە وەك ئەو میکانیزمە دیموکراسییە لە کۆمەڵگەی هەرێمی کوردستاندا، ئەوە بوترێت کە "ئەو ڕێکخراوانەی هەن نوێنەرایەتی گروپ و توێژی جیاوازی کۆمەڵگا دەکەن، بەشێکیان لەلایەن پارتی

---

[1] )د.فاروق ڕەفیق، سەرچاوەی پێشوو، لا١١٤-١١٥.
[2] ) ئەکرەم میهرداد، سەرچاوەی پێشوو، لا١١٣.
[3] )نەوزاد جەمال، ئۆنتۆلۆجیای سیاسی کۆمەڵگەی کوردی، بەڕێوەبەرایەتی چاپخانەی ڕۆشنبیری/هەولێر، ٢٠١٣، لا٧٠.
[4] )د.عادل باخەوان، سەرچاوەی پێشوو، لا٦٩.
[5] ) خالد جاسم ابراهيم حسن الحوسيني، دور الرقابي لمؤسسات المجتمع المدني وأثره في تنمية المجتمع في الدولة الأمارات العربية المتحدة، رسالة ماجستير، كلية الأداب والعلوم/ قسم العلوم السياسية/ جامعة الشرق الأوسط، ٢٠١٣، ص٢١، تأريخ الزيارة/٢٠٢١/٨/٢٠، رابط ب/https://bit.ly/3sNEGTB :

فەرمانڕەواوە بە حیزبیکراون و بەشێوازی جیاواز کۆنترۆڵکراون، بەشەکەی تر لۆبی بۆ ماف و دەستکەوتی گروپێکی دیاریکراو دەکات بەبێ فشارخستنە سەر حکومەت بۆ کەمکردنەوەی گەندەڵی و پتەوکردنی کۆڵەکەکانی نیشتیمانسازی، سەربەخۆیی نەبوونی ئەم ڕێکخراوانە، وایکردووە کە لە تایبەتمەندی و ئامانجەکانی خۆیان دووربکەونەوە"[1].

هەربۆیە لە کاتێکدا کە "ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی لە وڵاتانی دیموکراسییدا ڕۆڵی کاریگەر لە چاودێریکرنی دەسەڵات و سیستەمی فەرمانڕەواتیدا دەبینن، ڕۆڵی گرنگ لە بەدواداچوون و ئاشکراکردنی کاری نایاسایی و گەندەڵیدا دەبینن، بەوەش کاریگەریان لەسەر پرۆسەی بریاردان هێندەی ڕۆڵی ئۆپۆزسیۆن و میدیاکان هەیە، ئەوانە پارێزەری دەنگ و مافی کەمینەکانن و باشترین هاندەریشن بۆ شەفافکردنی حکومەت و نزیککردنەوەی فەرمانڕەواکان لە خەڵکی ئاسایی، هەروەها ئەم ڕێکخراوانە کاریگەری لە سیستەم دەکەن بەبێ ئەوەی کە کێبڕکێ بکەن بۆ وەرگرتنی دەسەڵات یان چاویان لەوە بێت کە ڕۆڵی دەسەڵاتدارە فەرمانڕەواکان ببینن یان بنکۆڵیان بکەن"[2]. بەڵام لە واقیعی هەرێمی کوردستاندا "لەبری ئەوەی ئەم ڕێکخروانە گوزارشت لە بەرژەوەندی و ویستی ئەو توێژانە بکەن، کە ڕێکخراوەکەیان لێپێکهاتووە، لە زۆرکاتدا گوزارشتیان لە بەرژەوەندییەکانی دەسەڵات و دەستەبژێرو پارتە فەرمانڕەواکان کردووە"[3]، بۆیە دەبینین ئەم میکانیزمە دیموکراتییە لە ئێستادا نەیتوانیوە وەك پێویست و بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ ڕۆڵی خۆی لە چارەسەرکردنی تەنگژەکانی سیستەمی بەڕێوەبردنی هەرێمی کوردستاندا ببینێت.

هەر پەیوەست بە کاریگەری دیموکراسی و میکانیزمەکانی کارکردنی بۆ نەهێشتنی تەنگژەکانی سیستەمی بەڕێوەبردن، دەکرێت ئاماژە بە یەکێك لە گرنگترین ئەم میکانیزمانە بدەین، ئەویش بریتییە لە (پارتە ڕامیارییەکان)*، سەبارەت بەوەش دەتوانرێت ئەو ڕاستییە بخرێتەڕوو، کە ئەم ڕەگەزە گرنگەی ژیانی دیموکراسیی کە "شەقڵی دیارو تایبەتمەندی هەیە، لە پرۆسەی ڕامیاریی دەوڵەتەکەداو، بەستەرەوەی بەهێزو ڕایەڵەی پەیوەندی نێوان گەل و حکومەتە، هەروەها ناوەندێکی پەیوەندییە بۆ یەکە ڕامیارییەکانی دیکەش چ لە ناوحکومەتدا بن یان لە دەرەوەی حکومەت و لە هەر ئاستێکدا بن، پارتە ڕامیارییەکان لە چەندین بوار و بۆ چەندین ئامانج خەبات و تێکۆشان دەکەن و، خۆیان تاودەدەن، ڕامیاریی، کۆمەڵایەتی، ئابووریی و ڕۆشنبیریی، ڕادەو کارایی هەریەك لەو ئەرکمەندیانە بە پلەی یەکەم دەوەستێتە سەر کاریگەری هێزی

[1] ) خالد جاسم ابراهيم حسن الحوسيني، سەرچاوەی پێشوو، ل٢١.
[2] ) د.دلاوەر عەبدولعەزیز عەلائەددین، نیشتیمانسازی، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٣٤.
[3] )د.ئەمین فەرەج شەریف، سەرچاوەی پێشوو،ل٢٤٤.
* پارتی ڕامیاری" بریتیە لە کۆمەڵێك کەس، کە پلەیەك لەڕێکخستنی ناوخۆییان هەیە و کار بۆ هێنانەدی ئامانج و بیروباوەڕو بەرژەوەندی ئەندامەکانی دەکات، لە ڕێگای گەیشتن بە دەسەڵات و لە ئەستۆگرتنی ئەرکی فەرمانڕەواییکردن.(د.عابد خالد ڕەسول، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٢٧).

پارتەکە لەسەر جەماوەر و کاریگەری دروستکردن لەسەریان و بەدەستهێنانی متمانەیان و دروستکردنی کاریگەریش لەسەر لایەنە ڕامیارییەکانی دیکەش"[١].

له پەیوەند به ڕۆڵی پارت و هێزه ڕامیارییەکان وەك میکانیزمێکی کارای دیموکراتی له نەهێشتنی تەنگژەکانی سیستەمی بەڕێوەبردن و سەبارەت به هەرێمی کوردستان پێویسته ئەوەبوترێت، که "سەرەڕای ئەوەی پارتەکانی بەرەی کوردستانیی له دوای ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١سەرچاوەو چاوگی دروستکردنی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان بوون، بەڵام کاتێك که خۆیان له شوێنگەیەکی دەسەڵاتدا بینییەوە، که له ئاستی حکومەتدا بوو، بەبێ ئامادەکاری پرۆژەیەکی پێشینه بۆ ئیدارەکردنی ئەو دۆخه نوێیه، لەباشترین حاڵەتدا بەرەی کوردستانی دەزگای کارگێریی خۆی له شێوەی بەڕێوەبردنی شارو شارۆچکەکاندا دروستکرد، بەڵام له بنەڕەتدا ئەم دەستگایه هەرخەریکی پەیوەندی نێوان پارتەکان بوو، هەروەها بەرەی کوردستانی هەرکارێکی له ڕێکخستنی بازاڕو بازرگانی و ڕێکخستنی باج و گومرگدا کردبێت دەرکەوتووە و هەر لەوێشەوە پارتەکان بەپێی قەبارەی حزبی و پێشمەرگایەتی و پێشینەی خەباتیان، ڕێژەی داهات و گومرگیان لەنێوان خۆیاندا دابەشدەکردو ئیتر سیاسەتی نەمن دەنگ و نەتۆ دەنگ، پێکەوەی گونجاندبوون"[٢]، لەبەرئەوە نەیانتوانیوە خزمەت به داوا ڕاستەقینەکانی گەلی کورد بکەن.

جگەلەوەی پارت و هێزه ڕامیارییەکانی هەرێمی کوردستان، ئەزموونی حوکمڕانیان نەبوو لەگەڵ ئەوەشدا "هەر ئەم پارتانه هەموو ستراتیژییەکان دادەڕێژن و هەرکەسێك وەك پێویست جێبەجێیانەکات دووری دەخەنەوە، لەهەر سیستەمێکی دیموکراسیدا هەمیشه دەسەڵاتی وەزیر له دەسەڵاتی بیرۆی سیاسی پارتێك فراوانترو بەهێزتر و تەنانەت ڕەواتریشه، بەڵام له دیموکراسی کوردیدا، ئەم هاوکێشه جیهانیه پێچەوانەیه و مەکتەبی سیاسی به واژوویەك دەتوانێت وەزیرێك فڕێبداته نێوپەراوێزه لەبیرکراوەکانی مێژووەوە"[٣] ئەم بیرکردنەوە و تێڕوانینه بۆ فەرمانڕەواییکردن، سیستەمی کارگێریی و سیستەمی فەرمانڕەوایشی خستوته قەیرانی قووڵەوە.

سەبارەت بەم پرسەش دەکرێت بوترێت، که یەکێك له میکانیزمه سەرەکییەکانی بەدیهاتنی دیموکراسیی به ئامانجی پتەوکردنی سیستەمی بەڕێوەبردنی هەرێمی کوردستان، که لەڕێگەی دیاردەی پارتایەتییەوە کردەنی دەکرێت و بەدیدەهێنرێت، بریتیه له میکانیزمی هەڵبژاردن، که کاریگەری گەورەی هەیه له گۆڕینی پۆستهەڵگره کارگێڕییەکان، بەشێوەیەك "هەرکاتێك ویستیان هەڵبژاردن ڕێکدەخەن و هەرکاتێکیش نەیانویست سەدان بیانوی وەك هەڕەشه لەسەر نیشتیمان، مەترسی لەسەرنەتەوە، جەنگی ناوخۆ، ئامادەنەبوونی

---

[١] )د.مصطفى رسول حسين، چاودێری ڕاستەوخۆی گەل له کاروباری حکومەت، گۆڤاری زانستی زانکۆی جیهان-سلێمانی، بەرگی١، ژ٢، ٢٠١٧، لا١٥.
[٢] )بەرزان فەرەج، حزب و پاراستنی چۆنایەتی هەرەسی جیهانی دووەم، چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی، ٢٠١٣،لا٧٥
[٣] )د.عادل باخەوان، سەرچاوەی پێشوو، لا٣٠.

هەلومەرجی بابەتی، دروستدەکەن و دوایدەخەن بۆ کاتێکی دیارینەکراو"[1]، بەمشێوەیە دەردەکەوێت، کە پارتە ڕامیارییەکانی کوردستان خۆیان ڕێگرن لە چەسپاندنی بنەماکانی دیموکراسیی کە پاڵپشتن بۆ پتەوکردنی سیستەمی بەڕێوەبردن.

هەروەها سەرەڕای ئەوەی، کە هۆیەکانی ڕاگەیاندن (بینراو، بیستراو، خوێندراو)، لە سیستەمی دیموکراسیدا هۆکارێکی ترن، کە دەتوانن کاریگەری لەسەر دامەزراوە کارگێڕییەکان دروستبکەن، بەڵام ئەم کاریگەرییەش بەجۆرێکە کە "لەسەر فەراهەمبوونی سەربەخۆیی و ئازادی و پیشەیی بوونی ڕاگەیاندن بەگشتی و ڕاستگۆیی لەو زانیاری و بەڵگانەی دەیخاتەڕوو دەوەستێت، جا چ بەشێوەی هەواڵ یان لێکۆڵینەوە و ڕیپۆرتاجی ڕۆژنامەگەری، تا دەگاتە سەرزەنشت و فشارخستنە سەر حکومەت، دەوڵەتێك کە تیایدا دیموکراسی بەرجەستەبێت ڕێگا خۆشدەکات لە ڕێگەی هۆیەکانی ڕاگەیاندنەوە بەشداربن لەو پرۆسەیەدا، هەر لەم ڕوانگەیەشەوەیە، دەوترێت ڕاگەیاندن دەسەڵاتی چوارەمە، ئەمەش وەك گوزارشتێکی واتایی(مجازي)، ئەو گرنگییەی هۆیەکانی ڕاگەیاندن، دەبینین لەپاڵ سێ دەسەڵاتە گشتییەکەی دەوڵەت (یاسادانان، جێبەجێکردن و دادوەری)"[2]. بەڵام لە هەرێمی کوردستان لە "نەبوونی یاسایەکی تۆکمە کە ڕێوشوێنی کارکردنی میدیاکان دیاری بکات و بەهۆی لاوازی سیستەمی فەرمانڕەوایی و هەروەها دابەزینی ئاستی سەروەریی یاسادا، فەوزای ڕاگەیاندن سنوری ئیتیك و پرۆفیشناڵیزمی کاڵ کردۆتەوە، بێگومان بەحوکمی بودجە زەبەلاحەکانیان، هەردوو پارتی فەرمانڕەوا شانۆی ڕاگەیاندنەکانیان داگیرکردووە، لەبەرامبەر هەر کەناڵێکی چاپکراودا یان بیستراو وبینراوی سەر بەئۆپۆزسیۆن، چەندین کەناڵی بەرامبەر لەلایەن هەردوو پارتی دەسەڵاتدارەوە چەسپێنراوە و بەتەرکیزەوەو بەبێ سازش هەڵمەتی پێچەوانەیان لەدژ ئەنجامدەدەن، ئەوەش بێجگە لەوەی کە پارتە دەسەڵاتدارەکان دامەزراوەکانی سیستەمی فەرمانڕەواییشیان لەبەردەستدایەو توانای دروستکردنی فشارو تۆقاندنی ڕۆژنامەنووسانی ئۆپۆزسیۆن و بێلایەنیان بێ سنوورە"[3].

پشتبەست بەوەی لەسەرەوە توێژینەوەی لێکرا، دەتوانرێت بوترێت کاریگەری میکانیزم و بنەماکانی دیموکراسی لەهەرێمی کوردستان لە ئاستی پێویستدا نییەو هەر لەڕووکەشدا کاریان پێدەکرێت و نەبوونەتە هۆکارێك بۆ پتەوکردنی سیستەمی بەڕێوەبردن لە هەرێمی کوردستان، لە بەرئەوەی دیموکراسیی نەبۆتە کلتورو لەلای دەسەڵاتداران و نەچەسپاوە و ئەو میکانیزمانەش کە هەن وەك (هاووڵاتیبوون، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی، پارتە ڕامیارییەکان و هۆیەکانی ڕاگەیاندن)، کاریگەری گەورە لەسەر سیستەمی بەڕێوەبردن و دامەزراوەکانی دەخەنەوە، لە هەرێمی کوردستان ئەو ڕۆڵ و بایەخەیان وەك پێویست نەبێت

---

[1] ) د.عادل باخەوان، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٦-٤٧.
[2] )د.مصطفی رسول حسین، سەرچاوەی پێشوو، ل١٦-١٧.
[3] )د.دلاوەر عەبدولعەزیز عەلائەددین، نیشتمانسازی، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٤١.

وجێبخۆی نەگرێت، کەواتە دەکرێت بوترێت ئەو دیموکراسییەی لە هەرێمی کوردستاندا هەیە نەیتوانیوە ببێتە میکانیزمی چارەسەرو کەمکردنەوەی تەنگژەکانی سیستەمە بەڕێوەبردنەکەی .

بە سەرنجدان لەوەی کە لەم توێژراوەدا توێژینەوەی لێکراوە، دەکرێت بوترێت هۆکاری ئەوەی کە سیستەمی بەڕێوەبردن لە هەرێمی کوردستان لە ئاستی پێویست و خواستی هاووڵاتیان و دڵسۆزانی سیستەمی فەرمانڕەوایی هەرێمدانییە، ئەوەیە کە دەسەڵاتی یاسادانەری بە حوکمی ئەوەی چاودێری یەکەمە بەسەر هەموو دامەزراوەکانی سیستەمی بەڕێوەبردن و سیستەم و کارەکتەرەکانیەوە، نەیتوانیوە بە ئەرکە یاساییەکانی خۆی هەستێت، کە ئەمەش بەهۆی ئەوەی کە دەسەڵاتی یاسادانەری خۆی لەخۆیدا دووچاری چەندین کێشەو گرفت بۆتەوە، کە ئەویش خۆی لە دەستێوەردانی پارتە دەسەڵاتدارەکان و زاڵبوونی لایەنگیری ئەندامەکانی لەسەر حیسابی بەرژەوەندییە باڵاکانی خەڵکی هەرێمی کوردستان، تا دەگاتە بێدەسەڵاتی سیستەمی دادوەریی و پشتگوێخستنی لە یەکلاکردنەوەی پرسە گرنگ و پربایەخەکانی سیستەمی بەڕێوەبردندا، کە ئەویش خۆی دەبینێتەوە لەبەسزا گەیاندنی تاوانباران و سەرپێچیکاران و گەندەڵکاران لە هەر پۆست و پلەیەکی کارگێریدابن، کە ئەمەش دووبارە بەهۆی دەستێوەردانی پارتەکان و سەربەخۆنەبوونی سیستەمی دادوەرییەوە هاتۆتە کایەوە، هەروەها ترس و لاوازی دادگا و دادوەرەکان لە ئاستی پارتە باڵادەستەکان و کەسانی خاوەن دەسەڵات لەناو ئەم پارتانەدا، ئەمە جگە لەوەی هەرچەندە لە هەرێمی کوردستان دیموکراسی، لە دروشم و وتارو گوفتاری رامیاریدا بوونی هەیە، بەڵام لە ڕاستییدا هەر بەدروشم ماوەتەوە و نەبۆتە کردار و لە کاروباری فەرمانڕەوایی و کایەکانی وڵاتدا بەڕێژەیەکی کەم بەدیدەکرێت، ئەم هۆکارانەش وایانکردووە کە تەنگژەکانی سیستەمی بەڕێوەبردن لە هەرێمی کوردستاندا وەکو خۆیان بمێننەوە و چارەسەرنەکرێن و ڕۆژلە دوای ڕۆژ گەورەتر و فراوانتر بن و کاریگەری گەورەش لە کاربەجێگەیاندنی دامەزراوەکان بکەن و نەتوانن وەکو پێویست لە خزمەتی خەڵکی کوردستاندا بن.

## تویژراوەی سێیەم: میکانیزمە پێشنیارکراوەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی تەنگژەکانی سیستەمی بەڕێوەبردن لە هەرێمی کوردستان

سیستەمی بەڕێوەبردن لە هەرێمی کوردستاندا دووچاری چەندین تەنگژەو گرفتی جۆراوجۆر بۆتەوە، کە ڕەهەندی جۆراوجۆریان هەیە، هەروەها لە ماوەی سێ دەیەی ڕابردوودا بە چەندین شێوازو بەچەندین شێوە خۆیان دەرخستووەو، ڕاستەوخۆ کاریگەرییان لە کارو چالاکی دامودەزگاکان و تواناو هەڵسوڕانی فەرمانبەرەکانیشی کردووە، هەرچەندە ناکرێت ئەوەش لەبەرچاونەگیرێت کە لەو ماوەیەدا لەئاست و بڕی جیاجیادا هەوڵ و پرۆژەی جۆراوجۆر خراونەتەبەردەم و نراون بۆ چارەسەری تەنگژەکان، بەڵام بەهۆی بەردەوامی و مانەوەو گەورەبوونی تەنگژەکان، ئەوا نەتوانراوە تا ئێستا ڕێگاچارەیەکی پێویست و گونجاو بدۆزرێتەوە بۆیان لە پێناو بنەبڕکردنی یەکجارەکی تەنگژەکانی سیستەمی بەڕێوەبردن و ڕووبەڕووبوونەوەیان.

لەو پێناوەدا سەرەتا دەکرێت سوود لە ئەزموونی وڵاتانی پێشکەوتووی جیهان وەربگیرێت، بۆئەوەش دەکرێت ئاخاوتن لە دوو خاڵی سەرەکی بکرێت، کە بریتیین لە، یەکەم، دەبێت میکانیزمی نوێ و سەردەمییانە بگیرێتەبەر بۆ ڕووبەڕووبوونەوەیان، کە بگونجێت لەگەڵ سەردەم و تەنگژەکانی ڕۆژگاری ئەمڕۆدا ، دووەم، بریتیە لە نیەتی کارکردن لەو پێناوەدا، چونکە گرنگ پرۆژە نیە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی تەنگژەکان، بەڵکو گرنگ نیەتی ڕووبەڕووبوونەوەیە، چونکە کارکردن لەو پێناوەدا لەخۆبردووی و نەفەس درێژی پێویستە، ئەمە جگە لەوەی دەبێت خاوەن بڕیارانی ڕامیاریی لە هەرێمی کوردستان، بەرژەوەندی گشتی هاووڵاتیان و سیستەمەکە بخەنە سەروو بەرژەوەندی تایبەت و خودییەکانیانەوە، ئەمەش سەرەتا بە بڕوابەخۆبوون و پاشان چەسپاندن وقایمترکردنی بنەماکانی دیموکراسی دەکرێت، تاوەکو بتوانرێت سەرکەوتووانە چارەسەری تەنگژەکان بکرێت و بەیەکجاری بنەبڕبکرێن، لەو پێناوەدا بۆ شیکردنەوەو توێژینەوە لە پێشنیارو میکانیزمی گونجاو بۆ ئەم مەبەستە، لەم سێ توێژینچەیەدا توێژینەوە لەم بابەتە دەکرێت:

توێژینچەی یەکەم: ئەنجامدانی چاکسازیی ڕیشەیی لە سیستەمی فەرمانڕەوایی هەرێمی کوردستاندا

توێژینچەی دووەم: بونیادنانەوەی سیستەمی بەڕێوەبردن لە هەرێمی کوردستان بەپێی پێودانگە نێودەوڵەتیەکان

توێژینچەی یەکەم: بەدیهێنانی گەشەی دیموکراسی ڕاستەقینە وەك شێوازێکی سەرەکی سیستەمی فەرمانڕەوایی

## تویژینچەی یەکەم: ئەنجامدانی چاکسازیی ڕیشەیی لە سیستەمی فەرمانڕەوایی هەرێمی کوردستاندا

ئەنجامدانی ڕیفۆرمی ڕیشەیی لە هەر سیستەمێکی فەرمانڕەواییدا کارێکی دژوارو هەوڵ و ماندووبوونێکی زۆری پێویستە بۆ هەر پرۆسە و بۆ هەر کێشەو پرسێکی گرنگی ئەو سیستەمە، جا ئەگەر ئەم ڕیفۆرمە بۆ کۆی سیستەمەکە بێت، ئەوا هەوڵ و کۆششێکی زۆرتری پێویستە، بەمشێوەیە سیستەمی فەرمانڕەوایی هەرێمی کوردستانیش بەو پێیەی کە گیرۆدەی چەندین کەموکوڕی قووڵ و تەنگژەی گەورەیە، ئەوا پێویستی بە ئەنجامدانی چاکسازیی بنچینەیی و ڕیشەیی هەیە، لێرەوەو لەبەر گرنگی ئەم پرسە بۆ سەرجەم پرۆسەی ڕامیاریی لەم هەرێمە بەگشتی و سیستەمی بەڕێوەبردنی بە تایبەتی، بە پێویستزانرا لە میانەی ئەم توێژینچەیەدا توێژینەوە لەم پرسە گرنگ و جێبایەخە بکرێت.

لێرەشەوە، کە دەستپێکی سەرهەڵدان و دامەزراندنی هەر دەوڵەتێك، هەرێمێك یان قەوارەیەکی ڕامیاریی پێویستی بە بوونی دەستورێکە، کە ببێتە بنەمای کاری ئەو قەوارەیە، یان ئەو چوارچێوە جوگرافییەی، کە لەلایەن دەسەڵاتی ڕامیارییەوە بەڕێوەدەبرێت، چونکە دەستوور "بریتییە لە بنەماو ڕێککار بۆ چالاکییەکانی دەوڵەت، ئەرك و مافەکانی هاووڵاتیان و سنووری ئازادییەکانیان دیاریدەکات، کە هاووڵاتیان لێی بەهرەمەند دەبن، دەرخەری پەیوەندی نێوان دەسەڵاتی فەرمانڕەوا و هاووڵاتیانیشە، هەروەها شێوەی سیستەمی ڕامیاریی و پەیوەندی نێوان دەسەڵاتەکانی (یاسادانان و جێبەجێکردن) دیاریدەکات، جا دەوڵەتەکە دیموکراسی یان دەسەڵاتخواز بێت، دەستوور گەرەنتی ماف و ئازادییەکانی هاووڵاتیان لە بەرامبەر هەردەستدرێژییەك کە لەلایەن دەوڵەتەوە بکرێتەسەری دەکات، هەربۆیە دەستوور بەرزترین بنەمای یاسایییە لە دەوڵەتدا"[١].بەمشێوەیە و لەبەر ئەوگرنگییەی کە ئەم بەڵگەنامە فەرمییە هەیەتی، وادەکات کە "دەسەڵاتی فەرمانڕەوایی لە دەوڵەتدا بەگشتی بکەوێتەژێر هەژموون و کاریگەری بنەماکانییەوە"[٢]، ئەوەش لەبەرئەوەی هیچکام لە دەسەڵاتەکانی دەوڵەت ناتوانن بەهرەمەند بن لە دەسەڵاتی خۆیان تەنها لە ڕێگەی دەستوورەوە نەبێت.

لێرەوەو لەبەرئەو گرنگییەی دەستوور بۆ سیستەمی فەرمانڕەوایی هەرێمی کوردستان هەیەتی، بە تایبەتیش هەبوونی هۆکارێکی باش دەبێت بۆ کەمکردنەوەی گەندەڵی و دەستواڵایی دەسەڵاتداران، (د.ڕێواس فایەق) سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان بۆ(خولی پێنجەم)، لە کۆنفرانسی (یەکڕیزی و دەستوور) دەڵێت "دەستور دەبێتە بەربەست لەبەردەم دەسەڵاتداران بۆئەوەی مافی هاووڵاتی پێشێل نەکەن، سنووری نێوان دەسەڵاتەکان دەپارێزێت و دەستوەردان کەمدەکاتەوە، هەروەها داهات شەفاف دەکات، بۆیە بەبڕوای من

---

[١] ) م.م. أسامة عبد علي خلف، الدستور والتعديل الدستوري في الدول العربية، مجلة الأستاذ للعلوم الأنسانية و الأجتماعية، العدد٢٠٠، ٢٠١٢، ص٣.

[٢] ) هديل مالك و نظال عباس طه، أهمية خضوع الحكام للقانون و أثره على الحقوق الأنسان، مجلة السياسية والدولية، العدد٣٥-٣٦، ٢٠١٧، ص٥٨١.

هەندێك لە بڕیاربەدەستەكان، كە دەڵێن هەلومەرج لەبارنییە بۆ نووسینەوەی دەستور لەبەرئەوەیانە كە هیچ كۆتوبەندێكیان لەسەرنەبێت لەكاتێكدا دەستێوردان دەكەن لەكاروباری دەزگا و دامەزراوە فەرمییەكان، یان دەست بۆ داهاتی گشتی دەبەن"[١]، هەر پەیوەست بە ڕیفۆرمكردن لە سیستەمی فەرمانڕەوایی هەرێمی كوردستان و پێویستیبوونی دەستوور وەك خواستێكی حەتمیی، كە ناكرێت پشتگوێ بخرێت، وەك (د. شۆڕش حسن) دەڵێت دەستوور" ڕێگری دەكات لە گۆڕینی یاساكان بە شێوەیەكی ئاسان" بۆ نموونە"یاسای سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان بەپێی ویست و بەرژەوەندی لایەنێك تازەكراوەتەوە و ماوەكەی درێژكراوەتەوە، هەروەها یاسای ئەنجومەنی وەزیران (١٠)جار هەمووار كراوەتەوە، كەواتە ئەگەر دەستوور هەبێت، پەرلەمانی كوردستان ناتوانێت بە ئاسانی یاساكان بگۆڕێت وهەمووواریان بكاتەوە، چونكە ئەگەر دەستوور هەبێت، دەبێت دادگای دەستووریمان هەبێت، دادگای دەستووریش ڕێگری لە هەموو پێشێلكارییەكی دەستووریی دەكات و لەیاسا دەرچووەكانیش سزادەدات"[٢]، هەموو ئەمانەش دەبنە هۆكاری ڕیفۆرم و كاریگەری زۆر لەسەر بەرەوپێشچوونی سیستەمی فەرمانڕەوایی دەخەنەوە، لەبەرئەوەی لە نەبوونی بەڵگەنامەیەكی دەستوورییدا زۆرجار كاری نایاسایی گەورە لە هەرێمی كوردستان ئەنجامدراوەو ئەنجامدەرانیشی بەبێ هیچ سزادانێت لێی دەرچوون.

لەوێوە كە سیستەمی ناناوەندیی كارگێریی تەواو(كامڵ) یەكێكی ترە لە میكانیزمەكانی ڕیفۆرمكردن لە سیستەمی فەرمانڕەواییدا و هۆكارێكە بۆ چالاكتركردنی دامەزراوەكان و كەمكردنەوەی قورسایی لەسەر وەزارەتەكان و خێرا ڕاییكردنی كاروبارەكانی بەڕێوەبردن، ئەوا بایەخدان بەم سیستەمە لە توێژینەوەی ئەنجامدانی چاكسازیی ڕیشەیی لە سیستەمی فەرمانڕەواییدا دەبێتە كارێكی پێویست، بە تایبەتیش كە "دابەشكردنی كارەكانی بەڕێوەبردن لەنێوان حكومەتی ناوەندیی و پایتەخت و لەنێوان ئەنجومەن و دەستە ناوچەییە هەڵبژێراوەكاندا، بەم پێیە ئەم دەستە و ئەنجومەنانە لە كاتی ڕاییكردنی ئەركە كارگێرییەكاندا لەژێر چاودێریی و سەرپەرشتی حكومەتی ناوەندیدان"[٣]. لێرەوەیە ناناوەندیی بەڕێوەبردنی كامڵ یەكێك دەبێت لە"هۆكارەكانی ڕێكخستنی كارگێریی و دابەشكردنی لەنێوان حكومەتی ناوەند و ئیدارە ناوچەییەكاندا دەبێت حكومەت لێگەڕێت بەشێوەیەكی سەربەخۆو ڕاستەوخۆ ئەركەكانی بەڕێوەبردن جێبەجێبكەن، ئەو دەسەڵاتەی پێیاندراوە لە چوارچێوەی ئەو پەیوەندییە یاساییە دیاریكراوەی، كە لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندا هەیانە و ناوەزەند دەكرێت بە گواستنەوەی دەسەڵات و دەركردنی بڕیار بۆ دەزگاكانی جیاواز لە دەسەڵاتی ناوەندیی"[٤]، لێیبەهرەمەند بن وئەمەش دەبێتەهۆكاری ئەوەی هاوولاتیانی هەموو یەكەكانی بەڕێوەبردن هەست بەبوونی خۆیان بكەن وەك تاكێكی بەرپرسیار و خاوەن پێگەو دەسەڵات.

---

[١] ) د.ڕێواس فایق، كۆنفرانسی (یەكڕیزی و دەستوور)، K24.TV، ٢٠٢١/٥/١٩، بەرواری سەردانیكردن٢٠٢١/٧/١٥.

[٢] )د.شۆڕش حسن عمر، بنەماكانی نووسینەوەی دەستووری هەرێم، كەناڵی كوردسات نیوز، ٢٠٢١/٦/٢٢، بەرواری سەردانیكردن/٢٠٢١/٧/١٥.

[٣] ) د.فوزي حسين سليمان و فريد كريم علي، اللامركزية الأدارية في العراق مالها وماعليها، مجلة الرافدين للحقوق، مجلد١٥، العدد٥٥، السنة١٧، ٢٠١٢، ص٢٩٧.

[٤] ) هەمان سەرچاوە، لا٢٩٧.

لە پەیوەند بەو زانیارییە ئاماژەبۆکراوانەی سەرەوەدا، پێویستە ئەوەبزانرێت، کە سەرەڕای دەرچواندنی یاسای( ژمارە(٣)ی ساڵی ٢٠٠٩)* لەلایەن پەرلەمانی هەرێمی کوردستان، کە ئاماژە بە ناناوەندیی بەڕێوەبردن لەپارێزگاکان دەکات، کە لە دەروازەی دووەمدا ئاماژەی پێدراوە، بەڵام لە ڕاستییدا و لەسەر ئەرزی واقیع کاری تەواوی پێنەکراوە، بەڵگەش بۆ سەلماندنی ڕاستی ئەم بابەتە ئەوەیە کە لە کارنامەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان هاتووە دەڵێت"کاردەکەین بۆ چەسپاندنی ناناوەندیی بەڕێوەبردنی پارێزگاکان، کە گونجاوبێت لەگەڵ سیستەمی یاسایی و بەڕێوەبردنی هەرێمی کوردستان و شۆڕکردنەوەی دەسەڵاتەکان و دابەشکردنی ئەرك و بەرپرسیارێتی بەپێی یاسا"[١].

بە مەبەستی پشتڕاستکردنەوەی بوونی ناوەندێتی بەڕێوەبردن لە بەڕێوەبردنی ئۆرگانە ناناوەندییەکاندا هەرێمی کوردستان، دەکرێت ئەوەش بخرێتەڕوو، کە "تائێستا پێدانی دەسەڵاتی دارایی بە یەکە خۆجێیەکان پێویستی بە ڕەزامەندی وەزیری دارایی و ئەنجومەنی وەزیران دەبێت"[٢]. هەربۆیە پێویستە "دەسەڵاتی زیاتر بدرێت بە بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکان و بەڕێوەبەرایەتییە خزمەتگوزارییەکان، کە بەشێکیان پێویستن و خزمەت بەخێراکردنی کاروباری هاووڵاتیان دەکات"[٣]. هەروەها پرسێکی تری پشتگوێخراو کە پەیوەستە بە چەسپاندنی ناناوەندی بەڕێوەبردن، بریتیەلە "پرۆسەی هەڵبژاردن لەدانانی ئەنجومەن و کاربەدەستانی یەکە ناناوەندییەکاندا، کە جگە لە پارێزگاکان لە ئاستی هیچ یەکەیەکی خوارتردا (قەزا، ناحیە....)هیچ کاربەدەستێك بە هەڵبژاردنی ڕاستەوخۆی هاووڵاتیان دانەنراوە[٤]، ئەمەش بەڵگەی نەبوونی ناناوەندیی ڕاستەقینەیە لە هەرێمی کوردستاندا و هۆکاری سەرنەگرتنی پرۆسەی چاکسازییە بۆ سیستەمە فەرمانڕەواییەکەی.

هەروەها پرسێکی گرنگی تری پەیوەست بەناناوەندیی بەڕێوەبردن، بریتیە لە پرسی نەوت و (پترۆدۆلارە)*، کە "ئەمیش پاڵپشتیەکی تری دارایی یەکەخۆجێیەکانە بۆ بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی خۆیان، بەڵام ئەمەش پێویستی بە ڕەزامەندی دوولایەنەی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستانە، جگەلەوەی ئەم زەمینەسازیەش پێویستی بە ڕێکەوتنی فرەلایەن هەیە، هەروەها لەلایەکی تریشەوە حکومەتی هەرێمی کوردستان پێویستی بەوەیە، کە وەك کاڵایەکی نیشتیمانی مامەڵە لەگەڵ نەوت بکات و ڕێگری بکرێت لەوەی بکرێتە کاڵایەکی لۆکاڵیی، واتە داهاتەکانی نەوت بۆ هەموو خەڵکی کوردستان بێت نەك ناوچەکی دیاریکراو، هەرچەندە ئەو ناوچانەی، کە سامانی نەوتیان تێدایە لەپێشترن، کە سوودمەندی سەرەکی بن لەم سامانە نیشتیمانییە"[٥].لە لایەکی تریشەوە، بەهۆی ئەوەی کە دیاردەی دوو ئیدارەیی تا ئێستا هەیە "ئەمەش جۆرێك لە

---

١ )سامان ساڵح فەرەج، سەرچاوەی پێشوو، لا٥٠.

٢ ) هۆگر ئیبراهیم حەکیم، لامەرکەزیەتی پارێزگاکان(تەگەرە یاساییەکان و دەرفەتەکانی چەسپاندنی)، گۆڤاری ئایندەناسی، ژ٧، ساڵی دووەم، ئایاری٢٠٢١،لا٤٣-٤٤.

٣ ) هەمان سەرچاوە، لا٤٤.

٤ )د.یوسف گۆران و ئەوانی تر، ململانێ ئەستەمەکان لە عێراق هەرێمی کوردستان، ڕانانی ئایندەیی/ژ٣، نیسانی ٢٠٢٠، لا٩.

*پترۆدۆلار: مەبەست لێی ئەو بەشە پارەیە کە بۆناوچانەکانی بەرهەمهێنانی نەوت خەرجدەکرێت لەبری بوونی ئەو نەوتە کە تیایدا بەرهەمهاتووە وەکو پاداشت.

٥ ) هۆگر ئیبراهیم حەکیم، لامەرکەزیەتی پارێزگاکان، سەرچاوەی پێشوو، لا٤٣.

ڕقلێبوونەوەی لەهەمبەر دەسەڵاتی ڕامیاریی دروستکردووە، دەکرێ بە یاساییکردنی پرسی ناناوەندی بۆ هەرچوار پارێزگاکەی هەرێمی کوردستان، لە ئاسەوارەکانی دوو ئیدارەیی کەمبکرێتەوە و زۆرتر ڕەنگدانەوەی ناکۆکی پارتە ڕامیارییەکان بێتەکایەوە، چونکە ئەگەری ئەوە هەیە کە لەکاتی هێنانەدیی سیستەمی ناناوەندیی، خۆپیشاندانی هاووڵاتیان بۆ دابینکردنی پێداویستیەکانیان زۆرتر ئاڕاستەی دەسەڵاتە خۆجێییەکان بکرێت ، نەك دەسەڵاتی ناوەند(حکومەت هەرێمی کوردستان)، خودی حکومەتی ناوەندیش دەتوانێ یارمەتیدەری باشتر دابینکردنی خزمەتگوزارییەکان بیت"[1]. هەروەها دەبێتەهۆی هێنانەدی دادپەروەری"لە دابەشکردنی داهات، کە یەکێك لەو پاساوانەی کە فراکسیۆنەکانی یەکێتی و گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان و لە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی بۆ هێنانەدی ناناوەندیی پەنای بۆدەبەن، بریتیە لەوەی، کە بودجەی هەرێمی کوردستان بە دادپەروەرانە بەسەر پارێزگاکاندا دابەشناکرێت"[2].

بۆیە بۆ چەسپاندنی ئەم فۆرمە لە سیسەمی بەڕێوەبردن، کە ئامانج لێی بەشداری زیاتری گەلە لەکاری بەڕیوەبردن و کارگێڕییدا و هۆکارێکی باشیش دەبێت لەچاکسازیکردن لەسیستەمی فەرمانڕەواییدا پێویستەکە "کاربکرێت بۆ بەهێزکردنی پایەکانی ناناوەندیی لە کۆی شێوازەکانیدا، وەك پابەندبوون بە هەڵبژاردنی خولیی بۆ ئەنجومەنەکان و کاربەدەستان لەسەر ئاستی سەرجەم یەکە نیشتیمانی (هەرێم و ناوچەی خۆجێیی پارێزگا، قەزاو ناحیەکان)، دەستواڵاکردنی یەکە ناوچەییەکان بۆ دابینکردنی داهات و خەرجییەکانی خۆیان"[3]، لە پێناوی خزمەتکردنی زیاتری خەڵکی کوردستاندا.

بە تێگەیشتن لەوەی لەسەرەوە توێژینەوەی لەسەرکرا، پێویستە بۆ ڕیفۆرمکردن لە سیستەمی فەرمانڕەوایی هەرێمی کوردستاندا، کە بەدەست چەندین گرفت و تەنگژەی سەختەوە دەناڵێنێت، سوود لەم میکانیزمانە وەربگیرێت، بۆئەوەی کاری دامەزراوەکان ئاسانتربکرێت و ڕێگری لە دەستێوەردان و قۆرخکردنی دەسەڵاتەکان لە دەستی تاقمێکی دیاریکراو بکرێت، هاوکات ئەم میکانیزمانە بکات بە هۆکاری دیاریکردنی سنووری دەسەڵاتەکان و جیاکردنەوەیان بۆ دروستکردنی هاوسەنگی و هەماهەنگی و ملکەچی لەنێوانیاندا، کە هاوکارێکی باش دەبێت بۆ بە دامەزراوەکردنی سیستەمەکەو کەمکردنەوەی هەژموونی کەسایەتی و زاڵبوونی دامەزراوەیی و سەروەربوونی یاسا و کارکردن بەیاسا، کە ئەمانەش دواجار کۆی سیستەمەکەی لێ سوودمەند دەبێت، ئەمە جگەلەوەی کە سەقامگیری و ئاشتی کۆمەڵایەتیشی لێدەکەوێتەوە .

[1] )د.هیوا مجید خلیل، سەرچاوەی پێشوو، لا٣٨١.
[2] )هەمان سەرچاوە، لا٣٨١.
[3] ) د.یوسف گۆران و ئەوانی تر، سەرچاوەی پێشوو، لا١٠.

## تویژینچەی دووەم: بونیادنانەوەی سیستەمی بەڕێوەبردن لە هەرێمی کوردستان بەپێی پێودانگە نێودەوڵەتییەکان

بونیادنانەوەی سیستەمی بەڕێوەبردن لە هەرێمی کوردستان و چالاکترکردنی دامەزراوەکانی و چارەسەرکردنی ئەو تەنگژانەی، کە ڕووبەڕووی بۆتەوە، پێویست بەوەدەکات، کە دووبارەو سەرلەنوێ پێداچوونەوە بە هەیکەل و کارەکتەرو میکانیزمی کارکردنی سیستەمەکەدا بکرێتەوە، هەروەها سیستەمەکە لەسەر بنەمای ڕێسا و پێودانگە نێودەوڵەتییەکان بنیادبنرێتەوە، کە ئەم ڕێساو بنەمایانەش وادەکات سیستەمی بەڕێوەبردنی هەرێمی کوردستان بەپێی سەردەم و لەگەڵ سیستەمە پێشکەوتووەکانی جیهاندا گونجاو و هاوسەنگ بێت، هاوکات لە زۆربەی ئەو تەنگژانەی کە لەدامەزراندنییەوە تا ئێستا هۆی ئیفلیجبوونی سیستەمەکەیە ڕزگاری بێت، دەبێتەهۆکاری پێشکەوتن و پەرەسەندنیشی، هاوکات فۆرمی کارکردنیشی دەگۆڕێت و ئامانجەکانی بەدیدەهێنێت و کاربەجێیی و گورجوگۆڵی و بەرنامەڕێژیی دەبەخشێتە کۆی کارەکتەرەکانیشی، ئەوکات هەم سیستەمەکە بەهێزدەکات و هەمیش بەرهەمەکانی زیاتر دەکات.

لێرەوە کە پرەنسیپی(دانانی کەسی شیاو لە شوێنی شیاو) بە یەکێك لە گرنگترین میکانیزم و پێودانگە نێودەوڵەتییەکانی سیستەمێکی بەڕێوەبردنی سەرکەوتوو دادەنرێت و دەکرێت سودی لێوەربگیرێت بۆ بونیادنانەوەی سیستەمی بەڕێوەبردن لە هەرێمی کوردستان، هەروەها وەك هەنگاوێکی باش بۆ کارکردن لەپێناوی چەسپاندنی بنەماو توخمە چالاك و بەتواناکانی سیستەمی بەڕێوەبردنی سەرکەوتوو بنفەرمان(توظیف) بکرێت، بە تایبەتیش کە فەرامۆشکردنی ئەم پرەنسیپە کەلێنێکی گەورەی بەڕێوەبردن لە دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستاندا دروستکردووە، هەربۆیە چەسپاندنی ئەم پرەنسیپە کاریگەری زۆرو گەورەی دەبێت لە پرۆسەی بونیادنانەوەی سیستەمی بەڕێوەبردن لە هەرێمی کوردستاندا، لەبەرئەوەی "تەنیا کەمینەیەك لە فەرمانبەران بەپێی بواری پسپۆڕی و ئەزموون و ئارەزوو و لێهاتوویان لە شوێنەکانیان دامەزراون، بۆیە زۆرینەی کارمەندان لە کارەکانی خۆیان ڕازینین و بەرهەمەکانیان کوالیتی نزم و هەروەها فەرمانبەران ژمارەیان زۆر زیاترە لە پێویستی دامەزراوەکان، ئەمەش ئەو ڕاستییە دەردەخات، کە گرنگی نەدراوە بە توانا و لێهاتووی فەرمانبەران، هەروەها دامەزراندن بۆ پڕکردنەوەی پێداویستی نەبووە، بەڵکو بۆ پارەدارکردن بووە"[1]، هەربۆیە سیستەمی بەڕێوەبردن لە هەرێمی کوردستان تووشی گرفت و ئاڵۆزی زۆربۆتەوە.

بەڵام لەبەرئەوەی بەردەوام و زۆرجار حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەو پرەنسیپە ئاماژەبۆکراوەیان فەرامۆشکردووە و لەبری ئەوە "پەیڕەوییان لە لۆژیکی چەوت و نادروست بۆ ڕازیکردنی خەڵك ولایەنگرەکانی پارتە دەسەڵاتدارەکان پرۆسەی دامەزراندنیان ئەنجامداوە، بەجۆرێك کە دامەزراندن لەسەر بنەمای ناڕوونی و بۆ کەمکردنەوەی (بێکاری)، دەبێتەهۆی لەدەستدانی توانا و لێهاتوویی و گیانی

[1] )د.دلاوەر عەبدولعەزیز عەلائەددین، نیشتیمانسازی، لا٢٧١.

بەرپرسیارێتی نیشتیمانی، دەبێتەهۆی قەرەباڵەغی دامودەزگاکانی دەوڵەت، هەروەها دەبێتەهۆی لەدەستچوونی پێشکەوتن و لە دەستدانی سودوەرگرتن لە تواناکان، جا بۆ چارەسەری ئەم گرفتە، پێویستە کۆمەڵێك ڕێوشوێن بگیرێتەبەر بۆ ئامادەکردنی وەزیفەی گشتی و هەلی دامەزراندن، کە بەپێی مەرجی پێشکەوتوو بێت، لەوانە (بڕوانامە، هەڵسەنگاندنی لێهاتوویی بەپێی تاقیکردنەوەی تایبەت بەزمان و ڕۆشنبیری، هەروەها لێکۆلینەوە لەسەرکەسێتی و ژیانی ئەوکەسە کە داواکاری پێشکەشدەکات)"[١] پەیڕەویکردنی ئەم مەرجانە یارمەتیدەری سیستەمی بەڕێوەبردن دەبێت بۆ چەسپاندی ئەو پرەنسیپە گرنگە.

لەڕاستیدا چەسپاندنی پرەنسیپی (کەسی شیاو لەشوێنی شیاو) پێویست بەوەدەکات کە "دامەزراندن بەپێی هەڵبژاردن و پێشبڕکێ بێت، بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئیلتیزامی حیزبیان، لەنێو ئەوانەی بڕوانامەی بەرزتر یان پسپۆڕییەکی زۆررتریان لەبواری پەیوەست بەفێربوونی کاردا هەیە، دەتوانرێت چۆنایەتی بەرزی کارمەندانی بەڕێوەبردن دابینبکرێت، ڕاستە کە ئەم شێوە هەڵبژاردنەی کارمەندانی بەڕێوەبردن تا ڕادەیەك دەبێتەهۆی ئەوەی ئەم کارانە هەر وەبەر زانایان و زیرەکەکان بکەون، بەڵام زۆر گرنگە ئەم کارانە نەبنە هی گروپێکی کۆمەڵایەتی تایبەت"[٢]. لێرەدا دەکرێت ئاماژە بەهەنگاوگەلێك بکرێت، کە گرنگی خۆیان هەیە لەم بوارەدا، لەوانەش وەك نموونەی ئەو هەنگاوەی کە وەك هەوڵێکی تاك لایەنانە وەزارەتی خوێندنی باڵای حکومەتی هەرێمی کوردستان لە هەنگاوێکیدا کاری بۆ ئەو مەبەستەکردووە ئەویش سەرەتاکەی دەگەڕێتەوە بۆ "سەرەتای دەستەبەکاربوونی کابینەی شەشەم، لە مانگی تشرینی دووەمی ٢٠٠٩دا دەستیکرد بەگۆڕینی ڕێنمایی دامەزراندن و گواستنەوەی ڕاژە بۆ سەرجەم پلەوپایەکانی پیشەیی، بڕیاریدا هەموو پۆستێك بەکێبڕکێی کراوەو لەسەر بنەمای (سی ڤی) و لە ڕێگەی ڕاگەیاندن و هەڵسەنگاندن و چاوپێکەوتنەوە پڕبکرێتەوە"[٣]، بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە ئەوەیەکە ئەم پرۆسەیە تەنها لە چوارچێوەی ئەم وەزارەتە دامایەوە و نەکرا بەمیکانیزمێك کە سەرجەم وەزارەتەکانی دیکەش پەیڕەوی بکەن.

بابەتێکی تری پەیوەست بەپرسی بونیادنانەوەی سیستەمی بەڕێوەبردن بەپێی پێودانگە نێودەوڵەتییەکان، بریتییە لە هەڵسەنگاندنی کاری فەرمانبەران و پۆستهەڵگرو دامودەزگا کارگێڕییەکان، بۆیە ئەم بنەمایەش پێویستە بکرێتە یەکێك لە پێوەرەکانی کاری بەڕێوەبردن لە دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستاندا، هەربۆیە "حکومەتی هەرێم پێویستی بە دۆزینەوەی میکانیزمی لەبارە بۆ هەڵسەنگاندنی ئاستی ئەرك بەجێهێنانی دامەزراوەکانی حکومەت و سەرکردە کارگێڕییەکانی دامەزراوەکان، پەیڕەوکردنی پرۆسەیەکی جیددی بۆ بەدواداچوون و لێپرسینەوە و هاوکاریکردن و پڕکردنەوەی کەموکوڕییەکان، دەکرێ لە ئاستی ئەنجومەنی وەزیرانەوە دەزگایەکی تایبەتمەند بۆ ئەو مەبەستە تەرخانبکرێ و کەلتووری هەڵسەنگاندنی ئاستی ئەرك

---

[١] )د.عادل طالب سالم ومها فاروق عزت، أهمية العوامل المؤثرة في الأصلاح الاداري لمواجهة الفساد، مجلة كلية بغداد للعلوم الأقتصادية الجامعة، العدد١٨، ٢٠١٨، ص١٢-١٣.

[٢] )دیڤید بیتهام – کوین بۆیل، ئازادی، دیموکراسی و کۆمەڵی مەدەنی)، و: ئەبوبەکر خۆشناو، چاپ/ ئۆفیسی ڕووناکبیری/ سلێمانی، ١٩٩٩، ل٩١.

[٣] ) د.دلاوەر عەبدولعەزیز عەلائەددین، نیشتیمانسازی، ل٢٧٣-٢٧٤.

بەجێهێنان لە سیستەمی فەرمانڕەوایەتی هەرێمدا بچەسپێ، بەمشێوەیە دەكرێ دامەزراوەكانی كەرتی گشتی لە هەرێمدا بە میكانیزمی ناوەكی هەر یەكەیان ساڵانە هەڵسەنگاندن بۆ ئاستی ئەرك بەجێهێنانی خۆیان بكەن، یان پسپۆڕێكی دەرەكی بۆ ئەومەبەستە بەكاربهێنن"[١]. لێرەوە دەردەكەوێت "هەڵسەنگاندنی(أداء) كاربەجێگەیاندن، بنەمایەكی بنەڕەتییە بۆ پرۆسەكانی گەشەپێدانی كارگێڕیی، كە چەند لایەنێك دەگرێتەوە، لەوانە هەڵسەنگاندنی دامەزراوەو ڕێوشوێنەكانی كاركردن، خودی فەرمانبەرەكان، هەروەها هەڵسەنگاندن زانیاری گرنگ لەسەر كاربەجێگەیاندنی فەرمانبەران و یارمەتیدەرە بۆ دیاریكردنی خاڵی دەستپێكی هەموو پرۆسەیەكی پەرەپێدان، جگەلەمە، هەڵسەنگاندن بەشداریدەكات لە دەرخستنی توانا و لێهاتوویيەكانی فەرمانبەران و دەروازەیەكە بۆ دووبارە دابەشكردنی كارو بە پێی ڕۆڵ و بەرپرسیارێتی"[٢]، هەروەها هاوكاری لێپرسراوان دەكات لە دۆزینەوەی لایەنی لاوازو كەمتەرخەم، كاركردن بۆ بەهێزكردنیان.

سەرەڕای گرنگی فاكتەری هەڵسەنگاندنی فەرمانبەران، كە پێویستبوو نێوەندی بڕیاری حكومەتی هەرێمی كوردستان كاری بەم میكانیزمەش بكردایە بۆ تۆكمەكردنی سیستەمی بەڕێوەبردن لەهەرێمدا "بەڵام بەداخەوە سیستەمێكی هەڵسەنگاندنی زانستی تۆكمە لە حكومەتی هەرێمی كوردستاندا كە ببێتە نەریتێكی بەڕێوەبردن، بوونی نییە، ئەویش بەهۆی نەبوونی شەفافییەت و داتای ڕاستەقینە بۆ پرۆسەی هەڵسەنگاندن، نەبوونی ئیرادەیەكی ڕامیاریی بۆ دروستكردنی سیستەمێكی لەمجۆرە، نەبوونی شارەزایی و ئەزموونی پێویست بۆ ئەنجامدانی پرۆسەی هەڵسەنگاندن، هەروەها تێڕوانین بۆ پرۆسەی هەڵسەنگاندن وەكو مەترسییەك بۆ سەر هەندێك بەرژەوەندی تایبەت، هەروەها نەبوونی وەسفی كاركردن و دابەشكردنی كار لەدامەزراوەكانی حكومەتی هەرێمدا، ئەم هۆكارانە وایانكردووە ئەم پرۆسەیە نەچێتە بواری جێبەجێكردنەوە، وەك پرۆسەیەكی بەردەوام و چالاك"[٣]، هەروەها بەهۆی جێبەجێنەكردنی ئەم میكانیزمە گرنگەوە حكومەتی هەرێم نەیتوانیوە فەرمانبەرو پۆستهەڵگرە بەتواناو لێهاتووەكان بەشێوەیەكی زانستی دیاری بكات و هەوڵی پەرەپێدانی تواناكانیان بدەن بۆخزمەتكردنی سیستەمی بەڕێوەبردن.

هەروەها بۆ زیاتركردنی و بەرزكردنەوەی توانای كارمەندانی كەرتی گشتی، پێویستە مەشق و ڕاهێنان بكرێتە هۆكارێك بۆ چەسپاندنی پێودانگە نێودەوڵەتییەكان، كە هۆكارێكە بۆ پەرەسەندنی سیستەمی بەڕێوەبردن لە هەرێمی كوردستاندا، بۆیە دەتوانرێت بوترێت "مەشق و ڕاهێنانكردن بریتیە لە پرۆسەیەكی نەخشەبۆكێشراو، كە ئامانج لێی زیادكردنی زانیاری و تواناو لێهاتوویی فەرمانبەرە لە بوارێكی دیاریكراودا بۆ باشتركردنی كاربەجێگەیاندن، یاخود گۆڕینی ئاراستە و شێوازەكانی ڕەفتاركردن، كە یارمەتیدەربێت بۆ گەیشتن بە مەبەست و ئامانجەكانی ئەو دەزگایە لەئێستا و داهاتوودا، هەروەها كۆمەڵێك كاروكردەوەیە، كەوا

---

[١] ) د.دلاوەر عەبدولعەزیز عەلائەددین، نیشتیمانسازی، لا٢٦٨-٢٦٩.

[٢] )موسى محمد أبو حطب، فاغلية نظام تقيم الأداء وأثره على المستوى أداء العاملين، رسالة مقدمة لكلية التجارة/ قسم أدارة الأعمال/ جامعة الأسلامية-غزة، ٢٠٠٩، ص١٦.

[٣] ) ڕاپۆرتی شیكاری/سایتی سبەی، پرۆسەی هەڵسەنگاندنی ڕۆڵ(حكومەتی هەرێم بەنموونە)،٢٠١٤/١٢/٢٢، بەرواری سەردانیكردن/٢٠٢١/٨/٢٥، لەسەر ئەم لینكە بەردەستە،https://bit.ly/3HwhVaV/ .

دەکات کارمەندانی دەزگایەك لە حاڵەتی ئامادەسازییدابن و بەردەوام لە پێشکەوتندابن لەپێناو جێبەجێکردنی ئەرکەکانی ئێستاو داهاتوودا لە چوارچێوەی دامودەزگاو ژینگەکەیدا"[١].

لێرەوە دەردەکەوێت پرسی بونیادنانەوەی سیستەمی بەڕێوەبردنی هەرێمی کوردستان پێویستی بە "لەشکرێك لە پیشەمەندانی پێشەنگ و هونەرمەند هەیە، کە ئاستی زانست و شارەزایی تەکنەلۆژیاو کوالیتی بەرهەمهێنانی لە ئاستێکی جیهانییدا بێت، ئامادەکردنی ئەم لەشکرەش پێویستی بە سەدان پێشڕەوی ئەکادیمی و تەکنیکی هەیە، سەرکردایەتیکردنیشیان لە مەیدانی کاردا پێویستی بە هەزاران پێشڕەوی پیشەیی هەیە، دیارە کە زانست و تەکنەلۆژیا لە پێشکەوتنی خێرادایە، بەهەمان شێوەش هونەری بەڕێوەبردن و پێشڕەویکردنیش بەشێوازی مۆدێرن لەگەشەکردنی خێرادایە، بۆیە سەرجەم وڵاتانی سەرگۆی زەوی پێویستیان بە وەبەرهێنانی بەردەوامە لە توانا مرۆییەکان و توانا پێشڕەوییەکانی سەرکردە پیشییەکانە"[٢].

لێرەدا جێگەی خۆیەتی ئەوە بوترێت هەرچەندە ئەم میکانیزمە، گرنگییەکەی هەستپێکراوبوو لەلایەن دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستانەوە، بەڵام کارکردن لەمپێناوەدا پێویستی بە توانایەکی ئابووری گەورەو بارودۆخی سەقامگیرهەیە، بۆیە هەرلە "سەرەتای دروستبوونی کابینەی یەکەمی حکومەتی هەرێم تا پێکهێنانی کابینەی(پێنجەم) یەکگرتووی حکومەتی هەرێم، بارودۆخ ئابووری و ڕامیاریی هەرێم لەو ئاستەدانەبوو، کە حکومەت ئەولەوییەت بداتە ناردنی زانستخوازان بۆ دەرەوەی وڵات، ئەو پرۆسە گرانبەهایە پێویستی بە ئارامی ڕامیاریی و بودجەی گونجاو و پلانی درێژخایەن هەیە، لەساڵانی نەوەدەکاندا، لە سەردەمی شەڕی ناوخۆدا هیچکام لە ئیدارەی سلێمانی و هەولێریش بۆیان نەدەکرا تەرکیز بخەنەسەر توانا مرۆییەکان و دواتریش سەرەڕای ئارامی ڕامیاریی و زیادبوونی داهاتی هەرێم کەچی هەر سیاسەتێك بۆ ئەو جۆرە پرۆژەیە ئامادەنەبوو"[٣].

هەروەها پرۆسەی بونیادنانەوەی سیستەمی بەڕێوەبردن و چەسپاندنی پێودانگە نێودەوڵەتییەکان، لە هەرێمی کوردستاندا، پێویستییەکی جەوهەریی بە یەکێکی تر لەو میکانیزمانەی کە لەڕۆژگاری ئەمڕۆدا لەسەر ئاستی جیهان کارپێدەکرێت و هەیە، پێویستە لە دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستانیش کاری بۆبکرێت، ئەویش بریتییە لە "دروستکردنی حکومەتی ئەلیکترۆنی، کە شێوازێکی نوێیە بۆ سوودوەرگرتن لە ئامرازەکانی زانیاری و پەیوەندیکردن لەپێناو چالاکترکردنی توانای دامەزراوە حکومییەکان، کەمکردنەوەی تێچووەکان لە مەودای دووردا، هەروەها بەشداریکردن لە ئاسانترکردنی خزمەتگوزارییەکانی حکومەت بۆ تاك و کۆمەڵگا، هەروەها ئەم میکانیزمە گونجاوە بۆ گەشەکردنی خزمەتگوزارییەکان پێشتر بوونیان

[١] ) فضيلة بلالي و نجوى علاهم، دورالتدريب في تحسين أداء العاملين في المؤسسة، رسالة ماجستير مقدمة لكلية العلوم الأقتصادية والتجارية وعلوم/ جامعة الشهيد حمه لخضر، الوادي-الجزائر، ٢٠١٨، ص٣.
[٢] ) د.دلاوەر عەبدولعەزیز عەلائەددین، نیشتیمانسازی، ل٢٨٥
[٣] )هەمان سەرچاوە، ل٢٨٩.

نەبووە"[١]. هەروەها دیوێکی تری ئەم میکانیزمە، بریتییە لە "بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای پەیوەندیکردن، بۆ جێبەجێکردنی چاکسازی بەهۆی خێراترکردنی پرۆسەی شەفافیەت و نزیکترکردنەوەو لابردنی بەربەستەکان، دەرفەتدان بە هاوولاتیان لە هەموو هەنگاوەکانی پرۆسەی ڕامیاریی و بڕیارەکانی پەیوەست بەم پرسە، کە ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر لایەنە جیاجیاکانی ژیان هەیە"[٢].

هەر سەبارەت بە جێبەجێکردن و بەکارهێنانی ئەو میکانیزمە ئاماژە بۆکراوەی سەرەوە لەلایەن سیستەمی فەرمانڕەوایی لە هەرێمی کوردستاندا، دەکرێت بوترێت سەرەڕای ئەوەی، کە وەزارەتی (خوێندنی باڵاوتوێژینەوەی زانستیی)*، حکومەتی هەرێمی کوردستان وەك هەنگاوی دەستپێك لە ساڵی (٢٠١٨)ەوە، هەوڵیداوە ئەم پلانە جێبەجێبکات، بەڵام پێویستە كۆی دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بگرێتەوە، لەبەرئەوەی جێبەجێکردنی ئەم سیستەمە دەبێتەهۆی کەمکردنەوەی خەرجییەکان، کە لەڕێگەیەوە خزمەتگوزارییەکی زۆر بە تێچوویەکی کەم پێشکەشدەکرێت، داتایەکی باش لەبەردەست دەبێت بۆئەوەی بتوانرێت بڕیارێکی دروست بدرێت، چونکە بڕیاری دروست لەسەر داتای دروست دەدرێت، ئامادەکاری بۆ بەرپەرچدانەوەی تەنگژەکان، بۆ نموونە ئەگەر لەسەردەمی سەرهەڵدانی (کۆرۆنا)دا سیستەمی وەزراەتی تەندروستی ئەلیکترۆنی بوایە دەتوانرا بەشێوەیەکی باشتر ئامادەکاری بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو تەنگژەیە بکرێت، بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا، وا لەهاوولاتیان دەکات کە بتوانن لەماڵەوە کارە کارگێرییەکانیان ڕایی بکەن، ئەمەش دەبێتەهۆی ڕەزامەندیی زیاتری خەڵك و کەمکردنەوەی ڕۆتینات"[٣].

لێرەوەو لە ئەنجامی ئەوەی لەسەرەوە توێژینەوەی لێکراوە، دەتوانرێت بوترێت، بۆ بونیادنانەوەی سیستەمی بەڕێوەبردن لە هەرێمی کوردستان و تۆکمەکردنی دامەزراوەکانی و هێنانەدی ئامانجەکانی، دەکرێت سوود لەو میکانیزمانە وەربگیرێت، کە ئاماژەی پێدرا، کە بەشێکن لە پێودانگە نێودەوڵەتییەکان، وەکو چارەسەر بۆ تەنگژە جۆربەجۆرەکانی سیستەمی کارگێڕیی لە هەرێمی کوردستان و بۆ بەرزکردنەوەی تواناکانی و باشترکردنی کوالیتی کارەکانی دامەزراوەکان و کەمکردنەوەی تێچووەکان و ئاسانکردن وخێراکردنی کاری هاوولاتیان، بەفیڕۆنەدانی کات و کەمکردنەوەی هاتووچۆی هاوولاتیان، هەروەها لە پێناوی ڕاییکردنی کاروبارە کارگێرییەکانیان، کەمکردنەوەی گەندەڵی و واستەو واستەکاری، کەمکردنەوەی دیاردە نەشیاوەکانی تر، ئەمەش لە پێناوی دروستکردنی کۆمەڵە دامەزراوەیەك، کە پلان و ئامانجیان خزمەتکردن بێت.

---

١) علي عبدالله العتيبي، معوقات تطبيق الحكومة الألكترونية من وجهة نظر العاملين في القطاع الحكومي الأردني، رسالة مقدمة الادارة العامة/ قسم الادارة العامة/ جامعة مؤتة/الأردن، ٢٠٠٤، ص٥

٢) علي عبدالله العتيبي، سەرچاوەی پێشوو، لا٥.

*لەمیانەی مەراسیمێکدا وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی (د.یوسف گۆران)، لە ٢٠١٨/٢/٢٨ سیستەمی بەئەلیکترۆنیکردنی وەزارەتەکەی ڕاگەیاند، تیایدا باس لەوەدەکات کە سیستەمەکە شەش بوار دەگرێتەوە(ڕێکخستنی سەرچاوە مرۆییەکان، ڕێکخستنی سیستەمی دارایی و بەڕێوەبردن، چاودێریکردنی مامەڵەو نووسراوەکان، سیستەمی زانیاری خوێندکاران و قوتابیان، سیستەمی بەڕێوەبردنی نێردراوان و یەکسانکردنی بڕوانامەکان).(د.یوسف گۆران،pukmedia، ٢٠١٨/٢/٢٨، بەرواری سەردانیکردن/٢٠٢١/٧/٢٥)، لەسەر ئەم لینکە بەردەستە:https://bit.ly/3FN7nDy .

٣ )هیوا ئەفەندی(سەرۆکی دەزگای تەکنەلۆژیاو زانیاری لەسەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران)، K24.TV، ٢٠٢١/٧/١٠

## تویژینچەی سێیەم: بەدیهێنانی گەشەی دیموکراسیی ڕاستەقینە وەك شێوازێکی سەرەکی سیستەمی فەرمانڕەوایی

هەرچەندە سیستەمی فەرمانڕەوایی لەهەرێمی کوردستان، بەوە دەناسرێت کە تا ئاستێك دیموکراسیی تیادا بەرجەستەو پیادەکراوە، ئەوەش لەوێوەدێت، کە سەرەتای پرۆسەی ڕامیاریی لە هەرێمی کوردستان، بە ئەنجامدانی هەڵبژاردنی دیموکراسیی و دروستکردنی دامەزراوەکانی پەرلەمان و حکومەت لەو هەڵبژاردنەوە دەستپێکرد، هەروەها دەرچوونی کۆمەڵێك یاسا لە پەرلەمانی کوردستان، لەوانەش یاسای پارت و ڕێکخراوەکان لە هەرێمی کوردستان، کە توخم و ڕەگەزێکی گرنگ و سەرەکی سیستەمی دیموکراسین کە لە ڕێگەیانەوە هاووڵاتیانی هەرێم بەشداری لە هەڵبژاردنی نوێنەرەکانیان دەکەن بۆ دەزگا نوێنەرایەتیەکانیان بەتایبەتیش پەرلەمان و ئەنجومەنی پارێزگاکان...، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەو پرۆسەی بەشداریکردنەی هاووڵاتی لە پرۆسەی ڕامیارییدا، بە تایبەتیش دامەزراوەکانی سیستەمی فەرمانڕەوایی لە هەرێمی کوردستان بێ کەموکوڕی و خەوش و ناتەواوی نین، هەموو ئەوەش کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر سیستەمی فەرمانڕەوایی هەرێم داناوە.

لەوێوە کە چەسپاندنی دیموکراسیی لە هەرێمی کوردستان، هۆکارێکی باشە بۆ بنەبڕکردنی گرفت و کێشەو تەنگژەکانی سیستەمی فەرمانڕەواییەکەی بە گشتی و سیستەمە بەڕێوەبردنەکەی بە تایبەتی، لەبەرئەوەی بوونی دیموکراسیی بەمانای ئەوەدێت، کە بەدوور لە کێشەو تەنگژە و پێکدادان "پێکەوەژیانی ئاشتییانە بوونی هەیە، ئەوەی سیستەمی ڕامیاریی لە سیستەمەکانی تر جیادەکاتەوە، چۆنێتی چارەسەرکردنی کێشەکانە، چونکە لە کەلتوری دیموکراسییدا کێشەو ململانێ بەشتێکی سروشتی دادەنرێت و بە پێویستیش دەزانرێت بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵگە، ئەوەش لەبری ئەوەی، کە بنەمای پێکدادان و توندوتیژی و سڕینەوەی لایەنەکانی تر باو و پیادەدەبێت، بەڵکو بەشێوازی یان میکانیزمی یاسایی دیموکراسییانە چارەسەردەکرێت"[1].

لێرەوە و سەبارەت بە هەرێمی کوردستان، ئەوا لەسەر سیستەمی فەرمانڕەوایی ئەم هەرێمەیە کاربکات بۆ چەسپاندنی دیموکراسی ڕاستەقینە، ئەوەش "لەڕێگەی ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان بەشێوەیەکی پاك و بێگەرد چونکە حکومەتە دیموکراسییەکان جەخت لەوەدەکەنەوە کە بۆ ڕەوایەتیان بۆ گرتنەدەستی دەسەڵات و فەرمانڕەواییکردنی فەرمانلەسەران (محکومین) لەڕێگەی هەڵبژاردنی ئازادەوە بێت، بەو پێیەی لە سیستەمی دیموکراسییدا فەرمانڕەوایان بە هەڵبژاردنی ئازاد دیاریدەکرێن و ڕەوایەتی وەردەگرن"[2]. لەلایەکیترەوە کاتێك هەڵبژاردن دەورو کاریگەری خۆی دەبینێت و دەپێکێت، کە هاووڵاتیان بتوانن لەدوای هەڵبژاردن لێپرسینەوە لە کاندیدەکانیان بکەن، ئەگەر نا، ئەوا "هەڵبژاردن وەك ڕاستییەك بە تەنها، هەڵگری بونیادێکی

---

[1] ) نەجات عەلی صالح، دیموکراسی وەك ڕەگەزێکی نوێ لە ئاسایشی نەتەوەییدا لە ڕوانگەی قوتابخانەی کۆبنهاگن، ماستەرنامە، کۆلێژی یاساو زانستەسیاسیەکان/ زانکۆی سەلاحەددین/ هەولێر، ٢٠١٤. ،لا٤٠-٤١.
[2] )د.زانا جلال سعيد و د.امين فرج شريف، اثر الانتخابات البرلمانية الحرة والنزيهة على الشرعية الحكومات(الأنتخابات برلمان أقليم كوردستان نموذجا)، گۆڤاری زانستی زانکۆی جیهان، بەرگی١، ژ٢، ٢٠١٧، ص١١٦.

لەرزۆكە و دەرگا لەسەر چەندین گریمانەی ترسناك دەكاتەوە، چونكە هەڵبژاردن بە تەنها دەكرێت كۆمەڵگایەك بەرەو جەنگی ناوخۆیی ببات، وەكو هەرێمی كوردستانی نەوەدەكانی سەدەی ڕابردوو، یان دەكرێت كۆمەڵگەیەك فڕێبداتە باوەشی ڕژێمێكی دیكتاتۆرەوە وەك (ئەڵمانیا)ی سەردەمی هیتلەر"[١]، بۆیە دەكرێت بوترێت بە تەنها هەڵبژاردن نابێتە هۆكاری بە دیموكراتیزەكردنی سیستەمی فەرمانڕەوایی لە هەرێمی كوردستاندا.

هەرچەندە چەسپاندنی دیموكراسیی بریتییە لەدابینكردنی مافی ئازادی ڕادەربڕین و ئەم مافەش لەواقیعدا، پرەنسیپێكی سەرەكی سیستەمی دیموكراسییە، بەو پێیەی، كە "بەشێكی سەرەكییە لە چوارچێوەی بنەما سەرەكییەكانی مافەكانی مرۆڤ، ئەم بابەتەش پەیوەستیەكی ڕاستەوخۆی بەو هەوڵانەوە، هەیە كە مرۆڤ داوێتی لە ڕابردوودا لەپێناو دەستەبەركردن و پارێزگاریكردن لە مافە بنەڕەتی و سروشتییەكانی، پرسی سەرهەڵدان و گەشەسەندنی ئازادی ڕادەربڕین بابەتێكە لەگەڵ هەوڵی مرۆڤ بۆ دەستەبەركردنی سیستەمی ڕامیاریی دیموكراسیی گەشەی سەندووە"[٢].

بەڵام لە سی ساڵی ڕابردوودا ئازادی ڕادەربڕین لە هەرێمی كوردستاندا "پاشەكشێی بەرچاوی بەخۆوە بینیوە، پاشەكشەكردنەكەش بە تەنها بریتی نییە لە ئاستەنگ دروستكردن لەبەردەم بیربۆچوونە ئازادیخوازەكاندا، بەڵكو دەسەڵات دۆخێكی دروستكردووە، كە تێكەڵییەكی زۆر درووستبووە لەنێوانی ئەوەی پێیدەوترێت ئازادی ڕادەربڕین لەگەڵ سنوربەزاندن و هەڕەشەكردن بۆ سەرپێگەو كەسایەتی ئەوانی دیكە لەژێرناونیشانی ئازادی ڕادەربڕیندا، كێشەی سەرەكی لە هەرێمی كوردستان سەربەخۆنەبوونی دەسەڵاتی دادوەریی و دادگاكانە، نەبوونی دەستورێكی نوسراوە، كە پشتیوانی لە ئازادی ڕادەربڕین بكات، بۆ نموونە پەرلەمانی كوردستان یاسای ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠١٠ی دەرچواند، تایبەت بە ڕێكخستنی خۆپیشاندانەكان، بەڵام كێشەی سەرەكی ئەم یاسایە بریتییە لە بەرتەسككردنەوەی سنوری ئازادی لەبەرئەوەی یاساكە دەسەڵاتی زۆری داوە بە لایەنەحكومییەكان بۆ بەخشینی مۆڵەت بۆ خۆپیشاندان"[٣]، كەواتە هەر بەیاسا ئازادی ڕادەربڕین بەرتەسك كراوەتەوە.

سەبارەت بەوەش نوێنەری نەتەوەیەكگرتووەكان لە ڕاپۆرتی ساڵانەی خۆیدا لە مانگی ئازاری ٢٠٢٠، تا مانگی نیسانی ٢٠٢١، كە لەسەر ڕەوشی ئازادی ڕادەربڕین لە هەرێمی كوردستان كراوە، دەڵێت"ڕەخنەگرانی دەسەڵاتە گشتییەكان نەك تەنها دووچاری مەترسی تۆقاندن و بەربەست خستنەبەردەم جووڵەو گرتنی هەڕەمەكی بونەتەوە، بگرە هەندێكیان بە تۆمەتی ناوزڕاندنیش تۆمەتباركراون و هەندێكیشیان لەم دواییانەدا بەپێی یاساكانی پەیوەست بە ئاسایشی نەتەوەییەوە سزادراون، هەروەها دەڵێت، كەسانێك

---

[١] )د.عادل باخەوان، سەرچاوەی پێشوو، لا٦٣.
[٢] )كارزان عومەر علی، دۆخی ئازادی ڕادربڕین لەهەرێمی كوردستان و ئاستەنگەكانی بەردەمی، گۆڤاری جۆرناڵ، ژ٦١، حوزەیرانی ٢٠٢١، لا٢٧.
[٣] ) هەمان سەرچاوە، لا٢٧.

بە ئامانجکراون بە هۆکاری پەیڕەویکردنی مافەکانیان لە ڕیپۆرتکردن یان ڕەخنەگرتن لە هەڵسوکەوتەکانی دەسەڵاتە گشتییەکان، هەروەها شێوازەکانی سەرکوتکردن، کە لەم ڕاپۆرتەدا تۆمارکراون زۆر جێگای نیگەرانین، چونکە نەك تەنها تیشکدەخەنەسەر هەڕەشەو تۆقاندن لە ڕەخنەگران، بگرە ئەم جۆرە ڕێکارانە کاریگەری ترسناکیشی دەبێت بەسەر ئەوکەسانەی هەوڵی شەفافییەت و لێپێچینەوە لە دەسەڵاتە حکومییەکان دەدەن"[١]، ئەمەش کەموکوڕییەکی گەورە لە ئەزموونی دیموکراسیی لە هەرێمی کوردستان نیشاندەدات، کاریگەری نەرێنی گەورەش لەسەر سیستەمی فەرمانڕەواییەکەی دەخاتەوە.

هەروەها سەبارەت بە میدیا و ڕۆڵی میدیا کە بەیەکێك لە نیشانەکانی بونی سیستەمی دیموکراسی دادەنرێت لە هەموو دەوڵەتێکدا، کە ئەمیش هۆکارێکە بۆ گەشەکردنی دیموکراسیی و بنەبڕکردنی ستەمکاریی، چونکە دەبێتە هۆی "هۆشیارکردنەوەی جەماوەر بە تایبەت لە ڕێگەی گواستنەوەی زانیارییەکان و شیکردنەوەو ڕاڤەکردنیان و خستنەڕووی بیروبۆچوونە جیاوازەکانی پەیوەست بەدۆخە ناوخۆیی و دەرەکییەکان، پرۆسەی هۆشیارکردنەوە، کە ئەرکێکی سەرەکی میدیایە بەشێوەیەکی درێژخایەن و سیستماتیك کاریگەری دروست دەکات، ئەمەش وا دەکات جەماوەر بە ئاگابن و لەگەڵ پێشهات و گۆڕانکارییەکاندا هەڵبکەن، ئامادەسازییان هەبێت بۆهەموو گۆڕانێکی ڕامیاریی، هەروەها میدیا دەتوانێت ببێتە سەکۆیەك بۆ ئاڵوگۆڕکردنی بیروڕای ئازاد و ئاراستە جیاوازەکان و ڕەخساندنی دەرفەت لەبەردەم هەمووان‌دا بۆئەوەی لەبارەی پرۆژە فیکری و ڕامیارییەکانەوە بیروبۆچوونی خۆیان بخەنەڕوو"[٢].

هەرچەندە کەناڵە میدیاییەکان گرنگی و بایەخی گەورەیان هەیە لەگواستنەوەی ڕووداو پێدانی زانیارییەکان لە هەر بارودۆخێکدا کە هەیە، ئەمەش کاریگەری لەسەر درووستبوونی هەڵوێستی هاووڵاتیان دروستدەکات، بەرامبەر بە ڕووداو بارودۆخە نەخوازراوەکان، بەڵام "کەناڵە میدیاییەکان وەك مەترسی سەیردەکرێن بە تایبەتی لەلایەن بەرپرسانی هەرێمی کوردستانەوە، بۆنموونە داخستنی کەناڵی (NRT)، بە بڕیاری (قوباد تاڵەبانی) جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەهۆی ڕووماڵکردنی خۆپیشاندانەکانی شاری سلێمانی، مانگی دیسەمبەری ٢٠٢٠، کە لە دژی دواکەوتنی مووچەو نەبوونی خزمەتگوزاری ئەنجامدرابوو، چەندین کوژراوو بریندراری لێکەوتبۆوە، ئەمە جگەلە هەڕەشەکردن لەو پەیج و ماڵپەڕانەی هەواڵی خۆپیشاندانەکان بڵاودەکەنەوە"[٣]، ئەمەش ئەو ڕاستییە دەردەخات، کە ئەزموونی دیموکراسیی هەرێمی کوردستان پڕە لە کەموکوڕیی، هەربۆیە نەبۆتە خاوەنی سیستەمێکی فەرمانڕەوایی بەهێزو تۆکمە.

هەرلەم چوارچێوەیەدا دەکرێت ئەوەش بوترێت زۆرجار بەهۆی دابەشبوونی کەناڵەکانی میدیایی لەنێوان کەناڵی سەربەخۆ و کەناڵی سێبەرو کەناڵەکانی پارتەکان، جۆرێك لە بێمتمانەیی لەلای هاووڵاتیان

---

[١] )سایتی ڕێگای کوردستان، ڕاپۆرتی یونامی(ئازادی ڕادەربڕین لەهەرێمی کوردستان لەپاشەکشەدایە)، ١٢ی ئایاری ٢٠٢١، بەرواری سەردانیکردن٢٠٢١/٨/٢٦، لەسەر ئەم لینکە بەردەستە، https://bit.ly/3sNkroR/ .

[٢] )د.ئیبراهیم سەعید، ڕۆڵی میدیا لەپرۆسەی گۆڕانکارییە سیاسیەکاندا، گۆڤاری جۆرناڵ، ژ١٢-١٣، نیسانی ٢٠١٧، لا٨٨.

[٣] ) تۆڕی کۆمەڵایەتی (فەیسبوك)ی کەناڵیNRT، ٢٠٢٠/١٢/١٢، بەرواری سەردانیکردن/٢٠٢١/٨/٢٦، https://bit.ly/3FNznqW/ .

دروستكردووه، ئەوەش بەجۆرێكە ئەگەر "كەناڵێكی نیشتمانی هەبێت زانیاری ڕاستەقینە بەشێوەیەكی ڕاست بۆ خەڵك بگوازێتەوە دەبێتەهۆی ئەوەی خەڵك هەڵوێستی ڕاستەقینە بنوێنن لەبەرامبەر ئەو ڕووداوانەی كە ڕوویانداوە، ئەمە كارێكی گرنگەو كۆمەڵگەی كوردی لەهەموو كاتێك زیاتر پێویستی پێیەتی، وێڕای ئەمانەش، نەبوونی دەزگایەكی سەربەخۆ بۆ چاودێری ڕاگەیاندنەكان و ژێنگەی هەواڵ و زانیاری، دەزگایەكی متمانەپێكراو بۆ پشتڕاستكردنەوەی هەواڵ و زانیاری"[1]، وایكردووە ئاڵۆزی لەم بوارەدا بەڕوونی دەربكەوێت، بەمشێوەیە دەزگاكانی ڕاگەیاندن دەكرێت ببن بە دروستكردنی ڕای گشتی خەڵك و دروستكردنی هاوولاتییەكی چالاك و بوێر لەكاتێكدا ئەگەر متمانەی بەم دەزگایانە هەبێت. لە ئەنجامی نەبوونی كەناڵێكی نیشتمانیدا كە كەناڵی كۆكەرەوەی هەموو دەنگ و ڕەنگەكان بێت، بارودۆخێكی وای هێناوەتەكایەوە كە میدیای دابەشی دووبەرەكردووە، بەرەی پارتەكان بە ئاڕاستەیەك و بەرەی ئۆپۆزسیۆن و میدیای سەربەخۆ بە ئاڕاستەیەكی تر، كە دژی میدیای پارتە فەرمانڕەواكانن، لەم نێوەندەدا هەر نوسین و ڕاوبۆچوونێك لێدان نەبێت لەبەرەكەی تر، هیچ قورسایی و كاردانەوەیەكی نابێت"[2]، لەڕاستییدا ئەم فۆرمە لەكاركردن، زۆرجار میدیا لە ئامانجی خۆی دووردەخاتەوە.

دەستاودەستكردنی ئاشتییانەی دەسەڵات یەكێكی ترە لە میكانیزمە كاریگەرەكان، كە یارمەتیدەرە بۆ چەسپاندنی دیموكراسی ڕاستەقینە لە هەرێمی كوردستاندا، هەروەها ئەم پرەنسیپە "لەلایەك گوزارشت لەقوڵی و پتەوی بنەماكانی دیموكراسیی و ڕێساو دامەزراوە و میكانیزمەكانی دەكات، لە كۆمەڵگایەكی دیاریكراودا، هەروەها گوزارشت لە سەربەخۆیی و بێلایەنی سیستەمی ڕامیاریی دەكات، لەبەرامبەر داواكاری هێزە ڕامیارییەكاندا بۆ بەشداری ڕامیاریی لەلایەك و لەلایەكی تریشەوە، گواستنەوەی ئاشتییانەی دەسەڵات پێویستی بە بەخۆداچوونەوەی ڕای زۆرینەو ڕێزگرتن لەڕای كەمینە هەیە، كە ئەم زۆرینەیە لەسەربنەمای پرۆسەی دەنگدانی نهێنی ئاسایی و خولیی، كە بەشێوەیەكی ڕێكوپێك ڕێكخراوە، بەڕێوەدەچێت لەكاتی دیاریكراودا"[3]. لەلایەكی تریشەوە پرسی ئاڵوگۆڕی ئاشتییانەی دەسەڵات، لە سیستەمی دیموكراسیدا دوو مانا لەخۆدەگرێت "یەكەمیان بریتیە لە فرەیی ڕامیاریی، كە ئەمەش ماف دەدات بەهەموو ئاڕاستەیەكی ڕامیاریی كە بەشداری ڕامیاریی بكات و كاریگەری  لە بڕیارداندا هەبێت، دووەمیان دەبێتەهۆی بەخۆداچوونەوەی زۆرینە، هەروەها زۆرینە لەوە دەگەیەنێت، كە سەرچاوەی دەسەڵات گەلە و جێبەجێكردنی بنەمای حوكمڕانی زۆرینەیە"[4]، بەڵام سەبارەت بەم پرسە لە هەرێمی كوردستاندا، ئەوا دەبێت بوترێت كە "تائێستاش لە كوردستان سیاسەتمەدارو سەركردەباوەكان هەربەنەمری و نەگۆڕاوی دەمێننەوە لە تەختی دەسەڵاتدا، وەك بێ ڕكابەرێكی ڕاستەقینە كارایی خۆیان دەسەلمێنن، هاوكات ئەم مانەوەیە وایكردوە، ئەوان گواستنەوەی

---

[1] )ڕاپۆرتی ئینستیوتی ریفۆرم بۆ گەشەپێدان، ڕۆڵ وكاریگەری میدیای كوردی لەبەشداری گشتیدا، دیسەمبەری ٢٠٢٠، لا٧.
[2] )نەوزاد جەمال،سەرچاوەی پێشوو، لا١٢٦.
[3] )د.فلاح خلف كاظم الزهيري، الديمقراطية والتداول السلمي لسلطة، مجلة السياسية والدولية/ جامعة المستنصرية، العدد٢٢، ٢٠١٢، ص٤.
[4] )هەمان سەرچاوە، لا٤-٥.

دەسەڵات بکەن بەمیرات و بۆماوەیی و بۆ کوڕو نەوەکانیانی بەجێبهێڵن، هەربۆیە پارتە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان هەموو میکانیزمێکی شەرعی و ناشەرعی دەگرنەبەر بۆ مانەوە لەسەر تەختی دەسەڵات، قبوڵنەکردنی ئەنجامی یەکەم هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان و دروستکردنی حکومەتی هاوپەیمانی لە نێوان(پدك و ینك)بەڵگەو سەلمێنەری ئەو ڕاستییەن"[١]. هەربۆیە دەکرێت بوترێت، کە "پارتە فەرمانڕەواکانی هەرێم بڕوایان بە ئاڵوگۆڕی ئاشتییانەی دەسەڵات نییە، ئەگەرنا شەڕی ناوخۆ ڕووی نەدەدا، هەربۆیەش هەمیشە کار لەسەر پێکهێنانی هاوپەیمانی و کۆدەنگی دەکەن، ئەمەش لەپێناوی ئەوەدایە لە دەسەڵاتدا بمێننەوە، ئەوەش بکوژی ڕوحی دیموکراسیی و ڕێگریکردنێتی لە گەشەسەندن"[٢] هەروەها بووەتە هۆکارێکیش بۆ دواکەوتویی و چەقبەستوویی سیستەمی فەرمانرەوایی لە هەرێمی کوردستان.

بە پشتەستن بەوەی لەسەرەوە ئاماژەی پێدرا بۆ چەسپاندی دیموکراسیی ڕاستەقینە وەك شێوازێکی سەرەکی سیستەمی فەرمانڕەوایی لە هەرێمی کوردستان، پێویستە بوترێت، کە کارکردن بەم میکانیزمانە گەرەنتی چەسپاندی دیموکراسی دەکات و دەیکاتە کلتووری فەرمانڕەوایەتی لە کوردستان و کەمکردنەوەی گیروگرفت و تەنگژەکانی پرۆسەی ڕامیاریی، بەڕێوەچوونی پرسە چارەنووسازەکانیش ئاسانتردەکات، لەلایەکی تریشەوە هۆکارێکی کاریگەر دەبێت بۆ گۆڕانی ڕیشەیی لە کۆمەڵگای کوردیدا، بەو پێیەی ئەم میکانیزمانە هاوکاردەبن لە دروستکردنی هاووڵاتیەکی ئەکتیڤ و هۆشیار، چالاکانە بەشداری بکات لە پرۆسەی ڕامیاریی کۆمەڵگەکەیدا، هەڵوێست بۆ وەڵامدانەوەی هەموو پرسێکی پەیوەست بە نیشتیمان و گەل و سیستەمی فەرمانڕەوایی لە هەرێمی کوردستاندا، هەروەها هاووڵاتیان چیتر بێدەنگی هەڵنابژێرن لە بەرامبەر گەندەڵی و ناداپەروەریی و نایەکسانی ئەگەرچی سەرچاوەکەی دەسەڵاتێکی فەرمانڕەوای ستەمکار و توقێنەریش بێت.

پەیوەست بەوەی لەم توێژراەیەدا توێژینەوەی لەبارەوەکرا، دەکرێت بوترێت بۆئەوەی تەنگژەکانی سیستەمی بەڕێوەبردن لە هەرێمی کوردستان بنەبڕو چارەسەربکرێن پێویستە کە چاکسازیی ڕیشەیی ئەنجامبدرێت لەهەموو ئاستەکانی لیپرسراوێتی و پۆست و دەسەڵاتێکەوە، تا دەگاتە ئاستی هەرە خوارەوەی دەسەڵاتەکان، کە ئەمەش پێش هەموو شتێك پێویستی بە ئیرادەیەکی بەهێزو توکمە هەیە، کە سڵنەکاتەوە لە لەدەستچوونی بەرژەوەندی تایبەتی و پارتایەتی و لایەنگیری، هەروەها پێویستە پۆست و پایە کارگێڕییەکان بە کەسانێك بسپێرێت شیاوی ئەو پێگەو جێگەیەبێت، کە پێی دەسپێردرێت، تاوەکو بتوانێت خزمەتی باش و بەرهەمی باش پێشکەشی کۆمەڵگا و خەڵك بکات و دواتریش خزمەتی خودی دامەزراوەکەش لەئەستۆبگرێت، جگەلەوانە چاکسازیی ڕیشەیی پێویستی بە بڕوابوونە بە بنەماکانی دیموکراسیی، کە لە هەرێمی کوردستان، هێشتا ئەم بڕوابوونە بەدیناکرێت، بۆیە دەکرێت سوودی باش وەربگیرێت لە بنەماکانی دیموکراسیی بۆ

---

[١] )نەوزاد جەمال، سەرچاوەی پێشوو، ل٩٨.
[٢] )ئومید خدر أحمد، دورالحزب السياسي في التحول الديمقراطي في اقليم كوردستان العراق، رسالة ماجستير، فاكلتي القانون والسياسة/ جامعة السليمانية، ٢٠١٦، ص١٠٧.

چوستوچالاككردنی سیستەمە بەڕێوەبردنەكەی، لە ڕێگەی دەساودەستكردنی ئاشتییانەی دەسەڵات و هەڵبژاردنی خولاوخول و پێدانی پلەوپۆستە كارگێڕییەكان لەسەربنەمای شیاوێتی.

هەروەها سەبارەت بەوەی لەم بەشەدا توێژینەوەی لێكراوە، وەك میكانیزمی چارەسەركردنی تەنگژەكانی سیستەمی بەڕێوەبردن لە هەرێمی كوردستان، بەو ڕاستییە دەگەین كە سیستەمی بەڕێوەبردن لە هەرێمی كوردستان بەهۆی نەبوونی كەرەستەكانی تایبەت بە ژیانی دەوڵەتداری، بە تایبەتی لەسەرووی هەموویانەوە نەبوونی دەستوور، كاریگەرییەكی گەورەی لەكۆی بەشەپێكهێنەرەكانی سیستەمی بەڕێوەبردن كردووە و لەهەموو لایەكەوە تووشی كەموكورتی لاوازیكردۆتەوە، لەوانە (دامەزراوە، دەسەڵات، كارەكتەرەكان)ی پەیوەست بە سیستەمەكە، پاشان نەبوونی ڕیفۆرمی ڕیشەیی و كاركردن بە نۆرم و میكانیزمە تەقلیدییەكانی سەردەمی نەوەدەكانی سەدەی ڕابردوو، وایكردووە سیستەمی بەڕێوەبردن لەگەڵ ڕۆژگاری ئەمڕۆ و پێداویستییەكانی ڕۆژگاری ئەمڕۆدا نەیەتەوە و هەنگاونەنێت، هەروەها نەتوانێت وەڵامدەرەوەی داخوازییەكانی هاووڵاتیان بێت، كە لەم قۆناغەدا پێداویستیەكان زۆر زیاتربوون بە بەراورد لەگەڵ سەردەمی درووستبوونی یەكەمین كابینەی حكومەتی هەرێمی كوردستان، وەك پێكهێنەری سەرەكی سیستەمی بەڕێوەبردن لە هەرێمی كوردستان.

لەو پێناوەداو بۆ بنەبڕكردن و ڕیشەكێشكردنی یەكجارەكی تەنگژەكانی سیستەمی بەڕێوەبردن لە هەرێمی كوردستان پێویستمان بە چەسپاندی بنەماكانی دیموكراسی و گەشەسەندنی دیموكراسییە بۆ پتەوكردنی دامەزراوەكانی سیستەمی بەڕێوەبردنەكەی و گەشەكردنی دامەزراوەكانی و بنەبڕكردنی دیاردە نایاسایی و خاڵە لاوازەكانی سیستەمی بەڕێوەبردن، لەگەڵ ئەوەشدا دیموكراسی ڕاستەقینە دەبێتە هۆكاری درووستبوونی كەناڵی جیاجیاو تایبەت بە چاودێریكردن و پاڵپشتیكردنی سیستەمەكە، هەروەها دیموكراسی دەبێتەهۆی ئاسانكردنی پرۆسەی بڕیاردان تیایدا و گۆڕینی كارەكتەرە لاوازو نەشیاوەكانی بۆ كەسی پسپۆڕو شیاو گونجاو بەو پۆستانەی، كە بە بڕبڕەی پشتی سیستەمەكە دیاریدەكرێن.

## کۆتایی:

لە کۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا دەکرێت ئەو ڕاستیانە بخرێنەڕوو، کە سیستەمی بەڕێوەبردن لە هەرێمی کوردستان سەرەتاو دەستپێکی سیستەمی فەرمانڕەوایی پێکدەهێنێت، ئەمەش لەئەنجامی ئەو باردۆخەی لەپاش ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ ڕەخساو تیایدا بەرەی کوردستانی وەك بونیادنەرو وپێشڕەوی خەڵکی کوردستان و بزاوتە ڕامیارییەکەی ئەرکی بەڕێوەبردنی بارودۆخە نوێیەکەی لەئەستۆگرتوە، لەمیانەی پێکهێنانی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان دەستیداوەتە دامەزراندنی دامەزراوە سەرەکییەکانی سیستەمی فەرمانڕەوایی، هەروەها هەلومەرج و بارودۆخە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکانیش هاوکاری سەرخستنی پرۆسەی فەرمانڕەوایی و ئەو قەوارە نیمچە سەربەخۆیەبوون، کە ئەمڕۆ و بەپێی دەستووری عێراقی ٢٠٠٥ دانپێدانراوەو ناوی نراوە هەرێمی کوردستان، بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە ئەوەیە، کە جگەلەوەی دەوڵەتانی دراوسێ چاویان بە گەشەکردن و سەرکەوتنی هەرێمی کوردستاندا هەڵنایات و هەمیشە کۆسپ ولەمپەریان بۆ دروستکردووە، ئەوا لەناوخۆی هەرێمی کوردستانیش سەرەتای دروستکردنی ئەم کۆسپ و لەمپەرانە دەگەڕێتەوە بۆ خودی ئەو هێزو پارتە پێکهێنەرانەی بەرەی کوردستانی، کە دواتر جڵەوی پرۆسە ڕامیارییەکەیان لە ئەستۆگرتوە، بە تایبەتیش هەردوو هێزی سەرەکی(پدك و ینك)، کە بەهۆی براوانەبوونی تەواویان بە بنەماکانی دیموکراسی و قبوڵنەکردنی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن، شکستیان بە یەکەم ئەزموونی هەڵبژاردنی دیموکراسییانە لە هەرێمی کوردستان هێناو حکومەتێکی هاوپەیمانیان پێکهێنا، دواتریش بەهۆی ناتەبایی نێوانییانەوە شەڕی ناوخۆ هەڵگیرساو ئەو حکومەتە هاوپەیمانییەش کۆتایی پێهات و بوبە دووبەشەوە. لەدوای ڕوخانی ڕژێمی بەعسیش لە ساڵی ٢٠٠٣ دەرفەتێکی گونجاو و زێرین هاتەپێش بۆئەوەی دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستان بیقۆزنەوە بۆ بەهێزکردنی ئەزموونەکە و سوود لەو دانپێدانانە دەستووریانە وەربگرن بۆ بەهێزترکردنی سیستەمی فەرمانڕەوایی تیایدا، کە دەستووری عێراقی بەکوردی بەخشیوە، یەکێك لە گرنگترین دانپێدانانەکانی ئەم دەستورە بریتییە لە ناساندنی هەرێمی کوردستان بە هەرێمێکی فیدراڵی، کە ئەمەش ئەگەر لەلایەن دەسەڵاتدارانی هەرێمەوە بەهەند وەربگیریت، ئەوا دەبێتە هۆکارێکی باش بۆ پتەوکردنی سیستەمی بەڕێوەبردن و سیستەمە فەرمانڕەواییەکەشی، بەڵام بەهۆی بوونی خۆپەرستی و بەرژەوەندی پارتایەتی و وەرگرتنی پۆست و زیاتربوونی دیاردەی گەندەڵی، کە بەهۆی زۆری داهاتی فرۆشتنی نەوتەوە پەیدابووە، هەروەها سەروەرنەبوونی یاسا و سەرەڕۆیی دەسەڵاتدارانی هەرێم و مانەوەی حکومەتێك، کە تائێستاش ئاسەواری دوو ئیدارەیی پێوە دیارە، هەموو ئەوانە وایانکردووە کۆی سیستەمەکە بەلاوازی بمێنێتەوە، ئەمە جگەلەوەی کارنەکراوە لەپێناوی دروستکردنی حکومەتێکی تەکنۆکرات و پرۆفیشناڵ، کە هەموو سەروەت و سامان و داهاتی سەرزەوی و ژێرزەوی بۆ بەرژەوەندی قەوارەی هەرێمی کوردستان بەکاربهێنێت وخزمەتی خەڵکی کوردستانی پێبکرێت، بەڵکولە بری ئەوە کارلەسەر پشك پشکێنەو لایەنگیری و خزمایەتی و دۆستایەتی و قۆستنەوەی دەسەڵات کراوە لەپێناوی خۆدەوڵەمەندکردن و بەکارهێنانی پۆست و دەسەڵات بۆ بەرژەوەندی تایبەتی و پارتایەتی.

هەروەها لە ماوەی سی ساڵی ڕابردووی فەرمانڕەوایی هەرێمی کوردستاند، پەرلەمانی کوردستان وەك دەسەڵاتی یاسادانەری ئەم قەوارەیە بەلاوازی ماوەتەوە بە تایبەتی لەوەی، کە ڕێگەی پێنەدراوە ئەرك و لێپرسراوێتیەکانی خۆی جێبەجێبکات، کە بریتین لە چاودێریکردنی حکومەت و وەزارەتەکان و لێپرسینەوە لە وەزیرەکان و دادگاییکردنی گەندەڵکاران، هەروەها بەهۆی نەبوونی ئیرادەیەکی بەهێزەوە، کە پاڵپشتی لە کاری دامەزراوەی پەرلەمان و پاڵپشتی یاساو بڕیارە دەرچووەکانی بکات، ئەم دەزگا گرنگە نەیتوانیوە یارمەتیدەری سیستەمی بەڕێوەبردن لە هەرێمی کوردستان بێت، خاڵێکی تریش ئەوەیە، کە بەهۆی ئەوەی پارتە دەسەڵاتدارەکانی هەرێم سەروەریی یاساو بە دامەزراوەییکردنی دامودەزگاکانی هەرێمی کوردستانیان لەگەڵ بەرژەوەندییە تاکایەتییەکانی خۆیاندا نەهاتۆتەوە و نەگونجاوە، هەرگیز کاریان بۆ نەکردووەو بەردەوامن لە پێشێلکردنی یاساو سەرەڕۆییدا و لە هەموو خەڵك زیاتر یاساشکێنیان کردووە و کاریان بۆ لاوازی دامەزراوەکانی سیستەمی دادوەریی کردووە، هەربۆیە تەنگژەکانی سیستەمی بەڕێوەبردن بە بەردەوامی وەك خۆی ماونەتەوەو چارەسەریان بۆ نەکراوەو بگرە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ تەنگژەکانی لە گەورەبووندابوون.

## ئەنجام:

سەرەکیترین ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە دەکرێت لەو خاڵانەی خوارەوەدا دیاریبکرێت:-

١ –بارودۆخە نێودەوڵەتیی وهەرێمیی و ناوخۆییەکان، هۆکاری سەرەکی درووستبوونی قەوارەی هەرێمی کوردستان و دامەزراوەکانی سیستەمە فەرمانڕەواییەکەین، هەروەها دامەزراوەکانی سیستەمی بەڕێوەبردن داینەمۆی سەرەکی بەڕێوەبردنی هەموو دامەزراوەکانی ئەو سیستەمە پێکدەهێنێت، لەسەرئەوە دەکرێت بوترێت سیستەمی بەڕێوەبردن لە هەرێمی کوردستان کۆڵەکەی سەرەکی و بنەمای سەرەکی سیستەمی فەرمانڕەوایی و پرۆسەی ڕامیاریی ئەم هەرێمە پێکدەهێنێت.

٢- بەرەی کوردستانی لەسەرەتاوە لێبڕاوانە کاریکردووە بۆ بەردەوامبوونی ئەو دەزگاکانی بەڕێوەردنی ناوچە ڕزگارکراوەکانی، کە کەوتبوونە بندەستی و ڕژێمی بەعس دەستی لەپشتیوانی و سەرپەرشتیکردن و پولپێدانیان هەڵگرتبوو، لەمپێناوەشدا دواتر هەنگاوی نا بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی دامەزراوەی یاسادانەری(پەرلەمان)، دوای ئەو هەنگاوەش پێکهێنانی یەکەمین کابینەی حکومەتی خۆماڵی لێکەوتەوە، ئەنجامدانی ئەم پرۆسەیە کارێکی حەتمی بوو، پێویست بوو کە بەئەنجام بگەیەندرێت.

٣- سیستەمی بەڕێوەبردنی هەرێمی کوردستان لە ماوەی دامەزراندنی قەوارەی ئەم هەرێمەوە، تا ڕوخانی ڕژێمی بەعس لەعێراق کاریگەری گەورەی سیستەمی بەڕێوەبردنی ئەم دەوڵەتەی بەسەرەوەبووە، کە بریتیبووە لە پەیڕەوکردنی سیستەمی ناناوەندیی ناکامڵ، تاوەکو کۆتایهێنان بە حوکمی (٣٠) ساڵەی ئەو ڕژێمە لە ساڵی(٢٠٠٣)دا، گۆڕینی سیستەمی ڕامیاریی عێراقی لە سیستەمێکی دیکتاتۆریی ناوەندییانەوە بۆ سیستەمێکی دیموکراسیی وچەسپاندنی لە دەستووری هەمیشەیی ساڵی ٢٠٠٥دا، ئەوەش دانپێدانانێکی ڕاستیانەبوو بە ناناوەندێتی ڕامیاریی و کارگێڕییانە.

٤ــ وەك پێداویستییەكی سەردەمییانە پەرلەمانی كوردستان لە ساڵی(٢٠٠٩)داو بە یاسا بڕیاری چەسپاندن و پەیڕەوكردنی سیستەمی ناناوەندیی بەڕێوەبردنی لە دامەزراوەكانی بەڕێوەبردنی هەرێمی كوردستاندا داوە، ئەوەش خۆی لە دابەشكردنی دەسەڵاتەكان و شۆڕكردنەوەیان بۆ ئاستی هەرە خواری لێپرسراوێتی لە دامودەزگاندا دەبینێتەوە، سەرباری بوونی تێبینیەكی زۆر لەسەر جێبەجێكردنی یاساكە، هاوكات پارتە فەرمانڕەواكانیش هۆكارێكی تری جێبەجێنەكردنی یاساكەبوون.

٥- سەرباری هەنگاوگەلێك كە پەرلەمان و حكومەتی هەرێمی كوردستان ناویانە بۆ بەهێزبوونی سیستەمی بەڕێوەبردن لەهەرێمی كوردستاندا، بەڵام هێشتا ئەم سیستەمە هەر لەدوایە و گیرۆدەی خەوش و كەموكوڕیگەلێكی لەبەرچاو و گەورەیە، بەجۆرێك كە جێگەی ئاوات وخۆزگەی هاووڵاتییانی كوردستان نییە، ئەویش بەهۆی شۆڕنەكردنەوەی دەسەڵاتەكان وهێشتنەوەیان لە پایتەخت و لای وەزیرەكان و كاربەدەستە باڵاكانی هەرێمی كوردستان، هەروەها لاوازی بڕوابوونی دەسەڵاتدارانی ئەم هەرێمە بە یەكێك لە گرنگترین پرەنسیپەكانی دیموكراسیی كە بریتیە لە دابەشكردنی دەسەڵاتەكان و كاركردن بۆ دەسەڵاتێكی ناناوەندیی.

٦- هەرچەندە كۆمەڵێك دەزگای وەكو دەستەی دەستپاكی هەرێم و دیوانی چاودێریی دارایی بوونیان هەیە و بەیاسا ڕێگەیان پێدراوە، كە چاودێریی دامودەزگاو دامەزراوەكانی هەرێمی كوردستان بكەن، بۆ نەهێشتنی دیاردەی گەندەڵی و دیاردە نەشیاوەكانی تری وەك بەفیڕۆدانی سامانی گشتی و...هتد، كەچی تائێستاش، دیاردەی گەندەڵی بەهەموو جۆرەكانییەوە لە ئاستێكی بەرزدا بوونی هەیەو نەتوانراوە كۆنترۆڵ بكرێت، ئەمەش بەهۆی ئەوەی، كە ئەم دەزگایانە نەیانتوانیوە ئەركی سەرشانیان ڕاپەڕێنن بەهۆی ئەوڕێگریانەی، كە بۆیان دروستكراوە، ئەمەش بەهۆی تەنگژەكانی خودی سیستەمی فەرمانڕەواییەوەیە.

٧- بەهۆی ئەوەی سیستەمی بەڕێوەبردن لە هەرێمی كوردستان بەپێی پێودنگە نێودەوڵەتی و بنەما تیۆرییە یاساییەكانەوە ڕوون نیە چ جۆرێكە، هەربۆیە لە مامەڵەكردن و كاركردنیشدا ڕوون نیە كە سیستەمێكی ناناوەندیی یان ناوەندییە، هەروەها لە هەندێك لایەنەوە كار بە پێودانگە نێودەوڵەتیەكان دەكات و لەهەندێك لایەنی تریشەوە پشتگوێی خستوون.

٨- بوونی ئۆپۆزسیۆنیكی پەرلەمانی كارا، كە سەرەتاكەیان دەگەڕێتەوە بۆ هەڵبژاردنەكانی ساڵی ٢٠٠٩، یارمەتیدەرێكی باشبووە بۆ بەهێزكردنی دامەزراوەی پەرلەمان و چوستوچالاكردنی لە جێبەجێكردنی ئەركەكانی و تاڕادەیەك ئەم ڕەوتە توانیوێتی دەنگی ڕاستەقینەی خەڵكی كوردستان بێت، هەرچەندەو سەرەڕای ئەوەی، كە كاركردنیان بۆ بەرژەوەندی هاووڵاتیان و لە پێناوی بەرژەوەندی خەڵكی كوردستاندابووە، بەڵام زۆرجار لەلایەن فراكسیۆنەكانی پارتە دەسەڵاتدارەكانی هەرێمەوە كێشەو گرفتی زۆریان بۆ خۆیان و فراكسیۆنەكانیان دروستكردووە و هەندێكجاریش پارێزبەندی یاساییان لێسەندراوەتەوە، هەروەها سەرەڕای ئەوەی كە كەمینەش بوون، بەڵام توانای خۆیان بۆ خزمەتی ڕاستەقینەی خەڵكی كوردستان بەكارهێناوە.

## ڕاسپاردەکان:

لە کۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا دەکرێت ئاماژە بەو چەند ڕاسپاردەیە بکرێت بۆ چارەسەرکردنی تەنگژەکانی سیستەمی بەڕێوەبردن لە هەرێمی کوردستان، کە لە خوارەوە ئاماژەیان پێدراوە:-

١ – زۆر پێویستە سیستەمی بەڕێوەبردن کە بنەماو جەوهەری سیستەمی فەرمانڕەوایی هەرێمی کوردستان پێکدەهێنیت، بە دامەزراوەیی بکرێت و بەیاسا و دەستوور ڕێکبخرێت، دەسەڵات تیایدا شۆڕبکرێتەوە تا ئەندازەی خوارترین پلەی دەسەڵات ئەوەش لەپێناو بەشداری ڕاستەقینەی هاووڵاتیان، هەروەها کارئاسانیکردن لە ڕاپەڕاندنی کاروباری هاووڵاتیان لە ناوچە دوورەدەستەکانی پایتەخت، بۆ ئەمەش چەسپاندنی سیستەمی ناناوەندیی یارمەتیدەرێکی باشی سەرخستنی ئەو پرۆسەیەیە.

٢- هەنگاونان بۆ تۆکمەکردنی دامەزراوەکانی سیستەمی بەڕێوەبردن لە هەرێمی کوردستاندا ئەوەش لە ڕێگەی دانانی کەسانی پسپۆڕ و شارەزا و بەتواناو کارزان و کاربەڕێکەر لە بواری بەڕێوەبردندا، خۆبەدوورگرتنی دەسەڵات لە بنەمای خزم خزمێنەو لایەنگیری و ئینتمای پارتایەتی، وازهێنان لە پرۆسەی دامەزراندن بەڕێگا نەخوازراوە کۆنەکان، کارکردن بۆ دامەزراندنی فەرمانبەران بەپێی پێویستیی دامەزراوەکان، ئەمەش لە پرۆسەیەکی شەفاف و بەپێی پێشکەشکردنی سیڤی بێت، تاوەکو بنەمای(کەسی شیاو لە شوێنی شیاو) بچەسپێت.

٣- بۆئەوەی سیستەمی فەرمانڕەوایی لە هەرێمی کوردستان بەهێزتر بێت وزیاتر گەشەبکات، پێویستە دەسەڵاتدارانی هەرێم، کارلەسەر بەرزکردنەوەی توانا مرۆییەکان بکەن، بە تایبەتی ئەوکەسانەی لە دامەزراوەکانی بەڕێوەبردندا کاردەکەن، ئەویش بە کردنەوەی خول و ڕاهێنان لە بوارە جیاجیاکاندا لە ناوەوەو دەرەوەی وڵات، کە بگونجێت لەگەڵ پێوانەکانی سیستەمێکی بەڕێوەبردنی هاوچەرخدا.

٤- بۆ باشترکردنی توانای دامەزراوەکانی سیستەمی بەڕێوەبردن لە هەرێمی کوردستاندا، باشتروایە کار بکرێت بۆ بە ئەلیکترۆنیکردنی کاری دامەزراوەکان و بەکارهێنانی ئامێرە ئەلیکترۆنیە پێشکەوتووەکان لە کاری بەڕێوەبردن و ڕاییکردنی کاروباری هاووڵاتیان و کەمکردنەوەی ڕۆتینات، کە ئەمیش کارئاسانییەکی باش دەکات لە خێراتر بەڕێکردنی کاری دامەزراوەکان و بەفیڕۆنەدانی کات لە هاتووچۆوی نێوان دامەزراوەکاندا.

